ئیکۆلۆژیا و سروشت
لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

م. ی. سۆران مامەند عەبدوڵڵا　　پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن
بەشی کوردی – کۆلیژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین
soran.adullah@su.edu.krd　　mawlud.hassan@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ئیکۆلۆژیا و سروشت لە شیعری هاوچەرخی کوردی)دا، کراوە. وەک ئاشکرایە ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە نێوان بیردۆزەکانی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ و کلتووردا شتێکی بێهاوتایە، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زانستی ژینگەناسیدا هەیە. ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لەکۆتایی سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیی نێوان ئەدەبیات و ژینگەی فیزیکی و ژینگەی کۆمەڵایەتی. ڕەخنەگری ئیکۆلۆژی قەیرانە ژینگەییەکان لەبەرچاو دەگرێ. لە سادەترین پێناسەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی مرۆڤ و جگەلە مرۆڤ لە ڕێگەی مێژووی ژینگە و کلتووری مرۆڤ و ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە و پێکهاتەکانی هەیەتی؛ لەم توێژینەوەیە جگە لە باسکردنی گرنگی ڕوانگەی ئیکۆلۆژییانە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، بە کورتی ئاماژەکراوە بە هەندێک ڕاوبۆچوونی گرنگی توێژەر و نووسەرانی بیانی و کورد دەربارەی مەترسییەکانی ژینگە کە ئەمڕۆ جیهان ڕووبەڕووی بووەتەوە، لەناو ئەدەبیات چۆن خراوەتەڕوو و کاری لەبارە کراوە. بۆیە گرنگە بۆ ئێمەش بزانین ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرانمان چۆن هەستیان بەو مەترسییە ژینگەییە کردووە،

کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئەنجامدەدرێت و لەسەریشی بەردەوامن؛ چۆن لە دەقەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە.

وشە سەرەکییەکان: ئیکۆلۆژیا، سروشت، ئەدەبیات، شیعری هاوچەرخی کوردی، قەیرانی ژینگەیی.

پێشەکی:

گۆڕانکارییە یەک بەدوای یەک و خێراکانی شارستانییەت و جیهان بەگشتی و مرۆڤایەتی بەتایبەتی ئەو بەرەوپێشچوونە لەناکاو و خێرایەی تەکنەلۆژیا بەهەموو ئامێر و ئامرازە پیشەسازی و پزیشکی و جەنگی و تەنانەت تا دەگاتە نانۆ تەکنەلۆژیش، کێشە و گرفتەکانی مرۆڤیان زیاتر و زۆرتر کردووە، بەتایبەتی لەبواری ژینگە و سروشتەوە؛ کێشە زۆر و لەبن نەهاتووەکانی ئەم سەدەیە کە سەدەی بیست و یەکە بەرهەمی چالاکی و چاوچنۆکی مرۆڤن، کە چۆنیەتی ژیانی مرۆڤەکان و بوونەوەرەکانی دیکەی سەر ئەم زەمینەی خستووەتە مەترسییەوە، چونکە هەرچەند شارستانییەت و تەکنەلۆژیا بەرەوپێش بڕۆن و شاری گەورە و پیشەسازی گەورە بێتەکایەوە، گرفت و کێشەکانی ژینگە و سروشتیشی ڕوو لە زیادبوون دەکات؛ لە ئێستادا گەیشتووەتە ئاستێک بووەتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر خودی مرۆڤ و تەندروستی مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکەی جگە لە مرۆڤ.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە: تاوەکو ئێستا وەک پێویست ئاوڕ لەم لایەنەی شیکردنەوەی شیعری لەڕوانگەی ژینگە و ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە نەدراوەتەوە و نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجمان خستنەڕووی کاریگەری و وێرانکارییەکانی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە و تەنانەت خودی مرۆڤ خۆی؛ ڕەنگدانەوی ئەو مەترسییە ژینگەییانە لەناو دەقی شاعیرانی هاوچەرخدا.

سنووری تویژینەوەکە: ئەم تویژینەوە لە سنووری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی و زاری کرمانجی ناوەڕاست لە ڕوانگەی ژینگە و سروشتەوە، ئەنجامدراوە. لەناو ئەم شاعیرانە تەنیا (لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد، جەمال غەمبار، قوبادی جەلی زادە، ڕەفیق سابیر، دلاوەر قەرداغی)مان، بەنموونە وەرگرتووە.

میتۆدی تویژینەوەکە: ئەم تویژینەوە بە میتۆدی ژینگەناسی و ڕەخنەی شیکاری کاری لەسەرکراوە، بۆ چەمک و زاراوەی ژینگە، بواڕە جیاجیاکانی سوودمان لە میتۆدی زانستی ژینگەناسی وەرگرتووە، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکانیش پەنامان بردووە بۆ ڕەخنەی شیکاری، لەهەندێک شوێنیش هەردوو میتۆد ئاوێتەی یەکتر دەبن.

پێکهاتەی تویژینەوەکە: ئەم تویژینەوە بەناونیشانی (ئیکۆلۆژیا و سروشت لە شیعری هاوچەرخی کوردی)دا، ئەنجامدراوە. لە پێشەکیەک و سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم: خۆی لە چەمک و زاراوەی ئیکۆلۆژی و چەند ڕاوبۆچوونێکی جیاواز لەسەر ژینگە، دەبینێتەوە. لەتەوەری دووەمدا: باس لە ئیکۆلۆژی لەڕوانگەی نووسەر و تویژەرانی بیانی و کوردی کراوە. تەوەری سێیەمیش: تەرخان کراوە بۆ هێنانەوەی نموونەی شیعری بەشێک لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردی. لەکۆتاییشدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتووین، کە بەخاڵ خستوومانەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە هەردووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

تەوەری یەکەم
چەمک و زاراوە و پێناسەی ئیکۆلۆژی/ ژینگە

کارکردن لەسەر ژینگە و پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ژینگە سیستەمێکی ئاڵۆز و فرە رەهەندە و پێکهاتەی جیاوازی لەخۆ گرتووە، بۆیە پێناسەی ژینگە بە گوێرەی زانست و لە بواری جیاجیاکان و لە لایەن زانا و پسپۆرانی بایۆلۆژی و فیزیا و کیمیا و رووەکناسی و ژینگەپارێزان و فەلسەفە و سروشت و دیاردەناسی و جوگرافیا و ئابووری و سیاسەت.....تاد، دەگۆڕێت و واتا و دەلالەتی هەمەچەشن لەخۆ دەگرێت. ئەویش لەسەر بنەما و پێداویستی ژیار و ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و شارستانییەت و کلتووری و تەندروستییەوە دەبێ و چەمکی جیاواز دەگەینێت. کەواتە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە ژینگە پەیوەندی بە هەموو بوارەکانی ژیانەوە هەیە، چونکە ژینگە لە سادەترین چەمکدا بریتییە لە شوێن و مەنزڵگەی حەوانەوە و کارکردن و پێکەوە ژیانی مرۆڤ و دەوروبەریەتی لە سەرەتای ژیانەوە تاوەکو ئێستاش.

ئیکۆلۆژی/ژینگە لە ڕووی وشەییەوە:

ژینگە، یان ئیکۆلۆژی زانستێکی ژینگەناسییە و زانای ئەڵمانی ناسراوە بە (ئەرنست هێگڵ / Ernest Heegl) بۆ یەکەم جار زاراوەی ئیکۆلۆژی (Ecology) بەکارهێناوە لە ساڵی ١٨٦٦ لە کتێبی (میژووی دروستبوون/ The History Greation) بەکارهێناوە، کە ساڵی ١٨٧٦ بڵاویکردووەتەوە. **(سلێمان، ٢٠١٢: ٥).** وشەکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە لە دوو بەش پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە: (Oikos) کە واتای ماڵ، یان شوێنی نیشتەجێبوون (Home) دێت، وشەی (Logos) بە واتای زانست (Study) دێت. هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە دەبێتە زانستی ئیکۆلۆژی /زانستی ژینگەیی.**(Odum, 1971,13) .**

ئەرنست هیگڵ ئەم زاراوەی لەژێر کاریگەری بیردۆزەکەی "چاڵس داروین/ داروینیزم داناوە، کە بەناوی(بنەڕەتی جۆرەکان/ The Origim of Species) کە ساڵی (١٨٥٩) نووسیویەتی. ئەم کتێبە باس لە دروستبوون و پەرەسەندنی قۆناغەکانی ژیان و مرۆڤ دەکات، دەتوانین ئەم کتێبە بە یەکەم بنەمای زانستی دەربارەی ئیکۆلۆژی دابندرێت.

وشەی ئیکۆلۆژی لە فەرهەنگە ئینگلیزیەکاندا دوو زاراوەی بەیەکداچووی بۆ بەکارهاتووە، کە ئەوانیش زاراوەی (Environment) و زاراوەی (Ecology) یە. زاراوەی ((Environment) کە لە وشەی فڕەنسی (Environner) هاتووە و بە واتای دەوروپشت، یان دەوروبەر، کە بریتییە لەو بارودۆخەی دەوری گیاندارانی داوە بە مرۆڤیشەوە لەڕووی هۆکارەکانی کەشوهەوا و خواردن و خواردنەوە و گازە جۆربەجۆرەکان و گرتن و کوشتن و راوکردن لەناو کۆمەڵگە و تەنانەت باری رۆشنبیری و تەکنەلۆژیا و سیاسەتیش خۆی لەناو ئەو ژینگە بەرفراوانە دەدۆزێتەوە لەبەرگی زەویدا، کە (Environment)ە **(Kerbs,1978, 25)**. بەواتایەکی دیکە، هەموو ئەو بارودۆخ و کاریگەرییە دەرەکیانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ و بوونەوەرە زیندوو و نازیندووەکان (دارودرەخت و سەوزایی و ئاو و هەوا و هەموو سروشت) هەیە، بەڵام زاراوەی ئیکۆلۆژی (Ecology)، بە زانستی ژینگە دەناسرێت، ئەمە یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی زانستی بایۆلۆژی و پسپۆڕانی ئەم زانستە لەلایەک لێکۆڵینەوەی لەو پەیوەندی و کارلێکە هاوبەشەییە دەکەن، کە لەنێوان بوونەوەرە زیندووەکاندا خۆیان لەگەڵ یەکتریدا ڕووەدەدات، لەلایەکی دیکەوە لەنێوان ئەو بارودۆخە ژینگەییەی کە دەوریداون.**(ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٢)**. لە زمانی عەرەبیشدا (علم البیئة)، یان (البیئة)ی بۆ بەکارهاتووە، کە بەواتای ماڵ و شوێنی حەوانەوە دێت. **(ابن منظور، ٢٠٠٣،؟)**.

ئیکۆلۆژی/ژینگە لە رووی زمانییەوە:

ژینگە بە واتا زمانییەکەی، (بریتییە لەو جێگەیەی کە مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە و دەیکات بەماڵی خۆی و شوێنی گوزەرانی، ڕەنگە پەیوەندیی ژینگە بە واتای ماڵ، یان خانوو کۆمەڵێک واتای ڕوون ببەخشێت و یەکێک لەو واتایانەش ئەوەبێت کە دڵی بوونەوەر وابەستەی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون بێت). **(ربیع، ٢٠١٤، ٩).** هەندێک جار ئەم زانستە بە زانستی نیشتەجێبوون، یان ئیکۆلۆژی ناسراوە، ئەمەش ئاراستەیەکی زانستییە و چەندین بوار دەگرێتەوە، لەلایەک توێژینەوە لە یاساکانی پەیوەندیی نێوان ئەندامییەکان (ڕووەک و ئاژەڵ و ئادەمیزاد) لەگەڵ یەکتریدا دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی (ڕووەک و ئاژەڵ و ئادەمیزاد) لەگەڵ ژینگەدا.

بە بۆچوونی هیگڵ بەکارهێنانی زاراوەی ئیکۆلۆژی و توێژینەوەکردن لەم بارەیەوە، ((مانای دروستبوونی (بیۆلۆژیایەکی نوێ) دەگەیێنێت، یان ئاراستەیەکی تازە لە زانستی بیۆلۆژیا دێنێتە کایەوە.)) **(سلێمان، ٢٠١٢، ٥).** کەواتە زانستی نوێی ژینگە بە دید و بۆچوونێکی دیکە و جیاواز لە توێژینەوە ئاساییەکاندا، لە ئێستادا شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ هەموو لایەنەکانی ژینگە بە مرۆڤیشەوە دەکات، کە بەرگە زەوییان پێکهێناوە و بوونەتە پێکهاتەی ئیکۆسیستەم.

لەنێوان ئەو وشە و زاراوانەی بۆ ژینگە و زانستی ژینگە بەکارهاتوون ئاڵۆزی و تێکەڵییەک هەیە و لە هەندێک شوێن و کات جیاوازن، بەڵام (Environment) بەواتە ژینگەییەکەی بریتییە لە کۆمەڵێک سیستەمی سروشتی و کۆمەڵایەتی، کە بوونەوەرە زیندووەکان تیایدا دەژین و ئەوەی کە پێداویستییەکانی لێ وەردەگرێت و چالاکییەکانی تێدا بەجێدەگەینێت. کەواتە چ ژینگە وەک ئیکۆلۆژی و چ وەک ژینگەی دەوروبەر environment

واتاکانیان لەیەکتر نزیکن و تێکەڵ بەیەکتر بووینە و دواجار زاراوەی ئیکۆلۆژی Ecology لێ هاتووەتە بەرهەم، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانستی ژینگەیی و گرینگیدان بە ژینگەوە، ئەم چەمکە شوێنی خۆی گرتووە و بە فراوانی بڵاوبووەتەوە و بووەتە چەمکێکی جیهانی و لەناو هەموو زمانەکاندا بەکاردێت لە توێژینەوە و بواڕە جیاجیاکاندا، وەک: ئیکۆلۆژی ئابووری، ئیکۆلۆژی سیاسی، ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، ئیکۆلۆژی زمانەوانی و پەروەردەیی، ئیکۆلۆژی پزیشکی، بایۆلۆژی، زیندەوەرناسی، مێژوویی، فەلسەفی، ئیکۆلۆژی ئەخلاقی، فەلسەفی، تا دواجار هاتووەتە ناو بواری ئەدەب و ئەدەبیاتەوە و لە توێژینەوە و ڕەخنەیی نوێدا بووەتە بابەتێکی ڕەخنەیی بەناوی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیەوە. کەواتە لێرەدا بە پێویستی دەزانین، کە چەند پێناسەیەکی ئیکۆلۆژی/ ژینگە لەڕوانگە جیاوازەکانەوە بخەینەڕوو:

"ریمێرت / Remmert ١٩٨٠" لەبارەی پێناسەی ژینگەوە، دەڵێت: ((دەکرێ پێناسەی ژینگە بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک بکرێت:

- کێ لە کوێ دەژی ؟ کێ چی دەخوات ؟ کارتێکردنی نێوان دوو گیاندار چۆنە ؟ بە چ هۆکارێک ژیان لە بارودۆخی خۆی تێکدەچێت؟!)) **(عزیز، ٢٠١٧، ١)**. ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیە بکەین دەبینین پەیوەندییەکی ئاڵۆز و نەبڕاوە هەیە لەنێوان پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی سەر ئەم زەمینە، هەر شتێک جا مرۆڤ بێ، یان غەیرە مرۆڤ پێویستی بە شوێنێکە وەک ژینگەی ژیانی لێ بژیت، پاشان هەوڵدەدات سەرچاوەی بژێوی و مانەوە پەیدا بکات، بۆ ئەمەش ململانێی مانەوە و خۆ زاڵکردن و بەدەستهێنانی زیاتر دێتە ئاراوە، بەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆکار و سەرچاوە مرۆیی و نامرۆییەکان لە سیستەمی ژینگەییدا. هەروەها پێناسەی ئیکۆلۆژیا لەڕووی زانستییەوە: وەک ئاماژەمان پێدا ئیکۆلۆژیا واتە ماڵ، یان ئەو شوێنەی مرۆڤ تیایدا نیشتەجێ

دەبێت کەواتە لە ڕووی زانستییەوە و چەمکە زانستییەکە بریتییە لە گرینگیدان بەفێربوون و تۆێژینەوەکردن لەبارەی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان پێکهاتەکانی ژینگەدا بەهەموو جۆری بوونەوەرە زیندووەکانیەوە مەبەست ئاژەڵ و ڕووەک و ئادەمیزاد و لەنێوان پێکهاتە بێ گیانەکانی ژینگە مەبەست لێی (خاک و ئاو و گازەکانی ئاسمان و تیشکە گەردوونییەکان و ئەستێرەکان.....تاد) هەیە. **(سلێمان، ٢٠١٢، ٤)**. هەروەها زانین و فێربوونی یاسا و بنەماکانی کە کار لەسەر ئەم پەیوەندییانە دەکەن و هاوسەنگییان دەپارێزێت و کارلێکبوون لەنێوانیاندا هەیە.

هەروەها ئەم زاراوەیە لەبواری نوژداری (پزیشکی) و سایکۆلۆجیای بیناسازی و دیزاین و جوگرافیایی و مرۆڤیشدا بەکارهێنراوە، (لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئاکامی سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبواری ژینگەدا ئەم زاراوەیە بۆ پاکژی ژیانی مرۆڤ و گەردوون بەکارهێندرا، بەتایبەتی لەلایەن ڕێکخراو و بزووتنەوە سەوزەکانی لە ئەورووپا کە بایەخیان بەئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژیای شارنشینی و گوندنشینی دەدا). **(ئەسوود، ٢٠١٥، ٨٠)**.

کەواتە دەکرێت بڵێین: سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دروستبوون و بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ، لە چوارچێوەی سروشتی و ژیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونی و سایکۆلۆژی و کەشوهەوا و جوگرافی و دەوروبەر...تاد، کە کاریگەری لەسەر مرۆڤدا دەبێت و مرۆڤیش کاریگەری لەسەریان دەبێت، ئەوەش پێیدەڵێن ژینگە.

تەوەری دووەم
ئیکۆلۆژی/ ژینگە لە ڕوانگەی ئەدەبیاتەوە

بێگومان ئەدەب و ئەدەبیات لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە بەرهەم دێت کە بەشێکە لە پێکهاتەی ئەو ژینگەی تیایدا دەژیت و کاریگەری دەکەوێتە سەر و کاریگەریش دروست دەکات، لێرەوە توێژینەوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی هەموو ئەو شتە ئاشکرا و نهێنییانەی ژینگە و مرۆڤ و زیندەوەر و نازیندووەمان بۆ کەشف دەکات و ڕۆڵ و گرینگی ئەدەب و دەقە ئەدەبییەکان نیشان دەدات. بەدوای هەموو ئەو پێکهاتە ورد و گەورانەوەیە، کە بەشێکن لە سیستەمی ئیکۆلۆژی، کە ئیکۆسیستەم/ی پێدەڵێین و ژیانیان پێکهێناوە و بەرپرسن لە هاوسەنگی ژیان وەک: دارستانەکان، ئاسمان و مانگ، ڕۆژ، ئەستێرەکان، ئاژەڵە ماڵی و ئاژەڵە درندەکان، کەشوهەوا پێکهاتەکان بەرگە هەوا پیسبوون و ژمارەی دانیشتووان و ڕادەی هەژاری و گوزەرانی تاک و کۆمەڵگە و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت تەندروستی و وەرزشی...تاد. حاڵەتی دەروونی و کەسایەتی تاک و هۆشیاری تاک و پەروەردە و قوتابخانە و هەموو ئەو شتانەی لەسەر ڕووی ئەم زەمینە لە ماددی و مەعنەوی بوونیان هەیە دەگرێتەوە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کەوا ئێکۆلۆژیا بێتە ناو توێژینەوە ئەدەبییەکان و ببێتە میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەناوی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە ئەدەبدا، یان ئیکۆلۆژیای ئەدەب، چونکە لە کۆتای سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، پۆلینکردنی زانستی ئیکۆلۆژی فراوان بوو هەموو بواڕێکی گرتەوە، وەک: " ئیکۆلۆژیای مرۆیی و ئیکۆلۆژیای ئاژەڵناسی و ڕووەک و زیندەوەران و ئیکۆلۆژیای کۆمەڵناسی/ کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیکۆلۆژیای دەروونشیکاری و ئیکۆلۆژیای ڕامساری و سیاسی و ئیکۆلۆژیای فەلەکناسی و ئیکۆلۆژیای ئەتۆم.....تاد، دواجار لەبواری زمانەوانی ئیکۆلۆژیای

زمانەوانی / Eco Linguistics و لەبواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی، رەخنەی ئیکۆلۆژی/ Ecocriticism لێ هاتە کایەوە و بووە قوتابخانەیەکی رەخنەی گرینگ و سەردەم لە بوار و تۆێژینەوە رەخنەییەکان.

ئەم مەترسی و کاریگەرییە ئەرێنییە و نەرێنییەی ئێستای ژینگە، لەناو هەموو ئەدەبیاتی جیهانیدا جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردنە و بووەتە بابەتێکی گرینگ و فراوان لەناو دەقە جیاجیاکانی ئەدیباندا تەوزیفکراوە و پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، بەتایبەتی ئەدەبی ئەمریکی و ئەوروپی، ئەوەتا نووسەر و ئەدیبێکی وەکو "ت. س. ئیلۆت" (T.S.Eliot, 1922) وەک شاعیرێکی نوێ و هاوچەرخی ئینگلیزی لەسەر پەیوەندی و رەنگدانەوەی سروشت و ژینگە لەشیعردا، لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا کە بەناوی (وێرانە خاک) (The waste Land) ناوبراو نۆبڵی لەسەر ئەم قەسیدەیە وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی لەم دەقەدا (ڕەخنە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەگرێت و بە ڕای ئەو مرۆڤی هاوچەرخ سروشتی لە خزمەتی خۆیدا بەکارهێناوە و زیاتر کاری پیشەسازی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی زەوی، بۆیە سروشت سزامان دەداتەوە، هەروەها ئیلۆت لە شیعرەکەیدا هیچ هیوایەک نابەخشێ بۆ داهاتوویەکی گەش بۆ مرۆڤایەتی، بگرە وێنەی جیهانێکی لەدەستچوومان بۆ بەرجەستە دەکا لە دەقەکەیدا) **(Birzo, 2020, 154)**. هەر لەبارەی شیعرەکەی ئیلۆتەوە "مۆرِاڵ" (Morrel)، دەڵێ: ((ئەو شیعرەی ئیلۆت راستەوخۆ کاردانەوەی ئیلۆتە بەرانبەر بە لێکترازانی مرۆڤ لە ژینگە و سروشتدا)) **(Morrel, 2007, 15)**.

مرۆڤ سەنتەرە، یان بیرۆکەی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر هەموو شتێک، یان هەموو شتێک بۆ مرۆڤ دروستکراوە و لەژێر ڕکێفی مرۆڤە لە دنیای هاوچەرخ و سەرمایەداریدا، هێندەی دیکە هێرش و دەست درێژییەکانی مرۆڤی بۆ سەر

ژینگە و سروشت زیادکردووە، تا ئاستی وێرانکاری و پیسبوونی ئاسمان و زەوی و تەنانەت ژێر زەوی و دەریا و زەریاکانیشی گرتەوە، چونکە ((ئەم قەیرانە تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی گەشەسەندنی شارستانییەتی مرۆڤ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، کە ئەویش بەرهەمی بیر و ڕوانینێکە، کە مرۆڤ لە تەوەری سەرەکی و لووتکەی دروستکراوەکانی جیهاندا دادەنێت و هەموو شتێ بۆ مرۆڤ و لە بەرژەوەندی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤدا دەخاتەڕوو، ئەو بیر و بۆچوونانەش کە ئەمڕۆ لە ڕەخنەی شوێنگەرایی دژی دەوەستێت و ڕەتیدەکاتەوە)). **(پارساپور، ۱۳۹۲، ۲۷).**

مرۆڤ لە ئێستادا بەجۆرێک کار دەکات هەوڵدەدات هەموو شتێک لەهەر شوێنێک بێت بۆخۆی قۆرخی بکات و دەستی بەسەردا بگرێ و لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاری بهێنێ، ئەمەش لەسەر حیسابی سروشت و ژینگە و دەوروبەرەکەی، بەتایبەتی مرۆڤ دوای سەرمایەداری و کاپیتالیزم. بۆیە پێویستە لە ئێستادا شکۆمەندی و بەها بۆ ژینگە و سروشت بگەڕێتەوە و سنووورێک بۆ ئەم ستەم و زۆرداریەی مرۆڤ بەرانبەر گیانلەوەران و تەنانەت خودی خۆی دابنرێت.

لەم ڕوانگەیەوە "ئەزراپاواند" (Ezra pound) شاعیر و ڕەخنەگری ئەمریکی لەبارەی ئیکۆلۆژی و سروشت و شیعری هاوچەرخەوە هەمیشە بۆچوونی تایبەت و گرینگی هەبووە لەسەر ئیکۆلۆژی، هەروەها یەکێکە لەو شاعیرە مۆدێرنە ئەمریکیانەی کە هەمیشە بەجۆرێک ژینگە و سروشتی خستووەتەڕوو و هاوتای بابەتی یەکبوونی سروشت و مرۆڤە، بەجۆرێک مرۆڤ بەشێکە لە سروشت، کاتێ، دەڵێت: (مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە دڵخۆش دەبێ، کە ئەو ڕاستییە قبوڵ بکا، کە بەشێکە لە سروشت) **(Birzo, 2020,155)**. واتە مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکییە لە ژینگەدا، نەک زیاتر، یان باڵاتر بێت، بەڵکو

پێکهاتەیەکی تۆڕی سروشتییە، بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی ڕەوشتی و پێویستی هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا بکات، کە تیایدا دەژی و بەکاریدەهێنێ. ئەمەش بەتایبەتی لە یەکێک لەبەرچاوترین کارەکانی "پاوەند" شیعری لە (وێستگەی میترۆ)دا بوو ڕەنگیدابوویەوە، ئەگەرچی شیعرەکە تەنیا دوو دێڕ بوو، بەڵام کۆمەڵێک لە دەلالەت و مانای قوواڵ و شاراوەی لەخۆ گرتووە، چونکە شاعیر پێیوایە هەر چەندە تەکنەلۆژیا و ژیان و شارستانییەت لە پێشکەوتنی بەردەوامدابن، بەڵام ناتوانن هەستی یەکگرتن و حاڵەتی دەروونی و دڵی مرۆڤەکان خۆش بکا، بۆیە بەم شێوەیە مرۆڤ بە لەدەستدانی پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا، مرۆڤ دڵخۆشی خۆی لەدەست دەدات.

کەواتە شاعیرانی هاوچەرخی جیهانی بەجۆرێکی نوێ و لە ڕوانگەیەکی سروشت و ژینگەی جیاوازەوە کار لەسەر بەرهەمهێنان و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە سروشت و ژینگەییەکاندا دەکەن.

شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش، بەتایبەتی قۆناغی دوای نوێبوونەوەی "پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووری و دڵدار....تاد." قۆناغێکی دیکە لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەست پێدەکات، ئەویش قۆناغی نوێگەری بزووتنەوەی ئەدەبی ڕوانگەی دوایی ڕوانگەییەکانە.

شیعری هاوچەرخی کوردی بە ئاراستەیەکی دیکە و لە ڕوانگەی جیاواز لێکدانەوەی بۆ دەقی ئەدەب و داهێنانی ئەدەبی دەکرد، هەوڵیاندەدا خۆیان لە قاڵبی کۆن و سواوی کلاسیکی دەرباز بکەن، هەروەک ڕوانگەییەکان خۆیان، دەڵێن: ((ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەب ئەم سەردەمەمان، کوتومت لەگەڵ ڕێڕەوی سەدەی تازە و بابەتەکانی ئەستاتیکی و هونەری بگونجێنێت و ئاوێنەی هەموو ئازار و ئاواتێکی کۆمەڵگەی کورد بەتایبەتی و کۆمەڵگەی گشت مرۆڤایەتی بێت. ئەمانەوێت ئەو تەوقە ڕزیوانە بشکێنین کە شێوە و

ناوەرۆکی ئەدەبی دەکەن بە مۆمیایەکی بێ بزووتنەوەی مردووی لەش سارد و سڕ، ئەمانەوێت لەو تاقیکردنەوانەدا بژین کە لەناو جەرگەی کارەسات و رووداوەکانی سەردەمی تازەماندا داڕێژراون و...تاد) **(عارف، ۲۰۰۵، ۹)**.

ئەگەر لەم بەیاننامە و روانگەی روانگەییەکانەوە سەیر بکەین، ئەوا هەست بەوە دەکەین ئیتر باسکردن و خستنەڕووی سروشت و ژینگە و هەست و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤی کورد و ئێش و ئازارە نەتەوەییەکان پێویستی بە دید و بۆچوونی نوێ و سەردەمیانەیە، تاوەکو لەتەوژمی دەقی جیهانی و بەرپرسیارێتییە مرۆڤایەتییەکە دانەبڕێن، بۆیە کار و بەرنامەی ئەم بزووتنەوە دەبێتە بەشێک لە سەرهەڵدانی دەقی ئیکۆلۆژی و بابەتی سروشتی و ژینگە، بەتایبەتی ئەو ژینگەیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئابووری و سیاسی و هەژاری و ئێش و ئازاری نەتەوەیەوە هەیە، کە ئەمەش دەچێتە خانەی ئیکۆلۆژیی قوواڵ، کە کار لەسەر کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە لەناو دەقی ئەدەبی دەکات، بەتایبەتی کاتێ، دەڵێن: (قوتابخانەی ئێمە قوتابخانەی نەتەوە و ژیانە، قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێلکراوی ناو ئەم جیهانەیە...، نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ، شانبەشانی پیشەی نووسین و شیعروتنی کارگێڕیشە ...شۆڕشگێڕیشە ... جەنگاوەریشە، ئەو تاقیکردنەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەدیبی تیا ئەژی و لە کووڕەی بەسەرهات و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات ...، ئێمە نووسینمان قاڵبی ئازارە، بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێین...) **(عارف، ۲۰۰۵، ۱۰-۱۱)**.

بۆیە شیعری نوێی ئەم قۆناغە هەوڵیدا لە وەسف و خستنەڕووی سادە و ساکاری دەقی ئەدەبی و نیشاندانی شێوەیەکی فۆتۆگرافی خۆی بەدووربگرێت و ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت و تێکەڵ بە ئێش و ئازار و ستەم و زۆرداری نەتەوەکەی ببێت و بەرەو قووڵایی ناخ و هەستی کۆمەڵگە بچێت و کار لەسەر

چەمکە فەلسەفییە جیهانییەکانی، وەک سەربەستی و ئاشتی و ئازادی و نەتەوە و دەوڵەت و خود ئاسوودەیی و پاراستن و یەکتر قبووڵکردن بچێت و جیاوازییە ئایینی و نەتەوەیی و رەگەزییەکان کەمبکاتەوە، هەروەها شاعیرانمان لە شیعرەکانیاندا هەوڵیانداوە هەموو جۆرەکانی سروشت بێ گیان وەکو ئاسمان و رۆژ و مانگ، ئەستێرە و شەو، زەوی و چیا و گرد و دەشت و ئەشکەوت،...تاد، رووەکەکان و دەریا و تاقگە و رووبار و هاوین و زستان و بەهار، پایز، ئاژەڵ و گیانلەبەری ماڵی و کێوی وەک ((ئاسک و مەیموون و دووپشک، یان گیانداری ماڵی وەک سەگ و پشیلە و مەڕ و کار و بەرخ و باڵندە و بولبول و چۆلەکە، هەڵۆ و کۆتر و قاز و مراوی ...، گیانداری ئاویش وەک ماسی ...، زیندەوەرانیش وەک: مێروو و مێشوولە و پەپوولە و هەنگ ...تاد)) **(کاکە ئەمین، ٢٠٠٨، ١٤٠)**

کەواتە هەوڵیانداوە لەدروستکردن و نەخشاندنی وێنە شیعرییەکان هیچ لایەنێکی ژینگە و پێکهاتەکەی بێبەش نەکەن و بیخەنە ناو دەقە ئەدەبییەکانەوە و لەپاڵ ئەوەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بووینە مرۆڤ و سروشت لەگەڵ یەکتر ئاشت بکەینەوە و خەم و ئێش و ئازاری نەتەوەیان پێکەم بکەنەوە لەهەندێک کاتدا هێما و دەلالەتێکی ڕەمزییان پێبەخشیوە، لەم بارەیەوە "دڵشاد عەلی"، دەڵێ: ((ڕەنگدانەوەی سروشت و دیمەنەکانی بریتیی بوو لە تابلۆی کوردستان خۆی و لایەنێکی خۆشەویستی شاعیرەکانمان پیشان ئەدا بەرانبەر بەنیشتیمان، خۆ ئەگەر لەهەندێ هۆنراوەشدا هەبێ بێگومان لای گەلێکیان بەدی ئەکەین، جۆرە هەڵهاتن و خۆ دوورخستنەوە لە ژیان سەری هەڵدابێ، ئەوا دیسان هەر پەیوەند بووە بەمیللەتەوە، چونکە ئەوەی پاڵی پێوە نابوون و وای لێکردبوون کە خۆیان بخەنە باوەشی سروشتەوە ئەو ئازار و دەردەسەریە بوو کە گەلەکەیانی تێکەوتبوو، ئەمەش ئەگەر جۆرە ڕاکردنێکیش بێ ئەوا هەر جیاوازە لەو

هەڵهاتنەی کە لای شاعیرە ئەوروپییەکان بەدی ئەکەین، چونکە ئەوەی ئەوان پەیوەندبووە بەچینی بۆرجوازییەوە، لەکاتێکدا لای ئێمە بەسترابوو بە گەل و نیشتیمانەوە)) **(عەلی، ١٩٨١، ١٣)**. ئەم رەوتە کاریگەری خستەسەر بەرهەم و شاعیر و نووسەرانی دوای خۆی و بەتایبەتی شاعیرانی حەفتا و هەشتای سەدەی رابردوو تادەگاتە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) تاڕادەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین نەوەی شەست و حەفتاکان تا نزیک ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان نەوەی ناو ئاگر و ئاسنی شۆڕشی کورد و هەرەسهێنان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و سەرکوتکردن و ئەنفال و کیمیا باران و ڕاگواستن و تێکچوون و وێرانکاریی سەدان گوند و شار و شارۆچکەی کوردستانن، بۆیە بەجۆرێک دەیاننووسی سروشت و ژینگەی دەوروبەریان لە مەبەست و مەرامە سیاسی و نەتەوایەتی و دژایەتیکردنی حوکمی زۆردارانەی رژێمە یەک بە دوایەکەکانی عێراق بووە، بەجۆرێک تەنانەت بەکارهێنانی چیا و دۆڵ و دەشت و ئاو و ڕووبار و کانی، دار و درەخت ...تاد، لە بەرگێکی بەرگری و سمبۆڵ و ڕەمزی نەتەوەیی و بەرخودانی کوردایەتی خرابوونەڕوو، ئەمەش لە شیعرەکانی (***جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، ئەنوەر قادر محەمەد، شەپۆل پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد مەریوانی، سەڵاح شوان، سەلام محەمەد، فەرهاد شاکەلی، ڕەفیق سابیر.....تاد***)، دەبیندرا ئەم ئەزموونە شیعریە بەردەوام بوو، چەندین شاعیری لاو و تازە هەڵکەوتووش چوونە سەر ئەم ڕێچکە نوێیە، ئەمەش بەردەوامبوون تا ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان ئیتر لەمە بەدواوە کوردستان و جیهان گۆڕانکاری جەوهەری بەسەر داهات لە زۆر ڕووەوە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، وەک: تەکنەلۆژیا و بواری سیاسی و رامیاری، ئابووری و جوگرافی و ئایینی و شارستانی و کلتووری و ...تاد، بەمەش کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوە کرایەوە و تا ڕادەیەکی باش

کەوتە ژێر ئەزموون و کاریگەریی وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکیش لەهەموو بوارێکەوە بەتایبەتی ئەدەب و ئەدەبیاتەوە، جگە لە بەدەستهێنانی ئازادیی و سەربەستی بۆ ئەم بەشەی کوردستان و فراوانبوونی ئازادیی ڕادەربڕین و بەرەوپێشچوونی چاپ و چاپخانە و زیادبوونی دەزگاکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە و باشتربوونی باری ئابووریی خەڵک و بڵاوکراوەی کتێب و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبیی و ...تاد، بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و ڕوانگەی نوێی ئەدەبی و دەرکەوتنی شاعیران و نووسەرانی گەنج و بەردەوامی هەندێ لە شاعیرانی نەوەی پێشوو، بە فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ و جیاواز لە قۆناغەکانی پێش خۆیان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان دەقی ئەدەبیی داهێنەرانە و وێنە و تابلۆی هونەری و ئەدەبی لێوانلێو لە چێژ و سەلیقەی ئەدەبی، بەمەش ژینگە و سروشت بەچاوێکی دیکە و لە ڕوانگەیەکی دیکە مەزراندنی ناو دەقە ئەدەبییەکانیان کراوە، ئیتر سروشت تەنیا پیاهەڵدان و باسکردنی دار و بەرد و درەخت و چیا و کانی و ئاو و زەوی و ئاسمان و مانگ و ئەستێرە ...تاد نییە، بەڵکو سروشت دەبێتە ژینگە و تێکەڵ بە خەم و ئێش و ئازاری ژیان و شارستانییەت و کۆمەڵگە کراوە، کاتی ئەوە هاتووە بەها بە مرۆڤ و سروشت و ژینگە بدرێ، بە واتایەکی دیکە دەبێ بە جۆرێک کار لەسەر زەوی بکرێ، کە هەموو شتێک بەها و نرخ و قیمەتی خۆی بۆ بگەڕێتەوە و پێیبدرێ، وەک: مرۆڤ و ئاژەڵەکان و باڵندە و گیانداڕە ئاوییەکان و وشکاوییەکان و دارەکان و گەڵاکان تەنانەت ئامێری بێ گیانەکانیش دەبێتە بەشێکی گرینگ لەم ژینگەیدا، بۆیە بەتێکدان و پشتگوێخستنی هەر کامێکیان ئەویتریان زیانی پێدەگات بەجۆرێک ناهاوسەنگی ژینگەیی دروست دەبێت. ئەم ئیکۆسیستمە مەترسی دەکەوێتە سەر و دواجار بەخراپ و وێرانکاری سەرەتا بۆ خودی مرۆڤ و ئینجا ئەوانی دیکەی جگە لە مرۆڤ کۆتایی دێت.

تەوەری سێیەم

ڕەنگدانەوەی ئیکۆلۆژیا/ ژینگە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

دەبێت ئەوەمان لەبیربێ ئەم سەدەیە سەدەی ئاوابوونی مۆراڵ و بەها مرۆییەکانە و هەموو شتێک لە چاوی بەرژەوەندییەوە سەیر دەکرێ و نرخ و بەهای بۆ دادەندرێت، بەتایبەتی لە ئێستای دنیای زاڵی کۆلۆنالیزم و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەی کاپیتالیزم و پۆست کاپیتالیزم و دنیای چاوچنۆکی و دەستکەوتنی ماددی و داگیرکارێکی زۆری ئابووریە، ئەمەش لەسەر پشتی سروشت و داگیرکردن و وێرانکاری ژینگەیەوە دەستبەرکراوە لەلایەن وڵاتانی بەرژەوەندخواز و زلهێزەکانەوە، بەتایبەت بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم، یان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، کورد و نەتەوەی کوردیش بەتایبەتی دوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)وە، ئەم داگیرکاری و قۆرخکارییە ماددی و بەرژەوەندییە لەلایەک لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە وەک ئەمریکا و ئەوروپا و رووسیا و تەنانەت تورکیا و ئێرانیشەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لەلایەن حیزب و لایەنەکانی هەرێمی و ناوخۆیدا. بۆیە شاعیرانی ئەم نەوەیە هەستیان بەو زوڵم و زۆرداری و نەهامەتییە گەورەیە کردووە، کە خەریکە نەتەوە و وڵات و کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەبات، بەهەمان شێوەش ژینگە و سروشت و دار و بەرد و ئاو و کانی و رووبار و چیا و ئاسمان و زەوی بەسامانی سەرزەوی و ژێر زەوییەوە، لە بردن و تاڵانکردن و دەرهێنان و دەست درێژیکردن و هێرشی بەردەوام و بڕین و سووتان و...تاد، بەردەوامە و خەریکە تۆپۆگرافی کوردستان و ژینگەی کوردستان دەگۆڕێت و بەردەوامیشە، ئەم حاڵەتەش ئەگەر بۆ مرۆڤی ئاسایی و کۆمەڵگە تەنیا شتێک بێت و بخرێتە باس و خواستەوە و بە سادەیی لێبڕوانن، ئەوا بۆ رۆشنبیر و شاعیر و نووسەرانەوە شتێکی دیکەیە، بابەتێکە پەیوەندی بە داهاتووی نەک تەنیا نەتەوەی کوردەوە هەیە، بەڵکو شتێکی مرۆڤایەتییە و تەواوی جیهان دەخاتە بەر مەترسییەکی جدییەوە.

لەم سۆنگەیەوە چەندین نموونەی دەقی ئەدەبی ژینگەییمان هەیە، ژینگە چ وەک ژینگەی فیزیکی، یان ژینگە وەک کۆمەڵگە و سیاسەت و ژیان و شارستانییەت و تەنانەت ئیکۆسایکۆلۆژیش...تاد، دەقەکانیان بەرەو ئەم ئاراستە ژینگەییە دەچن و دەبن بە بەشێک لەمێژووی شیعری ئیکۆلۆژی، لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەدەبی کوردی دەخەینەڕوو، کە لەلایەن شاعیر و نووسەرانی جیاوازەوە هۆنراونەتەوە، ئەوەتا (کەژاڵ ئەحمەد) لە شیعرێکدا، دەڵێ:

من جادەیەکم پێویستە
خاڵی بێ لە پەڵەی خوێن
جادەیەک کە هەرگیز تیرۆری نەدیبێ
نەیناسیبێ
بێ گەرد بێ ... بێگەرد ... بێ گەرد
وەک داوێنی ئەو کچانەی
بە ناهەق دەکوژرێن. **(ئەحمەد، ٢٠٠٠، ٤٣)**

ئەگەر لەم شیعرەی سەرەوە بڕوانین یەکێکە لە شیعرەکانی شاعیرانی نوێ و نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکانی دوای ڕاپەڕین، هەندێک وشە و دەستەواژەی بەکارهێناوە و کردوویەتیە بنیاتی داهێنانی دەقەکە، وەک (جادە ، تیرۆر، بێگەرد، خوێن، داوێن، کوشتن، ناهەق ...)

شاعیر توانیویەتی پەیوەندییەکی هارمۆنی لەنێوان شەڕ و جەنگ و کاولکارییەکان لەلایەک، زوڵم و ستەمی زۆرداری بەرانبەر بە ئافرەتانی کورد لەلایەکی دیکە دروست بکات، کە ئەویش کاریگەری و پەیوەندییەکی نەرێنییە. بەمەش دەقەکە بووەتە دەقێکی تەواو ئیکۆلۆژی بەتایبەتی ئیکۆلۆژیای قووڵ، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەت و جەنگ بەتایبەتی و کۆمەڵگە بە گشتییەوە هەیە، نووسەر وەک فیمینیستێک دەیەوێ ئێش و ئازاری

ژن بگەیەنێ کە خۆی ئافرەتە بەمەش دەقێکی ئیکۆفیمینیزمی بەرهەمهێناوە و تەواو لە دەقێکی ئیکۆلۆژی نزیکبووەتەوە، لێرەدا جەمسەری سەرەکی ئەم دەقە ژنە، واتە ژن و ئێش و ئازاری ژن بووەتە چەق، کە سروشتی وەک بەشێک لە ژیانی کچانی کورد خراوەتەڕوو، هەروەها بەهۆی بوونی ژینگەیەکی خراپ بووەتە قوربانی دەستی دابونەریت و بە ناوی شەرەف و کەرامەتەوە دەکوژرێ و لەناو دەبردرێ و ماف و ئازادییەکانی لێ زەوت دەکرێ. یان لەشوێنێکی دیکە، دەڵێ:

چاوەڕوانیی من بۆ نەهاتوویەک
چاوەڕوانیەک تەواو هەڵەبجەیی
چاوەڕوانیەکە تەواو ئەنفالیی
چاوەڕوانیەکە تەواو کۆڕەویی
چاوەڕوانیەکە تەواو زیندانیی
چاوەڕوانیەکە تەواو بێوەژنی
چاوەڕوانیەکە تەواو شەهیدیی.... **(ئەحمەد، ٢٠٠١)**

ئەم دەقەی کەژاڵ بەجۆرێک وێناکراوە هەڵگری کۆمەڵێک واتا و دەلالەتی جیاواز و کۆمەڵێک ڕەهەند لەخۆ دەگرێ، وەک: (ئەنفال، هەڵەبجە، کیمیاباران، کۆڕەو، مەرگ، جەنگ، کاولکاری، هەتیوی، بێ باوکی، گرتن، کوشتن، بڕین، وێرانکاری، گۆڕینی تۆپۆگرافیا، ئاوارەیی،.....تاد) کە ئەمانەش هەموو دەبێتە ناوەڕۆکێکی لێوانلێو لە ئیکۆلۆژی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کاپیتالیزم، شەڕ و جەنگ و...، چونکە کیمیابارانی هەڵەبجە واتە کوشتن و وێرانکردنی مرۆڤ و شوێن و زیندەوەر و بێ گیان و بەگیان و دار و بەرد و درەخت و ئاژەڵ و ڕووبار و دەریا و زەوی و وشکانی و ئاسمان.....تاد، بۆیە شاعیر هەر یەکێک لەم چەمک و وشە و دەستەواژانەی کردوویەتییە هەوێنی ئەم دەقە، بابەتی سەرەکی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و دەقی ئیکۆلۆژین.

تاڕادەیەکی بەرچاو شاعیرانی شیعری هاوچەرخی کوردی توانیویانە خۆیان لە کۆمەڵێک باس و خواسی سواوی تەقلیدی لابدەن و بەڕوانگەیەکی جیهانی و چاویلکەیەکی ئیستێتیکی و لە قاڵبێکی هونەریی بەرز و زمانێکی جوان و تۆکمەی ئەدەب بەرەو جیهانی سروشت و ژینگە بڕۆن و لەناو دەقەکانیان تەوزیفی بکەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم دەقەی خوارەوەی (جەمال غەمبار) بکەین، کە چۆن سروشت و پێکهاتە سروشتییەکان بەجۆرێکی ژینگەیی و مەرام و مەبەستێکی دیکە دەخاتە بەرگی وێنەی دەقێکی هونەری، کاتێ دەڵێ:

کێ ڕووبارەکانی پڕ لە گەوجێتی و
کۆترەکانی فێری فسکە فسک و
درەختەکانی وا ڕاهێنا
ڕاپۆرت لەیەکتری بدەن (غەمبار،١٩٩٥، ؟)

شاعیر بە بەکارهێنانی وشەکانی (ڕووبار، کۆتر، درەختەکان) کە ژینگەی سروشتین لە بەرانبەر وشەکانی (کێ) کە (مرۆڤە)، ڕاپۆرت نووسین ، فیسکە فیسک...) ئەمانەش دەڵالەتی مرۆڤن، لێرەدا شاعیر واتا و دەڵالەتی فەرهەنگی بە سروشت وەک (ڕووبار و کۆتر و درەخت) کە لە فەرهەنگدا چۆنە نەداوە، بەواتایەکی دیکە ئەم وشانە هاوشێوەی شاعیرانی کلاسیک و نەوەی یەکەمی شیعری نوێ نەهاتووە تەنیا سروشت لە قاڵبە جوانی و دڵڕفێنەکەی بخاتەڕوو، بەڵکو باس لە بابەتێکی جەوهەری گرینگ و چارەنووس خواز دەکات ئەویش وێرانکاری و پیسبوونی ژینگەیە لەلایەنی خودی مرۆڤەوە، چونکە شاعیر بە پرسیاری بەلاغی دەست پێدەکات و ئاراستەی ڕووی دەمی دەکاتە ڕای گشتی و خوێنەر، کە دەڵێ: (کێ ڕووبارەکانی پڕ لە گەوجێتی و کۆترەکان... و درەختەکان...) فێرە ئەو شتانە کردووە؟ لێرەدا کاریگەری مرۆڤ و خراپی

ئایدۆلۆژیا و خیانەت و خۆفرۆشی و جاسووسی مرۆڤەکان لەنێوان یەکتر بەجۆرێک خەریکە ڕەگ دادەکوتێ تەنانەت کاریگەری لەسەر ژینگە و سروشتیش دەبێ، ڕووبارەکان و کۆترەکان و درەختەکانیش ...تاد دەبنە بەشێک لەم خۆخۆری و زوڵم و زۆرداریەی مرۆڤەکان، لێرەشدا دەبێتە قۆناغێکی دووەمی ئیکۆلۆژی ئەویش کاریگەری خراپی مرۆڤە لەسەر ئیکۆلۆژیادا و تێکدانی ئیکۆسیستەمی ژیانە بەگشتی.

هەروەها **(ڕەفیق سابیر)** لە شیعری (لاوکی هەڵەبجە)دا، کە یەکێکە لە شیعرە دیارەکانی ئەم شاعیرە، ڕەگەز و پێکهاتە سروشتییەکان بەجۆرێک بوونەتە هۆی دروستبوون و داهێنانی ئەم دەقە، ئەگەر بێتوو ئەم وشە و دەستەواژانە لابدەین جگە لە چەند ڕستەیەکی ئاسایی شتێکی وامان بۆ نامێنێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم پێکهاتە سروشتی و ئیکۆلۆژیانەی ناو دەقەکە بەشێوەیەکی میتافۆڕ و ڕەمز ئامێز بەکارهاتوون بەمەش بنیاتێکی قووڵیان پێکهێناوە، وشەکانی وەکو: (زریان – شەو – سەوزایی – دارستان – تەم و مژ – مانگەشەو – شەپۆڵ – بروسکە – شار – باران – منداڵ – ئەسپ – هەتاو – تیشک – سەرزەمین – گوڵ – پەلکەزێڕینە – با – کێڵگە – گوڵەگەنم – سووتان – درەختی خۆڵ – بنار – ئەشکەوت – خوێن – ڕووبار – سەراب – تێنوویەتی – ئاو – گوللەیەک – لووتکە – فڕۆکەکان – چیا – تاوێرەکان – لەشکری داگیرکەران – تاریکایی – گژوگیا – دارستان – ئاسمان – زەردەگەڵا – ساچمە – ژەهراوی – تەرم – پیاوکوژ – پۆستاڵ – ئاڵا – برین – لافاو – دووکەڵ – ژان – ئازار ...تاد) ئەمانە و چەندین وشە و دەستەواژەی دیکە لەناو ئەم دەقی شیعریەدا بوونیان هەیە، ئەوەتا شاعیر دەڵێ:

بەتەنیا جێی مەهێڵن

ئەمشەو زریان دەیچێنێت

تەمومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیرەفێنێت
گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی دایپۆشن
یان بە سۆزەیی دارستان ..... (١٠٧)

فڕۆکەکان لەناکاو دێن
رووتین، خۆمان بە گژوگیا و
زەردە گەڵا و
بە ئاژاوە دادەپۆشین ..... (١١٤)

داگیرکەران بەنێو هاواردا ڕەت دەبن
پەلەیانە!
لە گردەکەی ئەو بەرەوە – لەنێو گەرددا
ئاوا دەبن
پەلەیانە!
لەدوای خۆیان وەکو سەدان ساڵ لەمەوبەر
شوێن پۆستاڵ و
پەڵەی خۆڵەمێشی و ئاڵ و
بۆگەنیوی هەناسە و ئارەقە و ڕۆحیان
جێدەهێڵن ..... (١١٩) (سابیر، ب٢، ١٩٩٠: ١٠٧-١١٤-١١٩)

بەمەش دەبێتە یەکێک لە دەقە ئیکۆلۆژییە پڕ ئیستێتیکییەکانی دەقی کوردی ئەم قۆناغە، بێگومان ئەم بارودۆخە خراپ و نەخوازراوانەی نەتەوەکەمان کە هەمیشە بە درێژایی مێژوو بەسەریدا سەپاوە، یان هاتووە، وایکردووە هەمیشە دەقی ئەدەبی کوردی بەشێک بێت لە دەقی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی هەموو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابووری و ڕامیاری ...تاد لەخۆبگرێ، بۆ ئەو نەتەوە و میللەتانەی هاوشێوەی کورد بێ کیان و دەوڵەتی سەربەخۆن هەمیشە ئیکۆلۆژییان قووڵ بە هەموو جۆر و ڕەهەندەکانییەوە زیاتر و زاڵە لە ئیکۆلۆژییە فیزیکییەکە، تەنانەت ئەگەر باس لە سروشت و ئیکولۆژیای فیزیکیش بکرێ لەناو دەقەکانیاندا، ئەوا لە چوارچێوە و بۆ مەرام و مەبەستی گەیاندنی بارودۆخە سیاسی و هەستە نەتەوەییەکەیە، بەشێوەیەکی ڕەمزی و هێما و میتافۆری هونەری بەتایبەتی شاعیرانی دوای ڕاپەڕین تا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم.

هەروەها دلاوەر قەرەداغی لەم شیعرەدا، دەڵێ:

ڕێکەوتی چۆڵەکەکان دەکەم
چاو بە چواردەور و
خوار ژووری خۆمدا دەگێڕم و
بە ئاماژەی دەست
تێیان دەگەیەنم:
شوێنێکی جوان شک دەبەم بۆ خوێندن
پەلە پەل بە قوڕگێکی پڕ لە تەمەوە
دەجریوێنن: لەکوێ؟
بەچرپە پێیان دەڵێم:
بابڕۆین پێکەوە ... وەرن لەگەڵم
بۆ حەوشەی پشتەوەی دڵم (قەرەداغی، ۲۰۲۰:۷۸۰)

شاعیر بەجۆرێکی ژینگە دۆستی و ژینگە پارێزییەوە، دەیەوێ ئەوەمان تێبگەینێ کە مەترسییەکانی سەر ئیکۆلۆژی بەگشتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونن و خەریکە وێرانکاری گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەجۆرێکە تەنانەت بالّندەکانیش شوێنێکی ئارام و ئاسوودەیان نییە بۆ حەوانەوە و بەختەوەری ئەمەش لەوەوە هەستی پێدەکەین کاتێ چۆلەکەکان بەسەرسووڕمانەوە دەپرسن ئەو شوێنە کێیە؟! لە کوێیە؟! وەک ئەوەی پێمان بڵێن: بۆ مرۆڤ و چاوبرسییەتی و داگیرکارییەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرمایەکی زۆر و دەست بەسەرداگرتن و وێرانکارییە زۆرەکانی هیچ شوێنێکی بۆ ژیان و ئاسوودەیی هێشتوونەتەوە؟!

هەروەها (لەتیف هەڵمەت)ی، شاعیریش، چەندین دەقی ژینگەیی هەیە، بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیە کردووە، وەک لە شیعری (شەڕی سێیەمی جیهانی)دا، دەڵێ:

دارستانە قژ سەوزەکە شەو بەبێ دەنگ
ڕەگەکانی خۆی هەڵڕنی و
دامێنی خۆی
کرد بە چەمی ئاگری ژەنگ
کاتێ زانی
کە بەیانی
دارەکانی
دەبڕن و دەیکەن بە قۆناخە تفەنگ
بۆ سێیەم جەنگ.... **(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٦٢٤-٦٢٥).**

ئەگەر لەم دەقەی سەرەوە بڕوانین، دەبینین کە چۆن شاعیر وێنەیەکی پڕ لە ژینگەیی و ئیکۆلۆژیمان بۆ دەهۆنێتەوە و مەترسییەکانی جەنگ و کاریگەرییە

خراپەکانیمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەویش زەرەرمەندی یەکەم جیهانی سێیەمە، کە ئێمەمانانین، بێگومان ئەویش لەسەر دەستی مرۆڤ و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و کاپیتالیزم و کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و ئەمەریکییە. بەهەموو شێوەیەک داگیرت دەکەن لە ڕووی هزری و کلتووری و سروشتی و ژینگەییەوە، ئەوەتا دارودرەخت و دارستانەکانیشمان دەڕووتێننەوە و دەیکەن بە کەرەستەکانی جەنگ و دواجار هەر ئەم نەتەوانەشی پێدەکەنە ئامانج. شەڕ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مااڵوێرانی و تێکدانی ژینگە و کاریگەری درێژخایەنی لەسەر جێدەهێڵێت، چونکە (لە حاڵێکدا شەڕ بەتەنیا ئەندازەی هەموو بەڵا و نەخۆشییەکانی سەر زەوی قوربانی لێکەوتووەتەوە و مااڵوێرانی نەقوستانی پێکهێناوە و دروستکردووە...). **(باڵەکی، ٢٠١٥، ١٣).**

هەروەها (قوبادی جەلی زادە) لە شیعری (نزای بوونەوەر) دا، دەڵێ:

ئەنفال

دار

داریک.. باڕەشێک

پەلی داوەتە بەر زەبری تەوری

داریک ددانی مشاری کرمێک

کەڵبەی ناوەتە ڕیشاڵی عومری

ئەو دارە هەمووی نیوەشەوانێک

دوو لقی نزا

وەک هەردوو دەستی حەزرەتی ئەییوب.....(جەلی زادە، ٢٠٠٧، ٢٠٣).

ئەمە و چەندین دەقی دیکەی ئیکۆلۆژی لە هەردوو جۆری ئیکۆلۆژی فیزیکی و ئیکۆلۆژی قوواڵ لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بوونیان هەیە و دەتوانین بیاندۆزینەوە هیچ شاعیر، یان نووسەرێک نییە ئەم جۆرە دەقە

ئیکۆلۆژیانەی نەبێت، جا بە ئاگاییەوە بووبێت، یانیش بەشێوەیەکی خۆڕسک و بارودۆخی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری و.....تاد، وای لێکردبێ ئەم دەقانە بەرهەمبهێنێ، ئەگەر سەیر بکەین سروشت و ژینگە لەم قۆناغەدا جیاوازە لەگەڵ قۆناغی پێش روانگە هەندێک لە دەقەکانی سەردەمی روانگەش، چونکە ئەوانەی پێشتر زیاتر سروشتیان وەک دیمەنێکی جوان و دڵڕفێن و تێکەڵکردن لەگەڵ جوانی یار و هەندێک جار نەتەوە و ڕەمزە گشتییەکان دەکرد بەجۆرێک کەمتر بەرەو ژینگە و مەترسییەکانی ژینگە دەچوون، چونکە ئەوەی دەبێتە میکانیزم و تایبەتمەندی دیاری ئیکۆلۆژی ئەوەیە، کە سروشت و ژیان و پێکهاتەی ئەم سروشتە بە مرۆڤ و غەیرە مرۆڤەوە تووشی مەترسی و هەڕەشە و کاولکاری زۆر دەبێتەوە، بەجۆرێک دواجار مرۆڤ بەپلەی یەکەم زەرەرمەندی یەکەم دەبێت دواتر گیانلەبەرانی دیکەشی کە مرۆڤ خۆی بەرهەمهێنی ئەم کاولکاریەیە، لەکاتێکدا لە دەقی کۆن و تەنانەت ڕۆمانسییەکانیش کە سروشتیان کردبووە سەنتەری بەرهەمەکانیان وەک رۆسۆ، دەڵێ: (ڕۆمانسییەت گەڕانەوەیە بۆ سروشت) **(پیربالّ، ٢٠٠٤، ٥٧)**، زۆر ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە و پیسبوون و کاولکارییەی سروشت و ژینگە نەبوونەتەوە، تا ڕادەیەک شیعری رۆمانسی لە هۆکارەکانی کاولکاری و مەترسییەکانی ئەو هەڕەشەیە دوورن، بەڵام شیعری هاوچەرخ و پۆست مۆدێرنییەتی جیهانی و کوردیش لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەم بابەتە دەڕوانن و زیاتر بەرەو قوواڵبوونەوەی مەترسییەکان و کێشە جیهانییە هاوبەشەکان دەچن، کە ژینگە و مەترسییەکانی ژینگە و پیسبوون و جەنگ و داگیرکاری.....تاد، بەشێکن لەو کێشە و گرفتانە.

ئەنجام

١- ئیکۆلۆژیا و قەیرانەکانی ئیکۆلۆژی لە ئێستادا بووەتە بابەتێکی جیهانی و لە سنووری ناوچەیی و هەرێمیدا، نەماوەتەوە و هەموو بوارەکانی دیکەی تۆێژینەوەی، وەک: سیاسی، ئابووری، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئاینی.....، دواجار ئەدەبیاتیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

٢- چاوچنۆکی و داگیرکارییەکانی مرۆڤ و جەنگە یەک بەدوا یەکەکانی جیهانی و ناوخۆیی، بەتایبەتی دوای کاپیتالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، تەکنەلۆژیای پێشکەوتنی شارستانییەت، وێرانکارییەکان چەند هێندەی پێشوو زیادیان کرد بۆ سەر سروشت و ژینگە و ئیکۆسیستەمەوە. بەجۆرێک تەندروستی و لەناوچوونی مرۆڤ و گیانەوەرانی دیکەی خستووەتە مەترسییەوە.

٣- شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش هەوڵیانداوە و کاریان بۆ ئەوە کردووە، کە هاوشانی زانستی ژینگەناسی و ژینگەپارێزان، کۆمەڵگە لەو مەترسییە جدییە ئاگادار بکەنەوە، بەجۆرێک هۆشیاری ژینگەیی لە بەرهەمەکانیان بکەنە ئامانجی سەرەکییان.

٤- ئەم دەقانەی بەنموونە وەرمانگرتوون، هەڵگری چەمک و دەلالەتی ژینگەیی فیزیکی و ژینگەیی قووڵن، کە راستەوخۆ ڕەنگدانەوە و کاریگەری ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردیان لەخۆ گرتووە، نیشاندانی کەتواری کۆمەڵگەی کوردین، بۆنموونە: دەقەکانی کەژاڵ، هەڵگری ژینگەی فیمینیزمین، کە ئاراستەیەکی دیکەی ڕەخنەی ژینگەیە، دەقەکانی (لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە، جەماڵ غەمبار، ڕەفیق سابیر، دلاوەر قەرەداغی) هەڵگری چەمکی ژینگەی کۆمەڵایەتی و جەنگ و داگیرکاری و سیاسین.

لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

١. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکردنەوەی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

٢. ئانتۆنی گیدێنز، گاستۆن بوتول، حسین بشریە، و. باڵەکی عومەر (٢٠١٥) مێژووی شەڕ، pdf.

٣. بایز، ئەرسەلان (٢٠١٣) سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، ١٩٩٢-٢٠٠٢ لە نموونە شیعرەکانی کوردستانی نوێ، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٤. پیربااڵ، فەرهاد (٢٠٠٤) ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥. جەلی زادە، قوباد (٢٠٠٧) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٦. ربیع، عادل مشعان. و. ئەحمەد عەلی ئەحمەد (٢٠١٤)، هۆشیاری ژینگەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٧. سابیر، ڕەفیق (٢٠١٣) (دیوان) بەرگی دووەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی سلێمانی، سلێمانی.

٨. سلێمان، محەمەد مەحمود و ئاسۆ وەهاب و رزگار فایەق (٢٠١٣)، جوگرافیا و ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٩. عارف، حوسێن (٢٠٠٥) ڕوانگە و یاران و نەیارانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١٠. علی، دڵشاد (١٩٨١) دیلان و شاعیر و نوێخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

١١. عزیز، فرهاد حسن (٢٠١٧)، ژینگە و پیسبوونی ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. کاکە ئەمین، حوسێن غازی (٢٠٠٨) نوێکردنەوە لە شیعری کوردی لەسالّی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلّات، هەولێر.

١٣. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥) دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٤. قەرەداغی، دلاوەر (٢٠٢٠) (دیوان)، لێرە و لەوێ باران دووڕا و دوور هەتاو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١٥. ابن منظور (٢٠٠٣) لسان العرب، حرف الباء، المادة بوأ، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، دار صادر، بيروت، لبنان.

١٦. الجابري، خالد و مجموعة من الباحثين (٢٠٠١)، العوامل و الاشارات الاجتماعية لتلوث البيئة، بيت الحكمة، بغداد.

سەرچاوەی فارسی:

١٧. پاساپور، زهرا (١٣٩٢)، نقد بومگرا: ادبیات و محیط زیست، مشخصات نثر، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

18.Birzo Abdulkadir Mohammad (2019) The Ecocyitical Roots from Shakespeare to the present, PHD, Salahaddin university – Erbil.

19.Odum, J (1971) fundamen tals of Ecology. E.P.3ed. WBBc saunders co. London U.K.

20.Krebs, J. (1978). Ecology: The Experimental Analysis of Distribution Abundance Second Edition, Harper and Row Publishers U.S.A

21.Morrel, G. (2007). Language of the Non-speaking: Structure as Biophilic Voice and Source of Hope in T. S. Eliot‟s The Waste Land. Athens: The University of Georgia.

گۆڤار و رۆژنامەکان:

٢٢. غەمبار، جەمال (١٩٩٥) کوردستانی نوێ پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٩١٠ لە ١٩٩٥/٢/٩)، سلێمانی.

٢٣. کەژاڵ، ئەحمەد (٢٠٠١) پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣٩) ٧/٥/ سلێمانی.

٢٤. کەژاڵ، ئەحمەد (٢٠٠٠) پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (١٦٩) ٨/٢٤/ سلێمانی.

الملخص

البيئة والطّبيعة في الشِّعر الكورديّ المعاصِر

هذا البحث يختصّ بدراسةِ النّقد البيئي، ولا شكّ أنّ هناك بَوْناً واسِعاً - فيما يتعلّق بالنّقد البيئيّ - بين نظريّاتِ الأدب الحديث والمعاصِر والتُّراث، ذلك لأنّ النّقدَ البيئيَّ له عَلاقة مباشرة مع الإيكولوجيا (علم البيئة). وقد ظهرَ النّقد البيئي في أواخِر السبعينيّات من القرنِ العشرين، وهو يُمثِّل جانباً من عمل البحثِ الّذي يختصّ بدراسة أدبياتِ البيئة الماديّة، وأدبيّات البيئة الاجتماعيّة. والنّقدُ الإيكولوجي (البيئيّ) - عمُوماً - يأخذُ بنظرِ الاعتبارِ الأزماتِ البيئيّةَ، وأبسطُ تعريف لهُ: هو دراسةُ علاقةِ الإنسانِ بمحيطِه، أو علاقة الأدب بالبيئة الماديّة بعد تفاقُمِ ظاهِرة التلوّثِ عالميّاً. فالنّقدُ البيئي يبحثُ في تاريخ البيئة المحيطة بالإنسان، مع دراسةِ التُّراث البيئي، ويقومُ برصدِ الآثارِ السلبيّة الّتي يتركُها الإنسانِ على البيئةِ ومكوّناتِها الماديّة، وقد أومأ البحثُ إلى أهميّة الرُّؤى البيئيّة وأثرها في العلومِ الإنسانيّة، فضلاً عن بيانِ الآراءِ المهمّة للباحثينَ الكورد والأجانب حولَ مخاطِر البيئة الّتي تُواجِه العالَم اليوم، وكيف دُرِست في النّصُوص الأدبيّة الإبداعيّة بوصفها موضُوعاً أدبيّاً، وما يهمُّنا في هذِه الدِّراسة النقديّة؛ أنْ نعرِفَ كيف أحسّتِ الأدبيّات الكورديّة والشُّعراء الكورد بالمخاطِر البيئيّة الّتي تسبّبَ بها الإنسان، وما زالَ عليها قائماً، وكيف تناولُوها في نصوصِهم الإبداعيّة.

الكلمات الدالة: البيئة، الطّبيعة، الأدب، الشعر الكوردي المعاصر، الأزمة البيئيّة.

Abstract

Ecology and Nature in the Contemporary Kurdish Poetry

This research which is entitled "Ecology and Nature in the Contemporary Kurdish Poetry'' attempts to study the contemporary Kurdish poetry from an ecocritical point of view. Apparently, ecocriticism is a unique theory among other new literary theories because it has a direct relation to the science of ecology. Ecocriticism first appeared at the end of the twentieth century and it deals with the relationship between literature and physical social environment. An eco-critic deals with the environmental crisis and ecocriticism can be simply defined as the study of the relation between human and non-human beings along the history and human culture, also the negative effects on the environment and its structure by human being. In addition, this research despite of arguing the significance of the ecocritical views in the human sciences, briefly it points at some important views and belief of the Kurdish and foreign writers concerning today's global threats towards the environment as they are presented in literature. Furthermore, it is important for us to know how such a serious and critical issue is dealt with in Kurdish literature and especially how it is touched and projected in the Kurdish poetry.

Keywords: ecology, nature, literature, contemporary Kurdish poetry, environmental crisis

ئێکەتیا ئایینان
د هزرا مەلایێ جزیریدا

م.ھ. وحید نعمت رمضان
پشکا زمانێ کوردی – فاکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ
waheed.ramadhan@uoz.edu.krd

کۆرتیا ڤەکۆلینێ:

پەیدابوونا شیعرا عیرفانی د جیهانا ئیسلامیدا، ئێک ژ ڕەوتێن بهێزێن ئەدەبیاتێیە و گەلەک بابەتێن گرنگ ب خوەڤە گرتن، ژ وان ژی بابەتێ (ئێکەتیا ئایینان). ئەڤ بابەت دویڤچوون و لێکۆلینێ ل سەر پەسەندکرنا هزرا چەند ئایینان ل دەڤ ئێک کەسی دکەت، ژ سەرکێشێ ئەڤێ تیۆرێ (ابن عربی ١١٦٥-١٢٤٠ز)یە، (ئێکەتیا ئایینان د هزرا جزیریدا) ئێك ژ بابەتێن بالکێشە د ناڤ دیوانا شاعیرێدا، ئەڤی بابەتی جهەکێ نەکێم ژ دیوانا وی ب خوەڤە گرتیە، ب نەرینەکا عیرفانی ل سەدێ دەهێ مشەختی گەلەك بهێز هاتیە هەبوونێ. دیارە جزیری مفا ژ هەر ئێک ژ تێگەهێن ئایینێن (مەسیحی، ئێزدی، یەهودی...هتد) وەرگرتییە، هەروەسا ژ بلی ئایینێن ئەسمانی، جزیری ئاماژە ب ئایینێن نەئەسمانی ژی، مینا بۆتپەرێسیێ کرییە.

ڤەکۆلین ل سەر شێوازێ ڕێبازا وەسفی – شرۆڤەکاری هاتیە ئەنجامدان، ب ئەنجامدانا شرۆڤەکرنا ژ بۆ بەیتێن شیعری ژ دیوانا جزیری هاتیەکرن و پاشان ژی ئەنجامێن ڤەکۆلینێ هاتینە دیارکرن.

پەیڤێن سەرەکی: سۆفیگەری، سۆفیگەری و ئەدەبیات، ئێکەتیا ئایینان، جزیری، پەیڤ و زاراڤێن ئایینان.

١- پێشەکی:

سۆفیگەری ئەو جیهانا بەرز و بهێزە شیایە هندەك گورینێن مەزن د ناڤ دیرۆکا وەلاتاندا بکەت و هەر جهەکێ ئەڤ بواریێ مرۆڤایەتی لێ پەیدابووی ڕەنگڤەدانێن بهێز ل سەر وی جڤاکی پەیداکرینە، د ناڤ جیهانا ئەدەبیاتێدا شیایە هندەك تێکستێن ئەدەبی ب داهێنیت هەتا ڤی سەردەمی مرۆڤی ب مەندەهوشی بهێلیت، زاراڤێ سۆفیگەری ئێك ژ وان زاراڤایە پری کێشە و ئاریشەیان ب دویڤ خوەدا د هەلئێخیت و زاراڤەکێ چرە و گەلەك د ناڤێکرا چوویە، ئەم نەشێین ب تمامی بدەینە دیارەکرن و بزانین کا بنیاتێ ڤێ پەیڤی ژ چ هاتییە و ل کیڤە سەر هلدایە، چونکی دبت ل هەر جهەکێ مەبەستەکا دیارکری هەبیت، ئانکو هەر تشتەکێ ئەم دەستنیشان ژی دکەین ڤەبر نینە.

سۆفیگەری ((سۆفیزم (sufisme) یان گیانگەرایی (الروحانیة) (mysticism) فرەلایەنە)) (وەسمان، ٢٠١٣، ١٠٤) ئەڤ زاراڤە تشتەکێ ڤەبر نینە، ب تنێ بۆ بابەتەکێ دەستنیشانکری بهێتە بکارئینان و ئەڤ زاراڤە د ناڤا ئایینێ ئیسلامێدا ژی ب هەمان ڕامان ((ئەو وشەیە بۆ بابەتی گیانیەکان بەکاردێت لەئیسلامدا بۆ زانینی بابەتی گیانەکی)) (همان، ١٠٥) یە ئانکو گرنگیدان ب جیهانا گیانی ژ سیمایێ ڤی زاراڤیە و هێزە بۆ وی، باشترین ڕامان بۆ سۆفی، یاکو پتریا ڤەکۆلەران پەسەندکەن، ئەو ژی دبێژن: ژ پەیڤا عەرەبی یا (صوف) ئانکو هری هاتییە وەرگرتن، ژ بەرکو کەسێن زاهد ل چەرخێ ئێکێ یێ ئیسلامی جلکێن هریێ دکرن بەرخوە، پاشان ئەڤ پەیڤە ل گەل پەیڤا (عارف) وەکی هەڤواتایێن ئێک لێهاتینە، هەر کەسێ عارف ب سۆفیی ژی گازیکرییە (دهخدا،١٣٧٧، ١٥٠٩٢) وەکو دهێتە گوتن (مرۆڤ ژ دوو جیهانان پێك دهێت: ڕووح و لەش، ڕێکا سۆفیگەریێ بەرەڤ لایەنێ ڕووحیە ب ڕێکا ڕاهێنان و بزاڤان و شکەستنە بۆ ئالیێ لەشی و سەرخستنا ئالیێ گیانی)

(وەسمان، ٢٠١٣، ١٠٦) یە، د دیتنا سۆفیگەریێدا ڕووح سەنتەرە، د دیتنا سۆفیزمێدا تێکوشین و بزاڤا مرۆڤ بۆ ڕازیکرنا ئالیێ ڕووحێ و گەهشت ب خوەشی و لەزەتا ڕووحێیە و لەشی هیچ بەهایەکێ خوە تێدا نینە.

ئەگەر ئەم لێ نێرینەکا دیرۆکی بەرێ خوە بدەینە بکارهینانا ڤی زاراڤی، ئێکەم کەس ئەڤ زاراڤە بکارهینایی و ئێکەم کەس بنیاتێ وێ دانابیت، دێ بۆ مە خۆیا بیت ((ئێکەم کەس ژ زانایێن عەرەب ئەڤ زاراڤە د ناڤ بەرهەمێن خوەدا بکارهینایی، ئەو ژی (جاحز)ە و ئێکەم کەس هاتییە ناڤکرن ب سۆفی (ئەبو هاشم ئەلسوفی)یە)) (عیسی، ٢٠٠٥، ٣٠). هینانا ڤی بەلگەیی ب ڕامانا وێ چەندێ نینە سۆفیگەری د ناڤ مللەتێن دیدا نەبوویە، بەلکو ڕە و ڕیشالێن ئەڤی زانستی بۆ سەردەمێن کەڤنتر ڤەدگەرت و ژ سەرەکانیا یونانا کەڤنار ئاڤ ڤەخواریە، فەیلەسۆفێن یونان جورە سۆفیگەریەك هەبوویە، ب گشتی داخازا دویرکەڤتنێ ژ تاما مادیاتان و پەیرەوکرانا وەرزشا دەروونی کریە، ژ وان فەیلەسۆفێن دەرهەقا ڤی بابەتیدا خەبەر دایی، فیساغورس، ئەفلاتوون و ئەرستۆ و...هتد (شوان، ٢٠٠٥، ٤٢-٤٣).

هەردیسان دەرباری وێ پرسیارێ کا د ناڤ ئایینێ ئیسلامێدا کی ب ئێکەم سۆفی دهێتە نیاسین؟ ئەوژی ((جابری کوڕی حیان زۆربەی سەرچاوەکان بەیەکەم سۆفی ناودێر دەکەن لە عێراقدا لە زانستی کیمیا و هزرو بیردا قوولبۆوە)) (هەڵمەت، ٢٠١٣، ٤١) ل دویڤ ڤی بەلگەی بۆ مە دیاردبیت کەسێن سۆفی نە ب تنێ د ناڤ زانستێ ئایینیدا شارەزابوونە، بەلکو زانستێن دونیایی ژی ل دەڤ وان هەبوویە، دیارە کاریگەریا سۆفیگەریێ ل سەر ڕەوشا ژیانا وی ب گشتی کرییە. دەستنیشانکرنا سۆفیگەری و پەیرەو و پرۆگرامێ وێ نیشانا بهێزییا ڤی بواری نیشانی مە ددەت و ئەم دشێن بێژین: (ئەبو تالب مەکی خودانێ پەرتووکا (قوت القلوب) ب ئێکەم کەس دهێتە نیاسین بەرنامە و

پەیرەو و پرۆگرام بۆ سۆفیگەریێ دانایی) (هەڵمەت، ٢٠١٣، ٤٥)، بێگومان هەر تشتەکێ خودان بەرنامەبیت، پتر بەلگەیێ بهێزە ل سەر کویراتیا وی د ناڤ جڤاکیدا و شیایە شوین تبلێن خوە ل سەر کومەلێ پەیدابکەت و ببیت خودان دویکەفتی.

سەبارەت پەیڤا (سۆفی) کا ژ چ ژێدەر هاتیە وەرگرتن، چەندین نەرینێن جودا بۆ هەنە، هندەك ژ ڤەکۆلەران دبێژن: ئەو ژ (اهل الصفة) هاتیە، هندەکێن دی وێ پالددەن دیرۆکا فەلسەفا یونانی و دبێژن: ژ سۆفیا هاتیە وەرگرتن، لێ ئەوا پتر جهێ تەکەزکرنێ و پشتبەستنێ ل سەر ئەڤ نەرینەیە یا کومەکا زۆرا ڤەکۆلەران د وێ باوەرێدا، بنەمایێ پەیڤا سۆفی ژ ((پەیڤا (الصوف) هاتییە ئانکو ب رامانا (هری) دهێت، ب وێ مەرەمێ جل و بەرگێن هەرە دیار یێن ڤێ دەستەکێ – سۆفیان- جلکێ هریێ یە، چونکی جلکێ هریێ ژ سیمایێت پێغەمبەر و مـــرۆڤێت ژێگرتیێن خودێ یە)) (جودة، ٢٠١٨، ٦٥) ل بەرکرنا جلوبەرگێن هریێ نیشانا خوەشکاندنێیە ل بەرامبەر خودایێ مەزن، چونکی ئەڤ چەندە ژ رەوشتێن پێغەمبەرایە بێگومان کەسێ سۆفی ب وێ رامانێ کو پتر خوە نێزیکی خودێ بکەت حەز ژ وی تشتی دکەت یێن کەسێن پیرۆز حەز ژێ دکەن، داکو خودێ ژی حەژ وان بکەت. سۆفیگەری ل سەر ڤێ چەندێ دهێتە ئاڤاکرن. لەورا سۆفی ژی دێ حەژ ڤی جلکی کەت و ل بەر خوە کەت، وەکو خۆشکاندنەکا دەروونی بۆ خودێ، زانایێ کۆمەلناسێ عەرەب (ابن خلدون) ئەڤێ هزرێ پەسەند دکەت کو (ئەو دهێنە ناڤکرن ب جلکێ وان، ژبەر جوداهیا وان ژ خەلکی) (ابن خلدون، د.سن، ٥٧٧) ب ڤێ چەندێ سۆفیگەری ژ نێرینا بەری نووکە دهێتە دویرکرن و ژ زاراڤێ فەلسەفێ و نە ئیسلامی بوونێ دەردکەڤیت و دهێتە دچارچووڤەیەکێ ئایینیدا ئەڤ کەسە خوە پتر دئێشینن، چونکی مەرەم ژێ ئاڤاکرنا جیهانا گیانییە.

بۆچوونەکا دی یا هەی دەربارەی ل بەرکرنا جلکی و دیاردکەت سۆفی ژ جلوبەرگی هاتیە و دیاردکەت بنەمایا ڤێ پەیڤێ ژ جلکێ (خەرقە) یێ ئێزدیان هاتیە (جلکێ خەرقە یێ ئێزدیان، بۆ زانین ئەڤ ل بەرکرنا جلکی ل دەڤ بۆزیان هاتییە، د بنەرەتدا ژ ئاشووریان، جلکەك بوو دکرنە بەر گونەهبار و تاوانباران) (حەسەن بەستامی، ٢٠١٤، ١٨) ب ڤێ چەندێ دیاردبیت ئەڤ کریارا ل بەرکرنا جلکێ نەخوەش بۆ مەرەما ئەزیەتدانا لەشێ خوە وەکو ڕێوڕەسمەك بۆ پتر نێزیکبوونا خودێ ژ سەردەمێن کەڤندا هاتیە بکارهینان، ئەگەر ل دەستپێکێ بۆ هەمان مەرەم نەبیت ژی ل داویێ ئەو جە گرتیە و بوویە جلکەکێ کەسێن خودێناس و پتر د ناڤ ڕێیا ئایینیدا چووین، کەواتە ئەڤ نەرینا دوویێ ژی هەر وێ ب جلکیڤە گرێدەدەت.

سۆفیگەری ل دویڤ ڤان هەمی تێگەهان دهێتە شرۆڤەکرن و ل دویڤ هزرا مە یا پتر دبیتە جهێ پشت گەرم کرنێ و مرۆڤ دشێت بێژیت: ئەڤ نێرینە پتر نێزیکی ڕاستییێیە، ئەو ژی پەیڤا (الصوفی) ژ پەیڤا (صوف - هری - خوری) هاتییە، ئەڤە دبیتە ئەو هزرا بهێز یا کو ئەم پشت بەستنێ ل سەر دکەین وەکۆ تێگەهەکێ باش د دەینە دیارەکرن، ژبەر ڤان بەلگێن ل خوارێ دیارکری :

١- پێغەمبەر و مرۆڤێت چاك و ژێ گرتیێن خودێ گەلەك حەژ ڤان جورە جلکان دکر، هەروەسا سۆفیان ژی گەلەك حەز ژێ دکر وەکو خوە نێزیکرنەك ژ کەسێن چاك.

٢- خودێ ژبەری سۆفیا، حەواریێت عیسا پێغەمبەر (سلاڤ لێ بن) ب ناڤێ جلکێ وان ناڤ کربوون، ڕەنگە ژبەر هندێ ژی سۆفی خوە ب ڤی ناڤی ناڤ دکەن، ئەو ژی خوە ب ڤان پێناسە دکەن (جودة، ٢٠١٨، ٦٥).

٣- ژ ئالیێ زمانی ڤە ئەڤە باشترە و ڤەبرینا سۆفیان ژ جیهانا ماددی د بیتە بەلگەیەکێ دی یێ ب هێزییا ڤی زاراڤی (شوان ، ٢٠٠١ ، ٢٣).

بابەتێ ئێکەتیا هەبوونێ (وحدة الوجود) ئێک ژ وان بابەتێن گرنگە کو دبت سەرەکانییا بابەتێ عیرفانێ و د ناڤدا ژی بابەتێ ئێکەتییا ئایینان، ئەڤ بابەت بۆیە مژارا سەرەکە بۆ گەلەک ژ هەلبەست و هەلبەستڤانێن کلاسیک و د ناڤ واندا ژی مەلایێ جزیری، (وحدت) د زمانیدا ب ڕامانا (ئێکێ یان کتێ یان نیڤا جووتێ) دهێت (محمد الدوسکی، ۲۰۱۱، ١٦٦) ئەڤ هزر تەکەزێ ل وێ یەکێ دکەت، دوو تێگەهێن (ئێکەتی= وحدة) و (هەبوون= وجود) تێگەهێن فەلسەفی نە، فەیلەسۆفێن نەریتگەرا (سونەتی) ب تەمامی ل گەل ئاشنانە، بەلکو هەر بنەمایێ فەلسەفا کەڤنار ل سەر (هەبوون، هەیە) ئاڤا دکەن، ب لێکدانا ڤان هەردوو تێگەهان چەمکێ (ئێکەتیا هەبوونێ) پەیدا دبت و ئەڤ چەمک بابەتەکێ فەلسەفی د ناڤ هزرێدا ئاڤا دکەت، هەروەسا د ئالیێ عیرفانیدا ژی ئەگەر بەرێخوەدان ل هەردوو هزرمەندان (ابن عربی، مایستەر ئیکهارت) نەهێتەکرن، دبت وی دەمی پێناسەیا وێ لەنگ بت (کاکایی، ۱۳۹۳، ۱۸۰). د فەرهەنگا (سپیرێز)دا (وحدة) ب ڕامانا (ئێکانەتی) هاتییە، هەروەسا پەیڤا (الوجود) ب ڕامانا (هەبوون) هاتییە (ئەمین دۆسکی، ۲۰۰۸، ۸۰۰). ئەڤ بابەت ژ (ابن عربی) هاتیە د ناڤ عرفانا ئیسلامیدا و ژ بەریا وی کەسێ ئەڤ بابەت نەئینابوو، دانەرێ ڕاستەقینە یێ ڤێ قوتابخانێ و واتادەرێ ڕامان و مەرەمێن ڤێ قوتابخانێ هەر ئەوە، ئەوی شێوەیێ دوماهیێدایە ڤێ قوتابخانێ، جلکەکێ سۆفیانە کرییە بەر ڤێ قوتابخانێ، دڤی کارێ خوەدا مفا ژ هەر تشتەکێ وەکی (قورئان، فەرموودە، کەلام، فەلسەفا مەشائی، فەلسەفا گنۆستی یا مەسیحی، ڕەواقی، فەلسەفا یەهودی، ئیسماعیلی، قەرامیتە، ئیخوان ئەلسەفا، سۆفیێن پێشین) (کاکایی، ۱۳۹۳، ۱۸۵). گۆتنەکا وی هەیە دبێژت: ((مەزنیا و سۆپاسی بۆ خودێ کو تشت بۆ مە دیارکرین و ئەو ب خوە هەمان تشتە)) (محمد الدوسکی، ۲۰۱۱، ١٦٦). د قوتابخانا ئێکەتیا هەبوونێدا هزر ل سەر وێ

یەکێ دهێتە ئاڤاکرن: هەمی تشت ل گەل خودێ تێکەل دبت، یان ژی ئەو ب خوە ماهیەتا هەر تشتییە، لەورا ئەڤ یەک بوویە ئەگەر بەشەک ژ خەلکێ د ناڤ جیهانا ئیسلامیدا پەسەند نەکەن و ئەڤ جیدال هەتا نها ژی بەردەوامی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (بەراوردکردنی نیشانەی ڕێزمانی و ئامراز لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ باسکردنی بابەتێکی گرنگی زمان، کە لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی ورد و زانستی باس نەکراوە، هەندێ جار بە هەڵە بە نیشانەی ڕێزمانی وتراوە ئامراز و بەپێچەوانەوەش.

باسکردنەکەش زیاتر لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازی دەبێت، چونکە تێکەڵاوکردنی نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان هەڵەیەکی باوە و زیاتر هۆکارەکەی بۆ فۆرمەکەیان دەگەڕێتەوە.

ئەم توێژینەوەیەش لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: ناساندنی نیشانەیە کە چەمک و تایبەتمەندی و پێناسە و جۆرەکانی نیشانە دەگرێتە خۆ.

بەشی دووەم: ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: (چەمک و تایبەتمەندی و پێناسە و جۆرەکانی ئامرازەکانی: پەیوەندی و لێکدەر و گەیەنەر، هەروەها جیاکردنەوەی نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازە نووساوەکان بە وشەکانەوە).

بەشی سێیەم: خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان، کە لەنێوان نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان هەن، دەگرێتە خۆ.

وشە سەرەکییەکان: نیشانەی ڕێزمانی، ئامراز، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر، تایبەتمەندی.

پێشەکی:

١: ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی ((بەراوردکردنی نیشانەی ڕێزمانی و ئامراز لە زمانی کوردیدا))یە.

٢_ ڕێبازی توێژینەوەکە: وەسفیی شیکارییە.

٣_ ئامانجی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە ئامانجی دیارکردنی:

ا- جۆرەکانی ئامرازی بەیەکەوە بەستنی ڕستەکان.

ب- لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان.

٤- هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە: ڕێزماننووسانی دێرین باسی نیشانە و ئامرازیان کردووە، بەڵام هەندێ جار تێکەڵاویان کردووە. بەو واتایەی؛ بە نیشانەکانیان وتووە ئامراز و بەپێچەوانەوەش، جا لەبەر ئەم هۆکارە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە.

٥_ سنووری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زاری کوردی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە.

بەشی یەکەم: ناساندنی نیشانە

١-١: نیشانە: ڕێزمانناووسانی کۆن زۆر جار بەرانبەر پاشگرو پێشگرە ڕێزمانییەکان زاراوەی نیشانەیان بەکارهێناوە، کە بەشێوەیەکی زانستییانە بۆی چوون، بەڵام بەرانبەر ئەو پێشگرو پاشگرانەی وشەی نوێیان دروستکردووە، زاراوەی پێشگر یان پاشگریان بەکارهێناوە، دەبێ ئەوەش بووترێ کە زاراوەی نیشانە، تاکو ئێستاش لەلایەن هەندێک لە پسپۆڕانی زمانەوانی بەکاردێت.

لە زمانی کوردیدا چەندین نیشانەی ڕێزمانی هەن، کە ئەمانەن[1]:

(ی، یێ، ەک، یێک، ان، ات، ەها، نی، ئە، دە، ب، نە، نا، مە، را، ڕێ، تر، وە، ەوە، گەل، ەکە، ینە، ە، ۆ، یێ)

١-٢: تایبەتمەندییەکانی نیشانە:

١_ کۆمەڵەیەکی داخراو پێکدێنن و دەتوانرێت ئەندامەکانیان بژمێردرێن، وەکو: (ەکە، یێک، یێ، .... هتد).

٢_ بەسەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەوە دەلکێن و بەشێکن لە وشەکە، وەکو:

دووەم، دەکەم، ڕابکە.

٣_ ئەرکی ڕێزمانی جیاواز بە وشە دەبەخشن، وەکو:

سوێرتر ⟵ نیشانەی ئاوەڵناوی بەراوردە.

٤_ هەموویان لە ڕێزمانی نوێدا بە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دادەنرێن؛ واتە نیشانەی ڕێزمانی = مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی.

٥_ لە ڕووی فۆرمەوە لە پێشگر و پاشگرەکان دەچن، وەکو ئەوانیش بەتەنیا واتایان نییە، بەڵام لە ڕووی ژمارەوە لەوان کەمترن.

٦_ دەتوانن نیشانەی ڕێزمانی تر وەربگرن ، تەنانەت دەتوانن، نیشانەی هاوشێوەی خۆیانیش وەربگرن، وەکو: سەوزەوات + ەکە + ان = سەوزەواتەکان.

میوە + جات + ان = میوەجاتان ئەم میوەجاتانە بفرۆشن.

۷_ شێوەیان دەناسرێتەوە، چونکە بە وشەکان دەلکێن، وەکو: پیاوەکە.

۸_ دەچنە سەر زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان.

۹_ لابردنی هەندێک لە نیشانە ڕێزمانییەکان لە ڕستەدا نابێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی، بەم شێوەیە دڵزاریشی وێنەگرە – دڵزار وێنەگرە.

۱-۳: جۆرەکانی نیشانە: دەتوانرێ دوو جۆرە پۆڵێنکردن بۆ نیشانەکان بکرێن، بەم شێوەیە:

۱_ بەپێی شوێنیان لە وشەدا، دەبنە سێ جۆر، کە ئەمانەن:

آ_ سەرەتای وشە: دەخۆم.

ب_ ناوەڕاستی وشە: هەڵپژێرە.

ج_ کۆتایی وشە: پیاوەکان.

۲_ بەپێی بەشە ئاخاوتنەکان: دەبنە شەش جۆر، کە ئەمانەن:

۱_ نیشانەکانی سەر ناو: ەکە، ێک، ان، ێ، ە، ی.

۲_ نیشانەکانی سەر ئاوەڵناو: تر، ترین.

۳_ نیشانەکانی سەر کار: دە، مە، نا، نی، را، اندن، وە، بوو.

٤_ نیشانەکانی سەر ژمارە: مم، ەمین.

٥ _ نیشانەکانی سەر چاوگ: ن.

٦_ نیشانەکانی سەر ئاوەڵکار: کە

۱-٤: پێناسەی نیشانە: ئەو مۆرفیمانەن کە دەچنە سەر وشەکان و دەبنە بەشێک لە وشەکە، بە تەنیا لەدەرەوەی وشە واتایان نییە، بەڵام کاتێک دەچنە سەر وشەکان واتایان دەگۆڕن و واتای وشە نوێیەکە جیاواز دەبێ لە واتای وشە ڕەسەنەکە، وەکو:

خوارد – دەخوارد.

١-٥: چەند سەرنجێک لەسەر نیشانە ڕێزمانییەکان لای زمانەوانە دێرینەکان [٢]

هەندێ جار لەجیاتی نیشانەی ڕێزمانی، پێشگر یان پاشگر بەکاردێن، کە ئێمە لەگەڵی نین، چونکە پێشگر یان پاشگر وشەی نوێی خاوەن واتای نوێ پێکدەهێنن، جا بۆیە دەتوانرێت بووترێت نیشانەی ڕێزمانی، یاخود پێشگری ڕێزمانی یان پاشگری ڕێزمانی، بۆ نموونە:

١_ نیشانەکانی (تر، ترین، یەک، ان، اندن، هوە، هک، کە، هکە، ە، هم، همین، ...) بە پاشگر داناوە، کە ئەمەش هەڵەیە، بەڵکو نیشانەی ڕێزمانین.

٢_ نیشانەکانی (ئە، دە، ب، مە، نە، نا،...) بە پێشگر داناوە، کە ئەمانە پێشگری ڕێزمانی، یاخود نیشانەی ڕێزمانین.

٣_ نیشانەکانی (تر، ترین، ی، ە، ان، ئە، یێ، ب، دە، را، ڕێ، ۆ، ینە، هک، یەک، هکە، کە، هات، جات، وات، گەل، بایە، نە، نا، مە،...) بە ئامراز داناوە، کەچی ئامراز نین، بەڵکو نیشانەی ڕێزمانین.

بەشی دووەم: ئامراز

٢-١: چەمکی ئامراز: ئامراز بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە بەهۆیەوە کردەی تێگەیشتن لە نێوان کەسەکاندا ئاسانتر دەبێت، هەروەها ئامراز زیاتر پەیوەندیی بە ڕستەوە هەیە، واتە؛ وشەکان لەڕووی مەبەست و واتاوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە (فەخری، ١٩٧٥، ٢٠٠)، چونکە ئامراز بە تەنیا واتای تەواو بەدەستەوە نادات، بەڵکو واتاکەی پەیوەستە بەو وشانەی کە لەگەڵیان دێت.

سەرەڕای ئەوەش ئامراز بەرانبەر بەشەکانی ئاخاوتن، وەکو(ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو، ئاوەڵکار، کار، ... هتد) دەوەستێت (سەعید، ٢٠١٣، ٦٥)، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئامراز هەروەکو بەشەکانی تری ئاخاوتن بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەنووسرێت، بەڵام وەکو بەشەکانی تری ئاخاوتن واتاداری سەربەخۆ نییە.

٢-٢: تایبەتمەندیی ئامراز: ئامراز وەکو بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن خاوەن چەندین تایبەتمەندیی خۆیەتی کە بەهۆیەوە لە بەشەکانی تری ئاخاوتن جیادەکرێتەوە، لەوانە:

١- لەڕووی شێوەوە لە وشە دەچن، بەڵام بەتەنیا واتای سەربەخۆیان نییە، لە ڕستەدا واتایان ڕوونەدەبێتەوە (شوانی، ٢٠١٤، ٤٤)، وەکو: بنار دەچێتە قوتابخانە، بەڵام ناخوێنێت.

ئامرازی (بەڵام) بەتەنیا واتای دەرناکەوێ، بەڵام لەم ڕستەیەی سەرەوەدا واتاکەی دیارە کە ئەویش واتای پێچەوانە دەگەیەنێت، کەچی عەبدوڵڵا حوسێن دەڵێت: هەندێک ئامرازمان هەیە، کە بەتەنیا بەکاردێن و دەبنە وەڵام و ڕستە (ڕەسوول، ٢٠١٤، ٦٣)، وەکو ئامرازی (بۆ):

_ زۆر ئیرەییت پێ دەبەم. _ بۆ؟

بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە (بۆ) ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئامرازی پرسە کە کورتکراوەی ئامرازی (بۆچی) یە.

٢_ پێشگر و پاشگرو ناوگر وەرناگرن، بۆ ئەوەی وشەی نوێی خاوەن واتای نوێی لێ پێکبێت: وەکو ئامرازەکانی: (چونکە، بەڵام، لە،....) (شوانی، ٢٠١٤، ٤٤).

٣_ شێوەیان دەناسرێتەوە، چونکە شێوەیەکی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام هەندێک ئامرازمان هەیە شێوەکەی دەگۆڕێت بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازی، وەکو ئامرازەکانی: (بە، لە، بۆ، ....) (امین، ٢٠١٦، ٤٨)، وەکو:

ئێوە پەڕەکانتان بە من بدەن. ←ئێوە پەڕەکانتانم بدەنێ.

لەم ڕستەیەدا ئامرازی (بە) گۆڕاوە بۆ (ێ)٠

٤_ ژمارەیان دیاریکراوە، بەو واتایەی؛ دەتوانرێت، ئەندامەکانیان دیاری بکەین و بیانژمێرین.

٥_ دەشێ ئامراز لە یەک فۆنیم یان زیاتر پێکهاتبێت، وەکو:

و: یەک فۆنیمە و ئامرازی لێکدەرە.

ئەوسا: پێنج فۆنیمە و ئامرازی لێکدەرە.

٦_ ئامراز لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕستە دێت، وەکو:

ئاشنا بە پێ هات.

ڕێقین زیرەکە، ئاوارەش. بۆم ببە.

٧_ ئامرازەکان جۆری ڕستەمان بۆ دیار دەکەن؛ بەو واتایەی؛ بەهۆی ئامرازەوە جۆرە جیاوازەکانی ڕستە دەستنیشان دەکرێ، وەکو:

_ نەمام بە یەکەم دەرچوو. (ڕستەی سادە)

_ قاڵا لە دایک نەبووبوو، کە من لە کۆلێژ وەرگیرام. (ڕستەی ئاڵۆز)

_ زانا دڵی باشە، بەڵام بەختی نییە. (ڕستەی لێکدراو)

٨_ ئامرازەکان پەیوەندیی نێوان وشەکانی ڕستە بەهێز دەکەن، هەروەها واتای ڕستەکە جوانتر ڕوونددەکەنەوە، جگە لەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانەوە قسەکەری زمانەکە دەناسرێتەوە، وەکو:

*کوڕەکە چوو قوتابخانە. (زمانی کەسێکی بێگانەیە)
_ کوڕەکە چووە قوتابخانە. (کەسی خاوەن زمان)

٢-٣: پێناسەی ئامراز: ئامراز کۆمەڵێك پێناسەی بۆ کراوە لەوانە: ((ئامراز بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کەواتە ئامراز وشەیە)) (فەخری، موکریانی،١٩٨٢، ١٩٣)، بەو واتایەی وشەن، وەکو ئامرازی: (ش ،و) کە ئامرازن لە ئاستی وشەسازی، هەروەها ئامراز ((مۆرفیمێکی سەربەخۆی بێ واتایە، دەورێکی بزێوی سینتاکسی دەبینێ و هەمیشە دروستکەری گرێی ناوییە)) (لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ٣١)، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێک فۆرمێکی سەربەخۆی هەبێت، وەکو ئامرازی (پێ) لە ڕستەی (پێت دەڵێم). کەواتە ئامراز: بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، لە فۆنیمێک یاخود زیاتر لە فۆنیمێک پێکدێت، کە فۆرمێکی سەربەخۆ یان لکاوی واتا بەندی هەیە، بەڵام پەیوەندیی نێوان وشەکانی ڕستە بەهێز دەکات و ڕۆڵی هەیە لە پێکهێنانی چەندین جۆری گرێ.

٢-٤: جۆرەکانی ئامراز: لە زمانی کوردیدا سێ جۆرە ئامراز هەیە، کە ئەمانەن:

١_ ئامرازی پەیوەندی: لە ڕستەی سادە و ناسادە بەکاردێت؛ واتە ئەو ڕستانەی یەک کار، یان زیاتریان تێدایە.

٢_ ئامرازی لێکدەر و گەیەنەر: ئەو ئامرازانەن، کە دوو ڕستە، یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستن.

٣_ ئامرازی نیشانە: ئەمانەش ئەرکیان دەستنیشانکردنی وشەکانە، یاخود گرێکانە، وەکو ئامرازە نیشانەکانی (ئەم....ە، ئەو ....ە).

٢-٤-١: ئامرازی پەیوەندی [٣]: ئەو ئامرازەیە لە ڕستەدا لەپێش ناوێک یان ڕاناوێک دێت بۆ پیشاندانی پەیوەندیی نێوان ئەو ناوە یان ئەو ڕاناوە لەگەڵ

ناوێکی تری هەمان ڕستە (لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٧، ٩٥)، بەڵام مەرج نییە ئامراز تەنیا لە پێش ناو یان ڕاناو بێت هەندێ جار لە پێش هاوەڵناو یاخود هاوەڵکاریش دێت، وەکو: (لە دووەمین، لە دوێنێوە)، یاخود بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە بە تەنیا بەکار نایەت، بەڵکو پێویستی بە کەرەسەی تر هەیە، بۆ ئەوەی واتاکەی دەرکەوێ (خۆشناو، ٢٠١٥، ١٢٣)، کەواتە ئامرازی پەیوەندی: ئەو ئامرازانەن کە بە تەنیا واتای سەربەخۆیان دەرناکەوێ، بەڵکو لەناو ڕستەدا واتاکەیان دەردەکەوێ، چونکە دەبنە هۆی گۆڕینی واتای ڕستە. واتە؛ بێ واتا نین، بەڵکو واتایەکی بەندیان هەیە و بە هۆی واتای وشەکانی پێش و پاشیان واتایان ڕووندەبێتەوە. پ. د. عەبدوللا حوسێن ڕەسوول بۆ سەلماندنی بوونی واتای ئەم ئامرازانە، بەراوردی ئەم سێ ڕستەیە دەهێنێتەوە لە ڕووی واتاوە:

- من داریێکم وە تۆ دا. (وێتمدا) (واتە؛ دارەکە بە شێوەیەکی کاتی وە تۆ دراوە).

- من داریێکم بە تۆ دا. (پێتمدا) (واتە؛ دارەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە تۆ دراوە).

- من داریێکم لە تۆ دا. (لێتمدا) (واتە؛ دارەکە لە تۆ دراوە).

لەم سێ نموونەیەدا دەردەکەوێ، هەریەکە لە ئامرازەکانی (وە، بە و لە) واتای جیاوازیان هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی هەرسێ ڕستەکە وەکو یەکن، تەنیا ئامرازەکانیان جیاوازە و دەرەنجام واتای کۆتایی هەر ڕستەیەک جیاوازە لە هەردوو ڕستەکەی تر. کەواتە؛ ئەگەر ئەو سێ ئامرازە تەنیا ئەرکیان هەبووایە و واتایان نەبووایە، ئەوا واتاکان نەدەگۆڕا و ئەوسا تەنیا یەک ئامرازمان پێویست دەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەرکی پەیوەندی و پێویستیمان بەم هەموو ئامرازە نەدەبوو.

٢-٤-١-١: تایبەتمەندییەکانی ئامرازی پەیوەندی:

١_ئامرازە پەیوەندییەکان ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی ئەم پێکهاتانەی خوارەوە :

ا- گرێی ئاوەڵکاری، وەکو: لەژێر، لەکاتێکدا، بەپەلە،....

ب- گرێی پرس، وەکو: لە کوێ، لەبەرچی،...

ج- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، وەکو: سەردار لە کۆچەر زیرەکترە. (وەیس، ١٩٨٥، ٣٢-٣٣).

د- گرێی بەند، وەکو: بۆ تۆ، بۆ ئازاد، لە قوتابخانە. (فەرهادی، ٢٠١٣، ٢٠)

هـ- وشەی نوێی خاوەن واتای نوێ، وەکو ئامرازەکانی (بە، بۆ، لە،....) بەم شێوەیە:

بەهێز = بە + هێز بۆچوون= بۆ + چوون لەبار = لە + بار

کە بەهۆیەوە وشەی نوێی لێ دروست بووە (شوانی، ٢٠١٤، ٨٤) (امین، ٢٠١٦، ٤٨-٤٩)، بەڵام دەبێ ئەوە بووترێت، کە ئەو وشانە بەهۆی ئامرازەوە دروست نەبوونە، بەڵکو بەهۆی پێشگر و پاشگرەوەیە، بەم شێوەیە:

بەهێز هات. (ناوە) لێرەدا (بە) پێشگرە، نەک ئامراز،

کوڕێکی بەهێز مرد. (ئاوەڵناوە) واتە؛ کۆی وشەکە ناوە، یان ئاوەڵناوە.

یاخود ئەگەر وشەی (بەهێز) بگۆڕین بۆ وشەی پرس، دەبینین جارێک دەبێتە (کێ) و جارێکی تر دەبێتە (چۆن)، بەم شێوەیە:

بەهێز هات - کێ هات؟

کوڕێکی بەهێز ڕۆیشت – کوڕێکی چۆن ڕۆیشت؟

٢_ تایبەتمەندیی ئامرازی پەیوەندی لە ڕستەدا:

ا_ هەندێ جار لە کۆتایی ڕستەدا دێت، وەکو ئامرازی (ێ) کە شێوەی گۆڕاوی ئامرازی (بە) یە (امین، ٢٠١٦، ٤٩)، وەکو: کتێبەکانم بە ئەوان دا.

کتێبەکانم دانێ. ⟵

ب_ هەندێ جار دەتوانرێت، لە ڕستەدا لابببرێت بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات، یاخود هەندێ جار لە شوێنی ئامرازی لێکدەر بەکاردێت (وەیس، ۱۹۸۵، ۳۲)، هەروەها دەتوانن هەندێ جار شوێنی یەکتر بگرنەوە و هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە، بەم شێوەیە:

_ دڵم لە لای باوکمە – دڵم ø لای باوکمە. (لابردن)

_ (((لدوس) ی ناوە، لای تورک ڕەشەبا

لەگەڵ پەیدابوو نەشئەی خەڵک ئەبا)) (گۆڕین)

لەم نموونەی سەرەوەدا ئامرازی پەیوەندی (لەگەڵ) لە شوێنی ئامرازی لێکدەری (کە) بەکارهاتووە.

_ خانوویێکم بۆ ڕێدار فرۆشت. (بۆ فرۆشتن)

_ خانوویێکم بە ڕێدار فرۆشت. (پێفرۆشتن) (شوێن نەگرتنەوە)

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا، ئامرازەکان جیاوازن، بۆیە واتای ڕستەکانیش جیاواز دەبێت.

_ چیمەن بۆ بازاڕ چوو.

_ چیمەن چووە بازاڕ. (شوێنگرتنەوە)

لەم نموونەیەدا ئامرازەکان گۆڕاون، بەڵام واتای ڕستەکان نەگۆڕاون.

ج_ دەشێ بەهۆی یەک ئامرازی پەیوەندییەوە چەند ڕستەیەک کە بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە لێکدراون، ببەسترێنەوە (خەسرەو، ۱۹۵۷، ۳)، وەکو:

_ لە جەژن و خۆشی و تاڵی و شاییدا بەشدارن.

ئامرازی لێکدەر

ئامرازی پەیوەندی

د_ دەشێت لە ڕستەدا هەندێک لە ئامرازەکانی (بۆ، ە –بە، پێ، ە-لە، لێ، ە) شوێنی یەکتر بگرنەوە؛ بەو واتایەی دەبنە ئەلۆمۆڕفی یەکتر (قادر، ٢٠١٦، ٥٧؛ بابان، ٢٠٠٨، ٤٠)، هەروەها دەشێ دوو ئامرازی پەیوەندیی جیاواز، یان زیاتر لە ڕستەدا لە دوای یەک بێن، بەم شێوەیە:

_ بە کاتژمێرێک لە زانکۆوە دەگەمە بازاڕ. (سێ ئامرازن)

_ لە ئەو تووڕەم –لێی تووڕەم. (لە، لێ) ئەلۆمۆڕفی یەکترن.

هـ- دەشێ ئامرازی پەیوەندی لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزیش بەکاربێت، هەر بۆیە ئامرازی پەیوەندی لە ئامرازی لێکدەر و گەیەنەر چالاکترە و بەکارهێنانی زیاترە، وەکو:

دڵزار بە کامێرا وێنە دەگرێت و بەهزاد بە مۆبایل.

کە بە پێ دەچم بۆ قوتابخانە هەست بە ئاسوودەیی دەکەم.

٣_ هەندێ تایبەتمەندیی تری ئامرازی پەیوەندی وەکو دانەیەکی وشەسازی:

ا_ هەندێ لە ئامرازە پەیوەندییەکان پاشکۆیان هەیە، وەکو: (لە....ەوە، بۆ....ەوە، لە.....دا،.....)

ب_ لە ئاستی وشەسازی بەکارنایەت، چونکە ڕاستە هەمان شێوەی ئامرازیان هەیە، بەڵام ئەرکیان جیاوازە لە ئامراز، بەڵکو پێشگر و پاشگرن.

ج_ لەڕووی واتاوە بەندن بە شێوەی سەربەخۆ لە قسەکردن و نووسین بەکارنایەن.

د_ بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنن و ئەرکیان بەیەکەوەبەستنی بەشەکانی ڕستەیە؛ واتە دەچنە خانەی مۆرفیمی ئەرکی.

ە- واتایەکی گشتی هەیە، کە زیاتر لە ڕستەدا ڕوون دەبێتەوە (شوانی، ٢٠١٤، ٨٥-٨٦).

و_ هەندێک لە ئامرازەکان دەتوانن لەهەمان شوێنی یەکتر بەکاربێن، وەکو: (بە،وە – بە، پێ – لە، لێ -لە، تێ) (امین، ١٩٥٨، ١٤٦)، وەکو: لە ئەوم خوڕی – تێم خوڕی.

٢-٤-١-٢: جۆرەکانی ئامرازی پەیوەندی:

١_ ئامرازی پەیوەندیی سادە: ئەو ئامرازانەن، کە ڕیشەیەکیان هەیە، وەکو ئامرازەکانی (بە، لە، بۆ، تا، بێ، وەک، وەکو، لای، بەر، نزیکی،...هتد).

٢_ ئامرازی پەیوەندیی ناسادە: ئەو ئامرازانەن، کە دوو ڕیشە، یان زیاتریان هەیە، وەکو: (هەتا، لەسەر، بەبێ، هەتاکو، بەرەوڕووی، دەربارەی، لە جێی، بەجێگەی، بەرانبەری، بۆلای، بۆ تەنیشت، لەبۆ، لەتەک، لەگەڵ،...هتد).

٢-٤-١-٣: ئامرازە پەیوەندییە گۆڕاوەکان: ئەو ئامرازانەن، کە شێوەیان دەگۆڕێت، واتە شێوەی سەربەخۆی خۆیان لە ڕستەدا نامێنێت، بەڵکو وەکو نیشانە ڕێزمانییەکان دەلکێن بە وشەکانەوە، بەڵام واتا و ئەرکی خۆیان دەپارێزن، وەکو ئامرازەکانی (ە، ێ، لێ، پێ، تێ ،وە)، بەم شێوەیە:

ئامرازی پەیوەندی	ئامرازی پەیوەندی گۆڕاو
بە	وە، ە، ێ، پێ
لە	ە، لێ، تێ
بۆ	ە

٢-٤-١-٣-١: ئامرازەکانی پەیوەندیی گۆڕاو:

١_ ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاو (ە): کاتێک (ە) دەبێتە ئامرازی پەیوەندی، ئەگەر بلکێ بە:

ا_ ڕاناوی لکاو، وەکو: من چوومە بەغدا.

ب_ مۆرفیمی کات، وەکو: ڕێبوار چووە گەزوەشان.

ج_ پیتی ناوبڕ، وەکو: ڕزگار دەچێتە سلێمانی. (ڕەسوول، ٢٠١٤، ١٤١-١٤٢).

٢_ ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاوی (ێ): کاتێک (ێ) دەبێتە ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاو، ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی بێ، هەروەها لە دوای ئامرازی پەیوەندیی (بە)، ناو، یان ڕاناو بێت (امین، ٢٠١٦، ٤٩)، وەکو:

خانووەکە بە ئەوان بدە. - خانووەکەیان بدەرێ.

٣_ ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاوی (پێ، لێ، تێ، وە): ئەو ئامرازانەن، کە شێوەیەکی تری ئامرازە پەیوەندییەکانی (بە، لە)ن، بەم شێوەیە:

لە(دە) کوڕەکەم خوڕی. - تێم خوڕی. (لە، تێ)

ئەو لە منی دا. - لێمی دا. (لە –لێ)

فەرەیدوون بە من دەڵێت – فەرەیدوون پێم دەڵێت. (بە – پێ)

شەوگارم شەق کرد نەگەییم بە دڵ – شەوگارم شەق کرد نەگەییم وەدڵ (بە – وە). (امین، ١٩٥٨، ١٤٦).

ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت، ئەوا ئامرازەکانی (بە، لە) دەگۆڕێن بۆ (لێ، پێ)، وەکو:

بەشدار پارەی لە من وەرگرت – بەشدار پارەی لێم وەرگرت. (کاری تێپەڕ)

منداڵەکە لە من ترسا – منداڵەکە لێم ترسا. (کاری تێنەپەڕ)

٢-٤-٢: ئامرازی گەیەنەر و لێکدەر:

لە زمانی کوردیدا دوو ڕستەی سادە یان زیاتر بەهۆی دوو جۆرە ئامرازەوە بەیەکتر دەبەسترێن، کە ئەوانیش:

٢-٤-٢-١: ئامرازی گەیەنەر: ئەو ئامرازانەن، کە ڕستەی شوێنکەوتوو بە ڕستەی سەرەکی دەگەیەنن، وەکو ئامرازەکانی (کە، بۆیە، چونکە، ئەگەر،

لەبەرئەوە،...) (امین، ۲۰۱۵، ۷۱)، واتە هەردوو ڕستەکە تەواو واتاکانیان پەیوەستە بە یەکترییەوە، بەم شێوەیە:

تا نەخوێنیت، دەرناچیت.

۲-٤-۲-۱-۱: تایبەتمەندییەکانی ئامرازی گەیەنەر:

۱_ ئامرازی گەیەنەر دەچێتە سەر یەکێک لە ڕستەکان، کە پێی دەوترێت پاڕستە و بەشێکە لێی، واتای پاڕستەکە لەنگ دەکات؛ واتە واتاکەی بە تەنیا ڕوون نییە و پەیوەست بە شاڕستەکە دەبێت، بەڵام بە لابردنی ئامرازەکە لە ڕستەی پاڕستە، ڕستەکە واتاکەی تەواو ڕوون دەبێت، هەروەها بە هەردوو ڕستەی شاڕستە و پاڕستە، ڕستەی ئاڵۆز (تێکەڵ) دروست دەکەن [٤] ، بەم شێوەیە:

کە کۆچەر هات من چووبووم بۆ هەولێر.

ئامرازی گەیەنەر پاڕستەیە شاڕستەیە

۲_ ئامرازی گەیەنەر واتای هەردوو ڕستەکە تێکەڵ بەیەکتری دەکات و باسی یەک شت (کەس) دەکەن، بەم شێوەیە:

_ دەست و دەم و چاوت بشۆ ئینجا نان بخۆ.

۳_ هەندێ جار ئامرازی گەیەنەر و لێکدەر بەیەکەوە لە ڕستەدا دەردەکەون و ڕستەی لێکدراوی تێکەڵ دروست دەکەن (حمەامین، ۲۰۱۷، ۵۹)، وەکو:

_ کە موچەکەم وەرگرت، کرێی خانووم دا و قەرزەکانیشم دایەوە.

پاڕستە شاڕستە شاڕستە

۲-٤-۲-۲: ئامرازی لێکدەر: جۆرێکە لە جۆرەکانی ئامراز، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەیەکەوە بەستنی ڕستەکان هەیە (واژەیەکە بۆ گرێدان و بەستنەوە و

یەکخستن بەکاردەهێنرێ) (امین، ٢٠١٤، ٢٠٨)؛ واتە ئامرازی لێکدەر گرێ و ڕستەکان لێک دەدات و واتایان ڕوونتر دەکاتەوە، وەکو:

مەهران و حوسێن دەچن بۆ گوندی دۆڵەدزە. (دووگرێ)

بێجان وتی: کە من نایەم بۆ سەیران. (دوو ڕستە)

٢-٤-٢-٢-١: تایبەمەندییەکانی ئامرازی لێکدەر:

١_ تایبەتمەندییەکانی ئامرازی لێکدەر لە ڕستەدا:

ا_ جۆری جیاوازی ڕستەی لێکدراو دیاردەکات [٥]، وەکو:

یان بخوێنە یان کاربکە. (ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیە)

ب_ پەیوەندیی بە هیچ کام لە ڕستەکانەوە نییە، بەڵکو ئەرکی تەنیا گرێدانی ڕستەکانە و هەندێ جار ڕستەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و هەندێ جاری تریش پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، وەکو:

_ دەهام هات، بەڵام دانەنیشت. (باسی یەک کەس دەکات و ڕستەکان پەیوەندییان بە یەکتر هەیە).

_ سەردار نووست و حەسەن ڕۆیشت. (باسی دوو کەس دەکات و ڕستەکان پەیوەندییان بە یەکتر نییە).

ج_ دەتوانرێت بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە خۆمان بپارێزین لە وشەی دووبارە و درێژدادڕی و ڕستەکان کورتبکەینەوە (دزەیی، ٢٠١٥، ١٥٥)، وەکو:

_ ڕۆژگار دەرچوو.

_ کاروان دەرچوو.

_ هەرێم دەرچوو.

_ ڕۆژگار و کاروان و هەرێم دەرچوون.

د_ لەهەموو ئەو ڕستانەی کە بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە دەبەسترێن کە ڕستەی هاوبەشی، وەکو (ناو، ڕاناو، چاوگ، ئامرازی پەیوەندی، کار، .....)هەیە (امین، ٢٠١٤، ٢٠٩)، وەکو:

لە گوند و لە شار باران باریوە. (ئامراز) مِن و تۆ نان دەخۆین. (ڕاناو)

هـ_هەندێ جار ڕستەی لێکدراو بەبێ ئامراز لێکدەدرێن، جگە لەمەش هەندێکیان دەتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن، بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکەن، بەپێچەوانەوەش ڕاستە، وەکو:

_ دەستت بشۆ، نانت بخۆ، بڕۆ بۆ قوتابخانە. (ئامراز نییە)

_ ویستم بچم بۆ زانکۆ، بەڵام پەشیمانبوومەوە. (ئامرازی کەچی = بەڵام)

_ یاسین خوێندی کەچی دەرنەچوو. (ئامرازی کەچی = بەشکو)

٢_ تایبەتمەندییەکانی ئامرازی لێکدەر لە ڕووی وشەسازییەوە:

ا_ هەندێکیان سەربەخۆن، وەکو: (ئینجا، بەڵام، بەشکو،....)، بەڵام هەندێکی تریان دەلکێن بە وشەکانەوە، وەکو: ئامرازەکانی (ش، و).

ب_ واتایەکی ڕێزمانییان هەیە.

ج_ دوو وشە یان دوو ڕستە بەیەکتر دەگەیەنن (لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ٣٢).

بەڵام ئامرازی لێکدەر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت دوو وشە لێکبدات، ئەگەر دوو وشەی لێکدا ئەوا دەبنە (پاشگر، پێشگر، ناوبەند)، نەک ئامرازی لێکدەر، وەکو:

لە + کە = لەکە (پاشگر) هات + وِ + چۆ = هاتوِچۆ (ناوبەند)

کە + پر = کەپر (پێشگر)

لەم نموونانەی سەرەوەدا (کە، و) ئامراز نین، چونکە بوونەتە بەشێک لە دروستکردنی واتای وشە، بەم شێوەیە:

شوانە هات وِ چوو. (ئامرازە و بە تەنیا واتای نییە).

یاسای هاتوچۆ جێبەجێ بکە. (ناوبەندە و بەشێکە لە دروستکردنی وشەی لێکدراو).

٢-٤-٢-٢-٢: جۆرەکانی ئامرازی لێکدەر: لەڕووی واتاوە، دەبنە چوار جۆر:

ا_ ئامرازی لێکدەری پێچەوانە، وەکو: (بەڵام، کەچی،....)، وەکو: ناسکە زیرەکە بەڵام ناخوێنێ.

ب_ ئامرازی لێکدەری هاوڕێک، وەکو: (هەروەها، ئینجا، ش، ....)، وەکو: نازەنین و نەمامیش ڕۆیشتن.

ج_ ئامرازی لێکدەری نەرێ (نەفی)، وەکو: (نە.....نە)، وەکو: کچەکە نە دەخوێنێت نە شوو دەکات.

د_ ئامرازی لێکدەری هەڵبژاردە، وەکو ئامرازەکانی: (یان.... یان، یا، یان، ...)، وەکو:

_ یان قسەی خێر بکە یان بێدەنگ بە. (ڕەسوول، ٢٠١٤، ٣٣-٣٥)

٢-٤-٣: ئامرازی نیشانە[٦] : جۆرێکی تر لە ئامراز، کە تەنیا ئەو وشانەی سەر بە گرووپی ناوین دەستنیشان دەکات، وەکو: (ناو، ئاوەڵناو، چاوگ، ژمارە)، بەم شێوەیە:

_ ئەم پیاوە هات. (ناو) _ ئەو دووە ببە. (ژمارە)

_ ئەم کۆبوونەوانە قەت قەت تەواو نابن. (چاوگ) _ ئەم زەردە بینە. (ئاوەڵناو)

٢-٤-٣-١: جۆرەکانی ئامرازی نیشانە:

١_ ئامرازی نیشانەی نزیک، وەک: (ئەم.....ە). ٢_ ئامرازی نیشانەی دوور، وەک: (ئەو....ە).

٢-٤-٣-٢: تایبەتمەندییەکانی ئامرازی نیشانە:

١_ کۆمەڵەیەکی داخراون و ژمارەیان دووانە.

٢_ دەچێتە سەر ئاوەڵناو و چاوگ و ژمارە و ناوی گشتی و تایبەتی، وەکو:

_ ئەم ڕێبازە لە ئەو کچە زیرەکترە. (ناوی تایبەتی، ناوی گشتی)

٣_ وشە دەکاتە ناسراو، لەبەرئەوە نیشانەی ناسراوی وەرناگرێت، وەکو: ئەو ژنەکە مرد.

٤_ دوو پارچەن یەکیان لە سەرەتای ئەو وشەیەی دەچێتە سەری دێت، ئەوەیتریان لە دواوەی هەمان وشەوە دێت.

٥_ ئەو وشانەی بەهۆی ئامرازی نیشانەوە دەستنیشان دەکرێن، دەتوانن بەشێک لە نیشانە ڕێزمانییەکان وەربگرن، بەم شێوەیە:

ئەو کچانە هاتن. (ان) ئەو دووەمانە خەڵات بکەن. (ەم ، ان)

٦_ بەهیچ شێوەیەک ناچێتە سەر ڕاناو بەهەموو جۆرەکانییەوە، دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک هەردوو پارچەی ئامرازەکە لێک دەدرێن، ئەوا دەبێتە ڕاناوی نیشانە، بەم شێوەیە:

ئەم.....ە ← ئەمە ئەو.....ە ← ئەوە

٧_ کاتێک ئامرازی نیشانە بۆ وشەی پرس دەگۆڕدرێ، ئەوا ئامرازەکە بۆ وشەی پرسی (کام) دەگۆڕێ، بەم شێوەیە: ئەو بەڕێوەبەرە دزە – کام بەڕێوەبەر دزە.

٨_ بەشداری لە دابڕشتنی ڕستەی سادە و ناسادە دەکات، بەم شێوەیە:

ئەم بەڕووە تالّە. (ڕستەی سادە)

ئەم بووکە و ئەو زاوایە یەکتریان زۆر خۆشدەوێ. (ڕستەی ناسادە)

٢-٥: چۆنیەتی جیاکردنەوەی نیشانە و ئامرازە نووساوەکان بە وشەکانەوە:

هەموو نیشانە ڕێزمانییەکان بە وشەکانەوە دەلکێن، بەڵام ئامرازەکان بەزۆری بەشێوەی سەربەخۆ دێن، کەچی هەندێکیان شێوەی خۆیان دەگۆڕن و بە وشەکانەوە دەلکێن، بەم شێوەیە:

نیشانەکان، وەکو: (ەکە، یەک، ەم، تر، ترین، مە، نا، نی، وە، بوو، دە، ێ، ە.....)

ئامرازە لکاوەکان: (ێ، ە، ش، و، یش، لێ، پێ، تێ، وە).

جا بۆ ناسینەوەی ئامرازە لکاوەکان ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

١_ هەر یەکە لە ئامرازەکانی (ێ، ە) کاتێک دەچنە سەر کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی، ڕۆڵی ئامراز دەبینن، وەکو:

ئامانج دەچێت بۆ کۆلێژ – ئامانج دەچێتە کۆلێژ. بۆ – ە

هۆشەنگ چوو بۆ بازاڕ. - هۆشەنگ چووە بازاڕ. بۆ-ە

کتێبەکە بە ئەوان بدە.– کتێبەکەیان بدەرێ. بە -ێ

٢_ هەریەک لە ئامرازەکانی (لێ، پێ، تێ) بەوە دەناسرێنەوە، ئەگەر:

ا_ بتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ ئامرازە ڕەسەنە سەربەخۆکانی پێشتریان، وەکو:

لێت دەدەم –لە تۆ دەدەم. لێ –لە

پێی بڵێ –بە ئەو بڵێ. پێ –بە

تێمان کرد –لە ئەومان کرد. تێ –لە

ب_ بەردەوام ڕاناوی لکاوی بەدوادا دێت، وەکو ڕاناوەکانی (م، ت، ی،...)، وەکو:

زەندی خانووەکەی بە مەجید فرۆشت – پێی فرۆشت. بە –پێ

ج_ تەنیا لە ئاستی ڕستە بەکاردێن؛ واتە دەبێ هەموو کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەی تێدا بێت، وەکو:

ئامانج کارەکە بە ئاهەنگ دەکات –ئامانج کارەکە بە ئەو دەکات –

ئامانج کارەکەی پێ دەکات –کارەکەی پێ دەکات –پێی دەکات.

هەرچەند توانیمان تا ڕادەیەک ڕستەکە کورت بکەینەوە، بەڵام زیاتر ناتوانین کورتی بکەینەوە.

٣_(و) دەبێتە ئامرازی لێکدەر، ئەگەر دوو ڕستەی بەیەکەوە بەستەوە، وەکو:

_ سەمیرە و بەدری کابانن. (دوو گرێن)

- هاتم و دانیشتم. (دوو ڕستەن)

٤_ ئەگەر تەنیا ئامرازی لێکدەری (ش، یش) لە ڕستەدا هەبێت و دوو ڕستەی سادەی لێکدابێت، یاخود ئەگەر (و) لەگەڵ (ش، یش) لە ڕستەدا هەبێت، ئەوا هەردووکیان دەبنە ئامرازی لێکدەر.

_ ئەمە سەگێکی ڕەسەنە بشمرین بەجێمان ناهێڵێت. (ئامرازی لێکدەرە).

_ فوئاد چووە هاندەران و خەرمانیش. (ئامرازی لێکدەرن).

٥_ ئامرازی (وە) دەبێتە ئامرازی پەیوەندی کە ئەڵۆمۆڕفی ئامرازی پەیوەندی (بە) یە، ئەویش کاتێک لە پێش ناوێک بێت [٧]. بە دڵ ـــــ وە دڵ (بڕوانە لاپەڕە ١٠)

٢-٥-١: جیاکردنەوەی نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازە لکاوەکان: مەبەستمان ئەو فۆرمانەیە کە هاوبەشن، واتە هەم نیشانەی ڕێزمانین، هەمیش ئامرازن لە شێوەی نیشانەی ڕێزمانی بە وشەکانەوە دەلکێن، جا بۆ جیاکردنەوەیان ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

نیشانەی ڕێزمانی	ئامرازە لکاوەکان
١- بە هیچ شێوەیەک (لێ، پێ، تێ، وە) نابنە نیشانەی ڕێزمانی.	١- بەردەوام (لێ، پێ ، تێ، وە) دەبنە ئامرازی پەیوەندیی لکاو، چونکە نیشانەمان لەو فۆرمانە نییە.
٢- (یێ، ە) دەبنە نیشانەی بانگکردن ئەگەر لەدوای ناوێکی گشتی هات، وەکو:	٢- (یێ، ە) ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاون، ئەگەر لەدوای کارێک بێت، وەکو: منداڵەکەم بدەرێ.

کچێ پەرداخێک ئاوم بدێ. ژنە وەرە.	دیدار دەچووە نەخۆشخانە.
٣- هەر یەکە لە (ش، یش) دەبنە نیشانە ئەگەر لە ڕستە بێن، پاشان بتواندرێت لابدرێن بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبچێت، وەکو: کاوەش چوو – کاوە چوو. ئامانج و ئاهەنگیش بوونە پزیشک. ئامانج و ئاهەنگ بوونە پزیشک.	٣- هەر یەکە لە (ش، یش) دەبنە ئامرازی لێکدەری لکاو، ئەویش کاتێک لە ڕستەدا هیچ ئامرازی لێکدەری تر نەبێت، وەکو: خدر هات و نەوزادیش. لەم ڕستەیەدا هەردوو ئامرازی (و، یش) بوونەتە ئامرازی لێکدەر، چونکە بەشەکانی ڕستەیان بەیەکەوە بەستووە کامیان لابببەی واتاکەی نامێنێت. هەروەها کاتێک (ش، یش) دەبنە ئامرازی لێکدەر ئەگەر دوو ڕستەی سادەی لێکدابێت و هیچ ئامرازێکی تری لێکدەر لە ڕستەدا نەبێت، وەکو: خێزانەکەم بەوەفایە بشمرین بەجێمان ناهێڵێت.

بەشی سێیەم: بەراوردکردنی نیشانە و ئامراز

٣-١: خاڵی هاوبەشی نێوان نیشانە و ئامرازەکان:

١_ هەردووکیان؛ واتە نیشانە و ئامراز ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەکی پرس بگۆڕدرێن، جگە لە ئامرازی گەیەنەری (چونکە، لەبەرئەوە، لەبەرئەوەی، ...)، واتە ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی کە هۆی شتێک دەگەیەنن، دەتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ ئامرازی پرسی (بۆچی، بۆ، لۆ) بەم شێوەیە:

پیاوەکە هات.

ئاوات جوانە بەڵام بەختی نییە.

ڕێبین نەهات چونکە نەخۆش بوو.

لە ڕستەی یەکەم و دووەم وشە هێڵ بەژێرداهاتووەکان بۆ وشەی پرس ناگۆڕێن، بەڵام لە ڕستەی سێیەم بۆ وشەی پرسی (بۆچی) دەگۆڕێ.

٢_ ناتوانرێن، بەهیچ شێوەیەک نیشانە و ئامرازەکان بەتەنیا لە ئاخاوتن و نووسیندا بەکاربێن، چونکە واتای فەرهەنگی سەربەخۆیان دەرناکەوێ، جگە لە ئامرازەکانی(چونکە، لەبەرئەوەی، هەتاوەکو، بەڵام،....)، بەڵام هەردووکیان واتایان هەیە کاتێک دەچنە سەر وشەکان، یان ڕستەکان؛ ئەویش بەهۆی ئەوەی دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان، یاخود ڕستەکان، بەم شێوەیە:

پڵینگ +ان = پڵینگان (واتای گۆڕیوە و واتای کۆ دەدات)

بۆ پاسکیلەکە هاتم. (بەمانای بردن)

٣_ نیشانە و ئامرازەکان دەچنە سەر زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان، وەکو:

_ گوڵەکە (ناو) _ هاتنەوە (چاوگ) _ بردەوە (کار)

_ باشتر (ئاوەڵناو) _ دوێنێکە (ئاوەڵکار) _ منێک (ڕاناو)

بەهەمان شێوە ئامرازەکانیش، وەکو:

کە ئازاد هات من لەوێ بووم. (ناو) نامەکە بە ئێمە بنێرە. (ڕاناو)

لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ چاوەڕێت بووم. (ئاوەڵکار) ڕێبوار نانی خوارد ئینجا ڕۆیشت. (کار)

بە کۆبوونەوە کێشەکان چارەسەر دەکەین. (چاوگ) فوئاد لە جوانترین کچ دەگەڕێت. (ئاوەڵناو)

٤_ هەریەکە لە شێوەی نیشانە و ئامرازەکان کاتێك دەبنە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ و دەبنە پێشگر و پاشگر، بەم شێوەیە:

بە + ناز = بەناز (پێشگر + ناو) لە + کە = لەکە (پێشگر + پاشگر)

لەم نموونانەی سەرەوەدا (بە، لە، کە) بوونەتە پێشگر و پاشگر و بەهیچ شێوەیەک نابنە ئامراز :

کچێکی بەناز هات.

ئەگەر ئەم وشەی سەرەوە کە هێڵی بەژێردا هاتووە بگۆڕین بۆ وشەی پرس دەبینین، کە (بە) پێشگرە :

کچێکی چۆن هات.

چۆن = بەناز = بە + ناز = پێشگر + ناو = ئاوەڵناو

چۆن ≠ ناز (ناوە)

٥_ نیشانە و ئامرازەکان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەکان، یاخود ڕستەکانەوە دێن، وەکو:

	سەرەتا	ناوەڕاست	کۆتایی
نیشانە	مەخۆ	بزنەکان	مەڕەکان
ئامراز	پێتان دەڵێم	چووە بازاڕ	بمدەرێ

٦_ هەندێ جار نیشانە و ئامراز ڕاستەوخۆ لەدوای یەک دێن، هەندێ جاری تریش ناڕاستەوخۆ لەدوای یەک دێن و ڕاناوی لکاو لە نێوانیان دێت.

ئەم ژنانە جوانن. (نیشانە و ئامراز ڕاستەوخۆ لەدواوەی یەکن)

ئاوات بە پیاوەکانی تر بڵێ. (ئامراز + ناو + نیشانە)

٧_ هەندێ جار نیشانە و ئامرازەکان لە وشەکان دەبینین، بەشدارن لە دروستکردنی وشەکان و هیچ پەیوەندییەکیان بە نیشانە و ئامرازەکانەوە نییە، بەڵکو بەشێکن لە وشەکە:

لەرزۆک، کاکڵە، کەللە، بەفر، بۆکس، تاڵ.

٣-٢: جیاوازی نیشانە و ئامراز:

١_ نیشانەکان یەک شێوە دەرکەوتنیان هەیە، ئەویش تەنیا بە وشەکانەوە دەلکێن؛ واتە هەرگیز بەشێوەی سەربەخۆ دەرناکەون، وەکو:

پیاوەکە لە ژنەکە بە ئارامتر نییە. (نیشانە: ەکە، تر، نی)

بەڵام ئامرازەکان سێ شێوە دەرکەوتنیان هەیە:

ا_ بەزۆری بەشێوەی سەربەخۆ لە ڕستەدا دەردەکەون، وەکو: (ئامرازی گەیەنەر و بەشێک لە ئامرازە پەیوەندییەکان و زۆربەی ئامرازە لێکدەرەکان)، وەکو:

تا نەچیت بۆ بازاڕ، نهێنییەکەت پێ نالێم.

ب_ هەندێ جار بەشێوەی سەربەخۆ و لکاو بە وشەکانەوە دێن، وەکو: (ئامرازی نیشانە)، وەکو:

ئەم کۆترە بۆ فرۆشتن نییە.

ج_ زۆر کەم بە وشەکانەوە دەلکێن، وەکو: ئامرازە پەیوەندییە گۆڕاوەکان و ئامرازی لێکدەری (ش)، وەکو:

نەهرۆ چووە قوتابخانە. داناش چووە قوتابخانە

٢_ نیشانەکان کۆمەڵێیەکی داخراو پێکدێنن، بەو واتایەی دەتوانین دانەکانیان بژمێرین، کە ئەوانیش (ناسراوی و نەناسراوی و بانگکردن و دانەپاڵ

و کۆ و بەراورد و باڵا و نیشانە ڕێزمانییەکانی کار و تێپەڕاندن و دووبارەبوونەوەن)، بەڵام ئامرازەکان کۆمەڵەیەکی تەواو داخراو نین، بەڵکو تەنیا ئامرازەکانی پەیوەندی و ئامرازی نیشانە کۆمەڵەیەکی داخراون، بەڵام ئامرازەکانی لێکدەر و گەیەنەر بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی زمان و جیاوازی شێوەزارەکان بەردەوام دەکرێ ئەندامی نوێ وەربگرن.

٣_ هەر یەک لە نیشانەکان ئەڵۆمۆرفی تریان هەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی یەکتر بەکارنایەن، بەڵام هەندێ ئامرازی پەیوەندی ئەڵۆمۆڕفی تری هەیە و دەتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن و هەندێ گۆڕانکاری دروست دەکەن، وەکو:

سەوزە + وات = سەوزەوات.

* سەوزە + گەل = سەوزەگەل (وات) ئەلۆمۆڕفی (گەل)

پێت دەڵێم = بەتۆ دەڵێم (پێ) ئەڵۆمۆڕفی (بە)

٤_ نیشانەکان بەدوو شێوە دابەش دەکرێن، یان بەپێی بەشە ئاخاوتنەکانی دەچنە سەریان، یانیش بەپێی شوێنیان لە وشەدا، بەڵام ئامرازەکان دەبنە سێ جۆر: ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر و گەیەنەر، ئامرازی نیشانە.

٥_ نیشانەکان زیاتر لە چوارچێوەی وشە دەردەکەون؛ واتە بەشێکن لە وشە، بەڵام ئامرازەکان لە ڕستەدا دەردەکەون، وەکو:

باشتر، پیاوان، هاتەوە، پێڕێکە، نەهات. (نیشانە)

بە ڕزگارم وت: کە ئەو هات باوکم ڕۆیشتبوو. (ئامراز)

٦_ نیشانەکان بەپێی بیردۆزی مۆرفیم پێیاندەوترێت مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی، بەڵام ئامرازەکان پێیاندەوترێت مۆرفیمی ئەرکی.

٧_ دەکرێ چەندین نیشانەی ڕێزمانی ڕاستەوخۆ لەدوای یەکەوە بێن، بەڵام ئامرازەکان کەمتر بەدوای یەک دێن.

ئەگەر لە بۆ من دەخوێنی، واز بێنە. (سێ ئامرازن)

دووەمەکانی تر خەڵاتبکە. (چوار نیشانەن)

٨_ ئەگەر نیشانە لە ڕستە لابدرێت، ئەوا ڕستەکە واتاکەی تێکدەچێت، یان نامێنێت، بەڵام هەندێ لە ئامرازەکان دەتوانرێت لە ڕستە لابدرێن، یان بگۆڕدرێن بۆ نیشانەی خاڵبەندی بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبچێت، وەکو:

پیاوی باڵا بەرز هات – پیاو باڵابەرز هات. (واتاکەی تێکچوو)

تۆ لەلای من زۆر بەڕێزی – تۆ لای من زۆر بەڕێزی. (واتاکەی تێکنەچووە)

ئازاد و نەوزاد مردن – ئازاد، نەوزاد مردن. (واتاکەی تێکنەچووە)

٩ _ دەتوانرێت هەموو جۆرەکانی ئامراز لە یەک ڕستەی ناسادەدا بێن، بەڵام بەهیچ جۆرێک هەموو نیشانەکان لە یەک وشە، یاخود لە یەک ڕستەدا نایەن، وەکو:

ئەم سەگە بە چەقۆکوژراوە و ئەو گورگەش بە فیشەک.

ئەنجام

١_ نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان بەشێوەیەکی گشتی ناتواندرێن بۆ وشەی پرس بگۆڕدرێن.

٢_ نیشانە و ئامرازەکان دەچنە سەر هەموو بەشە ئاخاوتنەکان.

٣_ نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێن لە قسەکردن و نووسیندا بەتەنیا بەکاربێن.

٤_ هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی و ئامرازێک بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ ناکەن، بەڵکو تەنیا شێوەی نیشانە و ئامرازن، ئەگەرنا پێشگر و پاشگرن.

٥_ نیشانە ڕێزمانییەکان کۆمەڵەیەکی تەواو داخراون و ئەندامی نوێ وەرناگرن، بەڵام ئامرازەکان تەواو داخراو نین.

٦_ نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان لە ڕووی شوێنەوە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەکان یان ڕستەکان دێن.

٧_ هەندێ لە نیشانە ڕێزمانییەکان ئەڵۆمۆڕفی تریان هەیە و لە شوێنی یەکتر بەکارنایەن، بەڵام ئامرازەکان شێوەی تری هەمان واتایان هەیە و لەشوێنی یەکتر بەکاردێن.

٨_ نیشانەکان بەدوو جۆر پۆلێن دەکرێن، بەڵام ئامرازەکانی بەستنەوەی ڕستە بەیەک شێوە پۆلێن دەکرێن و دەبنە سێ جۆر.

٩_ هەر یەکە لە (ئەم....ە) و (ئەو.....ە) ئامرازی نیشانەن، نەک هاوەڵناوی نیشانە.

١٠_ نیشانە ڕێزمانییەکان یەک شێوە دەرکەوتنیان هەیە، کە پەیوەستن بە وشەوە و بەشێکن لێی، بەڵام ئامرازەکان سێ شێوە دەرکەوتنیان هەیە و لە ڕستەدا دەردەکەون.

پەراوێزەکان:

١ _ نیشانە ڕێزمانییەکان لەم سەرچاوانە وەرگیراون (حوسێن،١٩٨٥ ؛ پشدەری، ١٩٨٥، ٧؛ ئالانی، ١٠،١٩٨٠–١٥؛ بەرزنجی: ١٩٨٧، ٣٨-٤٣؛ روخزادی، ١٣٨٩، ١٠٩).

٢ _ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دانانی نیشانەی ڕێزمانی بە پێشگر، یان بە پاشگر، یان بە ئامراز بڕوانە: (ئالانی: ١٩٨١، ١٢٥؛ ١٩٨٢،٣٩؛ ١٣،١٩٨٠؛ امین: (١٩٦٦، ٤٨؛ ١٩٥٨، ٥-١٢؛ ئیبراهیم: (١٣٤٧، ١٨-٢٧؛ ١٩٨٤، ٧١-٧٢؛ لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٧، ٩٩؛ پەروەردە و زانست، ١٩٧١، ٧٧؛ موکریانی، ٢٠٠٤، ٦٩؛ محمد، ١٩٧٦، ١٧؛ ڕوخزادی، ١٣٨٩، ١١١؛ کریم، ١٩٨١، ٧٦؛ بەرزنجی، ١٩٨٧، ٤٥-٤٧).

٣ _ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئامرازە پەیوەندییەکان، بڕوانە: (پەروەردەو زانست، ١٩٧١، ٧٦؛ امین،٢٠١٤ ، ١٩٩ _ ٢٠٠؛ ١٩٥٨، ١٤٤ _ ١٤٦؛ محمد، قادر،٢٠١٠، ١٣٥؛ ئایوسوپۆڤا،١٩٨٤، ٤٥ _٥٠؛ امین و ئەوانی تر،١٩٦١، ٨٢؛ لێژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە،٢٠١٧، ٩٥).

٤_ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پاڕستە و شاڕستە و ڕستەی ئاڵۆز، بڕوانە: (ڕەسوول، ٢٠١٤، ٣٧-٤٤).

٥_ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، بڕوانە لاپەڕە (١٢)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

٦_ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دانانی ئامرازی نیشانە بە ئاوەڵناوی نیشانە بڕوانە: (ڕوخزادی، ١٣٨٩، ٥٨؛ خۆشناو،٢٠١٥، ٥٥).

٧_ بڕوانە لاپەڕە (٩)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

سەرچاوەکان

کتێبەکان:

- ئالانی، رؤوف احمد (١٩٨١)، کێشەیەک لە ڕێزمانی کوردیدا، بەغدا: چاپخانەی (دار الحرية).
- ئیبراهیم، ئیبراهیم عەزیز (١٣٦٧)، ئامراز لە زمانی کوردیدا، چ١: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.
- امین، نوری عەلی (١٩٥٨)، قەواعیدی زمانی کوردی لە ((صرف و نەحو))دا، ب٢، بەغدا: چاپخانەی مەعارف.
- امین، نوری عەلی (١٩٥٨)، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا: چاپخانەی مەعارف.
- امین، نوری عەلی (١٩٦٦)، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، بەغدا: چاپخانەی (سلمان الاعظمي).
- امین، نوری عەلی (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چ٤، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- امین، نوری عەلی و ئەوانی تر (١٩٦١)، ڕێزمانی کوردی، چ٢، چاپخانەی (التضامن).
- امین، وریا عمر (٢٠١٦)، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین.
- بابان، شێرکۆ (٢٠٠٨)، زمانی نووسینی ڕێزماندار، چ١، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.
- بەرزنجی، ئەحمەد قادر (١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی بۆ ئەوانەی کورد زمان نین، چ٢.
- پشدەری، صالح حسین (١٩٨٥)، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی کرد و لێکۆڵینەوەیەک، بەغدا: چاپخانەی بەغدا.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، چ٧، لە هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، ڕێزمان و واتا، چ٣، هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
- ڕوخزادی، عەلی (١٣٨٩)، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، چ١، سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

_ ڕەسوول، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چ٣، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
_ ڕەسوول، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
_ سعید، یوسف شریف (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
_ شوانی، ڕەفیق (٢٠١٤)، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، کەرکووک: چاپخانەی داودی.
_ فەخری، نەسرین (١٩٧٥)، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٣، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
_ فەخری، نەسرین و کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین.
_ فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
_ لیژنەی دەستووری زمانی کوردی (١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە زمانی کوردیدا، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد)).
_ لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٧)، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چ ١١.
_ محمد امین، امیر محمد (٢٠١٦)، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، چ١، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
_ محمد امین، یوسف نوری (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
_ محەمەد، مەسعود (١٩٧٦)، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا.
_ موکریانی، کوردستان (٢٠٠٤)، سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

نامەی ئەکادیمی:

_ حەمە ئەمین، بەختیار نوری (٢٠١٧)، کاریگەری ڕستەسازی کوردی لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

گۆڤارەکان:

_ ئالانی، رؤوف احمد (١٩٨٠)، ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژ (٨٢)، بەغدا.

_ ئالانی، رؤوف احمد (١٩٨٢)، دیاردەیەکی زمانەوانی، گۆڤاری ((نووسەری کورد))، ژ (٨)، خولی دووەم، بەغدا.

_ ئا. یوسوپۆڤا، زەری (١٩٨٤)، واتای ئامڕازی پەیوەندی ((لە)) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژ (١٠٣-١٠٤)، بەغدا.

_ ئیبراهیم، ئیبراهیم عەزیز (١٩٨٤)، وردبوونەوە لە چەند ئامرازێکی کوردی، گۆڤاری ((ئۆتۆنۆمی))، ژ(١)، سالّی (٨)، هەولێر.

_ پەروەردە و زانست (١٩٧١)، هەندێ تێبینی لەسەر ئیملای کوردی، گۆڤاری (پەروەردە و زانست)، ژ(٢)، بەغدا.

_ ج. خەسرەو (١٩٥٧)، گۆڕانێک بەسەر شێوەکەماندا، گۆڤاری ((هەتاو))، ژ(٩٩)، هەولێر.

_ حوسێن، هیمدادی (١٩٨٥)، نیشانەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژ (١٠٦)، بەغدا.

_ قادر، ابوبکر عمر (٢٠١٦)، ئەرکی سێگمێنتی (ێ) لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ(٥١).

_ کریم، فتح الله (١٩٨١)، دەوری پیتی بزوێنی ((ە)) لە ڕێزمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆژی کوردستان))، ژ(٦٣)، بەغدا.

_ محەمەد، فەرەیدوون عەبدول و ابوبکر عمر قادر (٢٠١٠)، کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژ (٢٧).

_ وەیس، غازی فاتح (١٩٨٥)، جیاوازی نێوان مۆرفیم و وشە، گۆڤاری ((کاروان))، ژ (٣٨)، هەولێر.

ملخص البحث

مقارنة العلامات النحوية والأداة في اللغة الكوردية:

اهتم البحث بالجوانب الصرفية والنحوية، لأن هناك خلط بين علامة القواعد والاداة وهذا الخلط من الأخطاء الشائعة ويعود إلى شكلها.

ويتكون البحث من المقدمة وثلاثة فصول والنتيجة وقائمة المصادر والمراجع.

الفصل الأول: تعريف العلامة وهو متكون من المفهوم والمميزات والتعريف وأسباب العلامة.

الفصل الثاني: وهو متكون من (المفهوم والمميزات والتعريف وانواع ادوات العطف والربط والتوصيل) و التعريف بين علامة القواعد والاداة ايضا.

الفصل الثالث: نقاط الموافقة والمخالفة، الموجودة بين علامة القواعد والأداة

الكلمات الدالة: العلامات النحوية ، الادوات ، ادوات الاتصال ، الادوات التفسيرية ، الخصائص ، الاختلافات.

Abstract

A Comparison of Grammatical signs and Articles in Kurdish Language

This research entitled (Comparison of Grammatical Signs and Articles in Kurdish Language) , is an attempt to discuss an important topic of language, which has not been tackled in detail and scientifically in Kurdish language ،besides some mistakenly called grammar signs articles and vice versa.

The discussion will be more in terms of Morphology and syntax, because the confusion of grammatical signs and articles, which is a common mistake ،is mostly due to their form.

This research consists of a forword, three sections, results, and a list of references.

Part One: Identifies a sign that includes concepts, characteristics, definitions, and symbol types.

Part Two: Includes: (Concepts, characteristics, definitions, and types of communication tools, investigators and conveyors, as well as the separation of grammar signs and instruments with words).

Part Three: Includes common and different points, which are between grammar signs and tools.

Key words: grammatical marks, Articles, communication articles, interpretive articles, comparisons

پێگەی خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی درِک)ی (ئارام کاکەی فەلاح)دا

پ. ی. د. جەلال ئەنوەر سەعید
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردە – مەخموور
زانکۆی سەڵاحەدین
jalal.saeed.su.edu.krd

د. سومەییە نەجیب خەلیل
بەشی کیمیا و پترۆکیمیا
کۆلێژی ئەندازیاری
زانکۆی سەڵاحەدین
sumaya.khalil@su.edu.krd

پوختە

هەر لە کۆنەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤدا لە سێ جەمسەری سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش (قسەکەر، قسە، وەرگر)ن. بەڵام هەر ئەم سێ جەمسەرە لە پرۆسەی ڕەخنەییدا وەکو یەك و بە شێوەیەکی یەکسان بایەخیان پێ نەدراوە، بەڵکو بەپێی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ڕەخنە هەر جارە و هەر ماوەیەك بایەخ بە یەکێك لەم جەمسەرانە دراوە. سەرەتا میتۆدە سیاقییەکان لە ڕوانگەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، تەنیا بایەخیان بە نووسەر داوە و پێیان وابووە کە لە ڕێی نووسەرەوە واتا دەدۆزرێتەوە. دواتر فۆرمالیستی ڕووسی و دوای ئەوانیش بنیاتگەرەکان لە کاردانەوەیەکی توندا نووسەریان تا ڕادەی مردن لە دەق دابڕی و تیشکی تەواویان خستە سەر دەق. دواتر تیۆری وەرگرتن هات و بە بایەخەوە لە ڕۆڵی وەرگر بە گشتی و خوێنەر بە تایبەتی ڕوانی و پێیوایە کە چیتر وەرگر، وەرگرێکی بێ دەنگ و گوێڕایەڵ نییە، بەڵکو جەمسەرێکی کارایە و ڕۆڵی دەبێت لە دووبارە بنیاتنانەوەی دەقدا. ئەمەش ڕێگای بۆ فرە خوێندنەوە و فرە ڕاڤەکردن خۆشکرد و سیمای کراوەیی بە دەق بەخشی، واتە دەقیش بۆ ئەوەی خوێنەر بەشداربکات لە دەقەکەیدا، پێویستە هەمیشە دەقێکی کراوەبێت و خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز لە خۆ بگرێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش بڕیارماندا کە وەرگر و خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕك)ی (ئارام کاکەی فەلاح)دا بکەینە بابەتی ئەم توێژینەوەیەمان، چونکە هەم بابەتی وەرگر و خوێنەر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییدا شتێکی تازەیە، هەمیش ئارام کاکەی فەلاح بە تایبەتییش لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، بایەخێکی زۆری بە خوێنەرداوە و هەوڵیداوە کە ڕاستەوخو لە چیرۆکەکانیدا بەشداریپێبکات.

بۆ ئەم مەبەستەش، توێژینەوەکەمان بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشکردووە. لە تەوەرەی یەکەمدا، بە کورتی باسمان لە چەمك و زاراوەی وەرگر کردووە. لە تەوەرەی دووەمیشدا، بەپێی دووانەی خوێنەری (تاك و کۆ، ناوەکی و دەرەکی، نموونەیی و ئاسایی) جۆرەکانی خوێنەرمان لە کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی دڕکدا دەستنیشانکردووە و شیمانکردوونەتەوە. لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکانمان تۆمارکردووە.

وشە کلیلەکان: وەرگر، ئارام کاکەی فەلاح، خوێنەری تاك، خوێنەری کۆ، خوێنەری ناوەوە، خوێنەری دەرەوە

پێشەکی

ئارام کاکەی فەلاح، یەکێکە لە چیرۆکنووس و ڕۆمانnووسەکانی دوای ڕاپەڕین، کە زۆر هێمنانە و دوور لە ژاوەژاو دەنووسێت. جگە لە ناوەرۆك، بایەخێکی زۆر بە تەکنیك و زمان دەدات، بە تایبەتیش خوێنەر کە جەمسەری سێیەمی پرۆسەی پەیوەندیکردنە. ئەم بایەخدانە بە خوێنەر لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا، بە تایبەت لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، شتێکی تازەیە. هەر لەبەر ئەمە ئێمە لەم هەوڵە خاکەڕاییەماندا، هەوڵی ئەوە دەدەین کە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئارام کاکەی فەلاح لەگەڵ خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی دڕك)دا دیراسە بکەین.

ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (خوێنەر لە کۆمەڵە چیرۆکی "نووسینەوەی درِك"ی ئارام کاکەی فەلاحدا).

گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی توێژینەوەکە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بابەتێکی نوێیە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و، بەسەر کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنووسێکی قۆناغی دوای ڕاپەڕین پراکتیك کراوە کە بە شێوەیەکی جیاواز ئیش لەسەر تەکنیکی چیرۆکدا دەکات.

توێژینەوەکانی پێشتر:

وێڕای تازەیی بابەتەکە، چەند هەوڵێکی باش، پێش ئەم هەوڵە خاکەڕاییەی ئێمە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە لەم بوارەدا دراون. لەوانە؛ دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی سەبارەت بە زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و خوێندنەوەی دەقی شیعری توێژینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە. دکتۆر حەمە مەنتکیش لە کتێبی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا، تەوەرەیەکی تیۆری تەرخان کردووە بۆ میتۆدەکانی وەرگرتن و هەوڵی داوە کە میتۆدەکە بە خوێنەرانی کورد ئاشنا بکات. لە کتێبی (جوانییەکانی وەرگر)یشدا، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، تەوەرەیەکی هەر بە ناوی جوانییەکانی وەرگر نووسیوە و زیاتریش تیۆرییە وەك لە پراکتیك. هەروەها دکتۆر یادگار شارەزووریش کتێبێکی بەناوی تیۆرەکانی وەرگرتن نووسیوە و هەوڵی داوە بە تیۆری و پراکتیکی بۆ خوێنەری کورد ڕوونبکاتەوە. کێشەی ئەم کتێبەی دکتۆر یادگار لەوەدایە کە وەرگێڕان و دارِشتنەوەکەی لاوازە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆی پسپۆرییەکەی ئەدەبی عەرەبییە و زمانی عەرەبییەکەی زاڵترە لە زمانی کوردییەکەی، بۆیە کە تێکستەکانی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی دەربڕینەکانی کوردییەکی پاراو نین،

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵەکان جێگای دەستخۆشین. ئەم تۆیژینەوەیەی ئێمەش هەوڵێکی بچووکە لەو بوارەدا بە ئومێدی ئەوەی درزێکی بچووك لەم بوارەدا پڕبکەینەوە.

میتۆدی تۆیژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی تۆیژینەوەکە وەکو لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت، پەیڕەویمان لە میتۆدی وەرگرتن کردووە.

پێکهاتەی تۆیژینەوەکە:

تۆیژینەوەکە لە دوو تەوەرە پێکدێت. لە تەوەرەی یەکەمدا، بە کورتی باسمان لە چەمك و زاراوەی وەرگر کردووە. لە تەوەرەی دووەمیشدا، بەپێی دووانەی خوێنەری (تاك و کۆ، ناوەکی و دەرەکی، نموونەیی و ئاسایی) جۆرەکانی خوێنەرمان لە کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی درِکدا دەستنیشانکردووە و شیمانکردوونەتەوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکانی تۆیژینەوەکەمان تۆمارکردووە، لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە لە تۆیژینەوەکەدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

تەوەرەی یەکەم

چەمک و زاراوەی وەرگر

١.لە ڕووی چەمکەوە:

ڕوون و ئاشکرایە کە چالاکیی ئەدەبی لە سێ جەمسەری سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش (نووسەر، دەق، خوێنەر)ن. هەر یەك لەم سێ جەمسەرە بەپێی ڕۆژگار بایەخ و گرنگیی جیاوازی پێدراوە. ئەگەر سەرنجێك لە ڕێڕەوی ڕەخنەی ئەدەبی بدەین، دەبینین میتۆدە ڕەخنەییە سیاقییەکان لە پلەی یەکەمدا بایەخ بە (نووسەر) دەدەن، ئەمەش لە ڕێگای بەستنەوەی دەق بە ژینگەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی نووسەرەوە. ئینجا فۆرمالیستی ڕووسی و بنیاتگەری و ڕەخنەی نوێی ئەمریکی هاتن و هەموو سەنگی توێژینەوەی خۆیان خستە سەر (دەق) و تا ڕادەی مردنی نووسەر دەقیان لە خاوەنەکەی دابڕی. دواتر بە "پشتبەستن بە فەلسەفەی (دیاردەگەرایی)ی هۆسرڵ و بزاڤی تەئویلیی (هایدگەر) و (گادامێر) کە لەژێر سایەی دیاردەگەرایی هۆسرلدا پێگەیشتن، (تێۆری وەرگرتن) هاتە ئاراوە" (شارەزووری، ٢٠١٢، ١٧) و تەواوی هێز و بایەخی خۆی خستە سەر جەمسەری سێیەم کە خوێنەر (وەرگر)ە. تێۆری وەرگرتن ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە کە دەق تاکە سەرچاوەی واتایە، بەڵکو پێیوایە کە خوێنەر بە هەموو هەڵوێست و وەڵامدانەوەکانی بۆ دەق واتای دەق بەرهەمدەهێنێت. کەواتە، ئەرکی خوێنەر نە تەنیا پڕکردنەوەی کەلێن و کون و کەلەبەرەکانی دەقی ئەدەبییە وەکو ئایزەر ئاماژەی بۆ دەکات. نە تەنیا پێوەرێکیشە بۆ واتای شیعرییەتی دەق وەکو ریفاتێر باسی دەکات. بەڵکو خوێنەر وەکو (ستانلی فیش) ئاماژەی بۆ دەکات؛ خۆی سەرچاوەی هەموو واتاکانە. بۆچی؟ چونکە ئەو شوێنەی کە واتای تێدا دروست دەبێت یان هەتا ئەگەر دروستیش نەبێت، زەینی خوێنەرە نەك پەڕە چاپکراوەکان و ئەو فەزایەی

لە دووتوێی کتێبەکاندا هەن (تومبکنز، ٢٠١٦، ٢٩). بەڵام خوێنەر هەروا لە خۆڕا نابێت بە تاکە سەرچاوەی واتاکان، بەڵکو ئەم کارە لەسەر "کارایی خوێنەر وەستاوە کە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ تەواوی بەها ئەدەبییەکە. ئەگەر ئەدەب بریتیی بێت لەوەی کە لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوودەدات، ئەوا بەهاکەی پەیوەستە بە بەهای پرۆسەی خوێندنەوەوە" (تومبکنز، ٢٠١٦، ٢٨).

بەم شێوەیە خوێنەر دەستەڵات و ئازادییەکی تا ڕادەیەك ڕەهای پێدەدرێت لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقدا، بەمەش دەق دەبێت بە خاوەنی واتاگەلێکی لە بن نەهاتوو. ئەم هەڵوێستەش فۆرمالیستی ئەمریکی و پاش بنیاتگەریی فەرەنسی نیگەران کردووە، چونکە پێیانوایە "ئەگەر دەق واتاگەلێکی دیاریکراو و سنووردارى نەبێت، ئەوا خوێنەر بە ئارەزووی خۆی و هەرچۆنی بوێت وەها مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات... ئەم هەڵوێستەش گاڵتەجاڕییەکی خۆویستانە بە ڕەخنەی ئەدەبی دێنێتە کایەوە و لە خراپترین حاڵەتدا بوار بە هاتنە ناوەوەی گومانی ئەخلاقیی تۆندڕەو و ڕووخێنەر دەدات" (تومبکنز، ٢٠١٦، ٣٧ – ٣٨). کەواتە ئەمە هەڵوێستێکی زانستی و لۆجیکی نییە. ڕاستە لێرەدا پێویستە دەق کراوەبێت و بوار بە واتای جیاواز و نوێ بدات بەڵام بەو مانایە نییە کە دەق ئەتك بکرێت و بە کۆمەڵێك واتا بارگاوی بکرێت کە سروشتی دەقەکە پەسەندی نەکات.

٢.لە ڕووی زاراوەوە:

سەبارەت بە زاراوەی وەرگر لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، کۆمەڵێك زاراوەی وەکو (وەرگر، خوێنەر، گوێگر یان بیسەر، بینەر، بۆگێڕەوە، بۆنێردراو، پەیام وەرگر، ڕاڤەکار) بەرچاو دەکەون کە هەمووی زیاتر بە واتای خوێنەر یان وەرگر بەکاردێن. واتە؛ جەمسەری سێیەمی پرۆسەی پەیوەندیکردن پێکدەهێنن. وەرگر یان خوێنەر بەلای (عەبدولسەلام مەسەددی)یەوە بریتییە

لەو کەسەی "پەیام یان گوتاری دەق هەڵدەوەشێنێتەوە کە لە بابەتێکی هەستییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ واتا ڕووتەکانی خۆی، بە پێچەوانەی نێرەر یان نووسەر کە ئەرکی پێکهێنان یان بنیاتنانی گوتارە و لە وێناکراوێکی ڕووتەوە سەرچاوە دەگرێت و لە چوارچێوەی ئاخاوتنێکی هەستپێکراودا بەرجەستەی دەکات" (معیکل، ۲۰۱۰، ۲۰۵). (سەڵاح فەزڵ)یش هەر هەمان بۆچوونی (مەسەددی)ی هەیە و پێیوایە کە وەرگر دووبارە دەق بەرهەمدەهێنێتەوە، جا چ وەرگری گریمانەکراو بێت یانیش خوێنەری ڕاستەقینەی دەرەوەی دەق بێت (فضل، ۱۹۹٦، ۱۰۷).

(عەبدوڵڵا سەڕاج)یش وەکو ڕۆمانناووس و ڕەخنەگرێکی کورد، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خوێنەر لەلای نووسەرە تەقلدییەکاندا، هەمیشە کەنارگیرکراون و گوێیان لێ نەگیراوە. واتە هەرگیز نەئاخێونراونەتە ناو دەقەوە، تەنیا هەندێ جار لە زاری نووسەرەوە کە ئەویش دیکتاتۆرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و بەردەوام بێ دەنگی کردوون (سەڕاج، ۲۰۱۳، ۳۱). دواتر هەر خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە تەنیا لە ڕۆمانەکانی ئەم دواییانەیدا بایەخێکی زۆری بە ڕۆڵی خوێنەر داوە و زۆرجاریش ڕاستەوخۆ یان لە میانەی گێڕانەوەدا خوێنەر دەدوێنێت و داوای لێدەکات کە خوێنەرێکی چالاك بێت و بەشدار بێت لە ئەفراندنی دەقەکەیدا "خوێنەری ئەمڕۆکە چاوەڕوانی چوونە ناوەوەی دەقی هەیە، چ جای پەنجە تێوەردان و گۆڕین و خستنە سەر" (سەڕاج، ۲۰۱۳، ۲۹). ئەمەش بە بڕوای (سەڕاج) خواست و زەڕووڕەتێکی نوێ و سەردەمییانەیە، چونکە تەنیا لە گێڕانەوەی زارەکییدا کە هی سەردەمێکی زۆر لە پێشترە، خوێنەر تەنیا گوێگرێکی بێ دەنگ و کپ بووە و هیچ بەشداریەکی لە دووبارە دارشتنەوەی حیکایەتەکەدا نییە (سەڕاج، ۲۰۱۳، ۳۱). هەروەها لە ڕۆمانی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)، عەبدوڵڵا سەڕاج تەنانەت دانانی ناونیشانیشی

خستووەتە ئەستۆی خوێنەر. ئەمەش ئەوپەڕی بایەخدانە بە ڕۆڵ و پێگەی خوێنەر لە پرۆسەی گێڕانەوەدا. لێرەدا سەڕاج هەرچەندە ژانری تێکستەکەی وەکو ڕۆمان دەستنیشانکردووە، بەڵام بۆ خوێنەر وەکو (تێکست) ناوی دەبات کە هەڵبەت زاراوەیەکی گشتگیرتر و فراوانترە. دەبوایە یان بینووسیبابە (ناوێ لەم ڕۆمانە بنێ) یانیش (ناوێ لەم تێکستە بنێ) بەبێ ئەوەی ژانرەکەی دەستنیشانبکات. بەڵام هەموو ئەمانە لە بایەخی ڕۆمانەکە و مامەڵەکردنی نووسەرەکەی لەگەڵ خوێنەردا، کەم ناکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە کە هەموو ئەو زاراوانەی بەکارهاتوون بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕاستن، بەڵام هیچیان بە تەواوی و دروستی هاوواتای زاراوەی (وەرگر) نین، بەڵکو دەکرێت وەکو بەشێك لە زاراوەی وەرگر چاویان لێ بکرێت، چونکە واتای (وەرگر) لە واتای هەموو ئەوانی تر گشتگیرتر و فراوانترە.

کەواتە دەتوانین بڵێین؛ (وەرگر) ئەو کەسەیە هەر شتێك وەردەگرێت کە لە لایەن کەسی نێرەرەوە ئاراستەی دەکرێت. جا ئەو شتە (گوتارێکی زارەکی، دەقێکی نووسراو، وتارێکی ڕادیۆیی، فیلمێکی سینەمایی، نامەیەك) بێت. بەم پێیەش، ئەگەر گوتار دەقێکی زارەکی بێت ئەوا وەرگر (قسەبۆکراو یان دوێنراو)ە. ئەگەر ڕۆمان یان دەقێکی نووسراو بوو ئەوا وەرگر (خوێنەر)ە، ئەگەریش گوتارەکە وتارێکی ڕادیۆیی بێت ئەوا وەرگر (بیسەر)ە، ئەگەریش گوتارەکە فیلمێکی سینەمایی بێت ئەوا وەرگر (بینەر)ە، کاتێکیش گوتار نامە بێت ئەوا وەرگر (بۆنێردراو)ە. تەنانەت هەندێ جار گوتار بریتییە لە کۆمەڵێك کۆد و ئاماژەی کە لە ڕێگەی ئامێرە جیاوازەکانی پەیوەندیکردنەوە دەنێردرێت، بە تایبەتیش لە بواری سەربازیی ئەمنییدا، ئەوکات وەرگر دەبێت بە پێشوازیکەر (مستقبل). دەکرێت ئەم دابەشکردنانەی سەرەوە لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ڕوونبکەینەوە:

دەقی زارەکی (دوێنراو)
دەقی نووسراو (خوێنەر)
وتاری ڕادیۆیی (بیسەر)
پەیامی ئاراستەکراو فیلمی سینەمایی (بینەر) وەرگر (معیکل، ۲۰۱۰، ۲۰۷)
(گوتار) نامە (بۆنێردراو)
کۆد و ئاماژە (پێشوازیکەر)

جا لەبەر ئەوەی بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە گوتاری چیرۆك، کە گوتارێکی نووسراوە، ئەوا زیاتر قسەی ئێمە لەبارەی وەرگری خوێنەرەوە دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش جۆرەکانی خوێنەر بەسەر خوێنەری (تاك و کۆ) و (ناوەکی و دەرەکی) و (نموونەیی و ئاسایی) دابەش دەکەین. هەڵبەت دابەشکردنەکەمان تەنیا لە پێناو ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنە، ئەگەرنا بە سروشتی خۆی هەر یەکێك لەم جۆرانە دەکرێت شوێن و ئەرکی جۆرێکی تر بگرێت و جێبەجێ بکات. بۆ نموونە دەکرێت خوێنەری تاك هەم ناوەکی بێت یان دەرەکی و لە هەمان کاتیشدا ئاسایی بێت یان نموونەیی. لە تەوەرەی دواتردا هەر یەکێکیان بە نموونەی پێویستەوە لە چیرۆکەکانی کەرەستە توێژینەوەکە دەستنیشاندەکەین و شیاندەکەینەوە.

تەوەرەی دووەم

جۆرەکانی خوێنەر و ڕەنگدانەوەیان لە کۆمەڵە چیرۆکی نووسینەوەی درِکدا

بەر لەوەی بێینە سەر دەستنیشانکردنی جۆرەکانی خوێنەر لەناو چیرۆکەکاندا. وای بە باش دەزانین زۆر بە کورتی تیشکێك بخەینە سەر کۆمەڵە چیرۆکەکە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە ناونیشانی (نووسینەوەی درِك)ە، ساڵی (٢٠٠٧) لە چاپخانەی ڕۆژنامەی ئاوێنە لە سلێمانی چاپکراوە. جگە لە پێشەکییەك بە قەڵەمی خودی نووسەر و چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ نووسەردا کە نووسەر و وەرگێڕ توانا ئەمین لەگەڵیدا ئەنجامیداوە، پێنج کورتە چیرۆك لەخۆ دەگرێت بەم ناونیشانانەی خوارەوە:

- نووسینەوەی درِك، کە هەر ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکەکەشە.
- ئەو پیاوەی بوو بە بەرد.
- حوزنی میوانێك بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات.
- درەوشانەوەی مەحاڵ.
- گوڵەکانی دۆزەخ.

دەکرێت هەر سێ چیرۆکی یەکەم بە یەك چیرۆك یان تەواوکەری یەکتر دابنێین، چونکە نووسەر لە ڕێگەی تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداوەوە هەر سێ چیرۆکەکەی پێکەوە گرێداوە. بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی خوێنەر بە سەربەخۆیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە مەرج نییە هەردوو جۆرەکەی خوێنەر لە هەموو چیرۆکەکاندا چ بە تەنیا یان پێکەوە، هاتبن.

١.خوێنەری تاك و خوێنەری کۆ

لە ڕاستیدا زاراوەی خوێنەری تاك و کۆ لە هیچ سەرچاوەیەکی ڕەخنەیی کۆن و نوێشدا بەرچاو ناکەوێت، تەنانەت لە سەرچاوە سەرەکییەکانی تیۆری وەرگرتنیشدا ئەم جۆرە دابەشکردنە بۆ خوێنەر نەکراوە. بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنجێك لە دەقە کۆن و نوێیەکانیش بدەین، ئەوا زۆر بە ڕوونی سیما و دەرکەوتەکانی ئەم جۆرە خوێنەرەمان بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە لە دەقە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا کە دەقێکی زارەکیین، حەیرانبێژ ڕوو لە وەرگرێکی تاك دەکات **(حەیران دەڕێم ...)**، بەڵام لە لاوك و هەقایەتدا گۆزینەر ڕووی دەمی لە وەرگرێکی کۆیە **(براینە! برادەرینە!)**. بە هەمان شێوە لە دەقی ئەدەبیی نوێ و نووسراویشدا؛ شاعیر لە شیعری دڵداری و ستایش و وەسف و دڵدانەوە و لاواندنەوە و داشۆرینیشدا، زۆرجار ڕووی دەمی لە وەرگرێکی تاکە، بۆ نموونە نالی کاتێك دڵی یار دەداتەوە بە بۆنەی مردنی باوکییەوە دەڵێت:

ماتەم وەکو زوڵفیەنی سییەهـ ، گرتی سەراپات

پۆشی لە ڕوخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات

(دیوانی نالی، ١٣٧)

یان کاتێك ڕوو لە پێغەمبەر (د.خ) دەکات و دەڵێت:

ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی منەووەرە

لوطفێ بکە بفەرموو مەدینەی منە و، وەرە

(دیوانی نالی، ٤١٥)

لە پەخشانیشدا ڕوونترین نموونە (چێشتی مجێور)ی هەژارە، کە تەواوی کتێبەکەی لە شێوەی نامەیەك بۆ (خانی)ی کوڕی نووسیوە، واتە وەرگرێکی تاکە. بەڵام ئەم وەرگرە تاکانە دوای چاپکردن و بڵاوکرنەوەی دەقەکان و گەیشتنیان بە جەماوەری خوێنەر، دەبن بە وەرگر و خوێنەری کۆ. بەڵام لە

شیعری سیاسی و سروودی نیشتمانیدا، زۆر جار شاعیر هەر لە سەرەتاوە ڕوو لە وەرگرێکی کۆ دەکات، بۆ نموونە لە سروودی **(ئەی کوردینە! ئەی مەردینە!)**دا، (زێوەر)ی شاعیر ڕووی دەمی لە وەرگرێکی کۆیە. بە هەمان شێوە (محەمەد تۆفیق وردی) لە سروودی (ئەی شەهیدان)دا، پەیام ئاراستەی وەرگرێکی کۆ دەکات و زۆر نموونەی تریش کە خوێنەر بە گشتی و خوێنەری ئەدەبییات بە تایبەتی دەتوانێت ئەم جۆرە خوێنەرانە لەناو دەقەکاندا بناسێتەوە.

لە چیرۆکی (نووسینەوەی درِك)دا، (غەریب ڕیکۆرد)، گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکەیە و بە گشتی وەرگری کۆ دەدوێنێت، **(پێتان خۆشبێ بزانن، لێتان ناشارمەوە، ئەمەی ئێوە دەیخوێننەوە، ئێوە چووزانن، ئێوە چەند پاریسی دەناسن)**. لە چەند جێگایەکیشدا ڕاستەوخۆ خوێنەری تاك دەدوێنێت، **(تۆی خوێنەری ئازیز، ئەی خوێنەری خۆشەویست!، ئێستا خوێنەری خۆشەویست، ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز)**. ئەم دەربڕینانە لە ڕووی زمانییەوە ئەگەرچی بە شێوەی تاك دەرکەوتوون، دەکرێت وەکو (کۆ)ش چاویان لێ بکرێت، چونکە دەکرێت وشەی (خوێنەر) کە وشەیەکی تاکە، بە وشەیەکی (گشتی)یش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی جێناوی (تۆ)وە ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا خوێنەری کۆ دەدوێنێت ئەوا ئەمانە هەر بە خوێنەری تاك چاویان لێ دەکەین. لەبەر هاوشێوەیی زۆری نموونەکانیش تەنیا ئاماژە بە بەشێکی کەمیان دەدەین. هەر لە دەستپێکی چیرۆکەکەوە (غەریب ڕیکۆرد) خۆیمان پێ دەناسێنێت:"**من ناوم غەریبە، غەریب ڕیکۆرد. ڕەنگبێ پێتان خۆش بێ بزانن ئەم ناوەی من بۆ وا غەریب و سەیرە و لە کوێوە هاتووە؟**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۲۳). وەکو دەبینین لێرەدا وەرگری کۆ دەدوێنێت. بەڵام کاتێك باسی بەسەرهاتی نازناوەکەی خۆی دەکات و دەیبەستێتەوە بە هۆکاری نووسینەوەی چیرۆکەکەی، بەم شێوەیە بۆ خوێنەری تاك دەدوێت:"**... حەز**

دەکەم ئەوەش بڵێم، کە وەستانی زۆری من لەسەر نازناوەکەم، پەیوەندییەکی تەواوی بەم چیرۆکەی من و هاوڕێکانمەوە هەیە، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵ دەدەم بینووسمەوە و بە زووترین کات بینێرم بۆ ڕۆمانی هاوڕێم، کە هەر لە منداڵییەوە حەزی دەکرد ژیان لە پاریس بباتە سەر، ئەویش لەلای خۆیەوە بیداتە دەست تۆی خوێنەری ئازیز، تۆیەك کە کلیلێکم بۆ دێنیتەوە، کلیلێك کە پاریسی پێتدەدات و نابێت بە هیچ شێوەیەك ون بێت. جا تکایە ئەم چیرۆکە باش بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئەو کلیلە بگەیەنیتە دەستم." (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ٢٤). دواتر بەر لە کۆتایی چیرۆکەکە، غەریب ڕێکۆرد مافی ئەوە بە خوێنەر دەدات کە بپرسێت؛ خۆ دەفتەرەکە بە چوار کلیل ناکرێتەوە ئیتر کلیلەکەی ڕۆمانی پاریسیت بۆچییە؟ بەڵام هەر خۆی بەم شێوەیە دەیدوێنێت و وەڵامیدەداتەوە:"**ڕاست دەکەی! بەڵام گوێ بگرە با چیرۆکەکەت بۆ تەواو بکەم**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ٤٧). ئەمجا درێژە بە گێڕانەوەکەیدا دەدات و هۆکاری پێداگیرییەکەی لەسەر گەیشتنی کلیلەکەی ڕۆمانی پاریسی بۆ خوێنەر ڕوونەدەکاتەوە. بەم شێوەیە گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ خوێنەر پەلکێشدەکاتە ناو چیرۆکەکە و وەکو کارەکتەرێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەیەوێت بەشداربێت لە هەڵسووڕانی ڕووداوەکان، بەوەی کە ببێتە پردی بەیەککگەیشتنی خۆی و ڕۆمانی پاریسی.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، (غەریب ڕیکۆرد) کە گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکەیە، خۆی دەبێت بە وەرگرێکی تاك و لە ڕێگەی نامەوە لە لایەن ڕۆمانی پاریسی هاوڕێیەوە پەیامی ئاراستە دەکرێت، ڕۆمانی پاریسی، کە ئێستا بەڕاستی لە پاریسە و کچێکی هەیە، ترسی ونبوونی ڕۆحی خۆی و خێزانەکەی هەیە و بەم شێوەیە باسی بێزاری و وەڕزیی خۆی لە پاریس بۆ غەریب دەکات:"**حەزدەکەم بێمەوە، لە شار منداڵێکی ترم ببێ، منداڵێك بە کوردییەکی**

ڕەوان قسە بکات (...) گەر هاتمەوە پێویستم بە یارمەتی تۆ دەبێ، چونکە من لە هەردوولا بووم. هەم ئێرەشم لە دەستداوە و هەم ئەوێش (...) غەریب ژیانی ئێمە لە دەرەوە لە چەشنی ئەو گەڵایەی لێهاتووە کە لە دار و لقەکەی خۆی کەوتبێتە خوارەوە قەتیش بەر زەوی نەکەوتبێت، هەمیشە بۆ هەتا هەتایە بە حەواوە بێت، هەر با بیهێنێت و با ببات. منیش بۆی دەنووسم.. نا، وەرەوە ئازیزەکەم.. وەرەوە. من یارمەتیت دەدەم، من لەو بارەوە هەروەکو جارانم و نەگۆڕاوم، دەزانم خەڵکی گۆڕاون، بەڵا من نا." (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٤٩ – ٥٠). بەم شێوەیە غەریب ڕیکۆرد و ڕۆمانی پاریسی دەبن بە گێڕەرەوە و وەرگر، بەڵام ئاشکرایە کە ڕۆمان بواریکی کەمی بۆ گێڕانەوە هەیە و تەواوی حیکایەتەکە و هۆی گێڕانەوەکەشی لە لایەن نووسەرەوە هەر بە غەریب سپێردراوە. ئینجا کۆتایی چیرۆکەکە ڕادەگەینێت و کلیلی چوارەمیشی هەر بەدەست نەگەیشتووە و ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پێداگیری ڕۆمانی هاوڕێی تەنیا لەبەر گێڕانەوە و تۆمارکردنی چیرۆکی ژیانیان بووە کە ترسی لە بیرچوونەوە و ونبوونی ناسنامەیان هەیە، ئەگەرنا ناردنەوەی کلیلێك لە پاریسەوە ئەوەندە کارێکی سەخت و ئەستەم نییە. بەم شێوەیەش چیرۆکەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە هێشتا دیار نییە کە ڕۆمانی پاریسی دەگەڕێتەوە یان نا؟ کلیلەکە دێنێتەوە یان نا؟ لە بیری دەچێت یان بە ئەنقەست نایهێنێتەوە؟

هەر لەم چیرۆکەدا، غەریب ڕیکۆرد ئاماژەیەکی کورت بەو پیاوە دەکات کە لەبەردەم ماڵی سیحربازەکەدا دەبێت بە بەرد، ئەم پیاوە هاتووە بۆ ناو دڕکەکانی سیحربازەکە بەو هیوایەی ئەو شلەمەنییەی دەستبکەوێ کە لە لاسیتیکی ئەو دڕکانەدا هەیە تا بیباتەوە و وەکو دەرمان برینەکانی سەر لەشی ژنەکەی پێ ساڕێژبکات. ئینجا لە ڕێگەی پێشکەوتنی ڕووداوەوە کە تەکنیکێکی زەمەنیی گێڕانەوەیە، گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو پیاوە ڕادەگرێت و بە

خوێنەر دەڵێت کە لە ئایندەدا و لە چیرۆکێکی سەربەخۆدا دەیگێڕمەوە "**بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە، حیکایەتی ئەوان هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر، بەم زووانە ڕەنگبێ کە لەم چیرۆکەدا بوومەوە، حیکایەتی ئەوانیش بنووسمەوە؛ ڕەنگبێ هەر ناوی بنێم، ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، گەر یەکێك پێی خۆش بێ بە نامە یان ئیمایڵ ئاگادارم بکاتەوە من بۆی دەنێرم**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۳۲ - ۳۳). بەم شێوەیە گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەری کۆدا دەدوێت و زەینیشی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی چیرۆکێکی تر. هەر واش دەکات و چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بە بەرد هەر بەم ناونیشانە دەگێڕێتەوە و دەبێت بە دووەم چیرۆکی کۆمەڵە چیرۆکەکە و بە شێوەیەك لە شێوەکان دەیکات بە تەواوکەری چیرۆکی پێش خۆی.

لەم چیرۆکەشدا، دیسانەوە غەریب ڕێکۆرد زیاتر ڕووی دەمی لە وەرگری (کۆ)یە و هەندێ جاریش خوێنەری تاك دەدوێنێت. لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا غەریب خۆی بە خوێنەران دەناسێتەوە و زەینیان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە ئامادە دەکات و باسی چۆنیەتی و هۆکاری درەنگ تەواوکردنی چیرۆکەکە بۆ خوێنەران دەکات :"**ئازانم <u>دەمناسنەوە</u> یان نا، من غەریبم، غەریب ڕێکۆرد. ئەو کەسەی پەیمانم پێ <u>دان</u>، چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسمەوە کە بوو بە بەرد. لە ڕاستیدا من هەر زۆر زوو دەستم کرد بە نووسینی ئەو چیرۆکە، بەڵام هەتا بڵێی درەنگ تەواوم کرد، نا <u>وا مەزانن</u> کە زوو دەستت کرد بە چیرۆکێك، ئیتر زوو تەواوی دەکەیت. زوو دەستکردنی منیش بەو چیرۆکە زیاتر دەگەڕێتوە بۆ ئەوەی کە من نامە و ئیمایڵێکی زۆرم پێگەیشت، کە داوایان لێ دەکردم ئەو چیرۆکە بنووسم. خوێنەرێکی زۆر چیرۆکی ئەوانی وەکو تێڕامانێك لە تەمەنی خۆیان سەیر دەکرد و حەزیان دەکرد دوای بکەون ... هتد**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۵۳). لێرەدا غەریب لەگەڵ ئەوەی ڕووی دەمی لە

وەرگری کۆیە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە خودی خۆی لە ڕێگەی ئەو نامە و ئیمایڵانەی کە لە خوێنەرانەوە پێیگەیشتووە، وەکو وەرگرێکی تاك دەردەکەوێت. بەم شێوەیەش گفتوگۆیەکی جیددی لەنێوان گێڕەرەوە و خوێنەراندا دروست دەبێت و هەر هیچ نەبێت ڕۆڵیان لە نووسینەوە و لەناو نەچوونی حیکایەتی ئەو پیاوە و ژنەکەیەتی. دواتر هەر لە وەڵامی تەواوی خوێنەران، بەوانەی کە نامە و ئیمایڵیشیان بۆ ناردووە و داوایان لێ کردووە چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسێتەوە تاکو ڕۆحی بەبەردا بێتەوە، دەڵێت:"**نا ئازیزان! درۆیە، پێم مەڵێن چیرۆکەکەی تۆ ئەوان دێنێتەوە ناو ژیان، نا، من لەناو درِکەکاندا گەورە بووم دەزانم وا نییە، تازە ئەو پیاوەی کە بوو بە بەرد، بوو بە بەرد، هیچ شتێ نایکاتەوە بە گۆشت و خوێن، ئەم ژنەش کە هەموو لەشی بوو بە پارکێك لە برین، تازە هیچ چیرۆکێك نایکاتەوە بەو ژنەی جاران کە من ڕۆژێك لە ڕۆژە تاریکەکانی ژیانمدا وێنەکەیم لەسەر ڕادیۆیەکی شکاودا دۆزییەوە. منیش غەریب، غەریب ڕیکۆرد، هێندە درِك بە خەیاڵمدا چەقیوە قەت ناتوانم ببمەوە بەو غەریبەی جاران ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستم ڕیکۆردێك بشکێنم و نەیانهێشت و چارەنووس دوای چەند ساڵێك، تووشی نووسینی چیرۆکێکی کردم کە قەت تەواو نابێت. کە نازانم چۆن دەستی پێ بکەم و بینووسم و لە کوێدا کۆتایی پێ بهێنم.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٤ - ٥٥). کەواتە غەریبی گێڕەرەوە هەنگاو بە هەنگاو خوێنەران لە نووسینی چیرۆکەکە ئاگادار دەکاتەوە، ئەمەش وا لە خوێنەران دەکات کە هەمیشە بە پەرۆشەوە گوێ بۆ بیستنی حیکایەتەکە بگرن. هەروەها غەریب هێشتا بە تەواوی دەستی نەکردووە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، پێماندەڵێت کە ئەم چیرۆکە کۆتاییەکی کراوەی هەیە، چونکە بە بڕوای خۆی ئەم چیرۆکە قەت تەواو نابێت.

سەبارەت بە خوێنەری تاکیش لەم چیرۆکەدا، بە چەند شێوەیەك ئاماژەی بۆ کراوە، دوو جار لە ڕێگەی دەربڕینی "**ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز!**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٠ و ٦٥)ەوە ڕوو لە وەرگری تاك دەکات، بەڵام لە بەشێکی حیکایەتەکە، خۆی دەبێت بە وەرگر و ژنی ئەو پیاوەی بووە بە بەرد دەبێت بە گێڕەرەوە و چۆنیەتی هاتنی بۆ لای پەیکەری بەبەردبووی هاوسەرەکەی و حیکایەتی نەخۆشییەکەی و هەوڵدانی هاوسەرەکەی بۆ ساڕێژکردنی برینەکانی سەر جەستەی، بۆ غەریب دەگێڕێتەوە. بەڵام غەریب هەموو ئەمانەی بیرچووە و ئێستاش لە پڕ ژنەکەی لێ ون بووە و هەرچی دەکات نایدۆزێتەوە، بەڵام دواتر غەریب ئەوەی بەبیردا دێتەوە کە هەر کاتێك ژنەکەی بینیوە، باسی ئەو ڕێگایەی بۆ کردووە کە پێیدا دێت بۆ لای پەیکەری مێردەکەی و ئەمیش بە بێ ئەوەی بزانێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم ژنە وندەکات، هەموو قسەکانی نووسیوەتەوە و ئێستا لە ڕێگای کۆکردنەوەی ئەو بەیازانە و پێکەوە گرێدانیان، ئەو زانیارییانە بە ئێمەی خوێنەری کۆ دەگەیەنێت.. ژنی ئەو پیاوەی بووە بە بەرد بەم شێوەیە قسەی بۆ غەریب کردووە :"**بە پێ دوو هەزار هەنگاو دەنێم و دەگەمە لێژاییێك، بەردێك هەر لەوێدا دەکەوێتە خوارەوە بۆ چاڵاییەك کە لە دوورەوە لە شتێکی سەیر دەچێت، هەمیشە کە دەگەمە ئەوێ بەردێك دەکەوێتە خوارەوە (...). دوای دوو هەزار هەناسە، دوو هەزار چاوترووکان دەگەمە لاڕێیەك کە هێندە باریکە ئاگام لە خۆم نەبێ دەکەومە خوارەوە و دەبم بە دوو هەزار پارچەوە ...هتد**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٨). بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت و بە وردی باسی هەموو ڕێگاکەی بۆ دەکات تا دەگاتە لای پەیکەری مێردەکەی و دوای گریانێکی زۆر، بە چاوی تەڕ و پڕ لە فرمێسکەوە هەر بە هەمان ڕێگا و بە هەمان شێواز دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی کە مەودایەکی زۆر لە شارەوە دوورە :"**دوای پشوویەکی کەم دەڕۆین، دوای**

سەعاتێك لێخوڕین من سوپاسی دەکەم و دادەبەزم، بە پێ سەعاتێك دەڕۆم، دەگەمە لاڕێیەك کە هێندە باریکە خەیاڵ بمباتەوە دەکەوم و بڕوا ناکەم نەبم بە دوو هەزار پارچەوە، دوای دوو هەزار چاوترووکان، دوو هەزار هەناسە دەنگی پێی ئەسپێك لە دوورەوە دێتە گوێم هەر لەویا بەردێك دەکەوێتە خوارەوە، هەمیشە لەویا.. لەو بەرزییەوە کە منی لێم بەردێك دەکەوێتە خوارەوە، بۆ؟ سەیرە، نازانم. بە پێ لەوێوە دوو هەزار هەنگاوم دەوێ تا دەچمە ماڵەوە، بۆ کاول بووەکەی خۆم." (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٠). کەواتە، هەموو ئەم زانیارییانە غەریب خۆی وەکو وەرگرێکی تاك لەو ژنە وەریدەگرێت و لە ڕێگای گێڕانەوەیەوە دەیگەیەنێت بە خوێنەری کۆ. دیارە هەموو ئەم وردەکارییە و تۆمارکردنی لە لایەن غەریبەوە، فێڵێك یان تەکنیکێکە نووسەر بەکاریهێناوە بۆ کەمکردنەوەی دەستەڵاتی گێڕانەوەی غەریب و پشوودانێکیش پێی، کە لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە هۆی پەرۆشیی خوێنەر و چێژوەرگرتن لە حیکایەتەکە بە بێ ئەوەی بۆ یەك ساتیش وەرزبێت. هەروەها ئەم ژنە لە دریژەی گێڕانەوەی حیکایەتی خۆی و مێردە بەبەردبووەکەیدا، چەند جارێك بە دەستەواژەی (کوڕی خۆم) غەریب دەدوێنێت و باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن عاشقی یەك بوونە و بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی باوکی کچەکە بەدەستبهێنێت، گرەو لە نۆزدە خوازبێنیکەری دیکەدا دەباتەوە کە هەر یەکەیان لەسەر داوای باوکی کچەکە چەپکێك گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بۆ کچەکەی دێنن، بەڵام مێردەکەی تا چەند ڕۆژێك لەناو باخچەکە دەرناچێت و لە ترسی ئەوەی گوڵی لە باخچەکە نەهێڵێت باوکی کچەکە بانگی دەکات و کچەکەی خۆی پێدەدات. لە کۆتاییشدا باسی نەخۆشییەکەی خۆی ئەو برینانەی سەر لەشی بۆ غەریب دەکات :"**کوڕی خۆم! ئەم برینانە وازیان لە من نەهێنا، هەموو ڕۆژێك زیادیان دەکرد.. ماوەی چەند ساڵێك ئەم پیاوە بەردینەی من بۆ سەدەها**

دوکتۆری بردم، بە هەزارەها مەڵحەم و ڕۆنی بۆ پەیداکردم، (...) سوودی نەبوو کوڕم، سوودی نەبوو. (...) تا جارێکیان لە نیوە شەودا لە خەو ڕاپەڕی وەك هەمیشە خەونی بە ڕەشەباکانەوە بینیبوو، ئەمجارە دەنگەکە باسی درِکەکانی کردبوو، درِکەکانی سیحربازێکی شار کە هەر نیو سەعات لە سەددەکەوە دووەوە، باسی ئەوەی کە ئەو درِکانە دەگمەنن، جۆرە شیرێکیان تیایە کە برینەکانی لەشی ژنەکەت تیماردەکەن، خۆی گۆڕی و باوەشێکی گەرمی پێداکردم و وتی زوو دێمەوە، بەڵام ئیتر نەمبینییەوە." (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٤ - ٦٥). غەریب هەموو قسەکانی ئەو ژنە بۆ ئێمەی خوێنەری کۆ دەگێڕێتەوە و خۆیشی بە هەمان ئەو ڕێگایەدا دەڕوات تا ئەو ژنە ببینێتەوە، بەڵام لە وێنەیەکی گەنجیی ژنەکە و مێردەکەی زیاتر نابینێتەوە لە ماڵەوەیاندا و دوای هەوڵ و گەڕانێکی زۆر بێ ئومێد دەبێت و دەست لە گێڕانەوەی حیکایەتەکە هەڵدەگرێت. نالێین کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێت، چونکە وەکو خۆیشی لە کۆتاییدا دانی پێدا دەنێت کە ئەم چیرۆکەشی تەواوبوون و کۆتایی نییە و سەرلێشێواوانە بە کۆمەڵێك پرسیارەوە چیرۆکەکە بە کراوەیی بە ڕووی خوێنەردا جێدەهێڵێت و بوار بە خوێنەر دەدات بە وەڵامدانەوە و بڕیاردان لەسەر کۆتاییەکی ڕازیکەر :"**نازانم ئەمە بەسەرهاتی ئەو پیاوەیە کە بوو بە بەرد، یان سەرگوزشتەی ئەو ژنەیە کە بە تۆپەڵێ یادگار و چاوەڕوانی و برینەوە دیار نەما و جێیهێشتین، یان چیرۆکی ونبوونی خۆمە لەنێو دۆزینەوەی ماناکاندا بۆ نووسین، یاخود لە یەك کاتدا چیرۆکی هەرسێکمانە،... هتد**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٨)

لە کاتی گەشتەکەی بۆ ماڵی ژنی ئەو پیاوەی بووە بە بەرد، غەریب ڕێکۆرد هەروەکو ژنەکە بۆی باسکردووە، لە ڕێگادا لە چایخانەیەك لادەدەن و چا دەخۆنەوە، کابرای چایچی کوڕەکەی ناردووە بۆ شار تاکو شەکری بۆ

بکرێت، بەڵام چیتر ئەو کوڕە ناگەڕێتەوە، ئەو باوکە داماوەش دووچاری دۆخێکی دەروونیی ئەوتۆ بووە کە هەمیشە پرسیار لە هەموو میوانێکی چایخانەکە دەکات کە بۆچی کوڕەکەی نەگەڕاوەتەوە؟ دەبێ بگەڕێتەوە؟ ئەم دۆخە وا لە غەریب ڕیکۆرد دەکات چیرۆکی نەگەڕانەوەی کوڕی ئەم چایچییە بنووسێتەوە- چونکە هەست بە خەمێکی قوڵ لە ونبوونی ئەو کوڕەدا دەکات کە هەموان پێکەوە گرێدەدات. واتە هەروەك چۆن چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بە بەرد لە چیرۆکی یەکەمدا پاشخست و بە تەنیا و سەربەخۆ چیرۆکەکەی هەر بەو ناونیشانە نووسییەوە، لێرەش بڕیاری نووسینەوەی چیرۆکی نەگەڕانەوەی کوڕی چایچییەکە دەدات بە ناونیشانی (حوزنی میوانێك بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات). بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە لێرەدا وەکو چیرۆکی پێشتر، پێشوەختە بە خوێنەر نالێت کە بە نیازە لە ئایندەدا ئەم چیرۆکە بنووسێتەوە، بەڵکو هەر دوای تەواوبوونی چیرۆکی تەواونەبووی (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد)، ڕاستەوخۆ بە ڕووی خوێنەردا دەردەخات و خۆی دەناسێنێتەوە و هۆی دەرکەوتنی ئەمجارەشیان پێدەڵێت :"**ئەوە دیسانەوە منم، غەریب ڕیکۆرد، بێ ئەوەی پەیمان بە کەسێ بەم هاتمەوە گۆ. دەزانم چیرۆکی تەواونەکراوی ئەو کوڕە چایچییەی نەهاتەوە بۆ لای باوکی، بووە بە مەراق لاتان، کوڕێ چوو بۆ شەکر و نەهاتەوە. دەتوانم ئەوە تێبگەم کە مرۆڤ جار بە جارێك دوای ئازاری کەسانی تر دەکەوێت و بریتی دڵی خۆی بیر دەچێتەوە. من هەستەکەم حوزنێك لە ونبوونی ئەو کوڕەدا هەیە کە هەموومان پێکەوە دەبەستێتەوە، حوزنێك، هێندە قوڵە هەروا ناشاردرێتەوە، حوزنێك ناکرێ هەروا بە ئاسانی بە دەم دونیاوە وەك منداڵێ پێبکەنین و پێشانی بدەین هیچ ڕووی نەداوە.**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۷۱). کەواتە غەریب ڕیکۆرد وەکو هەر دوو چیرۆکەکەی پێشتر هەر لە سەرەتاوە ڕووی دەمی لە وەرگری (کۆ)یە. لێرەدا

تەنانەت بە هۆی خەمی ونبوونی ئەو کوڕە چایچییەوە خۆی و خوێنەرانیش پێکەوە کۆ دەکاتەوە و وای پێشاندەدات کە خەمێکی هاوبەشیان هەیە، بەمەش هەوڵدەدات کە خوێنەران ڕاستەوخۆ بێنێتە ناو چیرۆکەکە و ئەو ئەزموونە لە نزیکەوە بژین. دواتر جارێکی دیکە ئاماژە بەو نامە و ئیمالاّنەوە دەکات کە لە خوێنەرانەوە پێیدەگات و داوای لێ دەکەن کە ئەم چیرۆکانە لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ بکات، بەڵام ئەو هەمیشە پێیان دەڵێت :"**تا ئازیزان، من چیرۆکنووس نیم، من تەنها کۆمەڵێ کەسم لێ ون بووبوو کە وام هەست دەکرد بە نووسینەوەیان دەیاندۆزمەوە، من گەڕانە بێ هوودەکانی خۆم نووسییەوە و لە ئێوە بوو بە چیرۆك.**"(کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۷۱ - ۷۲). بەم شێوەیە غەریبی گێڕەرەوە لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ خوێنەراندا، هەر ئەوەشە وای لێ کردووە بەردەوام بێت لە گێڕانەوە، چونکە ئەم خوێنەرانە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەڵسووڕانی ڕووداوەکان نابینن، بەڵام پاڵنەرێکی سەرەکین بۆ نووسینەوە و پاراستنی حیکایەتەکان. غەریب ڕیکۆرد دوای هەوڵ و گەڕانێکی زۆر بە دوای ئەو کوڕە چایچییەدا تەواو بێ ئومێد دەبێت و ناچار واز لە گەڕان دێنێت و بۆ دواجار ڕوو لە خوێنەران دەکات :"**ئازیزان! من وا ئەم چیرۆکەم تەواو کرد، جارێکی تر داوای چیرۆکم لێ مەکەن، با کلیلێ لەم دەرگایە بەین و نەیکەینەوە، بەشکوم کوڕەکەش نەمردبێ، ڕەنگبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پڕ بێتەوە، یان چووبێ بۆ شارێکی تر، یان وڵاتێکی تر، کێ چووزانێ، هەر ئەوەت زانی هاتەوە بۆ لای باوکی، ڕەنگبێ باوکی هەر نەشیناسێتەوە، یان تا ئەو کاتە نەمابێت تا ببینێتەوە، نازانم، ئەوەی لە گیرفانی مندا هەیە و دەمێنێتەوە لە وێنەیەکی کۆن و ڕەشوسپی زیاتر هیچی تر نییە، دەڵێی دوای تارماییەك کەوتووم کە هەر لێرەش نییە، بەڵام گەر وابێت، پرسیارەکە ئەوەیە، باشە بۆچی تا ئێستاش من ناتوانم بە باشی بخەوم؟**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۷۸). بەم شێوەیە

غەریب ڕیکۆرد هەرچەندە دەڵێ چیرۆکەکە تەواودەکەم، بەڵام لە ڕێگای کۆمەڵێك ئەگەر و پرسیارەوە چیرۆکەکە بە ناتەواوی و کراوەیی جێدەهێڵێت و بواریکی فراوان بە خوێنەر دەدات کە خۆی کۆتاییەك بۆ چیرۆکەکە دەستنیشانبکات و پێی ڕازی بن. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەي کە گێڕەڕەوە لەم چیرۆکەدا بە هیچ شێوەیەك خوێنەری تاك نادوێنێت و هیچ پەیامێکی ئاراستە ناکات، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی چەند جارێکی کەم بەراورد بە دوو چیرۆکەکەی پێشتر، لەگەڵ وەرگری (کۆ)دا قسە دەکات.

لێرەدا هەر سێ چیرۆکی بەدوایەکداهاتووی کۆمەڵە چیرۆکەکە تەواودەبێت، کە تارِادەیەك تەواوکەری یەکترن و لە لایەن یەك گێڕەرەوەی سەرەکییەوە دەگێڕدرێتەوە کە ئەویش غەریب ڕیکۆردە.

لە چیرۆکی (درەوشانەوەی مەحاڵ)دا، ئەگەرچی شێوازی سەرەکیی گێڕانەوەکە شێوازی خودییە و بە جێناوی کەسی یەکەم دەگێڕدرێتەوە، بەڵام دەستپێکی چیرۆکەکە بە جێناوی کەسی سێیەم دەستپێدەکات کە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا بەکاردێت. هەروەها سەرەتای چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات :"**هەبوو نەبوو، دەوڵەمەندێکی شار هەبوو کوڕێکی هەبوو، هیچ لە خۆی نەدەچوو.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨١) کە سیمایەکی دیاری گێڕانەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری و میلّییە. دواتر گێڕەرەوە هەر بە جێناوی کەسی سێیەم درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی ئەم کوڕە لە باوکە دەوڵەمەندەکەی ناچێت؟ چونکە وەکو باوکی حەز بە پارە و سامان ناکات و هەمیشە خەونی سەیر و سەمەرە دەبینێت و کەوتووەتە جیهانێکی تایبەت بە خۆیەوە کە لەگەڵ جیهان و دنیابینیی باوکیدا ئاسمان و ڕێسمانن. ئەم دۆخەش ترسێکی گەورەی خستووەتە دڵی باوکییەوە کە ئەگەر فریای نەکەوێت و ئایندەی بۆ مسۆگەر نەکات بۆی هەیە لە برسا بمرێت. باوکەکە ئامادەیە هەر

شتێك بۆ کوڕەکەی بکات بە مەرجێك واز لەو خەونە پووچانەی بهێنێت، ئەویش تەنیا داوای یەك شتی لێ دەکات، هەر ئەو شتەشە کە دەبێتە سەرچاوەی نووسینی چیرۆکەکە. کوڕەکە داوای ئەنجامدانی پێشبڕکێیەکی چیرۆك نووسین لە باوکی دەکات کە پێویستە لە ماوەی مانگێکدا بنووسرێن و هەر خۆیشی تاقە داوەر و ئەندامی بڕیار بەدەستی لێژنەی هەڵسەنگاندن بێت. براوەی خەڵاتی یەکەمیش پارەیەکی خەیاڵی وەردەگرێت. تا ئێرە گێڕەرەوە بە جێناوی کەسی سێیەم دەدوێت و قسە بۆ وەرگری کۆ دەکات و هۆی بەشداریکردنی لەم پێشبڕکێیەدا دەخاتەڕوو "**... خەڵاتی یەکەمیش پارەیەکی زۆر خەیاڵییە من هەر زۆر پێویستم پێیەتی، بەڵام گەر ئێستا بڵێم بۆچیمە، نە بڕوام پێدەکەن و نە تێشم دەگەن. بۆیە پێش هەموو شتێ دەبێ گوێ لە چیرۆکەکەم بگرن.**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۸۳). بەم شێوەیە گێڕەرەوە زەین و هۆشی خوێنەر ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بە پەرۆشەوە گوێ بۆ چیرۆکەکە بگرن، دواتر بە جێناوی کەسی یەکەم دەدوێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە لە چیرۆکەکەیدا دوو خاڵ لەبەرچاو بگرێت، ئەوانیش نووسینی نامەیەك بۆ کوڕی کابرای دەوڵەمەند بۆ ئەوەی بزانێت چیبکات تا خەڵاتەکە بباتەوە؟ هەروەها ئەو چیرۆکەی کە دەینووسێت چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیەتی و بە شێوازێك دەیگێڕێتەوە کە هیچ عەقڵێك وەرینەگرێت. دواتر نامەکە دەنووسێت و کوڕی دەوڵەمەندەکەش وەکو وەرگرێکی تاك دەردەکەوێت. نەك هەر ئەمە، بەڵکو تەواوی ئەو چیرۆکەی کە بۆ پێشبڕکێکە دەینووسێت هەر بۆ وەرگرێکی تاکە کە کوڕی دەوڵەمەندەکەی شارە. بەڵام دوای تەواوبوون و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە، ئیتر ئاراستەی وەرگری کۆ دەکرێت.

بەر لە دەسپێکردن بە نووسینەوەی چیرۆکەکە، گێڕەرەوە وەکو خۆی ئاماژەی پێکرد نامەیەك بۆ ئەو کوڕە دەنووسێت و هەست و پشتیوانیی خۆی بۆ

خەونە سەمەرەکانی دەردەبڕێت، تاکو بتوانێت ڕەزامەندی و قەناعەتی بەدەستبهێنێت و خەڵاتەکە بباتەوە :"**ئازیز! من نازانم تۆ ناوت چییە، بەڵام هەندێ شتی سەیر و جوانم لێ بیستووی، خەونەکانتم خۆش دەوێ. هیوادارم ئەم ڕستەیەم باوکت تووڕە نەکات و لە پێشبڕکێکە نەمکاتە دەرێ. من نازانم بۆ ئەو ڕقی لە خەونەکانتە؟ من بۆ ئەوەی بتوانم چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسم، دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆم لە خەونەکانی تۆ نزیك بکەمەوە، مەبەستمە بڵێم، بۆ ئەوەی بیبەمەوە و تۆ بە دڵت بێ، دەبێ چیرۆکێك بنووسم لە ئاستی خەونەکانی تۆدا بێ و پڕ بێ لە فەنتازیا.**" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨٣ - ٨٤). کەواتە لەم چیرۆکەدا، گێڕەرەوە لەگەڵ هەردوو خوێنەری تاك و کۆدا دەدوێت، بەڵام زیاتر ڕووی دەمی لە خوێنەری تاکە و کوڕی دەوڵەمەندەکەی شارە و چیرۆکەکەی بۆ دەنووسێتەوە. ئینجا دەست بە گێڕانەوەی حیکایەتەکەی دەکات بە ناونیشانی (**چیرۆکی تیپی زەبوون لە کاتی زێڕیندا**) کە تیپێکی فوتبۆڵی لێهاتوو بەڵام تەمەن کورت و کاریگەر بووە لە ڕۆژگاری خۆیدا. لەم چیرۆکەدا باس لە ژیان و بەسەرهاتی یەکە یەکەی ئەندامانی ئەم تیپی فوتبۆڵە دەکات. چیرۆکەکەشی هەر بەپێی پلانی یاریکردن دابەشکردووە.

سەرەتا (حیکایەتی گۆڵچی)ی دەگێڕێتەوە کە گۆڵچییەکی لێهاتووە و هەموو تەمەنی یەك گۆڵێکی لێ کراوە ئەویش لە لای چەپییەوە، چونکە چاوی چەپی کوێربووە، هەر ئەم کوێرییەی چاوی چەپی دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانی بە کارەسات کۆتایی بێت، چونکە لۆرییەك لە لای چەپییەوە بە خێرایی دێت و دەیشێلێت و دەمرێت. پاشان گێڕەرەوە دێتە سەرباسی (نەمانی هێڵی بەرگری) کە ئەمانیش چوار یاریزانی لێهاتوو بوون و لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی وڵات لەگەڵ دراوسێکەیاندا، بڕیاردەدەن شەڕ نەکەن و وڵات جێبهێڵن. دوای ئەوەی هەر چواریان پێکەوە دواهەمین ژەمیان دەخۆن کە هەر یەکەو چوار

شیش جگەر دەبێت، سنووری وڵات دەبەزێنن، بەڵام لە لایەن چەکدارەکانی پاسەوانی سنوورەوە لە دواوە تەقەیان لێ دەکرێت و هەریەکەیان فیشەکێك بەر سەری دەکەوێت و دەمرن. حیکایەتی هێڵی ناوەڕاست بە ناوی (سێ کەسی هێڵی ناوەڕاست)ە، ئەمانیش سێ یاریزانی یەکجار لێهاتوون و داینەمۆی هەموو بردنەوەکانن، بە تایبەتیش (مێك) و (تەیارە) کە لە لای هێڵی ڕاست و چەپی یاریگاوە یاری دەکەن. ئازادە چکۆڵیش لە ناوەڕاستیانەوە دەبێت. (مێك) و (تەیارە) پێکەوە دەیانەوێت نامە و پارە بگەیەننە براکانیان لەناو شۆڕش، لە نزیك باغەکانی تەوێڵە دەکەونە بەر بۆردوومانی فڕۆکە و گیان لەدەست دەدەن. ئازادە چکۆڵیش هەر لەناو یاریگادا بەسەر تۆپەکەدا دەکەوێت و چیتر هەڵناسێتەوە. (هێڵی هێرشبەران) دوا بەشی چیرۆکەکەیە و دوا هێڵە کە هەر سێ یاریزانەکەی لە ژیاندا ماون، بەڵام مانێك بە تامی نەمان. یاریزانەکانی ئەم هێلە بریتین لە خودی گێڕەرەوەی چیرۆکەکە لەگەڵ (خۆپیشاندان) کە لە لای ڕاستەوە یاریدەکات و هەموو تەمەنی گۆڵێکی نەکردووە و بە وتەی خۆی ئەو هەمیشە لە خەونەکانیدا گۆڵ دەکات. ڕۆژێك وڵات جێدەهێڵێت و ئیتر کەس نازانێت لە کوێیە؟ ئەوی لای چەپیش کە ناوی نەهێناوە، واز لە فوتبۆڵ دەهێنێت و ڕوو لە شانۆ دەکات و دواتر بەهۆی ئەوەی لە دۆبلاژێکدا ڕۆڵی (کەر)ی بینیوە و بە کەرە کەرە بانگیان دەکرد، چیتر بەرگەی نەگرت و ڕووی لە شاخ کرد.

ئەوەی لەم تیپی فوتبۆڵەدا ماوەتەوە و خەمی هەمووانی لە کۆڵ ناوە، بە تایبەتیش (خۆپیشاندان) و کەرە)ی هاوڕێی، گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکەیە و هەرگیز ناو و ناسنامەی خۆی بۆ خوێنەران ئاشکرا ناکات.

لێرەدا کۆتایی بە چیرۆکی تیپەکەیان دەهێنێت و ئەم چیرۆکەش وەکو ئەوانی پێشتر بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، چونکە هێشتا دڵنیا نییە کە خەڵاتەکە دەباتەوە یان نا؟ بڕیاریداوە ئەگەر بیباتەوە: "**یەکەمیان هێنانەوەی کەرەگیانە بۆ**

شار و بردنی بۆ لای دکتۆرێکی دەروونی بۆ ئەوەی چاك بێتەوە، (...) دەمەوێت بچم بۆ دەرەوەی وڵات و خۆپیشاندان بدۆزمەوە و بیهێنمەوە بۆ لای دایکە پیرەکەی کە کاتێکی کەمی ماوە و هەمیشە کە من دەبینێ ماچم دەکات و دەڵێ بۆنی ئەوت لێ دێ ..." (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۹۲). چونکە بیستوویەتی لە یەکێك لە وڵاتە بیانییەکاندا یاریچییەکی پەناهەندە هەیە و هەرگیز گۆلی نەکردووە و هەمیشە دەڵێت ئەو تەنیا لە خەونەکانیدا گۆڵ دەکات. بۆیە پێیوایە کە دەبێ ئەوە (خۆپیشاندانی) هاوڕێی بێت. کەواتە گێڕەرەوە زۆربەی زۆری چیرۆکەکەی بۆ وەرگرێکی تاك دەگێڕێتەوە. کۆتایی چیرۆکەکەش بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دیار نییە کە خەڵاتەکە دەباتەوە یان نا؟ کە ئەمەش دیار نەبێت، ئیتر دیار نییە کە (کەرە گیان) دێنێتەوە بۆ شار و سەفەری ئەوروپا دەکات؟ ئەگەر سەفەری کرد، خۆپیشاندان دەبینێتەوە یان نا؟ خۆپیشاندان لەگەڵیا دێتەوە یان نا؟ هەموو ئەم (یان)انە بۆ خوێنەر جێهێڵراون.

چیرۆکی (گوڵەکانی دۆزەخ)، دواهەمین چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە. تیایدا گێڕەرەوە کە ناسنامەی خۆی ئاشکرا ناکات، لە دەستپێکی چیرۆکەکەوە، قسە بۆ دوانزە خوشك و برای خۆی دەکات، واتە وەرگر لێرەدا کۆیە :"**تا جارێ هیچ پرسیارێکم لێ مەکەن، خوشك و برای چاك بن و پرسیارەکانتان هەڵبگرن بۆ دوایی**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۹۷). بەم شێوەیە ئیتر تا کۆتایی چیرۆکەکە دەیەها جار بە چەندین دەستەواژەی جیاواز بە کۆ ناویان دەهێنێت و قسەیان بۆ دەکات وەکو (ئێوە، وا مەزانن، برا و خوشکان، ئازیزان، ئای خوشك و برایان، ئای ئازیزەکانم... هتد). لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە کە برای گەورەی هەموو خوشك و براکانییەتی، دوای مردنی باوکیان هەموویان کۆکردووەتەوە و دەیەوێت لە ڕاستییەکی چارەنووسساز ئاگاداریان بکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان هەموویان بە گێڕەرەوە خۆشییەوە خوشك و برای ڕاستەقینە نین و منااڵی

ڕاستەقینەی ئەو باوکە نین، بەڵکو هەموویان لە هەتیوخانە هەڵگیراونەتەوە. جا باوکیان لەناو کەلوپەلەکانی و لە ژوورە زۆرەکانی کۆشکەکەیاندا، چەندین نامە و پارچە کاغەزی وەکو وەسێتێك بۆ منااڵەکانی نووسیوە. سیانزە سندووقی پڕ لە پارە و خشڵ و زێڕی بۆ جێهێشتوون بەو مەرجەی کە وەسێتەکەی جێبەجێبکەن و بێنەوە لەناو ئەو کۆشکە و پێکەوە بژین. کەواتە حیکایەتە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە ئەم باوکە خۆی گێڕەرەوەیە و نامەی بۆ هەموو منااڵەکانی نووسیوە، بەاڵم دۆزینەوە و پێکەوە گرێدانی ئەو نامانە کەوتووەتە ئەستۆی براگەورە. چونکە ئەم ژنی نەهێناوە و لە ماڵەوە تا مردنی باوکیشی هەر لەگەڵیدا ماوە. لە نامەکان و لە هەموو گێڕانەوەکانی براگەورەدا، لە ڕێگەی دوو حیکایەتەوە کە پێدەچێ پاڵەوانەکە هەر باوکی خۆیانە و لە مردندا گەڕاوەتەوە دنیا و ئەویش بڕیاریداوە کە ئەو هەتیو و بێ کەسانە بگرێتە خۆی و بیانکات بە منااڵی خۆی. لە دۆزەخیشدا تۆوی کۆمەڵێك گوڵی هێناوە و چاندوونی و لە تەواوی دنیاوە هاتوون لێیان کڕیوە و هەر بە فڕۆشتنی ئەو گوڵانە ئەو کۆشکەی بۆ دروستکردن و بەخێوی کردوون. لەمەدا سەرکەوتووش دەبێت. جا دوای ئەوەی برا گەورە (گێڕەرەوەی سەرەکیی هەموو حیکایەتەکە تەواو دەکات و سەرپشکیان دەکات لەوەی کە بچن بە دوای دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆیاندا بگەڕێن، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بە خوشك و براکانی دەڵێت :"**... ڕەنگە زۆر شت مابن و وەك دەبینن ئەم کۆشکە زۆر گەورەیە، من بە تەنیا هەر ئەوەندەم توانی بپشکنم. گەر پێشتان خۆش بوو ئێوەش وەرن و بگەڕێن لەگەڵمدا، لەوانەیە زۆر نهێنی تریش بدۆزنەوە، چەندەها ژوور هەر فریای ئەوە کەوتووم بەسەر پێوە سەیرێکیان بکەم، سەدەها دار ماون و نەچوومە بە الیاندا و نازانم لەژێر ئەم زەوییەدا چی تری لێیە؟ جارێ من هەر ئەوەندەم بۆ کرا. بەاڵم من ماندوو نیم و ئەو گەڕانەشم پێ خۆشە، ئیتر من تا**

ئێرە بەسە، ئازیزان! ئەی برا و خوشکە نازدارەکانم! من بێ دەنگ دەبم و ئێوە قسە بکەن." (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ١١٦). وەکو دەبینین لەم چیرۆکەدا تەنیا وەرگری کۆ هەیە و وەرگری تاك بە هیچ شێوەیەك دەرنەکەوتووە. گێڕەرەوەش کۆتایی چیرۆکەکەی دیسان بە کراوەیی جێهێشتووە. چونکە دیار نییە ئەو خوشك و برایانە دەمێننەوە، یان بە یەکجاری ئەو ماڵە بە جێدەهێڵن؟ بە دوای دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆیاندا دەچن یان نا؟ ئەگەر بچن دەیانبیننەوە یان نا؟

٢.خوێنەری ناوەکی و خوێنەری دەرەکی

ئەگەر چاوێك بەو سەرچاوانەدا بخشێنین کە باسیان لە خوێنەر کردووە، چەندین ناو و زاراوەی جیاوازمان بەرچاو دەکەوێت کە هەموویان بە مانای (خوێنەری ناوەکی و خوێنەری دەرەکی) بەکار هاتوون. جیراڵد برنس لە ڕەخنەگرە یەکەمەکانە کە بایەخی بە وەرگر و خوێنەر داوە، لە میانەی گرنگیی خوێنەر لە پرۆسەی گێڕانەوە و پەیوەندیکردندا، ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە بۆچی ئێمە خۆمان سەرقاڵ و ماندوو دەکەین بە جیاکردنەوە و ناسینەوەی جۆرەکانی گێڕەرەوە (هەموو شتزان، هەمان شتزان) بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کە ئەم پەیام و گوتارەی گێڕەرەوە ئاراستەی کێ دەکرێت؟ ئاشکرایە کە مەبەستی جیراڵد برنس لەم (کێ)یە، خودی (بۆگێڕەوە)یە (سلدن، ١٩٩٦، ١٦٠). برنس جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە بۆگێڕەوە و خوێنەر جیابکەینەوە و تێکەڵیان نەکەین، چونکە خوێنەری ڕاستەقینە دەتوانێت چەندین چیرۆك یان ڕۆمان بخوێنێتەوە کە هەر یەکەیان چەندین بۆگێڕەوەی جیاواز لەخۆدەگرن (برنس، ٢٠٠٣، ١٤٣). ئەم بۆگێڕەوانەش هەموویان بە شێوەی جیاواز لە ڕێگەی گێڕەرەوەوە دەناسێنرێن وەکو ڕەگەزەکەی (خاتوونی ئازیز یان برای بەڕێز) یان جێگا و پێگەکەی (لەسەر کورسییەکەی) یان لە ڕێگەی تەمەنەوە کە کەسێکی

(پێگەیشتوو)ە، بەڵام هەندێك جار خوێنەری ڕاستەقینە بۆی هەیە لەگەڵ بۆگێڕەوەدا یەك بگرێتەوە یان جیاوازبێت، جاری وا هەیە خوێنەر کرێکارێك یان گەنجێکی ڕەشپێستە و لەناو جێگای نوستنەکەی سەرقاڵی خوێندنەوە بێت (سلدن، ١٩٩٦، ١٦٠). بەم شێوەیە برنس (خوێنەری ناوەکی - بۆگێڕەوە) کە بوونەوەرێکە لە کاغەز و لەناو دەقەکەدایە، جیادەکاتەوە لە خوێنەری ڕاستەقینە کە لە دەرەوەی دەقەکەیە و بەڕاستیش سەرقاڵی خوێندنەوەی دەقەکەیە.

(وۆڵفانگ ئایزەر)یش هەمان ئەو جیاکردنەوەیەی جیراڵد برنس دەکات، بەڵام بە زاراوەی جیاواز، ئەم، دوو جۆر خوێنەر جیادەکاتەوە ئەوانیش (خوێنەری شاراوە) و (خوێنەری راستەقینە)ن، هەرچەندە دەبوایە ئەمەی دووەمیان (خوێنەری ئاشکرا) بوایە، چونکە تەواو پێچەوانەی شاراوەیە. بەهەر حاڵ مەبەستی ئایزەر لە خوێنەری شاراوە، ئەو خوێنەرەیە کە دەقەکە بۆ خۆی دروستی دەکات، واتە لەناو خۆیدایە و سەرنجمان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشێت. هەرچی خوێنەری ڕاستەقینەیە، لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا هەندێك وێنەی ئاوەزی وەردەگرێت. شێوەی وەرگرتن و دەوڵەمەندیی ئەم وێنانەش لەسەر ئەزموونی کەڵەکەبووی خودی خوێنەر دەوەستێت، بۆ نموونە ئەگەر خوێنەر کەسێکی بێ باوەڕبوو ئەوا بە شێوەیەکی جیاواز لە کەسێکی باوەڕداری مەسیحی لە شیعری (وۆردس وۆرس)ی شاعیر وەردەگرێت و کاریگەر دەبێت (سلدن، ١٩٩٦، ١٦٤). واتە خوێنەری ڕاستەقینە لە کاتی خوێندنەوەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیر و بۆچوون و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی پێشتری، بەڵام خوێنەری شاراوە لەم کاریگەرییانە دوورە، لەم ڕووەوە تێری ئیگڵتۆن ڕەخنەی ئەوە لە ئایزەر و تەنانەت لە ڕۆڵان بارتیش دەگرێت کە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خوێنەریان لەبەرچاو نەگرتووە و پشتگوێیان خستووە، چونکە خوێنەر بە بڕوای ئیگڵتۆن لە

بۆشاییەوە دەق و گوتارەکانی دەق وەرناگرێت، بەڵکو لە ڕێگەی پێگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیەوە ئەو کارە دەکات کە یارمەتیدەدەن تاکو دەقەکان بە قوولّی ڕاڤە بکات (ایغلتون، ١٩٩٥، ١٤٦)

ئێمە لێرەدا بۆ ئەوەی خۆمان لەو پشێویی زاراوانە ببوێرین، وەکو لە ناونیشانی تەوەرەکەدا دەستنیشانمان کردووە، زاراوەی خوێنەری ناوەکی بۆ (بۆگێڕەوە و خوێنەری شاراوە) بەکاردێنین و خوێنەری دەرەکییش بۆ (خوێنەری ڕاستەقینە یان ئاشکرا) بەکاردێنین و هەوڵدەدەین لە چیرۆکەکانی کەرەستەی توێژینەوەکەدا دەستنیشانیان بکەین و شییان بکەینەوە.

لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، ئارام کاکەی فەلاح بەپێی پێویست هەر دوو جۆری خوێنەری دواندووە.

لە چیرۆکی (نووسینەوەی درِك)دا، نووسەر هەردوو خوێنەری دەرەوە و ناوەوەش دەدوێنێت، بەڵام زیاتر ڕوو لە خوێنەری دەرەوە دەکات و گوتاری ئاراستە دەکات (ڕەنگ بێ پێتان خۆش بێ بزانن، لێتان ناشارمەوە، تۆی خوێنەری ئازیز، ئەی خوێنەری خۆشەویست، ئەمەی ئێوە دەیخوێنەوە، ئێوە چووزانن، ئێوە چەند پارسیی دەناسن، ئێستا خوێنەری خۆشەویست، ئەی خوێنەری ئازیز). ئەمانە هەموو ئەو شێوە دەربڕینانەیە کە لە ڕێگەیانەوە (غەریب ڕیکۆرد)ی گێڕەرەوە بەکاریاندەهێنێت بۆ پەیوەندیکردن بۆ خوێنەری دەرەوەی دەق، بەمەش خوێنەر زیاتر دەباتە ناو جیهانی دەقەوە و وای لێ دەکات کە بە پەرۆشەوە گوێ بۆ حیکایەتەکە بگرێت. لەبەر زۆریی نموونەکان تەنیا یەك نموونە دێنینەوە.

هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە غەریب ڕیکۆرد کە خۆی دەناسێنێت، ڕووی دەمی لە خوێنەری دەرەوەیە، **"من ناوم غەریبە، غەریب ڕیکۆرد. ڕەنگبێ پێتان خۆش بێ بزانن، ئەم ناوەی من بۆ وا سەیرە و لە کوێوە هاتووە؟ لە**

ڕاستیدا ئەمە نازناوی منە و ماوەی بیست ساڵێکە وای لێ هاتووە، دەنا پێش ئەوە نازناوم "خەریك ڕیکۆرد" بوو" (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٢٣). ڕاستە لێرەدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەری دەرەوە نییە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بۆ خوێنەری ناوەوەش نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بە دوو بەڵگە بڕیاربدەین کە گێڕەرەوە لەم نموونەیەدا مەبەستی خوێنەری دەرەوەیە، یەکەم؛ ئەوانەی خۆیان پێ دەناسێنێت بە هیچ شێوەیەك وەکو کارەکتەر لەناو چیرۆکەکە دەرناکەون. دووەمیش؛ لە لاپەڕەکانی دواتردا خوێنەر دڵنیا دەبێتەوە کە گێڕەرەوە قسە بۆ خوێنەری دەرەوە دەکات، چونکە چەند جارێك ڕاستەوخۆ ناوی خوێنەر دێنێت، وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بە دەربڕینەکان کردووە. بۆ نموونە :"... **منێك هەر بەو پاکی و شەرمنییەی جارانمەوە بێم و حیکایەتی هەر چوارمان بنووسمەوە. چواری چی؟ دووانمان ماوین، ئاخ گەر چیرۆکنووس دەبووم، ئەی خوێنەری خۆشەویست! وا بە ئاسانی ئەوەم نەدەدا بە دەستەوە کە لە چوار دووانمان ماوین، ئەی دووانەکەی تر کێن؟ کوان؟ چییان لێ هات؟"** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٢٤ - ٢٥). ئەم جۆرە دەربڕین و دووانەنانە ئەو هەستە بە خوێنەر دەبەخشن کە ئەوانیش بەشێکن لە ڕووداوەکان، گێڕەرەوە زۆر ستەمکارە و تەنیا وەکو وەرگرێکی بێ دەنگ و گوێڕایەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و هیچ بوارێکیان پێ نادات بۆ قسەکردن.

سەبارەت بە خوێنەری ناوەوەش، تەنیا دوو نموونەمان بەرچاو دەکەوێت کە هەردووکیان لە ڕێگەی نامەوە بەرجەستە کراون. واتە گێڕەرەوە نامە بۆ کارەکتەرێك دەنووسێت کە بەشدارن لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە. یەکەمیان کاتێك کە پیاوە سیحربازەکە بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکراوە و دادگایی دەکرێت، غەریب ڕیکۆرد بۆ ئەوەی تۆمەتەکانی بەسەردا ساغ بکاتەوە، وەکو کەسێکی نادیار چەندین نامە بۆ سەرۆکی دادگا دەنووسێت و باسی سروشت و

هەڵسوکەوتەکانی سیحربازەکە دەکات بۆ ئەوەی قەناعەت بە دادگا بکات کە کابرای سیحرباز بەڕاستی دزە. کاتێك سیحربازەکە چەند جارێك خوێنی لووتی دەڕژێت و ناچار دەیبەن بۆ نەخۆشخانە و بۆی دەسووتێنن تاکو خوێنەکەی بوەستێت، غەریب ڕێکۆرد نامەیەك بۆ سەرۆکی دادگا دەنووسێت و وەکو دەروونناسێك بۆچوونی خۆی لەبارەی سیحربازەکە بۆ سەرۆکی دادگا دەخاتەڕوو :**"گەورەم! سیحربازەکە درۆ دەکات، کە درۆ دەکات وای لێ دێت. تۆ (پینۆچیۆ) دەناسی، کە درۆی دەکرد لووتی درێژ دەبوو، ئەم کابرایەش کە درۆ دەکات، خوێنی لووتی دەپرژێت. هەر یەك لە ئێمە گەورەم! کە درۆ دەکەین، شتێکمان لێ ڕوو دەدات، گرنگ ئەوەیە بدۆزرێتەوە. ئەوە میتۆدێکی باشە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٤٤). بەم شێوەیە سەرۆکی دادگا کە کارەکتەرێکی گرنگی چیرۆکەکەیە، وەکو وەرگرێکی ناوەکی بە پشتبەستن بە نامەکانی غەریب ڕێکۆرد بڕیار لەسەر تاوانباریی سیحربازەکە دەدات و هەموو هەوڵ و تەقەللاکانی غەریب سەرکەوتوو دەبێت بۆ تۆڵەسەندنەوە لە سیحربازەکە.

لە چیرۆکی (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد)دا، هەردوو خوێنەری دەرەوە و ناوەوە تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی یەکسان بەکارهاتوون. هەر لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا غەریب ڕێکۆردی گێڕەرەوە لە ڕێگای پرسیارکردنەوە خۆی بە خوێنەری دەرەوە دەناسێنێت :**"نازانم دەمناسنەوە یان نا، من غەریبم، غەریب ڕیکۆرد. ئەو کەسەی پەیمانم پێدان، چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسمەوە کە بوو بە بەرد."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٣). پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە کە ئەم چیرۆکە تەواوکەری چیرۆکی پێش خۆیەتی و لە چیرۆکی پێشتردا غەریب ڕیکۆرد بەسەرهاتی ئەو پیاوەی کە لەناو دڕکەکانی حەوشەی پیاوە سیحربازەکە دەبێت بە بەرد، دوا دەخات و بەڵێن بە خوێنەران دەدات کە لە داهاتوودا

چیرۆکەکەی بنووسێتەوە. دیارە ماوەیەکی زەمەنیی وەهای پێ چووە تا غەریب ڕیکۆرد لە خوێنەران دەپرسێت: **نازانم دەمناسنەوە یان نا**. دوای ئەوەی خۆی بە خوێنەران دەناسێنێتەوە، دەس بە گێڕانەوەی حیکایەتی پیاوە بە بەردبووەکە دەکات. لە دوو شوێنی دیکەش لە ڕێگەی دەربڕینی (ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز)ەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە حیکایەت بۆ خوێنەری دەرەوە دەگێڕێتەوە، **"ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز! ئاگایەکی باشت لەم شپرزەییەی من هەیە لە پێکەوە بەستنەوەمدا بۆ ئەو ڕێگایەی، کە هەتا بێت، لە ئەفسوون زیاتر دەچێ وەك لە ڕێگایەکی ئاسایی. باش دەزانی کە درەنگ تەواوکردنی منیش بۆ چیرۆکەکە ناگەڕێتەوە بۆ تەممەڵی، بەڵکو وەك وتم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ژنەکە لە پڕ دیار نەما. تەنها ڕێگایەکیش بۆ من ئەوەبوو کە دوای بکەوم و هەوڵ بدەم بیدۆزمەوە."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٦٠). لێرەدا گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت و ڕوو لە خوێنەری دەرەوە دەکات و باس لەو زەحمەتییانە دەکات کە لە کاتی دەستخستنی زانیارییەکان لەبارەی پیاوە بە بەردبووەکەوە هاتوونەتە ڕێگای، ئەویش بریتییە لە ونبوونی ژنی پیاوەکە کە لە سەرچاوەی زانیارییەکانە لە پڕ دیارنامێنێت، هەر ئەمەش وا دەکات تەواوکردنی چیرۆکەکە دوابکەوێت، بۆیە گێڕەرەوە کە دەست بە گێڕانەوەی حیکایەتەکە دەکات دڵنیا نییە کە ئایا خوێنەران ناوی ئەویان لە بیر ماوە یان نا؟

سەبارەت بە خوێنەری ناوەوەش، هەر غەریب ڕیکۆردی گێڕەرەوە خۆی ماوەیەك دەبێت بە بۆگێڕەوە (وەرگری ناوەوە)، ئەویش کاتێك کە ژنی پیاوە بەردبووەکە باسی ئەو ڕێگا سەخت و درێژەی بۆ دەکات کە هەموو جارێك پێیدا دێت بۆ سەردانی پەیکەری هاوسەرەکەی. دیارە غەریبیش بۆ ئەوەی هیچ شتێکی لە وردەکاریی ئەو ڕێگایە بیر نەچێتەوە، هەموو قسەکانی ژنەکەی تۆمارکردووە. خوێنەر بە ئاسانی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە لێرەدا قسەکەر، یان

گێڕەرەوە ژنەکەیە و وەرگریش غەریب ڕیکۆردە، ئێمە لەبەر دریژی قسەکانی ژنەکە تەنیا بەشێکی کەمی لێ وەردەگرین، "**بە پێ دوو هەزار هەنگاو دەنێم و دەگەمە لێژاییەك، بەردێك هەر لەوێدا دەکەوێتە خوارەوە بۆ چاڵاییەك کە لە دوورەوە لە شتێکی سەیر دەچێ. هەمیشە کە دەگەمە ئەوێ بەردێك دەکەوێتە خوارەوە... سەیرە نازانم بۆ؟ (...) دوای سێ سەعات لەسەر سەدەکە دادەبەزم، هەر کە دەگەمە سەر سەدەکە باران دەباریّت، هەمیشە کە دەگەمە ئەوێ باران دەباریّت، سەیرە... نازانم بۆ؟ نیو سەعاتێ بە پێ دەگەمە ناو دڕکەکان لە بەردەم پەیکەری بەردینی مێردەکەمدا فرمێسك بەرچاوانم دەگرێت و غەمێکی چڕیش بەر دڵان. ماوەیەك لەگەڵ پەیکەرەکەدا دەدوێم، بەردێك کە هەست دەکەم گوێی لێمە. دوایی دەڕۆمەوە ...هتد**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۵۸ - ۵۹). ژنی پیاوە بەبەردبووەکە هەمان وێنەی ڕێگەکە بۆ غەریب باس دەکات کە پێیدا هاتووە. ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا ئەم ژنە باسی ئەو قۆناغەی دوای بە بەردبوونی هاوسەرەکەی و سەردانیکردنی پەیکەرە بەبەردبووەکەی دەکات. بەڵام بەر لە کۆتایی چیرۆکەکە باسی سەرەتاکانی ئاشنابوون و عاشقبوونیان بە یەکتری دەکات، لێرەشدا بە ئاشکرا ڕوو لە غەریب دەکات و بە کوڕی خۆی ناوی دەبات، "**سەرەتاکان کوڕی خۆم! ئەم مێردە بەردینەی من ئێستا وای مەبینە بووە بەم پەیکەرە و ناجوولێیت، وای مەبینە کە هیچ نالێ هی ئەوەیە عاشقێکی سارد و سڕە و کوڕی بەفر و نەوەی سەهۆڵە. ئێمە هێندە عاشقی یەك بووین هەر مەپرسە. ئەم نەگبەتەی من دەبووایە گرەو لە نۆزدە کەس بباتەوە کە لە یەك کاتدا هاتبوون بۆ داخوازی من، بە خۆیەوە بیست... هتد**" (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۵۳). لێرەدا نووسەر پشوویەك بە گێڕەرەوە دەدات و دەیکات بە بۆگێڕەوە و دەیەوێت هەموو زانیارییەکان لەبارەی پیاوە بەبەردبووەکەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هاوسەرەکەیەوە پێشکەش بکات.

لە چیرۆکی (درەوشانەوەی مەحاڵ)دا، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، گێڕەرەوە بەو هیوایەی خەڵاتی یەکەم بباتەوە چونکە پارەیەکی خەیاڵییە و زۆر پێویستی بەو بڕە پارەیەیە، بۆیە ئاماژە بۆ دوو خاڵ دەکات کە پێویستە بەر لە نووسینی چیرۆکەکە بەو کوڕەی بڵێت؛ **"یەکەمیان نامەیەکی کورت بۆ کوڕەکە، نامەیەك کە تیایدا باسی ئەوە بکەم، کە من چیبکەم بۆ ئەوەی بتوانم بیبەمەوە. دووەمیان چیرۆکەکە، کە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی ژیانی من بێت، کە بەسەرما هاتبێ، ڕاست بێت، بەڵام وا بە ئاسانی نەچێتە عەقڵەوە، دواجار بە کورتی دەبێ ئەوە بنووسم، گەر من یەکەم بووم بەو پارەیەی کە دەیبەمەوە چی دەکەم."** (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۸۳). هەموو ئەم قسانە گێڕەرەوە بۆ وەرگری دەرەوە دەیانکات و گرنگییەکی زۆریشی هەیە بۆ خوێنەر، چونکە لە خاڵی یەکەمدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لێرەوە ئیتر وەرگرەکە دەبێت بە وەرگرێکی ناوەکی. لە خاڵی دووەمیشدا هەم خۆی دەبێت بە گێڕەرەوەیەکی هەمان شتزان و بە جێناوی یەکەم قسە دەکات چونکە چیرۆکەکەی کە دەینووسێت بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیەتی و هەمیش خوێنەری ناوەوە و دەرەوەش لە یەك کاتدا پەرۆشدەکات کە ئەگەر خەڵاتی یەکەم بباتەوە، چی لەو پارە خەیاڵییە دەکات؟ دیارە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەوەمان پێدەڵێت.

"ئازیز! من نازانم ناوت چییە، بەڵام هەندێ شتی سەیر و جوانم لێ بیستووی، خەونەکانتم خۆش دەوێ، هیوادارم ئەم ڕستەیەم باوکت تووڕە نەکات و لە پێشبڕکێکە دەرم نەکاتە دەرێ من نازانم ئەو بۆ ڕقی لە خەونەکانتە؟ من بۆ ئەوەی بتوانم چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسم، دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان، خۆم لە خەونەکانی تۆ نزیك بکەمەوە، مەبەستمە بڵێم، بۆ ئەوەی بیبەمەوە و تۆ بە دڵت بێ، دەبێ چیرۆکێك بنووسم لە ئاستی خەونەکانی تۆدا بێ و پڕ بێ لە فەنتازیا، ئای کە نووسینی چیرۆکێکی باش زەحمەتە، ئەوانە

دەزانن، کە قەت ناتوانن بینووسن، من نازانم لە کامیانم، بەڵام هیوادارم چیرۆکەکەم بە دڵی تۆ بێ و خەڵاتی یەکەم وەربگرم. هەرچەندە ئەوەشم لەبەر چاوە کە چیرۆکە باشەکان بە دەگمەن نەبێ لە پێشبڕکێکاندا نایبەنەوە، بۆ نایبەنەوە نازانم؟ خۆزگە وەڵامی ئەو پرسیارەم لا دەبوو بە بێ ئەوەی کەس زویر بکەم." (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٨٣ - ٨٤). ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە کە گێڕەرەوە بۆ کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکەی شاری نووسیوە. دواتر دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆی دەکات کە لەبارەی تیپێکی دوو گۆڵییەوەیە لە تەمەنێکی کورتدا مێژوویەکی پرشنگداریان تۆمارکردووە و ناویان لە یادەوەریی نەوەکانی پێشتردا ماوەتەوە. بەڵام زۆربەی ئەندامانی ئەم تیپە بە کارەسات کۆتایی بە ژیانیان هاتووە. ئەوەی ماوەتەوە، خودی گێڕەرەوەیە کە ناسنامەی دیار نییە و چارەنووسی ئەوەبووە کە چیرۆکەکە بۆ کوڕی دەوڵەمەندەکەی شار بگێڕێتەوە. دوای باسکردنی حیکایەتی هەموو ئەندامانی تیپەکە، دەڵێت :" **... ئەگەر منیش لە پێشبڕکێکەدا بردمەوە، ئەوا بە پارەکەی دوو کاری زۆر گرنگ دەکەم؛ یەکەمیان هێنانەوەی کەرە گیانە بۆ شار و بردنی بۆ لای دکتۆرێکی دەروونی بۆ ئەوەی چاك بێتەوە (...) بە بەشێکی تری پارەکە، دەمەوێ بچم بۆ دەرەوەی وڵات و خۆپیشاندان بدۆزمەوە و بیهێنمەوە بۆ لای دایکە پیرەکەی، کە کاتێکی کەمی ماوە و هەمیشە کە من دەبینێ و ماچم دەکات و دەڵێ بۆنی ئەوت لێ دێ، ڕەنگی ئەوت گرتووە ...هتد."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ٥٣). وەك دەبینین تەواوی ئەم چیرۆکە بۆ تاکە وەرگرێکی ناوەکی دەگێڕدرێتەوە، وەکو لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەڵام دوای چاپکردن و بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکە، دەگات بە خوێنەری کۆ و درەرەوەی دەقەکە.

لە چیرۆکی (گوڵەکانی دۆزەخ)دا، کە دواین چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە، گێڕەرەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی چیرۆکەکە ناسنامەی خۆی ئاشکرا

ناکات، تەنیا ئەوە نەبێ کە برا گەورەی ئەو دوانزە خوشك و برایەیە قسەیان بۆ دەکات و وەرگریش هەر ئەو دوانزە خوشك و برایەن و وەرگرێگی ناوەکیین، هەموویان بە بێ ئەوەی یەك وشەش بڵێن تا کۆتایی چیرۆکەکە بە بێ دەنگی دەمێننەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە، ئەگەرچی گێڕەرەوەیەکی هەمان شتزان و بەشداربووی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەیە، بەڵام کۆمەڵێك نهێنی لەناو کەلوپەلەکانی باوکی کۆچکردوویاندا دەبینێتەوە کە خۆی لە وەسێێکدا دەبینێتەوە، ئەمیش ناچار هەموو خوشك و براکانی کۆکردووەتەوە تاکو ئەو نهێنی و وەسێتەی باوکیان بۆ باسبکات و سەرپشکیشیان بکات لە جێبەجێکردنیدا. نهێنییەکەش بریتییە لەوەی کە ئەو سیانزە خوشك و برایە هیچیان خوشك و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین، بەڵکو (گوڵەباخ)ی باوکیان لە هەتیوخانە هەڵیگرتوونەوە و بەخێوی کردوون. لە وەسێتەکەشیدا داوای ئەوەیان لێ دەکات کە هەموو بگەڕێنەوە ئەو کۆشکەی کە بۆی دروستکردوون و پێکەوە بژین، بۆ ئەمەش تەماحێکی خستووەتە بەریان کە هەر یەکەیان بڕێکی زۆر پارە و زێڕی بۆ داناون.

لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا، گێڕەرەوە بەم شێوەیە دەدوێت :**"نا، جارێ هیچ پرسیارێکم لێ مەکەن. خوشك و برای چاك بن و پرسیارەکانتان هەڵبگرن بۆ دوایی. دوای کردنەوەی باوڵی پڕ لە نامەکان، سندووقی بەیازە پچڕاو پچڕاوەکان، بەسەرهاتە تێکەڵوپێکەڵەکان، ئاشکراکردنی نهێنییە سەیرەکان، چ لەسەر زەوی، چ لە ئاسمان، هەڵی گرن بۆ دوایی، دوای گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان.**

من ئێوەم بۆیە لەم باخچەیەدا کۆکردۆتەوە، لەم ماڵە گوڵەدا، ئەم کۆشکەی هەر لە شووشەی عەترێکی گەورە دەچێت، بۆیە چوار مانگم بۆ دۆزینەوەی هەمووتان بەسەر برد، بۆ ئەوەی پێتان ڕابگەیێنم، کە هەر یەکە لە

ئێوە ژووریٚکی هەیە، ژووریٚك لە پەڕەی گوڵ، ناوتان لەسەر دەرگاکان نووسراوە، ئەو دەرگایانەی دەتانبەنە ژووڕەکانی خۆتان، ئەو ژوورانەی، کە پڕن لە باوڵی زیٚڕ و جانتای زیو و پارەی زۆر، کە بیٚغەم، تا نا کۆتا بەشتان دەکات." (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۹۷). دواتر تا کۆتایی چیرۆکەکە بە چەندین دەربڕینی تر و جیاواز ناوی وەرگری ناوەوە دەبات وەکو (**خوشك و برای چاك بن، ئازیزان، نا خوشکان، ئای خوشك و برایان، برا و خوشکە ئازیزەکانم**) و تەواوی نهێنییەکانیان بۆ خوشك و براکانی ئاشکرا دەکات و دەیگێڕێتەوە. ئامانجی سەرەکی لە گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە کۆکردنەوەی ئەو دوانزە خوشك و برایەیە کە دوای ئەوەی هەر یەکەیان ژنی هێناوە و شووی کردووە، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا پچڕاندووە، خەونی گوڵەباخی باوکیان ئەوەیە ئەگەر بە مەرگی خۆیشی بێت کۆببنەوە و هەموویان لە یەك کۆشکدا وەکو یەك خێزان پێکەوە بژین. :**"تا توخوا جارێ پرسیار مەکەن! ئەو خۆشییەم لێ تێك مەدەن، لە سەیرکردنتان کە لە دوای ئەو هەموو زویربوون و تووڕەبوونەتان لە یەکتر، وا هاتنەوە ئێرە و پێکەوە کۆبوونەوە. ئاگاتان لەوەیە چۆن شتێ هەیە پێکەوە دەمانبەستێتەوە، تەمەننای گوڵەباخ بوو هەمیشە پێکەوە بووینایە، بەڵام ئیدی وا کەوتەوە و خۆی وتەنی بە مەرگی خۆی ئەم کۆبوونەوەیەی ساز کرد. ئێوە چی ناو دەنێن ناوی بنێن، بەڵام من ناوی دەنێم گرێکوێرەی خۆشەویستی. ئاگاتان لێیە هەرچەندە دوای ئەوەش کە زانیوتانە خوشك و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین، کەس لە شوێنی خۆی جووڵە ناکات تا بڕوات. ئەوە ئەوە دەگەیەنێ کە دەتانەوێ لەسەر خۆشەویستی بۆ یەکتر بەردەوام بن و منیش لە گێڕانەوەدا بەردەوام بم."** (کاکەی فەلاح، ۲۰۰۷، ۱۰۵). لێرەدا دەکرێت ئەم قسەیە وەکو گوتارێکی سیاسی لە قەڵەم بدەین و ئەو دوانزە خوشك و برایە وەکو نەتەوەیەکی سەرلێشێواو و خۆخۆر بچوێنین و خەمی گەورەی باوکیان ئەوەیە

کە کۆ ببنەوە و یەکگرتووبن. دواتر دەست بە گێڕانەوەی دوو حیکایەت دەکات کە لە بنەڕەتدا حیکایەتی باوکیانە و لە ڕێگای گێڕانەوەیەکی فەنتازییانە ئەوە ئاشکرا دەکات کە باوکیان هەر پالەوانی ئەو دوو حیکایەتەیە. ئەویش ئەوەیە بە گەنجی عاشقی کچێك دەبێت و دواتر کە دەمرێت و لەسەر پردی سیراتدا وێڕای ئەوەی کە پردەکە وەکو گوێزانێکی تیژ تەسك دەبێتەوە- بەڵام ئەم گەنجە عاشقە هەر دەپەڕێتەوە و بڕیار دەدرێت بیخەنە بەهەشتەوە، بەڵام ئەو خۆی ڕازی نابێت و خۆی لەسەر پردەکەوە فڕێدەداتە خوارەوە، فریشتەکان دەیگرنەوە و دەیهێننەوە بۆ ناو ژیان و ئەویش داوا دەکات هەندێ گوڵی دۆزەخ لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، ئەوانیش گوڵەکانی پێدەدەن و دێتەوە دنیا و بڕیار دەدات کە سیانزە منانّی بێ دایك و باوك هەڵبگرێتەوە و پەروەردەیان بکات. لە کۆتایی حیکایەتەکەشدا پێیان دەڵێت کە هەر یەکەتان ژووورەکەی ئامادەیە و سندووقێکی گەورەی پڕ لە پارە و زیو زێڕ تێدایە، ئیتر بڕیاری کۆتایی لای خۆتانە و دەشتوانن خۆتان زیاتر بەناو کۆشکەکەدا بگەڕێن و ڕاستی و نهێنیی زیاتر بدۆزنەوە. هەروەها دەکرێت ئەم کۆشکە و گەڕان بەناویدا وەکو مێژوو و ڕەچەڵەکی نەتەوە چاوی لێ بکرێت و پێویستی بەوەبێت کە زیاتر تێیدا قوڵ ببنەوە و شتی تازەی لێوە فێربن. **"ئیتر من تا ئێرە بەسە. ئازیزان! ئەی برا و خوشکە نازدارەکانم! من بێ دەنگ دەبم و ئێوە قسە بکەن."** (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٧، ١١٦). بەم ڕستەیە گێڕەرەوە کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێت و خۆی بێ دەنگ دەبێت و بوار بە خوشك و براکانی دەدات قسە بکەن. بەڵام چیرۆکەکە بەکراوەییەوە دەمێنێتەوە. چونکە هیچ دیار نییە خوشك و براکان قسە دەکەن یان نا؟ ئایا ڕازی دەبن لەو کۆشکە بمێننەوە و پێکەوە خوشکانە و برایانە بژین؟ بە دوای نهێنیی دیکەدا دەگەڕێن لەناو کۆشکەکە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیار و ئەگەرانە لای وەرگری دەرەکییە

کاتێك دەقی چیرۆکەکە چاپ دەبێت و دەکەوێتە دەستی و دەیخوێنێتەوە، ئەو کات بە بڕوا و قەناعەتی خۆی یەکێك لەو ئەگەرانە پەسەند دەکات.

٣.خوێنەری نموونەیی و خوێنەری ئاسایی

سەرەتا ڕوون و ئاشکرایە کە مەبەست لە خوێنەری ئاسایی، جەماوەری خوێنەری دەرەوەی دەقی ئەدەبییە، کە دوای چاپبوون بڵاوبوونەوەی دەقەکە بە مەبەستی کات بەسەربردن، یان چێژوەرگرتن دەیخوێننەوە. واتە تەواو پێچەوانەی خوێنەری نموونەییە و هیچ تایبەتمەندییەکی ئەوی تێدا بەرچاو ناکەوێت، هەر ئەمەشە وای کردووە کە توێژەران و ڕەخنەگران بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەن.

هەرچی خوێنەری نموونەییە، بەردەوام ڕووبەرێکی فراوانی لە کاری توێژەران و ڕەخنەگراندا داگیرکردووە. ئەمەش وێڕای گرنگییەکەی، وای کردووە چەندین زاراوەی جیاواز لە ڕووکەش و وێکچوو لە مەبەستدا بێتە ئاراوە. وەکو خوێنەری (نموونەیی، شیاو، زیرەك، هەڵوەشێنەر). هەموو ئەم جۆرە خوێنەرانە، بریتین لە خودی (ڕەخنەگر) و پێچەوانەی خوێنەری ئاسایی کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەیە، یارمەتییان دەدات لە شیکردنەوە و ئاشکراکردنی پەیامە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی. هەروەها زاراوەی (خوێنەری بەرهەڵستکار - مقاوم)یشمان هەیە کە هەم لە ڕووی مێژووی دەرکەوتن و هەم لە بواری دەرکەوتنیشیدا، نوێیە، بەڵام ئەویش هەر بە واتای خوێنەری نموونەیی دێت. خوێنەری بەرهەڵستکار یەکەم جار ساڵی ١٩٧٨ لە بواری ڕەخنەی فێمینیستی، لە لایەنی (جۆدێت فێترلی)ی لە کتێبێکدا هەر بە ناوی (خوێنەری بەرهەڵستکار)ەوە بەکارهاتووە. لەم کتێبەدا (جۆدێت فێترلی)، هەڵوێستێکی توند لە دژی ئەو نووسینانە وەردەگرێت کە پیاوان لەبارەی ژنان و بە زمانی ژنانەوە دەیاننووسن، چونکە پێیوایە دەستەڵاتی ئەدەبی ئەمریکی و ئەو نموونە

دیارانەی کە ئەدەبی ئەمریکییان گەیاندووە بە پلەی جیهانیبوون، نموونەگەلێکن دژی ژن و هەرگیز ئەزموونی ڕاستەقینەی ژنان نانوێنن. بۆیە هەمیشە هانی گفتوگۆ و دیالۆگ دەدات، تاکو سەرلەنوێ وێنەی ڕاستەقینەی ژنان لەلایەن خودی ژنانەوە بخوێنرێتەوە (المالكي، ٢٠١٦، ١١ و ١٣). کەواتە بە بڕوای (فێترلی) خوێندنەوەی ژنان بۆ دەقی ئەدەبی جیاوازە لە خوێندنەوەی پیاوان و بە تایبەتیش بۆ دەقێك کە ژنانە بێت و دەربڕی خەمەکانی ئەوان بێت. ئەم هەڵوێستە بوێرانەیەی (فێترلی) :"پاڵی بە خوێنەری ئەمریکییەوە نا سەرلەنوێ تاوتوێی ئەدەب بکەنەوە و بەرهەڵستی دەستەڵاتی دەقە کلاسیکییەکان بکەن و خۆیان لەو بۆچوون و پێوەرە جێگیرانە ڕزگاربکەن کە ماوەیەك ڕەخنەیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردبوو" (المالكي، ٢٠١٦، ١٢). بەڵام پێویستە خوێنەری نموونەیی لە هەموو حاڵێکدا، پیاو بێت یان ژن، لە بارەی ئەدەبی پیاوانەوە بدوێ یان ئەدەبی ژنان، یان ئەدەب بە گشتی، "پێویستە وڵات و چین و ڕەگەز بەلاوە بنێت و خاڵی بێت لە هەر تایبەتمەندییەکی ئیتنی و هەموو گریمانەیەکی پێشوەختە کە سنوور بۆ بۆچوونەکانی دابنێت" (معيكل، ٢٠١٠، ٢٩١). واتە ئەدەب وەکو داهێنانێکی مرۆیی چاو لێ بکات. ماوەتەوە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین؛ ئایا خوێنەری نموونەیی خوێنەرێکی تاکە یان کۆ؟ ناوەکییە یان دەرەکی؟ لە ڕاستیدا دەکرێت هەندێ جار خوێنەرێکی تاك بێت و هەندێ جاریش کۆ بێت. هەروەها دەشێت خوێنەرێکی هەندێ جار ناوەکی بێت و زۆرجاریش خوێنەرێکی دەرەکی بێت.

سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی خوێنەری نموونەیی لە کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی درِك)دا، کە پێنج چیرۆکی جوان لەخۆ دەگرێت، بەپێی زانیاری و بەدواداچوونی ئێمە تەنیا نووسەر و ڕەخنەگر (ئارام سدیق) لە دوو نووسیندا سەرپێییانە ئاوڕێکی لەم چیرۆکانە داوەتەوە، ئەویش لە کتێبێکدا بە ناوی

(نەمری و گێڕانەوە – ڕامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح)دا. ئەم کتێبەی ئارام سدیق دە لێکۆڵینەوە و دیدارێك لەخۆدەگرێت کە هەر خۆی لەگەڵ (ئارام کاکەی فەلاح)دا ئەنجامیداوە. دیارە لێکۆڵینەوەکان سەربەخۆن و لە کاتی جیاجیادا نووسراون و دواتر لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، بەڵام دیار نییە کە کامیان بەر لەوی تر نووسراوە، چونکە بەرواری نووسینی هیچیانی نەنووسیوە، هەروەها دیاریش نییە کە ئایا بەر لەوەی لەم کتێبەدا کۆیانبکاتەوە لە جێگای تر بڵاوي کردوونەتەوە یان نا؟

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، ئەو دوو هەڵوەستەیەیە کە لەبارەی کۆمەڵە چیرۆکی (نووسینەوەی درِك)ە. یەکەمیان؛ نووسینێکە بە ناوی (تەنز لە چیرۆکی نوێدا – بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح بە نموونە)، لێرە لە تەوەرەیەکدا بە ناوی (تەنز لە ناوی پاڵەواندا)، هەڵوەستەی لەسەر ناوی (غەریب ڕیکۆرد) کردووە کە پاڵەوان و گێڕەرەوەی سەرەکیی هەرسێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکەکەیە و پێیوایە کە سیمایەکی کۆمیدی و تەنزئامێزی هەیە : "ئەم پاڵەوانە هەر لە ناوەکەیەوە کۆمیدی دێتە نێو زیهنی خوێنەرەوە و بە شێوەی سەیر و تەنزاوی دووبارە و سێبارە لەو سێ چیرۆکەی یەکەمی ئەو کۆمەڵەیەدا خۆی بە خوێنەر دەناسێنێتەوە." (سدیق، ۲۰۱۲، ۵۵). لە ڕاستیدا ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکەکەدا، هیچ وەسفێکی کۆمیدییانە و تەنز ئامێزانەی غەریب ڕیکۆرد ناکات، تەنیا لە زاری غەریب ڕیکۆرد خۆیەوە ئاماژە بە ناوەکەی و چۆنیەتی گۆڕینی لە (خەریك ڕیکۆرد)ەوە بووە بە (غەریب ڕیکۆرد)، دەکات. واتە لە بنەڕەتدا ناوی یەکەم (خەریك ڕیکۆرد) هۆی کۆمیدیبوونی پاڵەوانەکەیە، ئەگەرنا خودی ناوی (خەریك ڕیکۆرد) بۆ کارەکتەرەکە مایەی داخە، چونکە هەرگیز نەیتوانیوە ڕیکۆرد بشکێنێت. بەڵام لێرەدا سەرنجی ئارام سدیق وەکو خوێنەرێکی نموونەیی زۆر ورد و بەجێیە و وەکو هەر خوێنەرێکی ئاسایی و

بە سەلیقەش درك بەو شێوازە کۆمیدییە دەکات بە هۆیەوە ناوەکە گۆڕاوە بۆ غەریب ڕیکۆرد.

لە نووسینی دووەمدا بە ناوی (گەمەی گێڕانەوە لە نووسینەوەی درِکدا – ڕامانێکی کورت لە "نووسینەوەی درك"ی ئارام کاکەی فەلاح). ئارام سدیق وەکو خۆی لە ناونیشانە لاوەکییەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات ئەم نووسینە زۆر کورتە، هەڵوەستەیەکی سەرپێیانەیە لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵوەستەیە تەنیا لە سێ چیرۆکی یەکەمدا نەك هەر پێنج چیرۆکەکە. هەموو نووسینەکەی ئارام سدیق تەنیا دوو پەڕەیە و لەو دوو پەڕەیەش یەك پەڕەی باسی جوانیی گێڕانەوەی هەر سێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکەکە دەکات، کە بە لایەوە بریتییە لەوەی هەر سێ چیرۆکەکە زنجیرەیەکی تەواوکراوی یەکترن، ئەمەش لە ڕێگەی داوەتکردنی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە و ئامادەکردنی بۆ چیرۆکەکانی دواتر کە تەواوکەری یەکترن: "کاتێك چیرۆکی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە دەخوێنیتەوە نووسەر لە چیرۆکی یەکەمەوە داوەتت دەکات بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکانی دواتر، بە تایبەت سێ چیرۆکی یەکەم داوەتکردنی خوێنەری تێدایە" (سدیق، ۲۰۱۲، ۱۹۳). دیارە هەر لە سەرەتاوە ئێمە ئەوەمان خستووەتەڕوو کە گێڕەرەوە لە ڕێگەی تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداوەوە زەینی خوێنەر ئامادە دەکات بۆ ئەوەی کە لە دوای تەواوکردنی هەر چیرۆکێك ئەوی تر دەگێڕێتەوە، چونکە لە هەر چیرۆکێك چمکێك لە چیرۆکی دواتر باس دەکات و تەواوی حیکایەتەکە هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی وەکو چیرۆکێکی سەربەخۆ بیگێڕێتەوە.

لایەنێکی دیکەی چیرۆکەکان کە ئارام سدیق باسی دەکات، زمانی چیرۆکەکانە کە بە زمانێکی سیحری ناوی دەبات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەوە بۆ خوێنەر بە گشتی ڕوون ناکاتەوە کە سیحریبوونی ئەم زمانە لە چی و لە

کوێدایە، بەڵکو دووبارە ئاماژە بۆ جوانیی سێ چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵەکە دەکات: "یەکێکی دیکە لە جوانییەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ئەو زمانە سیحرییەیە کە نووسەر پێی دەگێڕێتەوە و خوێنەر ناچاری دەکات خوێندنەوە دەکات بە تایبەت لە سێ چیرۆکی یەکەمدا کە هەر سێکیان دەکرێت لە یەك کاتدا درێژکراوەی یەکتربن و چیرۆکی جیاش بن." (سدیق، ۲۰۱۲، ۱۹۳). کەواتە لێرەدا ئارام سدیق وەکو خوێنەرێکی نموونەیی زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە دەرخستنی سیحریبوونی زمانی چیرۆکەکان. لە ڕاستیدا بە بڕوای ئێمە زمانی هەر پێنج چیرۆکی ناو کۆمەڵە چیرۆکەکە یەك زمانن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، ئەوەی ئەم چیرۆکانە بە گشتی جیاواز و پڕ لە جوانی دەردەخەن تەکنیك و گەمەکانی گێڕانەوە و هەروەها دواندنی ڕاستەوخۆی خوێنەرە، کە لە هەموو چیرۆکەکاندا خوێنەری دەرەوە و ئاساییش لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکاندا ئەو هەستەیان بۆ دروست دەبێت کە خۆیان کارەکتەرێکی ناو چیرۆکەکانن و گێڕەرەوە وەکو بەشێك لە چیرۆکەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

ئەنجامەکان

١.هەموو گۆڕان و وەرچەرخانەکان لە نووسەرەوە بۆ دەق و پاشان لە دەقەوە بۆ خوێنەر جۆرێك لە ڕەهایی و توندڕەوییان پێوە دیارە، چونکە هەموویان بە شێوەیەکی دابڕاو و جیا لەوی تر لێکۆڵینەوەی لە جەمسەرێکی دەق کردووە. فۆرمالیست و بنیاتگەرەکان نووسەریان مراند و تیۆری وەرگرتنیش دەقیان بێ گیان کرد و خوێنەریان کرد بە بەرهەمهێنەری دەقی تازە. ئێمە لێرەدا وێڕای ئەوەی بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەمان (خوێنەر)ە، بەڵام دان بەوەدا دەنێین کە هەرسێ جەمسەرەکە کە پێکهێنەری پرۆسەی پەیوەندیکردنن، لە پرۆسەی داهێناندا هەموویان بە قەد یەکتر گرنگیی خۆیان هەیە.

٢.بە گشتی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، خوێنەری تاك بە بەراورد بە خوێنەری کۆ کەمتر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پەیامی ئاراستەکراوە.

٣.هەموو ئەو چیرۆکانەی بۆ وەرگرێکی تاك و ناوەکی دەگێڕدرێنەوە، دوای چاپکردن و بڵاوبوونەوەیان دەگەن بە خوێنەری کۆ و دەرەوەی دەقەکە.

٤.خوێنەری دەرەکی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا زیاتر وەرگرە و هیچ ڕۆڵێك لە پرۆسەی گێڕانەوەکە نابینێت، تەنیا ئەوەی خۆی کۆتاییەکی قەناعەت پێکەر هەڵبژێرێت، چونکە هەموو چیرۆکەکان کۆتاییەکی کراوەیان هەیە. بەڵام خوێنەری ناوەوە زۆرجار لەبەرئەوەی کارەکتەری بەشدارن لە ڕووداوەکاندا، وەرگرێکی چالاکترن و ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا هەیە.

٥.خوێنەری نموونەیی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا زۆر زۆر کەمە و تەنیا دوو خوێندنەوەی سەرپێییان لەبارەوە کراوە کە لە ئاستی جوانییەکانی چیرۆکەکاندا نین.

سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

١. سدیق، ئارام (٢٠١٢، نەمری و گێڕانەوە – ڕامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٢. سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، دۆنایدۆن یان بەدگۆڕان، چەند بابەتێك لەبارەی ئەدەبی نوێی کوردییەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٣. شارەزووری، د. یادگار لەتیف (٢٠١٢)، تیۆرەکانی وەرگرتن لە ئیستاتیکای ڕەخنەگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەڵامی خوێنەر، لە بڵاوکراوەکانی شانزەهەمین ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

٤. ايغلتون، تيري (١٩٩٥)، نظرية الادب، ترجمة: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

٥. برنس، جيرالد (٢٠٠٣)، المصطلح السردي (معجم مصطلحات)، ترجمة: عابد خزندار، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، القاهرة.

٦. تومبكنز، جين، ب (٢٠١٦)، نقد استجابة القارئ من الشكلانية الى ما بعد الحداثة، ترجمة: حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار الكتاب الجديد، ط٢، ليبيا.

٧. سلدن، رامان (١٩٩٦)، النظرية الادبية المعاصرة، ترجمة: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ط١، بيروت.

٨. فضل، د. صلاح (١٩٩٦)، أشكال التخيل – الشركة المصرية العالمية للكتاب – لونجمان، ط١، القاهرة.

٩. المالكي، د. دلال بنت بندر (٢٠١٦)، القارئ المقاوم – تعارض القيم الجمالية والايديولوجية بين النص و المتلقي، مؤسسة الانتشار العربي، ط١، بيروت.

١٠. معيكل، د. أسماء (٢٠١١)، نظرية التوصيل في الخطاب الروائي العربي المعاصر، دار الحوار، ط١، اللاذقية، سورية.

الملخص

موقع القارئ في المجموعة القصصية
(اعادة كتابة الشوك) لـ (ئارام كاكەی فەلاح)

تتضمن عملية التواصل بين الانسان منذ القدم من ثلاثة محاور وهي (المتكلم، الكلام، المتلقي). لكن هذه المحاور الثلاثة لم تلق الاهتمام في العملية النقدية بشكل متساو، بل تلقى كل واحد منها على حدة وفي فترات و عصور مختلفة في مسيرة تقدم و تطور العملية النقدية، اهتماما كثيرا. فالمناهج السياقية اهتمت فقط بالكاتب من المنظور التاريخي و الاجتماعي و النفسي، وكانت تنظر الى الكاتب كركيزة اساسية في عملية الابداع. ثم جاءت الشكلانية الروسية و بعدها البنيوية و وضعوا جل اهتمامهم على النص واتخذوا موقفا عنيفا تجاه الكاتب بعزله عن نصه والدعوة الى موته. و جاءت في الاونة الاخيرة نظرية التلقي، لتلقي بالكاتب و النص جانبا و تضع المتلقي بصورة عامة و القارئ بصورة خاصة موضع اهتمامها. فهي لم تؤمن بقارئ صامت و مطيع لا حول له ولا قوة في عملية الابداع، بل يرى فيه القدرة على قراء النص واعادة بنائه من جديد، مما يسهم في تعددية القراءة و التأويل و منح النص سمة الانفتاح. أي ان النص اذا اراد من القارئ الاشتراك و الاسهام الفعلي في القراءة، لابد ان يكون نصا منفتحا يقبل القراءات و التأويلات المختلفة.

من هنا جاء اختيارنا للمتلقي القارئ و توظيفه في المجموعة القصصية (اعادة كتابة الشوك) لـ (ئارام كاكەی فەلاح) موضوعا لدراستنا، لاسيما ان المتلقي و القارئ موضوع رغم حداثته لم ينل حظه من البحث و الدراسة في النقد الادبي الكوردي، ومن ناحية أخرى اهتم الكاتب في مجموعته القصصية هذه بالقارئ كثيرا محاولا اشراكه في عملية سرد القصص.

وقد قسمنا البحث الى مبحثين. سلطنا في المبحث الاول على مفهوم و مصطلح المتلقي. وفي المبحث الثاني ميزنا انواع القارئ في المجموعة القصصية موضوع الدراسة حسب ثنائية القارئ (الفردي و الجماعي، الداخلي و الخارجي، المثالي و العادي). وفي الختام دونّا اهم نتائج البحث و قائمة المصادر.

الكلمات الدالة: المتلقي، ئارام كاكەی فەلاح، القارئ الفردي، القارئ الجماعي، القارئ الداخلي، القارئ الخارجي

Abstract

The reader in the stories collection "Re-writing the thorn" by Aram Kakay Falah

From long ago, the process of the relation among the human beings have consisted of three major poles which are speaker, speech, and recipient. These three poles have not been considered equally in the process of criticism, but each has been tackled at a cetain period according to the development of criticism. At the beginning, the contextual methods in the historical, psychological, and social views have considered the writer only thinking that the writer is the main factor of the invention. Later, the Russian formalists and after them the structuralists, in a very severe reaction, separated the writer to a level of death from the text and focused on the text completely. Then appeared the theory of the recipient which viewed importantly in the role of recipient generally and the reader particularly thinking that the recipient is no longer a silent and a follower, but it is an active pole and will have its role in the re-structuring the text. This opened the ways of possibilities of multi readings and explanations and gave a view opened text. In other meaning the text to participate the readers in its text, should be an opened text carrying different explanations.

In this point of view we have decided to make recipient and reader the subject of this thesis in the short stories collection “re-writing thorn” of Aram Kakay Falah, because the topic of recipient and reader is a new topic in Kurdish criticism and Aram has taken care specifically in this collection of the reader and tried to participate the reader directly in his stories.

For this purpose, we have divided the thesis into two aspects. In the first one, we have stated the concept and terminology of recipient and in the second one we have pointed out and analyzed the types of reader according to the twins of singularity & plurality, external and internal, typical, and normal reader. Finally, we have recorded the most important conclusions of the thesis and list of the references.

Key words: Recipient, Aram Kakay Falah, Individual continent, Collective continent, Internal continent, Outer continent.

ڕەهەندی ئەفسانەیی
لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دا

دلاوەر عومەر حەمەد
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
dlawar.hamad@su.edu.krd

پ. د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
idrees.kurdesh@su.edu.krd

پوختە

تۆێژینەوەی "ئەفسانە لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی " هەنگاوێکە بەرەو ناساندنی دونیای "حاجی قادر" و کاریگەریی فۆلکلۆر لەسەر شیعرەکانی،بە تایبەت " ئەفسانە" شاعیر هەوڵیداوە ئەو کەرەستە ئامادەیەی فۆلکلۆر بترنجێنێتە نێو شیعرەکانی،بۆ ئەوەی هەم خەڵکە گشتییەکە تێی بگەن،هەمیش کورتبڕی بکات بەدەربڕینێکی کەم زۆرترین مەبەست و واتا دەربببڕێت.

مەزراندنی فۆلکلۆر بە تایبەتیش ئەفسانە گرنگە،بۆ مێژوو و بۆ پاراستنی ئەو سامانە فۆلکلۆرییە لە ڕێگەی شیعرەوە.

ئەم باسە و باسی دیکەیش پەیوەستە بە ئەفسانە خراوەتە ڕوو و لە شوێن و جێگای خۆی ڕوونکراوەتەوە،باس لەو مەبەستانەیش کراوە کە " حاجی قادر " بەهۆیەوە ئەفسانەکانی بەکارهێناوە،شاعیر هەوڵیداوە،ئەفسانە کوردییەکان زیاتر بە نەوەی دوای خۆی بناسێنێت، کورد سوود لە ئەفسانە جیهانییەکانیش ببینێت و ئەدەبی خۆی پێ دەوڵەمەندتر بکات.

وشە سەرەکییەکان: حاجی قادری کۆیی، ئەفسانە، خێروشەڕ، عەنقا.

پێشەکی

ئەم بابەتە بە ناونیشانی (ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا)، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ زیاتر باسکردن و خستنەڕووی کاریگەریی بەشەکانی فۆلکلۆر، بە تایبەت ئەفسانە، کار لەسەر ئەوەش کراوە لایەنێکی دیکەی کاریگەرێتی فۆلکلۆر" ئەفسانە" بەسەر ژیان و ئەدەبیاتمان ڕوونبکاتەوە.

ئەدەبی فۆلکلۆریمان دەوڵەمەندە و بناغە بووە بۆ ئەدەبی میللی و کلاسیکیشمان، تا لە ڕوانگەیەوە بۆ ئەو کەلەپوورە گەورەیەمان بڕوانین نەک بە پێچەوانەوە،وا بزانین فۆلکلۆر"ئەفسانە" کاریگەریی بەسەرچووە.

گرنگی نەدان بە "ئەفسانە" یەکێکە لە هۆیەکانی دواکەوتنی ئەدەبەکەمان لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی گەلان،بەڵکو بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەی دروست لەوەدایە کە کاری پێشینان بەهەموو باش و خراپییەکی، بەهەموو بەهێزی و لاوازییەکی، بە هەموو جوانی و کرێتییەکی،بناغەیەکی بەهێز و تۆکمە و گرنگە بۆ کاری ئەدەبیمان، بۆیە هەمیشە، کۆن دەبێ هەوێن و سەرچاوەی لێهەڵێنجانی داهێنانی نوێ و گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمدا،ئەگینا کاری بێ بناغە تەمەن کورت دەبێ و سەرەنجام بەرهەمێکی بێ کاریگەری دەبێت.

ناونیشانی توێژینەوەکە (ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا) . هۆی هەڵبژاردنی باسی توێژینەوەکە؛ دەرخستن و گرنگی ئەو ئەفسانە و ڕەمزە ئەفسانەییانەی"حاجی قادر " بەکاری هێناون و بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستە شیعرییەکانی و گرنگی ئەفسانە لە شیعری کلاسیکدا.

گرنگی توێژینەوەکە.

١- لە بەشە پراکتیکییەکەدا سوود لە زۆرترین سەرچاوە وەرگیراوە و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەفسانە و ڕەمزە ئەفسانەییەکان و دەرخستنی لایەنی شاراوەیان.

٢- هاوتا لەگەڵ گرنگی ئەفسانە لە بەشە تیۆرییەکەدا چاو بەئەفسانە جیهانییەکانیشدا گێڕدراوە، هەوڵیش دراوە سەربەخۆیی ئەفسانەی کوردی ڕوون بکرێتەوە.

۳- مەبەست لە مەزراندنی ئەو ئەفسانانەی "حاجی" بەکاری هێناون و ناوەڕۆکەکەشیان ڕوونکراوەتەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە.

لە کارکردن لەسەر" ئەفسانە لە شیعری حاجی قادری کۆیی" ڕێبازی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە (وەسفی شیکارییە).

پێکهاتەی توێژینەوەکە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بەزمانانی (کوردی و ئینگلیزی) پێکدێت، بەشەکانیش؛

بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم؛ پێکهاتووە لە پێناسەی ئەفسانە و ڕاکان لەسەر ئەو ژانرە ئەدەبییە.

تەوەری دووەمیش باس لە ئەفسانەکانی (یۆنانی و فارسی و سۆمەری و کوردی) کراوە و بیر و ڕاکان لەبارەی ئەفسانەی ئەم نەتەوانە ڕوونکراوەتەوە.

بەشی دووەم؛ بەشی پڕاکتیکی توێژینەوەکەیە و ئەو ئەفسانانەی" حاجی قادری کۆیی" بەکاری هێناون و پێناسە و مەبەستەکانیان ڕوونکراونەتەوە.

ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرانی کلاسیک و هاوچەرخی کوردی بکەین، ڕەمزە ئەفسانەییە فارسییەکانیان مەزراندووەتە نێو شیعرەکانیان، ئەو ئەفسانانەی لە (شاهنامە)دا هاتوون، وەکو "ڕۆستەمی زاڵ و زەحاک" بەڵام (ئەوەی پێشتر لە بەشی ئێراندا بەشێوە جیاکانی پەهلەوی نووسراون ، میراتی هەردوولا " کورد و فارس"ن) هەمان سەرچاوە.

ئەم کاریگەرییە لە سەردەمی شاعیرانی کلاسیکیش، بۆیە ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاوە، واتا لەو ڕۆژەوەی کە ئەدەبی نووسراومان هەیە پێوەندییکی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بووە، تا دەگاتە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەم پێوەندییە بێ گومان بۆتە هۆی کارتێکردن و هەمیشە بەردەوامیش بووە) (عارف،١٩٧٤، ٧٢)

بەشی یەکەم:

تەوەری یەکەم: پێناسەی ئەفسانە

ئەفسانە:

بریتییە لەو بیروباوەڕ و خەیاڵە کەڵەکەبووەی بەشێوەی تۆمارێکی هەستی، چ بەئاگایی بێت یاخود بێ ئاگایی، بەشێوەی داهێنانێکی ئەدەبی دێتە کایەوە، کە لەخزمەتی مرۆڤایەتییەوە بەردەوامیش شایانی لێ وردبوونەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنە،((ئەفسانە کورتترین و گرنگترین ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤە)) (حەسەن،٢٠٢١)

لەمەدا خەیاڵ دایکی ئەفسانەیە و دایکی داهێنانیشە، کاتێك شاعیر کە ئەفسانە دەکاتە شیعر بەشێوەیەکی زۆر جوان دایدەڕێژێت.

یەکێك لە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەفسانە لێکدانەوە و بیرو وردیی ئەو کاتەی مرۆڤەکان بووە بۆ ئەو دیاردە سروشتییانەی لە دەوروبەری رووياندواوە، بۆیە دەگەینە ئەو ڕایەی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ ((ترس و نەزانین و پێویستی، هەرسێکیان پێکەوە هۆیەك بوون بۆ بیرکردنەوە و بەکارهێنانی هزر و گەڕان بە جەستە و فیکر، ئەمەش بۆ خۆی سەرەتای هزر و زانستێك بوو، کە دەتوانین ناوی بنێین زانستی ئەفسانەیی)) (حەسەن،١٧٦،٢٠٢١).

ئەفسانە هەمیشە لە خۆ نوێکردنەوەدایە، و لەگەڵ ڕۆژگار دەگونجێت، ئەگەر ئەم کەرەستانە پێشتر ئەفسانە و خەیاڵ بووبن، ئێستا ئەم خەیاڵانە بوونەتە ڕاستی و کەتوار (واقیع) و بە چاوی سەر دەیانبینین بۆ نموونە: (جامی جەمشید هەبوو ئێستا (مۆبایل و ئینتەرنێت)ە، ئەگەر پێشتر (سیمرغ) بووبێت، ئێستا بووەتە (فڕۆکە).

دوای ئەمە (بیترمۆتر) دەڵێت ((ئەفسانە یان وێنەی مەجازی MYTH یان Mythos جۆرە چیرۆکێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە،بەئاسانی تێکەڵی ئەو چیرۆکانە دەبێ،کە سیمایەکی خورافی یان سیحرییان هەیە،ئەم زاراوەیە لە بنەچەدا ئەغریقییە، بە واتای ئەو وشانەی دەگوترێن و دوای زاراوەکە بەو لێکدرایەوە کە حیکایەتی خواوەندی بێ)) (جوتیار،٢٠٠٦، ١٧٠)

بەهۆی بەرزی ئەفسانە و تێڕوانینی خەڵك بۆ ئەم بەشەی فۆلکلۆر، بەهونەرێکی بەرز سەیری کراوە،بۆیە بە چیرۆك و حیکایەتی خوداوەندەکان سەیری کراوە،جۆزێف کامل دەڵێت ((ئەفسانە بەواتای چیرۆکی خواکان دێت)) (موریز،٢٠٠٨ ،٦١)

بەهۆی ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ و خواوەند لەلایەك و سروشت و دەوروبەر لەلایەکی دیکە، دەکرێت بڵێین ئەفسانە ئەو ئەڵقە پەیوەندییەیە کە مرۆڤ وابەستە دەکات بەخوداوەند و سروشت، ئەفسانە بەرهەمێکی کۆنە و هی بەر لەمێژووە ((ئەفسانە بەرهەمێکی خۆڕایی نییە، بەڵکو گێڕانەوەی رووداوەکانی بەر لە نووسینەوەی مێژووە، یا باشتر وایە بڵێین بەرلەوەی مرۆڤ فێری نووسین بێت، بەواتایەکی وردتر، نیشانەی بیرکردنەوەی مرۆڤە، بەهۆی مێشکەوە، ئەو ڕووداوانە دەم بەدەم، پشت بەپشت بۆ ئێمە ماوەتەوە، سەرەڕای ئەوە دەقێکی ئەدەبی پڕتام و بەلەزەت و سەرنج ڕاکێشە و بەوپەڕی هونەرییەوە ڕازاوەتەوە، بۆیە تائێستا چێژی تایبەتی و گوێگری خۆی هەیە)) (عەدۆ، ١٩٨٧، ١٠١)

دەتوانین بگەینە ئەو رایەی ((ئەفسانە ئەو رووداوانە باس دەکات کە لەسەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویانداوە، ئەو دیاردە کەونییە لە توانابەدەرانە شی دەکاتەوە و هۆی پەیدابوونیان روون دەکاتەوە)) (ابراهیم، ١٩٧٩، ٦)

دەگەینە ئەو ڕایەی، کە ئەفسانە هێزی بیرکردنەوەی زووی مرۆڤەکان بووە بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەر، کە هەستی پێشگۆییەی مرۆڤ لە ئاست ئەو پێشکەوتن و تەکنۆلۆجیایەی ئێستا هەیە.

تەوەری دووەم: جۆرەکانی ئەفسانە

١. ئەفسانەی یۆنانی

ئاشکرایە ئەفسانەی یۆنانی یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی ئەفسانەی جیهانی، بۆیە بەم جۆرەیە پێناسە دەکرێت: ((کۆمەڵە ئەفسانەیەکە بریتین لە کۆمەڵێك چیرۆك و ئەفسانە، لە یۆنان گەشە و نەش و نمایان کردووە، و بریتین لەگێڕانەوەی سەرگوزشتەی ژیان و چیرۆکی خوداوەند، سەرەڕای ئەوەش چیرۆکی خوداوەند و پاڵەوانان، کە بەشێکی سەرەکین لە ئایینی یۆنانی کۆن)). (ئینتەرنێت،ar.inianelsonbooks.com،٢٠٢٢) کە گرینگییەکەی لەوەدایە بەپێی کات و سات و ڕۆژگاری سەردەم لە بەرەو پێشچوونداید بۆ تۆمارکردنی بەسەرهاتی ژین و چیرۆکی خواوەندەکانیان، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مانا و مەبەستەکەی بەم شێوەیە لە تۆێژینەوە و فەرهەنگەکاندا خراوەتە ڕوو کە ((لە فەرهەنگ و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە (اسطورە)) ماناکانیان بە(چیرۆکی خوداوەندەکان) لێکدراوەتەوە ئەو ڕۆژگارەی کە مرۆڤەکان خوداوەندەکانیان لەنێوان خۆیاندا دەبینی سەرزەمینیان بەجێگە و بارگەی ئەوان دەزانی و (اسطورە)یان وەك بەسەرهات و مێژوو ((مێژووی پیرۆز))ی خوداوەندەکان دەگێڕایەوە و دەبنییێت)) (حەسەن،٢٠٢١، ٣٢)

سەرەڕای ئەوەش، ئەفسانەی یۆنانی هۆکاری بڵاوبوونەوەی لە ماوەی نەریت و زارەکیدا بوو، لەمەشدا شاعیرەکان لە تۆمارکردنی چیرۆکەکان خزمەتێکی بەرچاویان کرد)).

بەشێك لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن

ناواخنی ئەو ئوستوورانە کە لەلایەن یۆنانییە کۆنەکانەوە گێڕدراونەتەوە، ئەو چیرۆکانە گرنگی بە بنەچە و سروشتی گەردوون دەدەن، ژیان و کارەکانی

خوداوەند، پاڵەوانەکان بوونەوە ئەفسانەیی و بنچینە و تایبەتمەندییەکانی کانت و ڕێوڕەسمە ئاینییە کۆنەکان دەدەن خوداوەندەکانیش بریتین لە (ئەپۆلۆ، لیتۆ، ڕیا (مانگ)، ئەدۆنیس، زیووس، ئیرۆس، پلووتۆ)) (هەمان سەرچاوە).

((زیوس) لە ئایینی یۆنانیی کۆندا بەباوکی خوداکان دەناسرێت، زیوس لە کێوی ئۆڵەمپ دەژیا)) هەروەها شاکارەکانی (ئیلیادە Iliade، ئۆدیسەOdysse)

((ئیبۆس ئیلیادە لە گەورەترین شاکاری ئەدەبی هونەری گێتی دەژمێردرێ، وە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی بەرزی گریکی کۆنە لە سەدەی نۆیەمی پێش مەسیح لە سالّی (٨٥٠) لەلایەن (هۆمیرۆس دانراوە و کۆکراوەتەوە و ڕێك خراوە)) (خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٥٩)

((هۆمیرۆس ئیسپۆنیکی تریشی داناوە بەناوی (ئۆدیسە)، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش مەسیح ڕێکی خستووە، لە ٢٤ سروود پێکهاتووە)) (هەمان سەرچاوە)

بەناوبانگترین ئەفسانەی ئەفریقی کە بە (ئیرۆس و ئەفرۆدێت) دەناسرێ، لەپاش مەهابەهاترای هیندۆسییەکان کە بە شیعر دارێژراوە بە دووەمین ئەفسانەی دنیا دێت)) (مەخموری،٢٠١٣، ١٧)

ڕەوتی شارستانی و ئەفسانەی یۆنانی لە (سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی حەوتەمی پێش زایین دریژەی کێشاوە، لەم چەرخەدا سەربوردەی پاڵەوان و قارەمانانی جەنگ و نەبەزان و کۆڵ نەدەران کراوە بە بەیاز و بەشیعر هۆنراوەتەوە، هەروەها ڕاز و نیاز و کارو کردەی خواکانیش تۆمارکراوە)) (هەورامی،٢٠٠١، ٨١)

٢. ئەفسانەی سۆمەری

سۆمەرییەکان کە خەڵکی ئەم وڵاتەن، بەداهێنەری نووسین دادەنرێن لەنێو گەلانی جیهاندا، ئەو نەتەوەیەی خاوەنی کۆنترین شارستانیەت، نەك هەر

لەنێوان دووئاوان و رۆژهەڵات بەتایبەتی، بەڵکە لەسەر ئاستی هەموو جیهان، ئەو نەتەوەیە (سۆمەرییەکانن)) (حەسەن،٢٠٢١ ،٧٠)

سەرەڕای ئەوەی لەسەر بنچینە و نەژادیان نازانرێت، بەڵام ئەوە هەیە کە بەگوێرەی بیروڕاکان لە چیاکانی کوردستانەوە کۆچیان بەرەو خواروو عێراقی کۆن کردووە)) (ئەڵوەنی،٢٠١٦: ٧)

دوای ئەمە لەوێ گیرساونەتەوە و شارستانییەتیان بنیات ناوە، لەوێ داهێنانی هەندێ کەرەستەیان کردووە، جگە لەمەش خاوەن داستانی گلگامێشن. هەر سەبارەت بەنەژاد و ڕەگەزی (سۆمەرییەکان) ئەگەر کوردن بەڵگەکان چین؟ ((ئەگەر سۆمەرییەکان بەکورد حسێب بکەین ئەوا کوردیش ئەفسانەی هەیە و لەڕیزی هەرە پێشەوەی میللەتانی دیکەن کە ئەفسانە دەناسن و هەیانە)) (مەخموری،٢٠١٣، ٧)

دیسان نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەفسانەکانیشیان کوردین ((ئەفسانەی کوردی گلگامیش)) کە هەندێ جاریش کە بەئەفسانەی بابلیشی دەناسێنن و پێمانی دەفرۆشنەوە)) (مەخموری،٢٠١٣، ٧)

ئەگەر ئەفسانەی سۆمەری ئەفسانەی کوردیش نەبێت، بەشی کوردی پێوەیە، گرنگترین ئەفسانەی سۆمەرییەکان.

٣. ئەفسانەی لافاو

((ئەمانە بەهەموو جۆرێکەوە لەدەقەکانیان

یەکەم: لافاو وەك واقیع ڕووداوێکە ڕووی داوە و خەیاڵ و ئەفسانە نییە.

دووەم: لافاوێکی زۆر گەورە و گران ڕوویداوە و هەموو جیهانی گرتووەتەوە)) (حەسەن، ٢٠٢١، ٩٦)

داستانی گلگامێش ((چیرۆکی تۆفانی سۆمەری بەشێکە لە داستانی گەلگامێش و باسی پاڵەوانیەتی و ئازایەتی و سەرەڕۆیی گەلگامێشی پاشای

شاری ئوروك دەکات ((ناوی ئەم پاشایە لە لیستی ناوی یاساکانی سۆمەردا هاتووە کەبە بنەماڵەی وەرکا ناسراوە و ئەم بنەماڵەیە دووەم بنەماڵەی فەرمانڕەوای دوای تۆفانە)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٦، ٣٥)

گلگامێش داستانەکە باس لە پاشایەکی شاری ئورکی دەکات بەناوی گلگامش، دایکی خوداوەندێکی نەمر بوو، باوکی پیاوێکی ئاسایی بوو ئەمەش وایکرد ((گالگامش بەشێکی جەستەی کەسێکی ئاسایی بێت و بەشێکی تری خوداوەند، لە سەرەتای چیرۆکەکە گلگامیش پاشایەکی زۆرداڕە و گەلەکەی خۆشیان ناوێت، خەڵکی شاری ئوروك داوایان لە خوداوەند کرد کە گلگامش لەناو بەرێت، خوداوەند ئۆرۆرۆ داواکەی قبوڵ کردن و کەسێکی سەرەتای دروستکرد بەناوی ئەنکیرۆ تا رووبەڕووی گلگامش ببێتەوە لە ئەنجامدا گلگامش بەمەی زانی و هەوڵیدا ئەنکیدۆ فێری ژیان بکات)) (ئینتەرنێت،سایتی گوڵان:٢٠٢٠) ((لە دواییدا گلگامێش و ئەنکیدۆ دەبنە هاوڕێی یەکتر، دوای مردنی ئەنکیدۆی هاوڕێی، گلگامێش بڕیار دەدات گیای نەمری پەیدا بکات بۆ ئەوەی نەمری بەدەست بهێنێت و مردن دووربخاتەوە، کە گیا و دەرمانەکە بەدەست دەهێنێت، کە لەلای کەسێکە بەناوی ((ئۆتنا پیشتیم))، دواتر دەرمانەکە لەسەر لێواری بیر دادەنێت، کە لە بیرەکە دێتە دەرەوە دەبینێت گیاکە نەماوە و مارێك بردوویەتی، لەوێوە تێدەگا ناتوانێ ڕێگە لەمردنی فیزیکی بگرێت، بەڵکو دەتوانێت بەکارەکانی دوای مردنیشی بەزیندوویی بمێنێتەوە)) (ئینتەرنێت، حەمید)

٣. ئەفسانەی فارسی

هاتنی ئاری و هیندۆ ئەوروپییەکان بۆ ئێران

بەهۆی نزیکی لە کورد و تێکەڵبوونی مێژووی نەتەوەی ئاری و هیندۆئەوروپی، تێکەڵبوونێك هەم لە کلتوور هەمیش لە بەشەکانی ئەدەب

بەتایبەت ئەفسانە دروست بووە، ((ئەفسانەی راستەقینەی فارسەکان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشی دەست پێدەکات، چۆن ئەفسانەی کوردیش لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ماد دەست پێدەکات...)) (حەسەن، ٢٠١٦ :١٤٥)

وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە فارسیش، کاریگەریی نەتەوە و زمان و ئەدەبی دیکەوە بوو، لە ئەنجامی ئەو نزیکییەش وایکرد ئەفسانەش وەك هەر بەشێکی دیکەی ئەدەب دروست ببێت، دروستبوونی مێژووی ئەفسانەی فارسیش ((بەلای منەوە ئەو مێژووە لە دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشیەوە دەست پێدەکات و بەنووسینی دەقی نووسراوی ئەفسانەی فارسیش بەزمانی فارسی ئەوا لەگەڵ نووسینی (شاهنامە) لەسەر دەستی (فیردەوسی) سەرهەڵدەدا. دیاریکردنی ئەو مێژووی سەرهەڵدان و نووسینە. بەو مانایە نییە کە فارس پێشتر ئەفسانەیان نەبووە، بەڵکە ڕیشەی ئەفسانەی خۆیان لەنێو ئەو مێژووە ئەفسانەییەدا بدۆزنەوە کە لە هیندۆ ئێران و کۆچی ئارییەکانەوە دەست پێدەکات)) (حەسەن، ٢٠١٦ ،١٤٨-١٤٩)

ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرانی کلاسیک و هاوچەرخی کوردی بکەین ، ڕەمزە ئەفسانەییە فارسییەکانیان مەزراندووەتە نێو شیعرەکانیان ، ئەو ئەفسانانەی لە (شاهنامە)دا هاتوون ، وەکو "ڕۆستەمی زاڵ و زەححاک" بەڵام (ئەوەی پێشتر لە بەشی ئێراندا بەشێوە جیاکانی پەهلەوی نووسراون ، میراتی هەردوولا " کورد و فارس"ن) (هەمان سەرچاوە) .

ئەم کاریگەرییە لە سەردەمی شاعیرانی کلاسیکیش، بۆیە ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاوە، واتا لەو ڕۆژەوەی کە ئەدەبی نووسراومان هەیە پێوەندییکی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بووە، تا دەگاتە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەم پێوەندییە بێ گومان بۆتە هۆی کارتێکردن و هەمیشە بەردەوامیش بووە) (عارف، ١٩٧٤، ٧٢).

٤. ئەفسانەی کوردی

هەر نەتەوەیەک بەهۆی جیاوازیی زمانی و کولتووری،ئەوەیە بەزمانی تایبەت بەخۆی بنووسێت و بخوێنێتەوە،بەڵام لە ژانری ئەفسانەدا تا ڕادەیەک ئەم ڕێسایە کەمێک جیاوازە، ئەفسانە هەن سەرەڕای ئەوەی بەزمانانی جیاواز نووسراون،لە ئەنجامدا یەک ئەفسانەن، بەڵام کە دەچێتە نێو هەر میللەتێک شەقڵ و تایبەتمەندی ئەو نەتەوەیە وەردەگرێت،لەمەشدا چەند تایبەتمەندییەک هەن،وەکو (تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی،تایبەتمەندیی ئایینی، تایبەتمەندی جوگرافی، تایبەتمەندی دابونەریتی کۆمەڵایەتی) (حەسەن ، ٢٠١٦ : ٤٦- ٤٧)

هەریەک لەو هۆکارانە گوزارشت لەو نەتەوەیە دەکەن و بیروباوەڕە ئاینییەکان ڕوونەدەکەنەوە، لەنێو ئەفسانەدا جوگرافیای کوردستان ڕوونکەرەوەی ئەفسانەی کوردییە، دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەرخەر و بەڵگەن کە ئەفسانەکە بە کوردی دابنێین، چونکە هەندێ داب و نەریت لە کۆندا هەن، تەنها لەنێو کورددا بوونیان هەبووە، بۆیە کاتێک ئەفسانەیەک ئەم ڕووداوانەی تێدابێت، بە ئەفسانەی کوردی دادەنێین.

بۆیە ئەفسانەی کوردی لە زۆر شوێندا لەگەڵ میللەتانی جیهاندا هاوبەشە، "بەتایبەتی میللەتانی هیندۆ ئێرانی و میللەتانی دراوسێ و گریکی و ڕۆمانییەکان "، لە زۆر شوێندا لێیان جیا دەبێتەوە و مۆرکی نەتەوایەتی و ڕەسەنایەتی و خۆماڵی خۆی پاراستووە،بۆ نموونە (گەلگامش و ئەسکەندەری مەقدۆنی و زەردەشت و ... تاد) هاوبەشە لەنێوان زۆر میللەتان، یان کەسایەتی ئەفسانەیی واش هەیە تەنیا تایبەتە بە کورد، وەکو " بالی و بارام " لەناو ئەفسانەی کوردیدا زۆر بەناوبانگە.

کورد کە خاوەنی مێژوویەکی دێرین و پڕ لە سەرکەشی بێت،چۆن خاوەنی ئەفسانە نابێت، ئەو عەقڵییەت و بیرکردنەوە ئەفسانەئامێزەی لای

میللەتانی دیکە هەستی پێدەکرێت، لای کوردیش هەمان بیرکردنەوە هەیە (کوردیش بەم دید و بنەمایە ئەفسانەییە مێژوو و سروشت و دیاردە و زانست و خەون و خەیاڵی خۆی پێ دەخوێنێتەوە و بەردەوام ئەم دید و ئامرازەی بەکارهێناوە و بەکاری دەهێنێ) (هەمان سەرچاوە ، ٦٦)

ئەم سەرەڕای ئەوەش (لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت ئەفسانەی کوردی... زۆر کون و کەلەبەری هەیە و زانستێکی ئەوەندە ئاڵۆزە ...دەبێ خۆمان جورئەتی ئەوەمان هەبێ بە میتۆدێکی زانستی و سەردەمییانە لێکۆڵینەوەکان بە ئەنجام بگەیەنین) (مەخموری ، ٥-٦)

ئەگەر لە ڕەگ و ڕیشەی ئەفسانەی کوردی بزانین ، ئەفسانەی کوردی سەربەخۆیە یان لە ئەفسانەی نەتەوەکانی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە ، بە پشتبەستن بە کولتووری کوردی ئەو دیدە ئەفسانەییەی میللەتی کورد دەستنیشان بکەین (هیچ میللەتێک نییە خاوەنی جۆرێک ئەفسانە و شارستانییەتی نەبێت لەناو میللەتانی دیکە جیا نەکرێتەوە ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ، دەتوانین بڵێین کورد خاوەنی ئەفسانەی تایبەتی خۆیەتی کە بە ئەفسانەی کوردی ناودەبرێت و تایبەتە بەکورد و مافی هیچ میللەتێکی دیکەی پێوە نییە (قادر، ٢٠١٠، ٥٠-٥١)

بۆیە دەگەینە ئەو ڕایەی کە (لە دروستبوونی ئەفسانەدا دیدێک هەیە کار دەکات ، هەر میللەتێک تایبەتمەندیی خۆی لە بەکارهێنانی ئەو دیدەدا هەیە ، ئەویش چۆنیەتی خوێندنەوەی دەوروبەر و ڕووداوەکانی ژیان) (حەسەن ، ٦٤)

بۆیە هەندێک خەسڵەت لە ناو ئەفسانەی کوردیدا هەن، ئەویش کۆمەڵێک ڕەمزن ، لە نموونەی هێزی چاکە ، وەکو(فریشتە و خدری زیندە و ڕووناکی ، لە بەرانبەر ئەمانەشدا کۆمەڵێک ڕەمزی شەڕخوازی هەن ، وەکو " جنۆکە و شەیتان و دێو و درنج و مار و ئەژدیها و پیرەژن و تاریکی ، ئەمانە

هەمیشە لە ململانێ و بەربەرەکانێدان، وێنەی دێو و درنج و باڵی شەڕخوازی لەگەڵ بەرەی ئادەمیزاد و باڵی چاکەخوازدا دەکێشێت ، ... لە ئەنجامدا باڵی شەڕخوازی شکست دەهێنن) (موکری ، ١٩٨٤ ، ٤٦-٤٧)

ئەگەر لە ئایینی زەردەشتیش بڕوانین ، هێزی چاکە و خراپە هەن ، ئاهورامەزدا هێزی چاکەخوازییە و ئەهریمەنیش هێزی خراپەکاری ، لە ئەنجامی ئەمەدا هێزی چاکە براوەیە و سەردەکەوێت .

بەشی دووەم:

ئەفسانە دیاردەکانی نێو شیعری حاجی قادری کۆیی

ئەفسانە:

بەرهەمێکە زادەی خەیاڵ.. دەربڕینی مرۆڤی سەرەتاییە.. چەشنەکانی زۆرترن وەك: ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان، ئەفسانەی گەردوونی، ئەفسانەی قارەمانی، ئەفسانەی هێمایی، ئەفسانە لە سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤدا سەری هەڵداوە، بەردەوامیش لەگەڵ مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدا بووە، هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی ئەفسانە خزاوەتە نێو زۆربەی بەرهەمە بیرکردنەوەییەکان)) (حەسەن،٤٣،٢٠٢١-٥٥)

بەر لە حاجی قادری کۆیی و دوای ئەویش، شاعیرانی کلاسیك و نوێ ڕەمزی ئەفسانەییان بەکارهێناوە.

حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانیدا بەناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئاماژەدان بەناوی ((پاڵەوانەکانی هەندێ ئەفسانە))، باسەکانی خۆی دەوڵەمەند کردووە.

١. ئەفسانەی شاری جابولقا:

کــــە بێـــی و بچیـــەوە (کأنـــــە) دیســـــان
سەفەر دەکەی لە وەتەن، دەچیە شاری جابولقا

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٣٥)

(جابولقا) ناوی شارێکی ئەفسانەییە، ناوی هەیە و بوونی نییە، بۆ یەکەم جار لەکتێبی (هەزار و یەك شەو) هێنراوەتە نێو ناوان.

((شاری جابولقا) ئەم شارە وەك شارێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی باس دەکرێ، بەڵام لە ئەفسانە شاری دوور و بزریش پاڵەوان دەتوانێ بیدۆزێتەوە و مرادی خۆی لێ ئەدا بکا)) (حەسەن،٢٠٢٠، ١٠٩)

هەروەها ((شارێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵات، دەڵێن هەزار دەرگای هەیە و لەهەر دەرگایێ هەزار کەس پاسەوانی دەکەن، دەیشڵێن شارێکە قۆناغی یەکەمی سالکی ڕێگای حەقیقەتە لە دنیای میسالیەت)). (برهان،١٣٧٦ ،٣٣٧)

لای شێخ ڕەزای تاڵەبانیش، گەلێك ڕەمزی ئەفسانەیی بەکارهێناوون، لەوانە (شاری جابولقا) بەڵگە دەهێنێتەوە کە شارێکە ناوی هەیە و بوونی نییە، دەڵێت:

٢. عەنقا:

سێ ئیسم هەن بێ موسەممات، هەروەکو ئاوی بەقا
تەیری عەنقا، شاری جابولقا، پڵاوی خانەقا

(خاڵ، ئاشنا، ٢٠٠٣، ٤٠)

ئەم پێنج وشەیە (قوڵەیی قاف، تەیری عەنقا، شاری جابولقا، ئابی بەقا) بەڵام (پڵاوی خانەقا) لە داهێنانی شاعیر خۆیەتی و وەکو شتێکی ئەفسانەیی نیشانی داوە، بەناوی بێ ناولێنراو دانابێ)) (شوان،٢٠٢٢، ١٣٥)

٣. ڕۆستەمی زاڵ:

کامە لوقمان کەوتە چنگی پیری، دەستی بانەدا
کامە ڕۆستەم تووشی بوو، نەیخست و دەست و پێی نەبەست

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٣٥)

(حاجی) لێرەدا باس لە دەردی پیری و بەساڵاچوون دەکات کە چۆن پەکی مرۆڤ دەخات، چەند بەهێزبێت، سنوور بۆ دەسەڵاتەکەی دادەنێت و لەچاو دوێنێ لاوازی دەکات... حاجی لە نیوەدێڕی دووەمدا ئاماژە بۆ (ڕۆستەمی زاڵ) دەکات کە پاڵەوانی ئەفسانەیەکی قارەمانی فارسەکانە، گوایە شەڕکەرێکی کەم وێنە و قارەمانێکی ئازا و بەجەرگ بوو.

((رۆستەمی کوڕی زاڵ و جیهان پاڵەوانی ئێرانە، خەڵکی زابولستان بووە، توانا و هێزێکی لەئەندازە بەدەری هەبووە، خزمەتی چەند پاشایەکی ئێرانی کردووە، وەك (کەیقوباد، کەیکاوس، کەیخوسرەو) دێوی سپی لە ئەشکەوتەکەیدا لە مازندەران کوشت و کەیکاوسی رزگارکرد و هەندێ لە دێوەکانی تری لەناوبرد، ئەسپە گەورەکەی کە ناوی (ڕەخش)ە لە هەموو شوێنێکدا و لەگەڵ، ئەسفەندیار جەنگی لەگەڵدا دەکات، بەڵام دەبەزێ، سەرەنجام (شەغاد)ی برای رۆستەم، بەفێڵ ڕۆستەم و ئەسپەکەی دەخاتە ناو چاڵێکی پڕ لەنێزە و شمشێر، رۆستەم لەکاتی مەرگیدا تیرێك دەوەشێنێ، شەغاد و ئەو درەختە دەسمێ کە خۆی داوەتە پاڵی)) (عارف،٢٠٠٧، ٤٥٠-٤٥١)

هەر چەند (د. محەمەد نووری عارف) پاڵەوانی ڕۆستەمی داستانی داناوە، بەڵام بەهۆی بوونی (دێوی سپی) وامان لێ دەکەن بەرەو ئەفسانە بچین.

رۆستەمی زاڵ یانی رۆستەمی مازندەران هاتووەتە نێو پەند و ئیدیۆمی کوردییەوە، وەکو ئیدیۆمی:

((- حەفت شەو و حەفت ڕۆژ باسی رۆستەمیان بۆی کرد، دوایی گوتی (ڕۆستەم نێر بوو یان مێ)

بۆ کەسێك بەکاردێت، کە درەنگ لە شت بگات و ئیهمال بێت و کەمێك گێژ و هێڕ بێت.

- یان دەڕێی رۆستەمی مازندەرانە!

بۆ کەسێکی ئازا و پاڵەوان بەکاردێت.

- یان بوویتە رۆستەمی مازندەران)).

بۆ کەمکردنەوە و شکاندن بەکاردێت، واتا هەرچی بکات و خۆی هەڵبکێشێت، بەڵام هەر هیچە.

لێرەدا مەبەستی قسەکەر زیاتر ماناکەی ڕوون دەکاتەوە.

ئەوەی دەبینرێت حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

حەیای چوو چەتری تاوس بارەگاهی شەعشەعەی خورشید
کەمەنـدی پیلەتەن، زنجیـری داود، گـــورزی گـــۆدەرزی

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٥٩)

وشەی (پیلەتەن)ی بەکارهێناوە، هەر چەند لەقسەی سەرزاری باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ((وشەی (پیلەتەن و فیلەتەن و پیل تەن) نازناوی ڕۆستەمی زاڵە)) (هەمان سەرچاوە، ١٩٨٦،ل١٧٤-١٧٥)

وشەی (پیلەتەن)ی بەکارهێناوە، هەرچەندە لەقسەی زاری باسی لێوە دەکرێت کە (ئەوکەسەی کەلەشی وەکو فیل وابێت، کەتە، لەش گەورە، زۆر بەهێز) (هەمان سەرچاوە، ١٩٨٦،ل١٧٤)

وشەی (پیلەتەن و فیلەتەن و پیل تەن نازناوی ڕۆستەمی زاڵە.

٤. زەححاك:

لەبـی زەححاکـی فەرمووی ماری زوڵفـم
چەمی کەللەی کەبە، مووچەی سەری جەم

حاجی (لەب) لێو*ای* یارەکەی وەکو (زوحاك) دەبینێت، کە چۆن کەللەی سەری دوو کوڕ دەکاتە ژەمە خۆراکی ماری زوڵفەکانی، بەهەمان شێوەی مارەکانی سەرشانی (زوحاك)یش خواردنیان، وەك لەئەفسانەکاندا هاتووە، ڕۆژانە کەڵە سەری دوو کوڕە کورد بووە زوحاك ستەمکاری ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاك)ە، کەسێکی فارسە و پاشایەکی زۆردار بووە و دەستی سوور بووە بەخوێنی کورد، هەر ئەم ئەفسانەیەش بووەتە بناغەی دروستبوونی (نەورۆز) زەححاك ((پاشای داستانی کە لەدوای جەمشید لە ئێران پاشایی کرد، کوڕی (مرداس) پاشای ناوچەیەکی عەرەب بوو، ئەهریمەن زەححاکی فریودا... وای کرد باوکی بکوژێ و لە شوێنەکەی دابنیشێ...

ئەهریمەن خۆی وەکو لاوێك لێ کرد، جۆرەها باڵندە و چوارپێی دەکوشت و وەکو چێشتلێنەرێك گۆشتەکەی دەرخوارد دەدا تا فێری خوێن ڕشتنی بکات،... دوایی شانی ماچ کرد و دوو ماری ڕەش لەسەر شانی ڕوا، ئەهریمەن خۆی هێنا شێوەی پزیشك و فەرمانی دا کە مارەکان بەمێشکی ئادەمیزاد پەروەردە بکەن، دوایی هەر شەوە دوو گەنجیان دەکوشت و مێشکی سەریان دەدا پێی)) (عارف،٢٠٠٧، ٤٦٠-٤٦١)

دوای ئەمە (حاجی) ڕەمزی (مار)ی بەکارهێناوە، سەرەڕای ئەوەی چیرۆکی (زەححاك) ماری تێدایە، ((مار زیندەوەرێکی خشۆکی زیندووی نێو ئەفسانەیە، کە جگە لەوەی ئادەم و حەوای لە بەهەشت وەدەرنا و گیانی نەمری لەگلگامش خوارد، دیسان وازی نەهێنا و هەمیشە لەگەڵ مرۆڤ ململانێیەتی، ئەم تەمەنە درێژەیشی لەگەڵ مرۆڤ وای کردووە ببێتە هاوبەشی دروستبوونی زۆر چیرۆك و بەسەرهات و ئەفسانەی بەناو و دیار)) (حەسەن،٢٠٢٠، ٦٣)

٥. کاوە:

حاجی بەشیعرەکانی وەکو کاوە
ڕۆژێ دەبینن درەفشی هەڵـــداوە

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٩٤)

((درەفش، درەوشت، ئاڵا، بەیداخی کاوە، ئاڵای کاوە)) (موکریانی، ٢٠١٧، ٦٤٥)

کاوە ((ناوی پاڵەوانی ئەفسانەی ناسراو و میتۆلۆژیای، کاوەی ئاسنگەرە، بەگوێرەی داستانەکان، کاوە لە سەردەمی ئەژدەهاك ژیاوە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا بەواتای (پاشا) هاتووە، هەر هەمان وشەی (Kavi کەفی)ی ئاڤێستایە)). (هەرشەمی، ٢٠٢١، ٤٨-٤٩)

حاجی شانازی بەخۆی و شیعرەکانی دەکات، کە رۆژگارێك لێی تێدەگەن و وەکو کاوەی ئاسنگەر سەردەکەوێت (درەخش) ئاڵای سەرکەوتن و شۆڕشی کاوەی ئاسنگەری پاڵەوانی کوردە، وەك لە ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاك) هاتووە.

لەم دێڕە شیعرەدا ((حاجی)) خۆی لەو ئاستە دەبینێ، کە بۆ خۆیان (کاوە) یەکن و خۆی و شیعرەکانی لە دواڕۆژدا ئاڵای شۆڕش و سەرکەوتنی کورد هەڵدەدەن:

لەژێر فاقی فیراقی وەها فەرسودەیە جیسمم
لەگەڵ عەنقا قەرینم لەئیسمی بێ موسەممما

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٤٨)

حاجی دەڵێت: لەژێر لکەداری دووری لەیارەوە لەشم داڕزیوە داوەشاوە لەگەڵ عەنقا هاوڕێیەکی زۆر نزیکم، بەڵام هەردووکمان ناوی بێ ناولێنراوین.

عەنقا ← ڕەمزێکی گەورەیە لەنێو ئەفسانەدا، ناوی هەیە و بوونی نییە.

((عەنقا: سیمورغ، باڵندەیەکی ئەفسانەییە، دەڵێن باڵندەیەکە، کە (زاڵ)ی باوکی ڕۆستەمی پەروەردە کردووە و گۆش کردووە)) (عارف،٢٠٠٧، ٦٢٩)

((عەنقا، مەلێکی خەیاڵیی کە هێلانەکەی لەکێوی قافە، هەرچەند عەنقا و سیمرخ دوو مەلی خەیاڵی جیاوازن، بەڵام دە ئەدەب دا وەك یەکیان دادەنێن)) (نانەوازادە، ٢٠٢١، ٦٥٣)

ئەم ((سیمرغە باڵندەیەکی زۆر گەورە و بەعومرە، وەك لە ئەفسانەکاندا باس دەکرێ، دەتوانێ پاڵەوان بەچەك و یارەوە بەحەفت کوندە ئاو و حەفت کەلەشە کوشتی و حەفت نوردی نانەوە هەڵگری چەندان رۆژ هەر بفڕێ و نەنیشتەوە، تالەبن دنیای دێتەوە سەر دنیای)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٥٨)

هەر لەبارەی عەنقاوە ((باڵندەیەکی ئەفسانەیی زەبەللاحە، گوایە لەکێوی

قاف هێلانە دەکات: لەمیتۆلۆژیای کوردەواری واباوە کە گوایە عەنقاش یەکێك بووە لەو باڵندانە لەناو کەشتییەکەی حەزرەتی (نوح)دا بووە، نوح بەهەموو باڵندەکانی وتووە بڕۆن وشکانیم بۆ بدۆزنەوە، تەنیا عەنقا ڕۆیشتووە، وشکانی دۆزیوەتەوە، بەڵام هاتۆتەوە سەر کەشتییەکە و منداڵێکی ڕفاندووە، بۆیە حەزرەتی نوح دوعای لێکردووە و وتوویەتی "بڕۆ تووناوتوون بە، ناوت هەبی و ناوەرۆکت نەبی". خوا نزاکەی حەرزەتی نوحی گیراکردووە و لەو ڕۆژەوە ناوی هەیە، ڕوخساری نییە)). (هەورامی، ١٩٩٨، ٣٤)

لە چیرۆکی ئەحمەدی پاڵەواندا، دوای ئەوەی دەکەوێتە ناو بیر و دواتر دەکەوێتە سەر پشتی بزنە نێرییە ڕەشەکە، حەفت تەبەقەی دیکە دەچێتە بن عەرد، دوایی لەبن داربێك دەیەوێت پشوویەك بدات، دەبینێ عەزیایەکی گەورە دەیەوێت بچێتە سەر هێلانەیەك و فەرخەکانی بخوات، ئەحمەد عەزیایەکە پارچە پارچە دەکات، کە دایکە دێتەوە (سیمرغ)ە، دەیبینێ فەرخەکانی ماینە، هاوار دەکا کێ فەرخەکانی پاراستیمە بخوازی ماری دنیایێ، دوای دوو جار، سێیەم جار (ئەحمەد) دێت و دەڕێ بمگەیەنەوە سەر دنیایێ، ئەویش دەڕێ ((حەفت ساڕە فەرخەم دەخورێ حەفت ساری دیش خواردبای یەکی ئەو داوایەت نەبا، بەڵام دەڕێ وەعدم دایە، دەیبەمەوە سەر دنیایێ، بەران حەفت کەلەشە کوشتی حازر بکە، لۆ هەر تەبەقەکی پێویستم بە کەلەشە حەیوانەکیە)).

٦. ئەفسانەی دروستبوونی جیهان:

لــە پــڕەپــڕ و لــــە سمکۆڵــی پیرەگا کێوی
دەلەرزێ گاوی زەمین و دەترسێ گاوی سەما

حاجی قادر زۆر بەوردی لەسەر ئەو ئەفسانەیە دواوە کە دەڵێن زەوی لەسەر پشتی گا وەستاوە، پیرە گا زەوی هەڵدەکۆڵێت.

((گاوی زەمین (گاوی ثری) ئەفسانەیەکی باوە لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، کە بەم جۆرە باسی لێوەکراوە، گایەکە، کە زەوی وا لەسەر پشتی و ئەو گایەیش وا لەسەرپشتی ماسی)) (عارف،٢٠٠٧، ٧٤٤)

(گاوی سەما (برج الثور) کەلووی گا) (میران، شارەزا،١٩٨٦، ٤٠)

لە شوێنێکی دیکە حاجی ئەو ئەفسانەیە دەمەزرێنێتە نێو شیعرەکانی، بەڵام بەشێوازێکی جیاوازتر.

تا بڵێێ فەرقی هەیە، میهری من و ماهی فەلەک
لە(سەرا) تا بە(سورەییا) لە(سەما) تا بە (سەمەک)

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٧٤)

((ماهی فەلەك، مانگی ئاسمان، سەرا (الثری)، خاك، عەرد، (سورەیا) (الثریا) کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ (پێروو) سەما، ئاسمان، سەمەك، مەبەست ئەو ماسییەیە کە عورەفای قەدیم پێیان وابوو دنیا لەسەر پشتی ئەو گایە و گاکەش لەسەر پشتی ماسییە)) (هەمان سەرچاوە، ٧٤)

لەم دێڕەدا حاجی باسی ماسیشی هێناوەتە ناوەوە، بۆیە زۆر جار لە مەولوودەکان و لەسەر زاری خەڵکیش ئەمە دەگوترایەوە ((برادەران خودای تەبارەك و تەعالا، عالەمی بەو نەوعە خەلق کردییە، ئەرز لەسەر بەردییە و بەرد لەسەر گاجووتییە، گاجووت لەسەر پشتی ماسییە، ماسی لەسەر ئاوە، ئاو لەسەر بایە، با لەسەر هەوایە، هەوا لەسەر تاریکی داندرایە، لەژێر ئەو تاریکییە کەس نازانێ چ باسە و چ هەرایە)) (جەلیزادە،٢٠١٣،)

((بەمندالّیش ئەگەر زەوی لەرزیبا، دایکم دەیگوت، ئەوە گا و ماسییەکەن جوولّاون، لەبنەڕەتدا ئەمە ئەفسانەیەکە))

لە داستانی مەم و زینیشدا بەم شێوەیە ئاماژە بەیەکێك لەو ئەفسانە خۆمالّییانەی دروستبوونی جیهان و شێوەی جێگیربوونی دەکات.

((خوشکی نێوەنجی وای گوتییە
هەر لە عەرشی تا کورسییە
هەر لە گای هەتا ماسییە
هەموو دنیام پشکنییە))

(ئۆسکارمان، ٢٠١١، ١٤٥)

((ئەو ئەفسانەیە بریتییە لەو بیروباوەڕە دواکەوتووەی کوردەواری کە باس لە وەستانی گۆی زەوی دەکات، گۆی زەویش لەسەر قۆچی گا وەستاوە و گاش لەسەر پشتی ماسییە و ماسیش لەنێو دەریادایە و دەریاش لەسەر هەوا وەستاوە هەروەها بڕوای بەسووڕانی زەوی نییە)). (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٢٠٦).

٧. ئەفسانەی قاقۆل زێڕ و ددان مرواری:

لەدەوری دوڕی دندانی بەقیمەت
ددانی کەندوموە لوولــوویی لالا

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٢٨)

(لوولوویی لالا: مرواری تروسکەداری بە ورشە) (هەمان سەرچاوە،٢٨)

حاجی قادری کۆیی هێمای ئەفسانەیی چیرۆکی (قاقۆل زێڕ و ددان مرواری) هێناوەتەوە، چیرۆکەکە سێ خوشك گفتوگۆ دەکەن، یەکێکیان دەڵێت ئەگەر پاشا بمخوازێت، دوو منداڵی (قاقۆل زێڕین و ددان مرواری) پێشکەش دەکەم، دوایی ئەم خوشك و برایە بەپلانی زڕ دایك دوور دەخرێنەوە و سەرەنجام پاشا دەیانگەڕێنێتەوە ولاتەکەیان، جا هەرچی ئەم خوشك و برایە دەبینێت بەجوانییان سەرسام دەبێت)) (جیهانی، ١٣٩١،)

سەوادی سێبەری تۆیان هەتا نە کردە میداد
نەنووسرا وەرەقی ئەمری (کن فکان)ی قەدیم

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٨٨)

سەوادی سێبەر: ڕەشایی سێبەر، تا ڕەشایی سێبەری تۆیان نەکەوتە سەر، مەبەستی پێغەمبەرە (ص)، دونیا دروست نەبوو.

(کن فکان) ئاماژەیە بۆ (کن) واتە (ببە)، (فکان) خێرا...

((تاخودا شێوەی تۆی نەهێنا پێشەوە کائیناتی خەلق نەکرد، ئاماژەیە بەوە کە خودای گەورە لەبەر پێغەمبەر (ص) تەواوی کائیناتی دروست کردووە)) (میران، شارەزا،١٩٨٦، ٨٨)

ئەمە ئاماژەی ئەوەیە کە دەڵێت (لولاك لولاك، ما خلقت الافلاك) راستە خودا پێغەمبەر (ص)ی هەڵبژاردووە بە (رحمة للعالمین) ناوی بردووە، بەڵام کە خودا دونیای دروست کرد، لەبەر خاتری پێغەمبەر نەبووە.

٨. موری سولەیمانی:

خەتی دەورە ڕوخی داوە وەکوو موری سولەیمانی
خەیاڵی کردووە زوڵفت بەحیلە خاتەمی لادا

((پێویستە ئەوەش بڵێین مەبەست چ (موور) یا (مۆر) بێت، حاجی ئاماژە بەچیرۆکی حەزرەتی سولەیمان لەگەڵ مێروولەدا دەکات کە مۆریشی پێوە بووە)) (میران، شارەزا،١٩٨٦، ٥٤)

((ئەم ئەنگوستیلەیە لە چیرۆکی ئاینییەوە هاتووەتە نێو ئەفسانە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سلێمان پێغەمبەر)) (حەسەن،٢٠٢١، ٤٤٨)

((ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەپێی چیرۆکە ئاینییەکە و چ بەوەی زۆرتر لە ئەفسانەدا باوە، ئەنگوستیلەکە بای دەدەی (دێو) ئامادە دەبێ، کەچی لێرە حەزرەتی سلێمان کە لەبنەڕەتدا خاوەنی ئەنگوستیلەکەیە)) (حەسەن، ٢٠٢١، ٤٤٨)

٩. سەفەری حەفت خوان:

مـــن لـە غـــەمـت ڕێگەکەیـــم کـــەوتـــەبـــەر
خوانی بەهەشتە و سەفەری حەفت خوان

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٠٣)

حاجی قادری کۆیی ئاماژەی بە (هەفت خوان) کردووە کە ((قۆناغێکی دژوار و گران، یەکێکە لە چیرۆکەکانی شانامەی فیردەوسی کە بریتییە لەوە کاتێ رۆستەم بۆ نەجاتدانی (کەی کاوس) دەڕوا بۆ مازندەران، تووشی حەوت کارەساتی دژوار دەبێ و بەچاڵاکی لێیان رزگار دەبێ، ئێستا ئەم حەوت خوانە بووە بە پەند ئیشی تووش و ئەستەم، وا مەشهوورە تەنیا رۆستەم و ئەسفەندیار توانیویانە لێی دەربازببن)) (هەمان سەرچاوە، ل١٠٣)

(سالم)یش ئاماژەی بە (هەفتخوان) کردووە کە دەڵێت:

((فیتنە خیزە ڕاهی قوستەنطین بەمیئلی هەفتخوان
ئەم بەهەر خوانێ وەکو رۆبین تەن ئاسان هاتەوە

((رۆستەمی زاڵ تووشی حەوت شەڕ دێت، کە بەسەر یەکەوە بەهەفتخوانی رۆستەم ناسراوە)) (دەشتی، ٢٠٢١، ٢٥)

لە شوێنێکی دیکە حاجی قادر، باسی دوو زولفی یار دەکات، کە پاسەوانی ڕووی یار دەکەن، زولفەکانی بەماری پاسەوان چووانووە و دەم و چاویشی بەگەنجینە، لەمەدا هێمای بۆ ئەفسانەی تەشتی نادام کردووە، کاتێك ئەو پیرێژنەی (قاقۆل زێڕ و ددان مرواری) بەبچووکی فڕێدا، دەچێتە لای (ددان مرواری) و دەڵێ دەبێت برایەکەت بچێت (تەشتی نادام)ت بۆ بهێنێت.

١٠. ماری موتەلسەم:

ئەوسافی وەکوو خەتتی دوو زوڵفە بەچەپ و ڕاست
وەک ماری موتەلسەم تەلیسمی سەری کەنزە

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٣٠)

حاجی وێنەیەکی جوانی لە یەك تابلۆ کۆکردووەتەوە زوڵف بە ئەژدیها چووێنراوە، زوڵف گەنجووری گەنجە، دەم و چاو و ڕووی یار گەنجینەکەیە، ماریٚك تۆق و تەلیسم کراوە لەسەر گەنجینەکە. ((لە ئەفسانە کۆنەکاندا ماری زۆر گەورە و عەزیا کە ئاگر لەدەویان دێتە دەرێ، بەسەر خەزنە و کووپە زێڕ و دورجە پڕ ئاڵتوون و شتە ناوازەکاندا شەو و ڕۆژ بەدیاریانەوە پاسەوانن)). (مەولود، ۲۰۲۲ ،ل۱۳) بەبڕوای ئێمە لەم شیعرەدا ئاماژەی بۆ ئەفسانە کردووە، ئەویش هێمایەکی (تەشتی نادام)ە.

تەشتی نادامێ ((ئەو تەشتە زۆر بەزەحمەت دەست دەکەوێ، بەڵام هەر کە پاڵەوان بەدەستی هێنا، ئیدی دەمێنێتەوە، ئیشی سەدان ژن و پیاو بەیەك چاو قوچێنی دەکات، ئیشەکەیش ئەوەیە، نیەت لە چ جۆرە خواردنێك بگرێ و هەر چەندی لێ بخوازێ... بەیەك چاو قوچێن ئامادە دەبێ)). (حەسەن، ۲۰۲۱ ،۸۱)

لە شوێنێکی دیکە (حاجی قادر) باسی (کوندەپەپوو) دەکات و لەگەڵ کەلاوە و وێرانە ناوی دەهێنێت.

۱۱. ئەفسانەی کوندەپەپوو (بووم):

بەیادی کونجی تۆ (حاجی) وەکو بووم
لە مەعمـــوورە دەچێتە نـــاو کـــەلاوە

لە بیرو باوەڕە کۆنەکان (کوندەپەپوو) لە هەر شوێنێك بنیشێت و جارێك بخوێنێت، ئەو شوێنە دەبێتە کەلاوە و وێرانە ((لە ئەفسانە وابا‌سی دەکەن کە دەچنە داخوازی کچەکەی (بۆمی بووم)دا بۆ مارەیی و نەختی کچەکەی داوای حەفت شاری وێران دەکات! پاشا شارەکەی وێران کرد، بۆیە لە (کوندەپەپووی زیاتر چ تاقە شتی لێ نەدەنیشت، تەنها کوندەبۆی لێ دەخوێند)) (حەسەن، ۲۰۲۰، ٤٠)

تاقەت و سەبرم ئەگەر ڕوویین تەنی ئەفراســـیاب
(ڕۆستەم)ی هیجری لە ئەرزی داوە دەستی بەستووە

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٣٨)

حاجی ئاماژەی بە (ڕوویین) تەن کردووە کە نازناوی ئەسفەندیاری پاشای کیانیە و مەبەست تۆندوتۆڵ و لەش بەهێزە)) (عارف،٢٠٠٧، ٤٤٧) بەڵام د. عوسمان دەشتی دەڵێت((..... ڕوویین تەن نازناوی ڕۆستەمە)) (دەشتی،٢٠٢١، ٢٥-٢٦)

حاجی لە باسی (دێو)یشەوە دامەزراندوویەتییە نێو شیعرەکانی، لە باسی دوژمنانی ئیسلام، کە کەسانی پاك و ساف و لەخودا ترس دەبیت لەوان وابی (دێوە)، شەرعزانانیش لەلایان (شەوە)یە.

١٢. ئەفسانەی شەوە:

هێندە بێگانە لە ئیسلامن و ئەحبــابی فەڕەنگ
موتتەقس دێوە لەلایان، موتەشەڕڕیع شەوەیە

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٤٦)

((هەرچەندە لە زەینی ئێمەدا بەهۆی وێنە جۆراوجۆرەکانی (دێو) لەنێو ئەفسانەدا، وێنەیەکی ڕاوەستاو و نەگۆڕمان نییە بۆ (دێو) هەروەها دێو شتێك نییە، وەك مێرووڵە و گورگ لە سروشتدا بەچاو ببینرێ، بۆیە لەهێنانە بەرچاوی وێنەی دێو چەندین شت تێکەڵ دەبن، بۆ نموونە: لەنێوان شێوەی ورچ و شەیتان، کە ئەویش وێنەیەکی جێگیر نییە)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٤٤٥)

هەر لەبارەی دێو و پێناسەی لە هزری خەڵکدا ((گیانلەبەرێکی حەپوحێلە، دەتوانێ بفڕێ و شێوەی خۆی بگۆڕێ، گۆشتی ئینسان دەخوات و لە کێو و ئەشکەوت و تاریکیدا دەژی، نێرینەی کچ دەڕفێنێ و مێیان کوڕ! گیانی لە لەشدا نییە و کودیلەی ڕۆحی هەیە، ئەگەر کودیلەی ڕۆحی کەوتە

دەست هەر کەسێ، با دووریش بێ، دەتوانێ دێو بکوژێ)) (حەسەن،۲۰۲۰، ٤١)

(دێوی سپی ل١٣٤ دیوانی حاجی) دوای ئەوە (حاجی) باسی (شەوە)، ئەمەش بیروباوەڕێکی ئەفسانەییە گوایە، ئافرەتی زەیستان کە تازە منداڵی بووە، قورئان لەپشت سەری دادەنێن، یان دەرزی و سووژنێکی لە یەخەی دەدەن، بۆ ئەوەی (شەوە) بڕەوێتەوە و نەیەت.

لە گێڕانەوەیەك لە وەسفی شەوە ((دەیگوت من شەوەم بینیوە، کاتێك کوڕی گەورەم لەدایك بوو، هات، دووربەدووری گۆتی وەرە، بەڵام من نەچووم، ژنێکی پرچ قژن و ناشیرن و سەروسیمایەکی ناشیرینی هەبوو، لەبەر قورئانەکە نەدەهاتە پێش)) جگە لەمەش وەکو (گوتەیەکی ئامادە و قسەیەکی سەرزاری، بەکەسێکی خراپ دەڵێن: (بریا شەوە بیبردبایەوە) مەبەست لێی مردنە.

بۆیە لەدوای لەدایکبوون، منداڵ بمرێت دەڵێن (شەوە بردی) یان (شەوە لێیدا) یان ئەو دوعایە دەکەن دەڵێن (دەك شەوە بتباتەوە) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٤٤)

دوای ئەمە (حاجی) باسی ناو و شوێنێکی دیکەی ئەفسانەیی دەکات، کە زۆر لەسەر زارانن،

١٣. ئەفسانەی هوما:

من هومام و قوللەیی قافی قەناعەت جێگەمە
لایقی پەیغامی ئەو پەرویزەیە عەنقا دەبـــێ

(میران، شارەزا، ١٧٣)

((هوما: ناوی باڵندەیەکی شکاری گەورەیە، پەڕەکانی سەرپشتی خۆڵەمێشی مەیلە و سپییە... خواردنی تەنها ئێسقانە. هوما= عوقابی ئێسقان خۆر، پێشینان وایان دەزانی سێبەری هوما بکەوێتە سەر هەرکەسێ، دەبووە مایەی کامەرانی و خۆشبەختی بۆی)) (عارف،٢٠٠٧، ٩٧٠)

زۆرجار هوما ناوی لەگەڵ مردنی پاشایەك هاتووە، کاتێك وەکو بازی شا هەڵدراوە، لەسەر سەری هەر کەسێك نیشتباوە ئەو کەسە لەهەر پلەیەك بووایە، دەبووە پاشا بۆیە گوتراوە ((وەی دەنا نەمردبام و تەیری هوما پێم لەسەر سەری بنیشتبایەوە و ببمایە پادشا و مرادم هاتبایەجێ)) دوای (حاجی) ناوی (قوللەی قاف) دەکات و وەك لە ئەفسانەدا هاتووە ((قولـله: لووتکەی شاخە و (قاف) چیای قافی خەیاڵییە یان چیای قەفقاسە)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٦٠)

هەر لەبارەی کێوی قاف ((کێوی دوور و شوێن نەزانراوە، پاڵەوان زۆر بەزەحمەت دەگاتە ئەم کێوە، کە جێگای دێو و ئەجنده و پەرییانە)) (هەمان سەرچاوە ٦٠)

بەڵام دکتۆر عزەدین مستەفا دەڵێت ((گیانی بەدی دێو و درنج و خێو، بەدرێژایی مانگی رەمەزان لەپشت چیای قاف دەبەستریتەوە، چیای قاف خودی چیای قەفقاسە)) (رسول،٢٠١١ ،١٣)

حاجی قادری کۆیی باسی (ئەژدیها) دەکات، ئەم گیاندارە رووبەرێکی فراوانی لە ئەفسانە داگیرکردووە، بۆیە ((بەکەسێکی ستەمکار دانراوە و ئایینی ناپاکی بڵاوکردۆتەوە، هێرشی کردۆتە سەر نیشتمانی ئاریيەکان و ئیمه (جەمشید)ی لەناوبردووە)) (حەسەن، ٢٠١٣، ٢٦)

لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ((ئەژدیها وەکو عەزیا وایە، بەڵام سێ یان حەوت سەری هەیە، زۆر گەورە و گران و بە سامە، جاری واهەیە پاڵەوان چەند سەرێکی دەپەڕێنێ)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٦٤)

لە شوێنێکی دیکە (حاجی قادر) بەناڕاستەوخۆیی ئاماژەی بەدەنگخۆشی بولبول کردووە، هەر ئەمەش هۆکارێك بووە بکەوێتە قەفەسەوە.

١٤. ئەفسانەی خوێندنی تووتی:

بۆچی حاجی نەخوێنێ وەکو تووتی
ئەم زوبانە هەزاری خستە قەفــەس

(میران، شارەزا، ٧٣)

((لە گێڕانەوە ئەفسانەییەکان واهاتووە سەرەتا بولبول دەنگی ناخۆش بووە، داوای دەنگخۆشی لەخودا کردووە، خودایش دەنگە خۆشەکەی پێداوە، لە بەرانبەردا ئازادی لەدەستداوە و بەهۆی دەنگخۆشیەکەیەوە، سەرئەنجامی نێو قەفەس بووە)).

بۆیە ڕازی نەبوون بەو بەشەی کە خودای گەورە پێیداویت، سەرئەنجامی باش نابێت، زۆرجار کە خودا شتێکت پێ نابەخشێت، ئەوە باشیی تۆی تێدانییە و مرۆڤ پێویستە بەو بەشە ڕازی بێت کە خودا پێیداوە).

لەنێو کوردەواریدا گلەیی لە بەخت کردن ئێجگار زۆرە، وەکو گوتراوە، ((کەس بە بەشی خۆی رازی نییە))

(حاجی)یش لەم گلەییکردنە بەدەر نییە لە شوێنێك هەم شانازی دەکات و هەمیش گلەیی، لەدێڕێکی دیکە باسی هەڵسانەوەی بەختی خۆی دەکات.

١٥. ئەفسانەی بەختی نوستوو:

زاهیرەن بەیتم لە (نالی)و (کوردی) زۆر کەمتر نییە
تالعم بەرگەشــتەیە بەدبەختم بەختــم نووســتوە

(میران، شارەزا، ١٣٧)

تا سوبحی گەردەنی لە شەوی زولفی هەڵنەیێ
(حاجی) مەڵێ بەتالیعی نووستوو: هەڵستەوە

((لەم دێڕانەی (حاجی) ئەوە دەردەکەوێت هێمایە بۆ ئەفسانەی (ئەو کابرایەی بەدوای بەختی خۆیدا دەگەڕێت) دەڵێن کابرایەك دەبێت بەهۆی

ڕزق سواری و هەژاری و بێ بەختییەوە، سەری خۆی هەڵدەگرێت و دوور دەڕوات، لە نەزانیی خۆی نەدەبێتە پادشا و کچەکەی مێردی پێ کرد، نەدوڕی گەوهەری نەهەنگەکەی هەڵگرت، دوایی گورگیش خواردی کاتێك بەگوێی ئامۆژگارییەکانی خدری زیندەی نەکرد)) (عالڵایی،٢٠٠٨ ، ل١٦٤-١٦٦)

حاجی باسی ڕەمزێکی ئەفسانەیی دەکات، ئەویش ئاوی حەیاتە، هەر چەند بابەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام زۆرجاریش بە(خدری زیندە) گرێدراوە.

١٦. ئەفسانەی ئابی حەیات (ئاوی حەیات):

((نالی)) ئوستادەکی گەلێ چابوو
خزری ئابی حەیاتی مەعنابوو

(میران، شارەزا، ١٧٥- ٢١٧)

((خدر گوایە (ئاوی حەیاتی) خواردووەتەوە، بۆیە نامرێ... لەسەر شێوەی پیرەمێردی ریش سپی و نوورانی خۆی بەخەڵك نیشان دەدا بەهانای لێقەوماوان دێت)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٤٧)

((تەنانەت ئەوانەی منداڵیشیان نابێت (خدری زیندە) دێتە لایان و ڕێنمونیان دەکات بۆ منداڵبوون چی بکەن)) هەروەها لەئەفسانەی تورك خدری زیندە بەهەر شوێنێکدا بڕوات سەوزی دەکات بەڵام لە ئەفسانەی کوردیدا خدری زیندە فریادڕەسە.

لە گێڕانەوەکانی دایکمدا دەیگوت، خدری زیندە هاتووەتە لای داپیرم، کەسێکی ریش سپی بووە و دەستی هێندە نەرم بووە وەکو ئەوە بووە هێسکی تێدا نەبێ، دوای چەند کچێك کوڕیان نەبووە، دوو شتی پێ گوتوون، یەکەمیان: لەئێوە مرۆڤی باشن، چاکە لەگەڵ خەڵك دەکەن، بەڵام کە لەپشتتان کردوون کاتێك داتانان، زەمتان دەکەن و بەخراپە باستان دەکەن. دووەم: بڕۆنە سەر قەبری (مەلا ئۆمەر)ی نزیك هەولێر و داوا لەخودای گەورە بکەن، خودا

کورێکتان دەداتێ، دواتر کوڕیان بوو و ناویان نا (عومەر) دوایی بوو بە (ئۆمەر) (باوکی دایکم).

((ئاوی حەیات (ئاوی بەقا) کانییەکە لە تاریکیدا، هەر کەسێك لێی بخواتەوە بەنەمری دەمێنێتەوە)) (عارف،٢٦،٢٠٠٧)

وەکو ئیدیۆمێکیش دەگوترێت (هەندە باش و جسن و رووخۆشە، دەڕێی ئاوی حەیاتێیە)

١٧. ئەفسانەی ئەسپی شەش پێ:

ئەسپی شەش پێی قەهرەمانی عەجەم
مەحــزی کــزبــە بەئیتفاقــی ئـومـەم

حاجی قادری کۆیی لەگەڵ ئەوەی ئەفسانەی مەزراندووەتە نێو شیعرەکانی، لەگەڵ ئەوەش کەمێك گۆڕانکاری لەناوەکاندا کردووە.

لە باسی (ئەسپی شەش پێ) یان (شەش پێی بەحری)دا، ئاماژەی بەم ئەفسانەیە کردووە و گلەیی ئەوەی کردووە، کە ئەم بەیت و ئەفسانە نووسراون و هی کورد نەنووسراونەتەوە.

((شەش پێی بەحری، ئەو دەعبایە بوو کە لەنێو ئاو دەژیا، شێوەی وەکو ئەسپ وابوو، دوای ئەوەی چەند پاڵەوانێکی سوپای (قارەمان)ی برد، قارەمان راوی کرد و دوایی کردییە ئەسپی خۆی.

((قارەمان گێی گرت و سواری پشتی بوو، دەعبا لەزگ بوو لۆ بەحرێ بچی، شەقەکی لەبن گێی دا و ئاگری لەچاوی برند کرد... ئەو دەعبایە ناوی (شەش پێی بەحری) بوو)) (شوان، ٢٠٠٣، ٤٨)

ئەنجام

١- بەکارهێنانی ڕەمزە ئەفسانەییەکان لەلایەن نووسەران و شاعیرانەوە،هەم جوانییەك بە دەق دەبەخشێت،هەمیش کورتبڕییە بۆ شاعیر،بەڕەمزێکی ئەفسانەیی دەتوانێت زۆر مەبەست بپێکێت.

٢- باسکردنی مەزراندنی بەشەکانی فۆلکلۆر بەتایبەت ئەفسانە، هاوتەریب لەگەڵ مێژوو دەڕوات، بۆیە بەشێکی ئەو رووداوانەی لەمێژوو دیارنین، لە ئەفسانە دەدۆزرێنەوە.

٣- بەهۆی ئەوەی لە فۆلکلۆردا لێکچوونێك لەنێوان نەتەوە دراوسێکان هەیە، زۆرجار تێکەڵی دروست دەبێت، بەڵام کە شاعیرێك ئەفسانەیەك یان داستانێك دەمەزرێنێتە نێو دەقەکانی زیندوویێتی ئەو ئەدەبە دەردەخات و لە بوون بەمۆڵکی میللەتانی دیکەیش دەپارێزێت.

٤- ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی چڕ ڕەنگی داوەتەوە، شاعیر بۆ زۆر مەبەست بەکاری هێناون، لەگەڵ بارودۆخ و ڕۆژگاردا گونجاندوونی.

٥- لە ئەفسانەدا شەڕی نێوان (چاکە و خراپە) هەیە، لە ئەنجامدا هێزی چاکە زاڵە و لە شیعریشدا هەمان ڕێچکە گیراوەتەبەر.

٦- ئەفسانە وەکو کەرەستەی ڕەمزی بەرفراوان بەکارهاتوون، جا ئەو ئەفسانانە جیهانی بن یا خۆماڵی، بەنموونەی دروستبوونی زەوی و گەردوون، شاعیر بەرگێکی نوێی بەبەردا دەکات.

٧- حاجی شارەزاییەکی تەواوی لە هەموو بەشەکانی فۆلکلۆر هەبووە، بەتایبەت ئەفسانە، لە باسکردنیدا، هەم لەڕێگەی ئەفسانەوە ڕەخنەی لە کورد گرتووە، کە ئەم ئەفسانانە کۆناکاتەوە و بیانخوێنەوە، هەمیش ئاستی بەرزی نووسین و وەرگێڕانی ولاتانی پیشانی کورد داوە.

٨- حاجی خەڵك لەوە هوشیار دەکاتەوە کە،ئەوەی لە ئەفسانەکاندا هاتوون، مەرج نین لە دونیای واقیع جێبەجێ ببن، هانی کارکردن و ماندووبوونی داوە، بۆ ئەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە ئازاد و سەربەخۆبێت و بگاتە ڕیزی نەتەوە پێشکەوتووەکان.

٩- حاجی قادری کۆیی سوودی لە ڕەمزە ئەفسانەییە خۆماڵی و بێگانەکان وەرگرتووە.

سەرچاوەکان

١. ئەحمەد ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٢)، لەبارەی ئەدەبی کۆنی کوردییەوە، بەراورد و لێکۆڵینەوە، لەبابەتی (ڕەمز لە شیعرە کوردییەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢. ئەحمەد، کەیفی (٢٠١٩)، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا (بەنموونەی زاری کرمانجی نێوەڕاست)، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، چاپی یەکەم.

٣. برهان، محمد حسین بن خلف (١٣٧٦)، برهان قاطع، باهتمام (د.)، محمد معین، جلد دووم، چاپ ششم، مؤسسة إنتشارات امیر کبیر، تهران.

٤. تاڵەبانی، دیوانی شێخ ڕەزا (٢٠٠٣) (شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥. جەلیزادە، حاجی مەلا عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، (سەرجەم بەرهەمەکانی) کۆکردنەوە و پێشەکی، دکتۆر کەمال مەعرووف، بڵاوکردنەوەی: نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر.

٦. جوتیار، خالید (٢٠٠٦)، سەمای ئەجندان، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

٧. جیهانی، شێرکۆ (١٣٩١)، فۆلکلۆر و ئەفسانەکانی کوردی، کۆکردنەوە و نووسینەوەی، نوشتە شدە درکشنبە، بیست و نهم، ساعت ١٦:٣١، توسط، Perizad.blogfa.com.

٨. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٠)، قەدەغە شکێنی، دارەڕێی ئەفسانەی کوردی، ناوەندی غەزەلنووس، بڵاوکار مالّی سوهرەوەردی، چاپخانەی تاران.

٩. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٠)، قەدەغە شکێنی، دارەڕێی ئەفسانەی کوردی، ناوەندی غەزەلنووس، بڵاوکار مالّی سوهرەوەردی، چاپخانەی تاران.

١٠. حەسەن، فەرهاد عەزیز (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا، نامەی ماستەر، هەولێر.

١١. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢١)، وانەکانی شیکردنەوەی بەیت، قۆناغی ماستەر ، کۆرسی یەکەم.

١٢. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٠)، بەرەو ئەفسانەناسی کوردی، کتێبی سێیەم، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، مالّی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین و فەلسەفە، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم.

١٣. حەمید، زرار (گلگامش، کۆنترین داستانی ئەدەبی میزۆپۆتامیا)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، سایتی دیدی من، didimn.com.

١٤. خەزنەدار مارف (د.) (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم.

١٥. داستانی ئەفسانەی گلگامێش، سایتی گوڵان میدیا، ٤ی مایسی ٢٠٢٠، gulanmedia.com.

١٦. دەشتی، عوسمان (د.) (٢٠٢١)، سالمی ساحێبقران، باس و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٧. رسول، عزالدین مصطفی (٢٠١١)، دراسة في ادب الفلكلور الكردي، الطبعة الثانية، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.

١٨. شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (د) (٢٠٠٣)، شەش پێی بەحری، حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،چاپی یەکەم.
١٩. عارف، محمد نووری (د.) (٢٠٠٧)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٠. عارف، محەمەد نووری (١٩٧٤)، تەئسیری زمان و ئەدەبیاتی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات،زانستگای بەغدا. ژ ١٨.
٢١. عاڵڵایی، ئەحمەد جاسم (بەخت) (٢٠٠٨)، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ژمارە (٣٩).
٢٢. عەدۆ، ئەسعەد (١٩٨٧)، ئەفسانە و لێداونێکی پراکتیکی، گ. کاروان، ژ. (٥٨).
٢٣. معنى الأساطير اليونانية، ماهو، المفهوم والتعريف،٢٠٢٢
ar.inianelsonbooks.com
٢٤. مەخموری، پیرداود (٢٠١٣)، گەڕان بەدوای ئەفسانەدا، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی.
٢٥. مەولود، عەبدوڵڵا خدر (د.) (٢٠٢٢)، فۆلکلۆر لە شیعری کوردیدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
٢٦. موکریانی، گیو (٢٠١٧)، فەرهەنگی کوردستان، پێداچوونەوە و زێدەکردنی، کوردستان موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.
٢٧. موکریانی، هێمن (٢٠١١) ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، چاپی سێیەم.
٢٨. مویرز، بیل (٢٠٠٨)، دەسەڵاتی ئەفسانە، وەرگێڕانی: سەڵاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢٩. نانەوازادە، عەلی، فەرهەنگی ڕشتەی وشەی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، تهران.
٣٠. نبيلة ابراهيم (د)، الاسطورة، ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

٣١. نەجم ئەڵوەنی (د)، (٢٠١٦)، ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، چاپی دووەم.
٣٢. هەرشەمی، شاسوار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردی، چاپ، چاپخانەی تاران، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم.
٣٣. هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠١)، درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم.
٣٤. هەورامی، حەمە کەریم (١٩٩٨)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢١)، (٥)ی ئاداری ١٩٩٨، ساڵی دووەم.
٣٥. معنى الاساطير اليونانية، ماهو، المفهوم والتعريف(٢٠٢٢).
ar.inianelsonbooks.com.

ملخص

الأساطير في قصائد الحاج قادر كويي

هذا البحث خطوة نحو معرفة دنيا الحاج قادر كويي ومدى تأثير الفولكلور في قصائده وخاصة (الأساطير)، لقد حاول الشاعر دمج المواد الجاهزة من الفولكلور في قصائده ، حتى يتمكن عامة الناس من فهمها واقتصاره بكلمات مفيدة والتعبير بمعان كثيرة.

توظيف الفولكلور وخاصة الأساطير أمر مهم للتاريخ والحفاظ على هذه الثروة الفولكلورية من خلال الشعر . هذه الدراسة وغيرها من المناقشات المتعلقة بالأساطير تم عرضها وشرحها في أماكنها وقد تم مناقشة الأغراض التي من أجلها استخدم الحاج قادر اساطيره، وقد حاول الشاعر تقديم الأساطير الكوردية للأجيال القادمة والاستفادة من الأساطير العالمية وذلك من أجل إثراء أدبه.

الكلمات الدالة: الاسطورة، الحاج قادر كويى، خيروشر، العنقاء

Abstract

Legends in the Poems of Haji Qader Koyi

Research into "Legends in the Poems of Haji Qader Koyi" is a step for introducing the world of "Haji Qader" and the impact of folklore on his poems, especially "legends".

The poet tried to blend the available materials of folklore into his poems, so that both the audience can understand and to express the most meaning in a short expression.

The foundation of folklore especially legendary is important to history and to the preservation of this folklore wealth through poetry.

These and other discussions of legendary are shown and explained in detail. The purposes for that Haji Qader used his legends have also been mentioned. The poet tried to show Kurdish Legends to the future generation in order that Kurds would benefit from global legends and enrich their literature with them.

Keywords: legend, haji qader koyi, good and evil, anqa.

شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی یاساکانی گوێزانەوە

خەسرۆ جەلال خدر
قوتابی ماستەر/بەشی زمانی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
khasro.khodhur@su.edu.krd

پ.د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
sajidah.farhad@su.edu.krd

پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی یاساکانی گوێزانەوە)یە، هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی یاساکانی گوێزانەوە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا؛ لەگەڵ ئەوەی پەند دەربڕینێکی چەسپاوە و بە ئاسانی مل بۆ هەموو گوێزانەوەیەك نادا، بەڵام بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دوای بەرهەمهێنانی ڕستەی پەندەکە لە ئاستی ژێرەوە، پێویستی بە چەند یاسایێك دەبێ تاکو بە ئاستی ڕووکەش بگات، پەندی پێشینانیش مەبەستداراە و قسەکەر زۆرجار بە مەبەست جەخت لەسەر کەرەستەیەك دەکات و گۆڕین یا جێگۆڕکێ بە جێکەوتەکەی دەکات، تاکو گەیاندنی واتای مەبەست تیایدا ئاسانتر ببێت؛ جێگۆڕکێی کەرەستەکانیش نابێتە هۆی گۆڕینی دۆخ و ئەرکی ڕێزمانییان. لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە کەرەستە سینتاکسییەکان و قاڵبەکانی ڕیزبوونیان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا، تیایدا باس لە کەرەستە بەخورتی و ئارەزوومەندانەکان و پەیوەندیی واتایی نێوانیان دەکرێ.

بەشی دووەم: بۆ یاساکانی گوێزانەوە لە پەندی پێشینانی کوردیدا تەرخانکراوە، کە بەپێی توانا هەوڵدراوە ئەو یاسایانەی لە دروستەی ڕووکەشی پەندی پێشیناندا جێبەجێدەبن، یەکلا و ساغ بکرێنەوە.

دواتریش ئەو ئەنجامانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێیگەیشتووین خراونەتە ڕوو، لە کۆتاییشدا، دوا بەدوای پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

وشە سەرەکییەکان: کەرەستە سینتاکسییەکان، یاساکانی گوێزانەوە، پەندی پێشینان، ڕێزبوونی چەسپاو، یاسای لابردن.

پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی یاساکانی گوێزانەوە)یە، ئەم یاسایانە وەك تیۆرێك پانتاییێکی فراوانیان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا گرتووە، پەندی پێشینانیش وەك دانەیێکی ڕستەسازی، لەگەڵ ئەوەی دەربڕینێکی چەسپاوە، بەڵام بەپێی ئەم تیۆرە، دوای بەرهەمهێنانی ڕستە لە ئاستی ژێرەوە، پێویستی بە چەند یاساییێك دەبێ تاکو بە ئاستی سەرەوە بگات، ئەرکی سەرەکیی ئەم یاسایانەش پێدانی جۆرێك لە سەربەستییە بە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەی پەندەکە، کە لە ڕیزبوونی بنجی زمانەکە جیاواز بێت؛ بەهۆی ئەوەی پەندی پێشینانیش مەبەستدارە، قسەکەر زۆرجار بە مەبەست جەخت لەسەر کەرەستەیەك دەکات، گۆڕین یا جێگۆڕکێ بە جێکەوتەکەی دەکات، بۆ ئەوەی کردەی گەیاندنی واتای مەبەست[1] تیایدا ئاسانتر ببێت؛ گۆڕین و جێگۆڕکێی کەرەستەکانیش نابێتە هۆی گۆڕینی دۆخ و ئەرکی ڕێزمانییان؛ بەپێی ئەم تیۆرەش ڕستە گوێزراوەکان هەرچەند لە ڕواڵەتدا جیاوازبن، هەمان واتای ڕستەی بنجیان هەیە. هەموو ئەمانەش ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێنن.

سنووری لێکۆڵینەوەکە ئاستی سینتاکسە و لە شیکردنەوەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتەبەر. (پەندی پێشینانی کوردی) دیالێکتی ناوەڕاست،

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەیە؛ نموونەی پەندەکانیش بریتین لەو پەندانەی، کە لەسەر زاری ئێستای قسەپێکەرانی دیالێکتەکە بڵاون؛ ئەوانەی تریشی لە بەرهەمە چاپکراوەکانەوە وەرگیراون.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکو ئێستا لێکۆڵینەوە لە لایەنی ڕستەسازیی پەندی پێشینانی کوردی لە ڕووی تیۆرە زمانەوانییەکانەوە بە تایبەت (یاساکانی گوێزانەوە) کە بە (تیۆری گوێزانەوە)ش ناسراوە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لای لێ نەکراوەتەوە، ئەوەی هەیە بریتییە لە ژمارەیێکی کەم و سنووردارِی کاری زانستی لە بارەی هەندێ لایەنی ڕستەسازی و واتایی پەندی پێشینان، کە لە هیچ یەکێ لەو کارانەدا بە تەواوی ئەو یاسایانە یەکلا نەکراونەتەوە کە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا جێبەجێدەبن، بۆیە ئەم کارە هەوڵێکی تری سەربەخۆیە بۆ شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی (یاساکانی گوێزانەوە)، ڕاستەوخۆ ئەم یاسا گوێزانەوەییانە شیدەکاتەوە، کە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا یەکلا و ساغ دەبنەوە.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە کەرەستە سینتاکسییەکان و سەرە و ڕیزبوونیان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا، تیایدا باس لە کەرەستە بەخورتی و ئارەزوومەندەکان و پەیوەندیی واتایی نێوانیان و قاڵبەکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردی دەکرێ.

بەشی دووەم: بۆ یاساکانی گوێزانەوە لە پەندی پێشینانی کوردیدا تەرخانکراوە، کە بەپێی توانا هەوڵدراوە ئەو یاسایانەی لە دروستەی ڕووکەشی پەندی پێشیناندا جێبەجێدەبن، یەکلا و ساغ بکرێنەوە، بە تایبەت یاساکانی: (جێگۆڕکێ، کۆپیکردن، لابردن و زیادکردن).

بەشی یەکەم:

١) کەرەستە سینتاکسییەکان و سەرە و ڕیزبوونیان لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا

١-١) سەرەتا:

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، ((سینتاکس گرنگی بە دۆزینەوەی ئەو یاسا و بنەمایانە دەدات، کە چۆنێتی ئاوێتەکردنی وشەکان لە فرەیزەکاندا و فرەیزەکانیش لە ڕستەکانی زماندا دیاری دەکەن. بە توێژینەوە و پشکنینی زمانی ئاخاوتنی مرۆڤ، یاسا و بنەماکان پێشان دەدەن و لە چۆنێتی ڕێکخستن و ڕیزبەندیی وشەکان لەناو ڕستەکاندا دەکۆڵنەوە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ڕستە دەستنیشان دەکەن؛ ئەمەش سیمای قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە، کە بایەخیان بە ڕستە داوە و کەرەستەی یەکەمی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان بووە. بە واتایەکی تر ئەمانە لە گشتەوە بۆ تاك دەچن، ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیان لە ڕستەوە بۆ (فەرهەنگ)ە)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٨٧)؛ واتە یاساکانی فرەیزپێکهێنان، ڕستە دەبەشنەوە بەسەر: (فرەیز و کەرەستە فەرهەنگییەکان)، کە بە ((کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان ناو دەبرێن، ئەم کەتیگۆرییانە لە دروستەی ڕستەدا جێکەوتەکانی: (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار، کار) پڕ دەکەنەوە و ئەرکە سینتاکسییەکانی ڕستە دەنوێنن)) (برزۆ، ٢٠٢٠، ٧٣). هەر یەکێکیش لەم کەتیگۆرییانە بەپێی پەیوەندیی واتایی و یاساکانی ڕیزبوونی بنجی کەرەستەکان لە زمانەکەدا ڕیز دەبن و لە سنووردێکی دیاریکراودا ڕێگە بە یاساکانی گوێزانەوە دەدەن بەسەریاندا ساغ ببنەوە؛ ئەم یاسایانەش ((جۆرە ڕیزبوونێکی ئازاد بە کەرەستەکانی ڕستە دەبەخشن، کە دەبنە هۆی ئەوەی ڕستەیەك، زیاتر لە شێوەیێکی دەربڕینی هەبێت)) (حسەین، ٢٠١٢، ٢٣٠)؛ هەموو شێوەکانیش هەمان واتای ڕستەی بنجییان هەیە.

٢-١) کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستە

Element Components of Sentence

ڕستە گەورەترین یەکەی ڕستەسازییە، کە ((لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا لە کۆمەڵێك کەرەستەی دیاریکراو پێکدێت و بە گوێرەی چەند یاسایێك دارێژراون، ئەو کەرەستە دیاریکراوانە هەندێکیان سەرەکین و هەندێکیان ناسەرەکین، کەرەستە سەرەکییەکان بەخورتین و دەبێ لە ڕستەدا هەبن و ناتوانین لایان ببەین؛ بەڵام کەرەستە ناسەرەکییەکان بە ئارەزوون و دەتوانین لایان ببەین)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢١- ٢٢)؛ ئەم کەرەستانەش لەناو ڕستەدا بەشێوەی فرەیز دەردەکەون و لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا دابەشی سەر (فرەیزی ناوی و فرەیزی کاری) دەبن؛ تیایدا کار لە (ف،ك)دا سەرەیە و پێویستییەکانی خۆی لە کەتیگۆرییەکانی: (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار) لە (ف،ن)دا هەڵدەبژێرێت، کە گوزارشتن لە چەمکە ئەرکییەکانی دروستەی ڕستە و ((بە بەشێك لە زانیارییە لیکسیکییەکانی کارەکە دەژمێردرێن)) (کانەبی، ٢٠١٥، ١١٨)؛ لە زمانەوانیی نوێشدا ڕۆنانی ڕستە دەکرێ وەکو ژمارەیێك (چاڵ) یا بۆشایی، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؛ پەندی پێشینانی کوردیش وەك هەر ڕستەیێکی ئاسایی زمانەکە لە ژمارەیێك کەرەستە پێکدێت و بەپێی چەسپاوی و نەچەسپاوییان دابەشی سەر (کەرەستە بەخورتییەکان و کەرەستە ئارەزوومەندەکان) دەبن.

١-٢-١) کەرەستە بەخورتییەکان - Obligatory Elements

بریتین لەو کەرەستانەی، کە بوونیان لە دروستەی ڕستەدا بەخورتییە و ناتوانرێت دەستبەرداریان بین؛ ئەگەرچی بەپێی ((یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکە ڕیز دەکرێن و دەخرێنە تەك یەك)) (برزۆ، ٢٠٢٠، ٨٠)، بەڵام لە سنووردارێکی دیاریکراودا بەشی زۆریان یاساکانی گوێزانەوەیان لە ئاستی ڕووکەشدا بەسەردا

ساغ دەبێتەوە، بێ ئەوەی ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەم بێت. ئەمانەی خوارەوە کەرەستە بەخورتییەکانی دروستەی قوولّی ڕستەی پەندی پێشینانی کوردین:

أ- کار - Verb

کار ئەو بەشە چەسپاو و دانەبڕاوەیە، کە لە ڕستەدا دەبێتە سەرەی فرەیزی کاری، کە ((یەکێکە لە دوو پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی ڕستە، واتە پێکهێنی ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورە و دیاریکراو لە سازدانی ڕستەدا دەبینێ)) (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٥، ١٦)؛ بە واتای ئەوەی کار لە ڕستەدا هەڵسووڕێنەرە و ((بوونی ڕەگەزەکانی تر دیاری دەکات و سەری ڕێزمانی ڕستەیە و ڕەگەزەکانی تر لە ڕێگەی داواکاری کارەوە، دێنە ناو پێکهاتەی قوولّ و ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن، بەپێی جۆری کار، ئارگۆمینتەکان[٢] دەستنیشان دەکرێن، کاری تێنەپەڕ تەنیا یەك ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێ و حوکمی ڕێزمانی دەکات)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٨٩)؛ بڕوانە: (١) و (٢).

(١) **مانگا** مرد و **دۆ** بڕا.

(٢) **حەیا** باری کردووە.

کاری تێپەڕیش دوو ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت، کە (بکەر و بەرکار)ە؛ بەمەش ڕستەکە لە دوو فرەیزی ناوی و فرەیزێکی کاری پێکدێت، (بەرکار) وەك فرەیزێکی ناوی لەژێر ڕکێفی فرەیزە کارییەکەدا دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە: پەندی ژمارە (٣) کە بە هێڵکاری درەختی خراوەتە ڕوو.

(٣) **دڕك تڕێ** ناگرێت.



ب- بکەر - **Subject**

کەرەستەییکی تری بەخورتی ڕستەیە، کە لە لاییك ئەنجامدەری کارە و لە لاییکی تر لە لایەن کارەوە هەڵدەبژێردرێت؛ جێکەوتەشی لە ڕستەی زمانی کوردیدا بەپێی قاڵبی بنجی ڕیزبوونی کەرەستەکان، دەکەوێتە سەرەتای ڕستە. لە ڕووی ڕێزمان و لۆجیکەوە دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت: (بکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکی).

۱- **بکەری ڕێزمانی - Subject Grammatical**: ((بەو بکەرانە دەگوترێ، کە لە ڕووی ڕێزمانەوە بکەرن)) (خۆشناو، ۲۰۱۷، ۷۹)، نەك لە ڕووی واتاوە؛ واتە بە کردەیی نابنە ئەنجامدەری کاری ڕستەکە و بکەری ڕاستەقینە نین، بەڵکو لە پەیوەندیی ڕێزمانیدا بەپێی یاسا ڕستەسازییەکانی زمانەکە بۆ ڕۆنانی ڕستە، چاڵی بکەری ڕستەکەیان پڕ کردۆتەوە؛ بەمەش ((هەندێ جار شیکردنەوەی ڕستە لە ڕووی ڕێزمان و مەنتقەوە جیاوازییان دەبێت؛ واتە بکەری ڕێزمانی

دەبێتە بەرکاری مەنتیقی)) (عەلی، ٢٠١٤، ٥٤). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە بڕوانە پەندەکانی: (٤) و (٥).

(٤) **<u>چێشت</u>** بە گەرمی ناگەڕێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥٧)

(٥) **<u>نان</u>** کە بووە کەرتك، خۆی ناگرێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٠)

لەم نموونانەی سەرەوەدا بکەری پەندەکان لە پێناسەی بکەر و بەرکاریدا پێچەوانەن، بە نموونە لە پەندی ژمارە (٥)دا، فرەیزی ناوی (نان)، کە بکەرێکی ڕێزمانییە، بە کردەیی ئەنجامدەری کاری ڕستەکە نییە، بەڵکو تەنیا چاڵی بکەری پڕکردۆتەوە و لە بنەڕەتدا بەرکارێکی لۆجیکییە، لەبەر ئەوەی لە لۆجیکدا کاریگەری کارەکە بەسەر (نان)ەکەدا تێدەپەڕێت؛ واتە بۆ ئەوەی (نان)ەکە کەرتك ببێ، دەبێ بکەرێکی ڕاستەقینە هەڵبستێ بەو کارە، بەمەش لە واتاو دروستەی قوواڵدا (نان)ەکە بەرکارێکی لۆجیکییە، لە ڕێزمان و دروستەی ڕووکەشیشدا بکەرێکی ڕێزمانییە.

٢- بکەری لۆجیکی - Logical Subject: مەبەست لەو بکەرانەیە، ((کە لە ڕووی واتاوە ئەرکی بکەر بەجێدەگەیەنن)) (خۆشناو، ٢٠١٧، ٨٠) و دەبنە ((بکەری ڕاستەقینەی کارەکە، ئەگەرچی لە شوێنی بکەری ئاساییدا بەکار نەهاتبن، یان لابرابێت)) (عەلی، ٢٠١٤، ٥٤)ن و شێوەی کەتیگۆڕییەکی بەتاڵیان هەبێ. وەك:

(٦) بە تەنیا **<u>گایەك</u>** گێرە ناکا.

(٧) **<u>(pro)</u>** دەنگی هەیە و **<u>(pro)</u>** ڕەنگی نییە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٩٩)

پ - بەرکار - Object

ئەو کەرەستە ڕستەسازییەیە، کە پێویستییەکی بەخورتی کاری تێپەڕە و ((خۆی لە دووەم فرەیزی ناوی ڕستەدا دەنوێنێ)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢٣)؛

واتە وەك فرەیزێکی ناوی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی فرەیزی کاری و فراوانی دەکات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە و بەبێ بەرکار کارەکە بە ئەنجام ناگات. وەك:

(٨) مریشکی ڕەش **هێلکەی سپی** دەکا.

(٩) **چی** بچێنیت، **ئەوە** ئەدووریتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥٧)

بەرکاریش وەکو بکەر لە ڕووی ڕێزمان و لۆجیکەوە دابەشی سەر هەر دوو جۆری بەرکاری (ڕێزمانی و لۆجیکی)[٣] دەبێت؛ جیاکردنەوەشیان لەنێو پەندی پێشیناندا پێویستی بە شارەزایی هەیە؛ چونکە پەند هەڵگری واتایێکی قوواڵە و جۆرێك لە تێکەڵی لەگەڵ بکەردا دێتە ئاراوە؛ لە هەندێ نموونەی پەندی پێشینانی کوردیدا، بەرکار لەگەڵ بکەردا بەپێی لێکدانەوەی لۆجیکی شوێن دەگۆڕنەوە، ئەگەرچی هەر یەکێکیشیان لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی پەندەکەدا چاڵێکی تایبەت بە هەمان توخمیان پڕکردبێتەوە؛ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە بڕوانە: (١٠) و (١١).

(١٠) **شووشە** بشکێ، چاك نابێتەوە.

(١١) **بەرد** بلەقێ، (pro) جێی خۆی ناگرێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ٩٠)

لە پەندی ژمارە (١١)دا، (بەرد) بکەری ڕێزمانی پەندەکەیە، چونکە چاڵی بکەری پڕکردۆتەوە؛ بەڵام لە ڕووی لۆجیکەوە (بەرکارێکی لۆجیکی)یە، لەبەر ئەوەی (بەرد) بێ گیانە و ناجوواڵێتەوە، دەبێ هێزێك هەبێ بیلەقێنێ، جا ئەم هێزە سروشتی بێ یا ناسروشتی.

ت_ تەواوکەر - Complement

مەبەست لەو کەرەستانەیە، کە لە پەیوەندییێکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ کاری ڕستەکە و دەبنە ((پێویستییێکی هەمیشەیی کارەکە و ناتوانرێ وازیان لێ بهێنرێ)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢٩)؛ لەبەر ئەوەی ((ڕستەکە دەکەنە ڕستەییێکی ڕێزمانی و واتایێکی تەواوی پێدەبەخشن)) (Amin, 1979, 14)؛ ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێت کە ((ئەو کەرەستانەی جێکەوتەی تەواوکەر پڕدەکەنەوە بەخورتین)) (برزۆ، ۲۰۲۰، ۸٤)، لابردنیان ناڕێزمانی ڕستە و نادروستی واتای لێدەکەوێتەوە؛ جێکەوتەکانیش بریتین لە فرەیزەکانی: ناوی، بەند، ئاوەڵناوی...هتد. ((بەشێوەیێکی گشتی لە زمانی کوردیدا گرێی ئاوەڵناوی ئەم ئەرکە دەبینێ)) (فەرهادی، ۲۰۱۳ب، ۳۰). وەك:

(۱۲) درۆ دوژمنی خوایە. (خاڵ، ۲۰۱٤، ۲۰۲)، بەهۆی جێکەوتەی فرەیزی ناوییەوە.

(۱۳) دڵ لە دڵ مەدە. (خاڵ، ۲۰۵،۲۰۱٤)، بەهۆی جێکەوتەی فرەیزی بەندەوە.

(۱٤) درۆ شیرینە، بەرەکەی تاڵە. بەهۆی جێکەوتەی فرەیزی هاوەڵناوییەوە.

۲-۲-۱) کەرەستە ئارەزوومەندەکان

Optional Elements - (Adjunct - سەربار)

سەربار بەو کەرەستانەی ڕستە دەگوترێت، کە دەکرێ لەنێو ڕستەدا لابربێن، بێ ئەوەی ڕۆنان و ناوەڕۆکی ڕستەکە بشێوێنن؛ ((چونکە سەربار هەمیشە سەرپشکییە و زانیاریی لاوەکی دەردەبڕێت)) (برزۆ، ۲۰۲۰، ۸۹)؛ واتە دەشێ کەرەستەکانی سەربار لە ڕووی ڕستەسازییەوە بەر یاساکانی گوێزانەوە بکەون و ((بکرێنرێن، کرتانیشیان نابێتە هۆی ناڕێزمانی ڕستەکە)) (محمد، ۲۰۱۲، ۲۱۱)؛ بەمەش لە دروستەی قوڵ و ڕووکەشی ڕستەدا لادانیان ئاساییە، لەبەر ئەوەی سەربار ((تەنیا بار و مەرجی ڕووداوەکە، یان بارەکەی دەردەخات و لە ڕووی واتاوە گرنگی نییە، چونکە ڕستەکە بەبێ ئەمیش هەر تەواوە)) (فەرهادی، ۲۰۱۳ب، ۲۹)؛ نواندنی سەرباریش لە پەندی پێشینانی کوردیدا زیاتر بەهۆی فرەیزی بەند (بەرکاری ناڕاستەوخۆ - Indirect Object)وەیە، لەبەر

ئەوەی ((بەرکاری ناڕاستەوخۆ یەکێکە لە تەواوکەرە ئارەزوومەندەکانی کار...، هەمیشە لە شێوەی گرێیەکی بەندیدا دەردەکەوێت)) (کانەبی، ٢٠١٥، ١٢٤). وەك:

(١٥) مردوو **<u>بە شیوەن</u>** زیندوو نابێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٨٥)

دەتوانرێت سەربار بە ئاوەڵگوزارەش بنوێنرێت، کە کەرەستەیێکی ناسەرەکییە و ((لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەبێتە چەند جۆرێك، لەوانە: (کات، شوێن، چۆنییەتی، هۆ، پێوانە...هتد)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٢٥). لەم نموونانەی خوارەوەدا سەربار بەهۆی ئاوەڵگوزارەوە بە چەند جۆرێك لە فرەیز دەنوێنرێت. وەك:

١- نواندنی ئاوەڵگوزارەکانی: (کات، شوێن، هۆ، چۆنییەتی) بەهۆی فرەیزی بەندەوە

(١٦) مانگە شەو **<u>لە ئێوارە</u>** دیارە. ئاوەڵگوزارەی کات

(١٧) دەنگی دەهۆڵ **<u>لە دوور</u>** خۆشە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٩٩) ئاوەڵگوزارەی شوێن

(١٨) **<u>لە برسانا</u>** ئاو ئەکوڵێنی. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٤٦) ئاوەڵگوزارەی هۆ

(١٩) **<u>بە پیری</u>** ئەچێتە بەر هەویری. (خاڵ، ٢٠١٤، ٧٥) ئاوەڵگوزارەی چۆنییەتی

٢- نواندنی ئاوەڵگوزارەی (کات) بەهۆی فرەیزی ناوییەوە.

(٢٠) ژمارەی جووجەڵە و مریشك **<u>پایيز</u>** دەرئەکەوی. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٣٥)

٣-١) پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستە پێکهێنەکانی ڕستە

ڕستەسازی ئەو ئاستەی زمانە، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە پەیوەست دەبێتەوە بە ئاستەکانی تری پێش خۆی، بە تایبەت ئاستی وشەسازی، کە دوا پێکهێنی

ڕستەیە. لە بەرهەمهێنانی ڕستەیێکی ڕێزمانی واتا دروستیشدا، ڕەچاوی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە دەکرێت؛ تیایدا ئەو کەرەستانەی پێکهێنی ڕستەن، بۆ بەدەستەوەدانی واتای دروستی ڕستەکە، پەیوەندییێک سازدەکەن پێی دەگوترێت: (پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستەکانی ڕستە)، کە بریتییە لە پەیوەندیی وشە بە دەوروبەرییەوە و بە (بیردۆزی سیاقی)ش ناسراوە؛ بەپێی بۆچوونی لایەنگرانی ئەم بیردۆزە ((واتای ڕستە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ واتای وشەی ڕاست، کە ڕستەکە پێکدەهێنن، هەروەها چۆنیەتی پێکەوە بەستنی ئەو واتایانە لە سیاقێکدا، بۆ ئەوەی واتای هەموو ڕستەکە دەربڕێت...، لە بیردۆزی سیاقیدا گرنگ ئەوەیە ئەو وشانەی ڕستەکە پێکدەهێنن، واتایێکی دروستیان هەبێت، پاشان بەپێی یاساکانی ڕۆنانی سینتاکسی زمانەکە بەکاربهێنرێن، بۆ ئەوەی سیاقێکی زمانی وەربگرن، کە واتای هەبێت؛ ئەو ڕۆنانەش زیاتر لە ڕستەدا بەرچاو دەکەوێت)) (عەلی، ٢٠١٤، ٣٩)؛ بەم پێیە یاسا سینتاکسییەکانی ڕۆنانی ڕستە پەیوەندیی ئاسۆیی بەرجەستە دەکەن و هەڵبژاردنی وشەی ڕاستیش پەیوەندیی ستوونی بەرجەستە دەکات. لەژێر ڕۆشنایی ڕێزمانی بەندێتیشدا ((لە ڕستەیێکدا تەنیا یەک کەرەستە سەربەخۆیە و کەرەستەکانی تری ڕستەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەندن بەمەوە، واتە هەموو کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکە پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەیە)) (فەرهادی، ٢٠١٣أ، ٢٢)؛ ئەم کەرەستەیەش لە ڕستەدا بریتییە لە (کار)، کە پێویستییەکانی خۆی لە کەرەستەکانی تر هەڵدەبژێرێت و پەیوەندییەکەش هەر دوو کۆتی ڕێزمانی و واتایی دەگرێتەوە.

هەر لەبەر ئەوەی بەشی زۆری پەندی پێشینان واتایان ناپێکهاتەییە و لە دانە دانەی وشەکانی ڕستەی پەندەکەوە نەهاتووە و هەندێکیشیان واتایان نزیکە لە واتای فەرهەنگییان؛ بۆیە بە پێویستی دەزانین لێرەدا ئەو ئاستانەی واتا بخەینە

ڕوو، کە پەیوەندییان بە پێکهاتە و واتای پەندی پێشینانەوە هەیە و بریتین لە: (پەیوەندیی ئاسۆیی و پەیوەندیی ستوونی).

١-٣-١) پەیوەندیی ئاسۆیی (هاونشینی) - Syntagmatic relation

((بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لەناو چوارچێوەی ڕستەدا بەشێوەیێکی ئاسۆیی؛ واتە کام وشە لەگەڵ کام وشەدا دەچنە پاڵ یەکەوە)) (عەلی، ٢٠١٤، ٤٥)؛ لەمەشدا (کار)ی ڕستەکە دەبێتە کەرەستەیێکی تەوەرەیی و هەڵبژاردنی کەرەستەکانی تری ڕستەکەی، بەپێی بنەمای هاوڕێیەتی و سیمای واتاییان دەکەوێتە ئەستۆ؛ تیایدا کەرەستەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەکەونە پاڵ یەکترییەوە. ئەم پەیوەندییە لە پەندی پێشیناندا تەنیا ئەو پەندانە دەگرێتەوە کە (داڕشتەیین)، واتە کۆی واتای پەندەکە لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە نزیکە و سیمای واتایی کەرەستەکان لە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتیدان. وەك:

(٢١) گۆزەی نوێ ئاوی سارده. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٣٩)

(٢٢) (pro) ئاسکی ماندوو ئەگرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥)

کاتێ سەرنجی پەندی ژمارە (٢٢) دەدەین، دەبینین هەر یەک لە وشەکانی: (ئاسك، ماندوو، گرتن) لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدان؛ هەر ئەو پەیوەندییەشە بەهای نێوانیان دیاری دەکات؛ کاری ڕستەکەش کارێکی (تێپەڕ)ە؛ بۆیە پێویستی بە (بکەر و بەرکار) هەیە. کاری (ئەگرێ) (بکەر)ێك هەڵدەبژێرێت، گیانی لەبەربێ و توانای ڕاپەڕاندنی کارەکەی هەبێ؛ بەرکاریش پێویستە (گیان)ی لەبەربێت و لەباربێت بۆ ئەوەی کاریگەری کارەکەی بکەوێتە سەر و (بگیرێت)، کە لەم پەندەدا (گرتن) بە واتای (ڕاوکردن) هاتووە؛ بەمەش (ئاسك) هەم دەشێ بگیردرێت (ڕاوبکرێت)، هەم سیفەتی ماندوویەتی وەك دیارخەرێك و سیماییێکی ئاسانکاری پرۆسەی گرتنەکە ئاسانتر دەکات؛

ئەگەر ناوی (ئاسك) بگۆڕین بە (دار)، ئەوا نەگونجان دێتە کایەوە و پەندەکە لە ڕووی واتاوە نادروست دەبێت؛ لەبەر ئەوەی پەیوەندیی ئاسۆیی گونجان و نەگونجانی تێدایە و دروستی و نادروستی ڕستەش دیاری دەکات. سەبارەت بەو پەندانەی کە (نادارِشتەیین) و واتایان لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە نەهاتووە، ئەوا لە (کۆتی واتایی)دا، لە پەیوەندیی ئاسۆیی لادەدەن؛ لەبەر ئەوەی تاکو نەگونجان لەنێوان کەرەستەکان هەبێت، پەندەکە زیاتر قاڵبێکی چەسپاو و واتای مەبەست وەردەگرێت. وەك:

(٢٣) **نانی دڕاو پینە ئەکا**. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٢)

(٢٤) **ئاو لە بێژنگا ئەهێنێ**. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢١)

کاتێ سەرنجی نموونەی ژمارە (٢٤) دەدەین، دەبینین نەگونجان لەنێوان هەر یەك لە بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئاو)، بەرکاری ناڕاستەوخۆ (بێژنگ) و کاری (ئەهێنێ) لە ڕستەی پەندەکەدا لە ڕووی واتاوە هەیە؛ بەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆی (بێژنگ) نەگونجاوە بۆ هێنانی ئاو، چونکە ئاوەکە تیایدا نامێنێتەوە، ئەگەر لە شوێنی (بێژنگ)، (سەتڵ، گلاس، سوراحی...، هتد) بهاتایە، ئەوا گونجاو بوو؛ ئەم تێبینییە لە ڕستەی ئاسایی زماندا لەبەرچاو دەگیردرێت؛ بەڵام لە هەندێ نموونەی پەندی پێشینداندا بە تایبەت ئەوانەی (نادارِشتەیین)، ئەگەر کەرەستە پێکهێنەکانی پەندەکە لە ڕووی ڕستەسازییەوەش گونجاوبن و هەمان چاڵیان بە هەمان ئەرك و دۆخی ڕێزمانی پڕکردبێتەوە، کاتێك لە ڕووی واتاوە، پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستەکان لەگەڵ یەکتری نەگونجاو بێت، ئەوا ڕستەکە قاڵبی پەندی پێشینان وەردەگرێت؛ چونکە بنەڕەتی نەگونجان بۆ دانەدەستی واتای مەبەستە، کە بەشی زۆری پەندی پێشینانی لەسەر بنیاتنراوە.

٢-٣-١) پەیوەندیی ستوونی (جێنشینی) - Paradigmatic relation

بریتییە لە پەیوەندی وشەیێک بە وشەیێکی تری نێو هەمان پۆلی ئاخاوتن لەسەر هێڵی ستوونی، کە دەبێتە جێنشینی لە ڕستەکەدا، بێ ئەوەی کار لە پەیوەندیی ئاسۆیی ڕستەکە بکات. یان (بریتییە لە پەیوەندیی (مۆرفۆلۆجی) نێوان وشەکان و گۆڕینی وشەیەک بە وشەیێکی تر لە هەمان ژینگەدا لەسەر باری ستوونی، بێ ئەوەی کار لە ڕستەکە بکات و واتاکەی بشێوێنێ، واتە چ وشەیێک دەکرێ لە شوێنی بکەر، یا کار، یان هەر بەشێکی تری ڕستە دابنرێت) (عەلی، ٢٠١٤، ٤٦). ئەم پەیوەندییە هاوتایە لەگەڵ یاساییێکی ئارەزوومەندانەی ڕێزمانی گوێزانەوە، کە بریتییە لە (یاسای گۆڕینەوە - Replacement rule)؛ تیایدا هەر کەرەستەیێکی دروستەی ڕستەکە، دەتوانێ شوێنی خۆی جێبهێڵێت بۆ کەرەستەیێکی تر، بەمەرجێ کەرەستەی جێگرەوە سەر بە هەمان پۆل و هەمان ژینگە بێت؛ واتە جێگرتنەوەکەی نەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم واتادا. بڕوانە پەندی ژمارە (٢٥_أ،ب).

(٢٥) أ- هەر کەس لە **کراسی** خۆ**یا** پیاوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٣٧)

ب- هەر کەس لە **ماڵی** خۆ**ی** پیاوە.

پەیوەندیی ستوونیش لە پەندی پێشیناندا، وەکو پەیوەندیی ئاسۆیی سنووردارە، واتە لە سنووریێکی دیاریکراودا دەشێ ڕووبدات، ئەمیش کاتێك دەبێت پەندێکی پێشینان بەهۆی جیاوازی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگێڕدرێتەوە، یان بەهۆی ئەوەی وشەی تابۆ لەنێو پەندەکەدا هەیە، ئەوا ئاخێوەر وشەیێك یا زیاتری پەندەکە لەباری ستوونیدا دەگۆڕێت بە وشەیێکی تری باوی شێوەی ئاخاوتنی ناوچەکەی، بێ ئەوەی ناوەڕۆك و مەبەستی پەندەکە تێکبچێت یا بشێوێت. بڕوانە: پەندی ژمارە (٢٦_أ،ب)، بەهۆی گێڕانەوەی جیا جیاوە، کەرەستەیێك یا زیاتری پەندەکە دەبێتە جێنشینی کەرەستەیێکی تر. وەك:

(٢٦) أ- میوان **لە** میوانی **خۆش ناوێ**، **خانەخوێ** لە هەر دوو **لایێ**. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٩٥)

ب- میوان **کەیفی بە** میوانی **نەدەهات**، **ساحێب ماڵ** لە هەر دوو **کیان**.

٤-١) قاڵبە بنجیینەکانی ڕیزبوونی کەرەستە لە دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا

ڕێزمانی هەر زمانێک، ڕێگایێکی تایبەت بە زمانەکەی هەیە بۆ ڕیزکردنی کەرەستەکانی لە ڕۆنانی ڕستەدا؛ ئەم ڕیزبوونەش ڕێکەوتنی هەیە لەگەڵ واتادا و لەخۆوە نییە، لەبەر ئەوەی لە سیمانتیکدا ئەو پەیڕەوەی کە واتای وشەکانی تێدا ڕیز دەکرێت، دەبێتە بنج بۆ ڕۆنانی واتای ڕستە؛ بەمەش ((ڕیزبوونی کەرەستەکان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا وەك کەرەستەیێکی واتای ڕێزمانی تەماشا دەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت)) (فەرهادی، ٢٠١٣ب، ٣٣). لەنێو هەر زمانێکیشدا چەند کەرەستەیێکی سەرەکی هەن، کە قاڵبی بنجی ڕیزبوونی زمانەکە پێکدەهێنن؛ ئەم کەرەستانەش بریتین لە: (کار، بکەر، بەرکار)؛ بەنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕیزبوونی بنجی کەرەستەکان بریتییە لە: (Subject, Verb, Object)؛ لە زمانی عەرەبیشدا (فعل، فاعل. مفعول به)یە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، جۆری ڕیزبوونەکە بریتییە لە: (بکەر، بەرکار، کار)، لەبەر ئەوەی ((زۆربەی ڕستەکانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە، کە بە (بکەر) دەستپێدەکات و بە (کار)یش کۆتایی دێت، ئەگەرچی لە قسەکردندا هەندێ جار ڕیزبوونی ئەو ڕۆنانە دەگۆڕێت، بە تایبەتی لە دەربڕینی ڕستەی کورتکراو و بە لووتکەکردنی بەرکاردا، یان بەکارهێنانی شێوازی جیاواز لە قسەکردندا)) (عەلی، ٢٠١٤، ١٥)، بە تایبەت لە پەندی پێشیناندا کە بەشی زۆریان ڕستەیێکی کورتن و بەشێوەی جیا جیا دەردەبڕدرێن.

سەبارەت بە ژمارەی قاڵبە بنجییەکانی ڕیزبوونی کەرەستە بەپێی ئەرکی ڕستەسازییان لەڕستەی سادەی زمانی کوردیدا، ئەوا زمانەوانان چەند قاڵبێکیان دیاری کردووە؛ لەوانە: (وریا عمر امین) (Amin, 1979, 35-36) و (محمد معروف فتاح) (Fattah, 1997, 246) لە تێزی دکتۆراکەیاندا، هەریەکەیان چەند قاڵبێکی بنجییان بۆ ڕستەی کوردی دەستنیشان کردووە؛ لەم کارەدا سوود لەو پێنج قاڵبە وەرگیراوەکە (محمد معروف فتاح) خستوونەتییە ڕوو؛ هەموو ئەو قاڵبانەش لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی دروستەی پەندی پێشینانی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە و لەخوارەوە بەنموونەی پەندی پێشینانی کوردی دەیانخەینە ڕوو:

١- **(بکەر + کار)** (٢٧) دڵپیس ناحەسێتەوە. (بەهرامی، ١٣٩٤ب١، ٣٩٨)

٢- **(بکەر + بەرکار + کار)** (٢٨) حەق ئاو ڕائەوەستێنێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٦٠)

٣- **(بکەر+ تەواوکەر + کار)** (٢٩) کار لە کار ترازا. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٩٣)

٤- **(بکەر+ بەرکار + کار + تەواوکەر)** (٣٠) بەرتیل بەرد ئەکا بە ئاو.

٥- **(بکەر + بەرکار+ تەواوکەر + کار)** (٣١) Ø ماستاو سارد ئەکاتەوە.

جیا لەم قاڵبانەی سەرەوە، قاڵبێکی تریش لە هەندێ نموونەی پەندی پێشینانی کوردیدا دەبینرێت، کە بریتییە لە: **(بکەر + کار + تەواوکەر)** (٣٢) قسە ناچێتە گیرفانەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٨٧)

ڕیزبوونی کەرەستەش لە هەر زمانێکدا، دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت: (ڕیزبوونی چەسپاو و ڕیزبوونی ئازاد)؛ پەندی پێشینانی کوردیش وەك دانەیێکی ڕستەسازی زمانەکە، هەر دوو جۆر ڕیزبوونی تێدا بەرجەستە دەبێت.

أ- ڕیزبوونی چەسپاو - Fixed order

بریتییە لەو ڕیزبوونەی، کە کەرەستە بنجییەکانی ڕستەییەك لە ستەرەکچەری زمانەکەدا بەپێی ڕۆنانی واتایی و ڕێزمانیان دەکەونە پاڵ یەك و ناتوانرێت جێگۆڕکێیان پێبکرێت؛ لەبەر ئەوەی هەر گۆڕینێك لە ڕیزبەندییەکە، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی ڕستەسازیی کەرەستەکانی ڕستەکە و گۆڕانی واتایی ڕستەکەشی بە دوادا دێت؛ بەشێکی پەندی پێشینانی کوردیش دەربڕینێکی تەواو چەسپاون و واتایان سیمانتیکییە و لە ڕیزبوونی بەدوای یەکهاتووی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستەی پەندەکەوە هاتووە و بە ئاسانی مل بۆ جێگۆڕکێی کەرەستە پێکهێنەرەکانی پەندەکە نادەن و ڕیزبوونێکی چەسپاویان هەیە؛ تێکدانی ڕیزبەندیی وشەکان، گۆڕانی ئەرکی کەرەستەکان یان نادروستی واتایی پەندەکەی لێدەکەوێتەوە. وەك:

(٣٣) **<u>درۆزن شتی</u>** لەبیر نامێنێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٠٢) * شت درۆزنی لەبیر نامێنێ.

(٣٤) **<u>دز بازاڕی شێواوی</u>** ئەوێ. (خاڵ، ٢٠١٤،٢٠٣) * بازاڕی شێواو دزی ئەوێ.

ب- ڕیزبوونی ئازاد - Free order

ئەم ڕیزبوونە پێچەوانەی ڕیزبوونەکەی تر و بەپێی یاسای گوێزانەوەی ئارەزوومەندانە دەتوانرێت جێگۆڕکێ بە کەرەستەکان لە جێکەوتێکەوە بۆ جێکەوتێکی تر بکرێت، هەر جێگۆڕکێیەکیش کە ڕووەدات، نابێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی کەرەستەکە یان گۆڕین و تێکدانی واتای ڕستەکە، چونکە جێگۆڕکێیەکە زیاتر ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە کە جێکەوتەی سەربارن و لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکەدا شوێن گوێزانەوەیان نابیتە هۆی گۆڕینی واتا لە ڕۆنانی ژێرەوە، ڕستەکەش هەمان واتای بنجی دەبێت؛ ئەم ڕیزبوونە لەو

پەندانەدا دەبینرێت، کە زیاتر واتای خوازەییان هەیە و نیمچە چەسپاون و بەهۆی جیاوازیی گێڕانەوەیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کەرەستە پێکهێنەکانی پەندەکە ئازادانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت و پەندەکە بەشێوەی جیا جیا دەردەبڕدرێت. بڕوانە: (٣٥_أ،ب) و (٣٦_أ،ب).

(٣٥) أ- ڕزق **بە پێ** ناگیرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٢٢) ب- **بە پێ** ڕزق ناگیرێ.

(٣٦) أ- ڕۆژ **بە پەنجە** ئەژمێرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٢٣) ب- **بە پەنجە** ڕۆژ ئەژمێرێ.

بەشی دووەم:
٢) شیکردنەوەی هەندێ یاسای گوێزانەوە لە پەندی پێشینانی کوردیدا

٢-١) سەرەتا:

گوێزانەوە، وەك کردەیێکی ڕستەسازی و پرۆسەیێکی ڕێزمانی بۆ دەرهێنانی ڕستەیە لە ئاستی قوواڵ (DS) بۆ ئاستی ڕووکەش (SS) ((لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، لەوانە لە کوردیشدا هەیە، بە جێگۆڕکێی کەرەستەکان و جووڵاندنیان، یان دیاردەی هێنانە پێشەوەی پێکهاتە لە ڕستەدا)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٩٤): دەگوترێت: (کردەی گوێزانەوە)، ئەم کردەیە ((لە ڕێزمانی (ب.گ)دا کردەیێکی بنەڕەتییە بۆ ڕۆنانی ڕستە، چونکە بەبێ ئەمە تیۆری ڕێزمانی ناتوانێت دیاردەی ڕۆنانی ڕستە بەتەواوی شیبکاتەوە و لە سنووریێکی نزمدا دەوەستێت، کە سنووری دەرهێنانی دانە زمانییەکانە لە فەرهەنگ؛ بۆیە بیرۆکەی گوێزانەوە دەتوانێت هەنگاوەکانی دیکەی ڕۆنانی ڕستە لە ڕێگەی یاساکانییەوە چارەسەر بکات، چونکە یاساکانی بەرهەمهێنان تەنیا یاسای ڕێزمانی نین لە تیۆرەکەدا و ڕستە بەبێ کردەی گوێزانەوە بە ڕۆنانی سەرەوە ناگات)) (کەمال، ٢٠٠٢، ٥٦ - ٥٧). یەکێك لە ڕووەکانی گوێزانەوە ((دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان بنج و سیمایە، یان پێکهاتەی قووڵ و ڕووکەش و سروشتییان ڕوون دەکاتەوە)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٩٦). پەندی پێشینانیش وەك دانەیێکی ڕستەسازی، لەگەڵ ئەوەی لە ڕیزی دەربڕینە چەسپاوەکان دادەنرێ، بەاڵم لە ڕۆنانیدا چەندین یاسای گوێزانەوەی لەسەر جێبەجێ دەبێت، کە بەهۆیانەوە ڕستەی بنجی ((لە یاساکانی ڕۆنانی فرەیز دێتە دەرەوە و دەچێتە ئاستی یاساکانی گوێزانەوە؛ بۆ ئەوەی کردەکانی گوێزانەوەی لەسەر پیادە بکرێت و بەپێی سروشتی ڕستەکە، ئەو مەبەستەی پێویستە تیایدا بێتە دی)) (کەمال، ٢٠٠٢ ، ٥٧). ئاشکرایە پەندی پێشینان دەربڕینێکە مەبەست بەسەریدا

زاڵە، بۆیە بنەڕەتی زۆربەی گوێزانەوەکان تیایدا، بۆ پێکانی ئەو مەبەستە شاراوەیە، کە بە ناڕاستەوخۆ لە پەندی پێشیناندا حەشاردراوە. ئەمانەی خوارەوە چەند یاساییکی گوێزانەوەن، کە بەسەر پەندی پێشینانی کوردیدا جێبەجێ دەبن:

٢-٢) یاسای جێگۆڕکێ - Permutation Rule

یەکێکە لە یاسا بە ئارەزووەکانی گوێزانەوە، بەپێی ئەم یاسایە ((هیچ کەرەستەیەك لانابردرێت و هیچ کەرەستەیێکیش زیاد ناکرێت، بەڵکو تەنیا جێگۆڕکێ بە ڕیزبوونی جێکەوتەیان دەکرێت.

نموونە، أ + ب ⟵ ب + أ)) (الخولی، ١٩٩٩، ٢٤). لە خوارەوە ئەو کردانەی کە لە یاسای جێگۆڕکێی کەرەستەکان دەکەونەوە دەخەینە ڕوو:

أ- هێنانە پێشەوە - Fronting or Preposing

بریتییە لە جوولّەپێکردنی کەرەستەیێك (توخمێك)ی ڕستە لە جێکەوتەی خۆیەوە بۆ سەرەتای ڕستە و بە لووتکەکردنی (Topicalisation)؛ بەشێوەیێکی گشتیش هەموو ڕستەیێك لە ڕووی زانیارییەوە لە دوو بەش پێکدێت، کە ئەوانیش: (تۆپیك و کۆمێنت - Topic and Comment)ن؛ (تۆپێك) ((کەسێکە یان شتێکە کە مەبەستی سەرەکی قسەکەرە، (کۆمێنت)یش ئەوەیە، کە دەربارەی (تۆپیك) دەدوێت یان تۆپیك ڕوون دەکاتەوە)) (محمد و محمد، ٢٠١٥، ٤٢). هەر کەرەستەیێکیش بهێنرێتە پێشەوە دەبێتە تۆپیك؛ هەموو هێنانە پێشەوەیەکیش بەپێی یاسای ڕێزمانی دەبێت و وەك کردەیێك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (قسەکەر دەیەوێ لەناو قسەکانیدا قوڕسایی و سەرنجی زیاتر بۆ ئەم توخمە ڕابکێشێت. واتە بەهۆی مەبەستێکی تایبەتییەوە جێگۆڕکێیەکی ڕێگەپێدراو لە پێکهاتەی تایبەت بە ڕۆنانی سینتاکسی زمان دێنێتە ئاراوە؛ بە مەرجێك ئەم هێنانە پێشەوە کاریگەری لەسەر تەواوی و

ناتەواوی مانا دروست نەکات و توخمە گوێزراوەکانیش بەهیچ شێوەیێك توخمی ڕێزمانیی خۆیان نەگۆڕن، بەڵکو هەمان ئەرك و دۆخی ڕێزمانی جێبەجێ بکەن. لە زمانی کوردیدا پێکهاتەی ڕستە بریتییە لە: (بکەر، بەرکار، کار)، ئەوەی کە لە ڕۆنانی ئەم پێکهاتەیە ڕێگە پێدراوە، تەنیا دەتوانرێت بەرکاری ڕستەکە پرۆسەی هێنانە پێشەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت) (سەرچاوەی پێشوو، ٤٢). واتە دەشێ بەرکار بە لووتکە بکرێت و لەگەڵ بکەردا جێکەوتە بگۆڕنەوە. سەبارەت بە کاریش، لە زمانی کوردیدا زۆر بەکەمی ڕستەی ئاسایی کاری تێدا دێتە پێشەوە، ڕەنگە ڕستە لەنێو دەقدا بەپێی ئەو دەوروبەرەی ڕستەکەی تێدا هەڵکەوتووە، وا بخوازێ کار بە لووتکە بکرێت. لە خوارەوە ئەو کەرەستانەی دەتوانرێت لە پەندی پێشینانی کوردیدا جووڵەیان پێبکرێت دەخەینە ڕوو.

١- جووڵاندنی کار - Verb Movementing

کار ئەو بەشە چەسپاوەی ڕستەیە، کە لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و ناتوانرێت لە جێکەوتەی خۆیەوە بۆ جێکەوتەیێکی تری وەك (بکەر) جووڵەی پێبکرێ و بۆ پێشەوە بگوازرێتەوە، واتە بە لووتکە بکرێت؛ لەبەر ئەوەی نەنگی و قورسی، تەنانەت نادروستی واتایی و ناڕێزمانیشی لێدەکەوێتەوە؛ بەڵام لە هەندێ نموونەی پەندی پێشینانی کوردیدا، کردەی هێنانە پێشەوەی کار دەبینرێت و نابێتە هۆی تێکدانی واتاکەی، بە پێچەوانەوە لەڕێی ئەم کردە ڕستەسازییەوە، پەندەکە واتا و مەبەستەکەی زیاتر دەپێکێت. بە نموونە هێنانە پێشەوەی کار لەم پەندانەی خوارەوەدا بۆ ئەوەیە سەرنجی بەرامبەر بۆ ئەو بەشە ڕابکێشێت کە هێنراوەتە پێشەوە. بڕوانە: (٣٧) و (٣٨).

(٣٧) **بنوو** بێ خەم و خەیاڵ وەستای نەجارِ، خوا یەکە و دەرگەی هەزار.

(٣٨) **ئەچێتە شایی** هۆمەرە کوێر، (pro) هەڵ ئەپەڕێ بەبێ بلوێر. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٧)

ئەگەر سەرنجی پەندی ژمارە (٣٨) بدەین، دەبینین پەندەکە ڕستەیێکی ناسادەیە و لە بنەڕەتدا بریتییە لە: (هۆمەرە کوێر بۆ شایی ئەچێت و هۆمەرە کوێر بەبێ بلوێر هەڵ ئەپەڕێ)، تەنیا لە ڕستەی یەکەمی پەندە لێکدراوەکەدا بەشی کار جێکەوتەی لەگەڵ بکەردا گۆڕیوەتەوە و لە ڕستەی دووەمیشدا (بکەر) بەهۆی هاوبەشی قرتێنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەریەك لەو ڕستانەی کە پێکهێنی ڕستەی ناسادەن، ((خاوەنی دروستەی سەربەخۆی خۆیانن، هەر یەك لەم دروستانە ڕستەی کات و کەسدارن، حوکمی کەرەستەکان دەکەن، کاری هەریەکەیان دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکانی دەدات)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٦٥)؛ ئەمە وا دەکات لە لایێك بتوانرێت یاساکانی گوێزانەوە بەجیا لەسەر هەریەك لە ڕستەکاندا جێبەجێ بکرێت، لە لایێکی تریش یاساکان لەسەر کۆی ڕستە ناسادەکەدا جێبەجێ بکرێن، چونکە بەهۆی لێکدانی ڕستەکان هەندێ کەرەستە لە ئەرکدا هاوبەش دەبن؛ وەك هاوبەشییەتی: کار و کەس و ژمارەی بکەر لەنێوان ڕستەکاندا.

٢- جوواڵاندنی بەرکار - Object Movementing

گوێزانەوەی بەرکار و هێنانە پێشەوەی لە پەندی پێشینانی کوردیدا، پەیوەندی بە مەبەستی قسەکەرەوە هەیە و دەیەوێت جەخت لەسەر ئەو کەرەستەیە بکاتەوە کە مەبەستیەتی، هۆکاری ئەمە

دەگەڕێتەوە بۆ ((کاریگەری باری دەروونی و هەبوونی مەبەستێکی تایبەت لە قسەکردندا، قسەکەر ڕیزکردنی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ جۆرە ڕیزکردنێکی نا ئاسایی، بە جووڵانەوەی توخمی مەبەست بۆ لای ڕاستی ڕستە)) (محمد و محمد، ٢٠١٥، ٤٣)، واتە کەرەستەکە بۆ سەرەتای ڕستە دێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەر دوو جۆرەکەی بەرکار (بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەتوانن لە ڕیزبەندیدا شوێنیان لەگەڵ بکەردا بەم شێوانەی خوارەوە بگۆڕنەوە:

أ- هێنانە پێشەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ و کۆپیکردنی

هێنانە پێشەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەك کردەیەکی ڕستەسازی ((دەگەڕێتەوە بۆ بایەخپێدانی قسەکەر بەو بەشە و بە لووتکەکردنی بەشەکە لە ڕستەدا)) (عەلی، ٢٠١٤، ١٧)؛ ئەم گوێزانەوەیە بە یاسای گوێزانەوەی باسمەندیش ناسراوە، کە ((پێکهاتەیێك لەناو بەشی کارەوە بۆ سەرەتای ڕستە دەگوێزرێتەوە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٦٧). بەرکار وەك پێکهاتەیێکی ڕستە کاتێك یاسای گوێزانەوەی باسمەندی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، چەند گۆڕانکارییەك بەسەر دروستەی ڕستەکەدا دێت و یاساییێکی تری گوێزانەوە بەسەر ڕستەکەدا جێبەجێ دەکرێت، کە یاسای (کۆپیکردن - copying)ە؛ ((یاسای کۆپیکردنیش بریتییە لە: (أ + ب ⟵ ب + أ + ب)) (الخولی، ١٩٩٩، ٢٤)، بەپێی ئەم یاسایە ((فرێزی ناوی لە ڕستەدا لە ڕووی سیما ڕێزمانییەکانی: (کەس، ژمار، ڕەگەز)ەوە کۆپی دەکرێت و لە شوێنێکی تری ڕستەکەدا دەردەکەوێت، کە دەبێتە نوێنەر و جێگری فرەیزەکە)) (حسەین، ٢٠١٢، ٢٣١). بەرکار وەك فرەیزێکی ناوی، جێکەوتەی لەناو فرەیزی کاریدایە، (لە کاتی هێنانە پێشەوەی بۆ پێش (بکەر) دەبێت کۆپی بکرێت... فۆڕمی کۆپیکراویش بە تەنیا ناتوانێت شوێنی ڕەگەزێکی ڕستە (ئەرکێکی ڕستە) ڕاستەوخۆ پڕ بکاتەوە، بۆیە دەچێتە سەر کار؛ واتە بەرکار فرێزێك نییە، کە سەربەخۆیی گوێزانەوەی لەناو فرێزی کاریدا هەبێت و هیچ گۆڕانکارییەك ڕوونەدات. دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دروستەی ڕستەدا دێن، لە ئەنجامی گوێزانەوەی بە ئارەزووی فرێزی ناوی بەرکار بۆ شوێنی باس، لە سێ خاڵدا بخەینە ڕوو:

١- لە کاتی ڕابردوودا جێناوی لکاوی سەر بەرکار، بەخورتی بۆ سەر کار دەگوێزرێتەوە، چونکە مولْکی کارەکەیە و لە بنەڕەتدا (ڕۆنانی ژێرەوە) لەسەر کارەکە بووە، بۆیە بەرکار ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیباتە دەرەوە.

٢- شوێنی بنجی بەرکار بە بەتاڵ دەمێنێتەوە و هێمای (**trace- t**) لە شوێنی دادەنرێت.

٣- فۆڕمی کۆپیکراو لەسەر کار دەردەکەوێت) (حسەین، ٢٠١٢، ٢٤١).

کەواتە بۆ ئەوەی ڕستە مەبەستەکەی باشتر بگەیەنرێت، ئەوا ڕەگەزی بەرکار ((لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیەوە، کە بەشی کۆمێنتی ڕستەی سەرتۆپیبە، دەردەهێنرێت و دەگوێزرێتەوە بۆ جێکەوتەی (سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە))) (قادر، ٢٠٠٨، ٩١- ٩٢)؛ پەندی پێشینانیش وەك دانەیێکی زمانی مەبەستدار، بەهۆی کردەکانی گوێزانەوە و کۆپیکردنەوە، مەبەستە شاراوەکەی لە ڕستەیێکی باسمەندیدا زیاتر دەپێکێت. بڕوانە: (**٣٩**_أ،ب).

(**٣٩**) أ- حوشتر باری گەورە ئەبا. **ڕستەی سەرتۆپی**

[سەرتۆپی سەرەکی. حوشتر]، [کۆمێنت [سەرتۆپی لاوەکی. **باری گەورە**]،[پرۆسە. ئەبا].

ب- **باری گەورە** حوشتر ئەیبا. (خاڵ، ٢٠١٤، ٦٩)، **ڕستەی باسمەندی**

[سەرتۆپی هێنراوە پێشەوە. **باری گەورە**]، [سەرتۆپی لاوەکی. حوشتر]، [کۆمێنت[سەرتۆپی لاوەکی یەك. **t** ئە [پرۆسە. [کلیتیکی باسمەندی یــ] با]].

پرۆسەی کۆپیکردن

ب- هێنانە پێشەوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ

((بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەکو کەرەستە ناسەرەکییەکانی تر لەناو ڕستەدا شوێنیان چەسپاو نییە؛ بۆیە دەکرێ لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بێن)) (فەرهادی،

٢٠١٥، ٤٠٨)، واتە دەشێ لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستەدا جێکەوتە بگرن، بەشێوەیەکی گشتی ((سەربارەکان لە ڕستەی زمانی کوردیدا زیاتر لەنێوان بکەر و کاردا دێن)) (Fattah, 1997, 146)؛ لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بهێنرێنە پێشەوە و لە سەرەتای ڕستەدا بێن، بە تایبەت لە پەندی پێشیناندا، کە بە مەبەست دەهێنرێتە پێشەوە. لە پەندی ژمارە (٤٠_أ،ب)دا بە هێڵکاری درەختی، کردەی جێگۆڕکێ لەنێوان فرەیزی ناوی (NP) و فرەیزی بەند (PP)، کە جێکەوتەی سەرباری پڕکردۆتەوە، دەخەینە ڕوو:

(٤٠) أ- باران بە دوعای پشیلە نابارێت. ب- بە دوعای پشیلە باران نابارێت. (خاڵ، ٢٠١٤، ٧٨)



پ- هێنانە پێشەوەی لاڕستە لە ڕستەی ئالۆزدا

بەشێوەیێکی گشتی لە ڕستەی ئالۆزدا ڕستەی سەرەکی (شاڕستە) دەکەوێتە سەرەتا و لاڕستەیێك یا زیاتری بەدوادا دێت و ئەرکی لاڕستەکە دیارخستن و ڕوونکردنەوەی بەشێکی ڕستەی سەرەکییە؛ دەشێ لاڕستەکە بێتە پێشەوە (سەرەتا)ی ڕستە ئالۆزەکە، بە تایبەت لە پەندی پێشیناندا، کە هێنانە پێشەوەی لاڕستەکە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەیە، کە لە پشت پەندەکەوەیە و لە بەشی لاڕستەکەدا جێگەی گرتووە؛ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە: (٤١_أ،ب).

(٤١) أ- تەڕ و وشك پێکەوە ئەسووتێ **کە ئاگر کەوتەوە**.

ب- **کە ئاگر کەوتەوە**، تەڕ و وشك پێکەوە ئەسووتێ. (سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٧)

مەبەستی سەرەکی پەندەکە، لە بەشی لاڕستەدایە و بریتییە لەوەی (کە کێشەیەك سەری هەڵدا زوو کۆتایی پێبهێنرێت)؛ ئەنجامی مەبەستەکەش لە ڕستەی سەرەکیدایە و بریتییە لە (ئەگینا تاوانبار و بێ تاوان بە ئاگری کێشەکەوە دەسووتێن).

ب- پاشخستن

پاشخستن لەگەڵ ئەوەی یاساییکە لە یاساکانی گوێزانەوە، بەڵام وەك کردەیێکی ڕستەسازی ناتوانرێت لەسەر زۆربەی کەرەستە بنجی و نابنجییەکانی دروستەی ڕستەدا پەیڕەو بکرێت؛ لەبەر ئەوەی لە ئاخاوتندا کام وشە لەنێو ڕستەکەدا هەڵگری مەبەستی قسەکەربێ، بە کردەی هێنانە پێشەوە، ئەویان بە لووتکە (تۆپیك) دەکرێ. لە زمانی کوردیدا بەبێ خواستی قسەکەر بەشێوەیێکی ئاسایی ((تۆپیك هەمیشە وەکو بکەر دەردەکەوێت یان پەیوەستە بە بکەرەوە، کۆمێنتیش پەیوەستە بە بەشی کارەوە)) (محمد و محمد، ٢٠١٥، ٤٢). بەڵام دەشێ ئەم دووانە جێگە بگۆڕنەوە، بە تایبەت لە پەندی پێشینانی

کوردیدا، کە کردەی پاشخستن پتر لە (بکەر) دەبینرێت و بە دەگمەن کەرەستەکانی تر دەگرێتەوە. وەك:

(٤٢) أ- **<u>دنیا</u>** تا سەر بۆ کەس نامێنێ. ⟵ ب- تا سەر بۆ کەس نامێنێ، **<u>دنیا</u>**.

(٤٣) أ- **<u>دڵۆپە</u>** ئاسنیش کون دەکا. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٠٤) ⟵ ب- ئاسنیش کون دەکا، **<u>دڵۆپە</u>**.

٢-٣) یاسای لابردن – Deletion rule

لابردن بەشێکە لە یاساکانی گوێزانەوە، وەك کردەیێکی ڕستەسازی تەنیا لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا جێبەجێ دەکرێت، چونکە هەوڵی ڕێزمانی گوێزانەوە بۆ ئەوەیە، کە ((چۆنیەتی پەیوەندی و بەرهەمی دیوی دەرەوەی زمان لە دیوی شاراوەی زمان بەهۆی گوێزانەوە و یاساکانی لێکبداتەوە، یاسای لابردن یەکێ لەو یاسا گوێزانەییانەیە کە بەهۆیەوە دەشێ یەکێ لە کەرەستەکانی ئاستی ژێرەوە لە کاتی گوێزانەوەی بۆ ئاستی سەرەوەی زمان لا ببرێ، بەهۆی یەکسانی واتایی بێ یان یەکسانی فۆرم و واتا)) (حاجی، ٢٠٠٩، ١٢٨- ١٢٩)؛ ئەم لابردنەش ((هەمیشە بەگوێرەی یاساکانی زمانەکە دەبێت)) (Dawkins, 1975, 25)؛ تا ئەو ئەندازەیەش ڕێگە بە لابردنی کەرەستەکە یا دەرنەبڕینی دەدرێت، کە نەگاتە باریٚك، ناڕێزمانی و نا دروستی واتای ڕستەکەی لێبکەوێتەوە، یا ببێتە ((هۆی لێڵی لەو دەوروبەرە زمانییەی کردەی لابردنی تێدا ڕووەدات)) (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ١٤٠)؛ ئەمەش دەگمەنە ڕووبدات، چونکە کاتێك ((هەندێك لە ستەرەکچەرەکانی ڕستەیەك دەرنابڕدرێن، ئەوا بەهۆی دەوروبەرەوە پڕ دەکرێنەوە)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ١٠٧)؛ واتە وەك مەرجێك پێویستە ((کەرەستەیێك هەبێت، کە لەگەڵ کەرەستە لابراوەکەدا هاونیشانە بێت و پێکەوە پۆلێك بن)) (عەبدوڵڵا، ١٠٧،٢٠١٠)؛ دەشێ ئەم کەرەستەیە جێناوێکی

لکاو بێت و بۆ کەرەستە لادراوەکە بگەڕێتەوە، بە تایبەت لە کاتی لابردنی (بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)دا؛ ئەوا بە جێناوی لکاو جێگیر دەکرێن؛ ئەم کردەیەش وەك پێویستییکی گوێزانەوەیی لە ڕستەدا جێبەجێ دەکرێت.

٢-٣-١) جۆرەکانی لابردن لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا

١- لابردنی بەخورتی - Obligatory Deletion: ((ئەو لابردنەیە کە ڕێگە نادات کەرەستە زمانییەکە لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەربکەوێت، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی و دووبارەکردنەوەی کەرەستە هاوبەشەکان)) (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ١٤٠). بە تایبەت لە ڕستەی ناسادەدا، کە چەندین کەرەستەی هاوبەش (ناوکۆ - Equielement) هەن، ئەگەر لانەبردرێن، دەربڕینێکی قوڕس و بێزارکەر دێننە ئاراوە. بڕوانە: (٤٤_أ،ب).

(٤٤) أ- تۆ قسە یا لە شێت ببیسە یا تۆ قسە لە منالْ ببیسە.

ب- Ø قسە یا لە شێت ببیسە یا Ø Ø لە منالْ Ø. (خالْ، ٢٠١٤، ٢٨٧)

٢- لابردنی ئارەزوومەندانە - Optional Deletion: ئەم جۆرەیان نەرمییەکی تێدایە و لابردنەکە زیاتر بۆ کورتبڕییە و دەشێ کەرەستەکە لە ئاستی سەرەوەدا لابببرێت یا بهێڵرێتەوە، مانەوەشی نابێتە هۆی دووبارەبوونەوە، چونکە کەرەستەکە کەرەستەیێکی هاوبەش نییە. ئەمەش زیاتر لە ڕستەی سادەدا دەبینرێت. وەك:

(٤٥) أ- کردی بە بنیشتە خۆشەی ژێر ددانی. ⟵ ب- کردی بە بنیشتە خۆشە Ø.

(٤٦) أ- سکی تێر ئاگای لە سکی برسی نییە. ⟵ ب- Ø تێر ئاگای لە Ø برسی نییە.

مەبەستی سەرەکیش لە لابردن، ئابووریکردنە لە زماندا؛ لەبەر ئەوەی ((یاساکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە هاوتەریبن لەگەڵ بنەمای وزە پاراستن - ئیکۆنۆمی لە زماندا؛ چونکە یاساکانی گوێزانەوە بە ئارەزووی لابردن، ئەرکی هێنانەدی کەمکردنەوەی وزە لە ئاخاوتندا دەبینن و لە کاتی لابردن و کرتاندندا ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئاستی قووڵی ڕستەکە دەتوانێت بنەڕەتی ڕستەکە دەستنیشان بکات و واتای تەواو بەرجەستە ببێت)) (سالّح، ۲۰۱۰ ، ۱۰۹- ۱۱۰)؛ پەندی پێشینانیش لەبەر ئەوەی ((لە لایەن قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکە ناسراوە، بۆیە کورتکردنەوەشی نابێتە هۆی لەدەستدانی واتای پەندەکە)) (Can, 2011, 37)؛ چونکە کورتبڕی خاسیەتێکی بنەڕەتی پەندی پێشینانە و لابردنی کەرەستەش پەندەکە کورت دەکاتەوە؛ گوێگریش هەر لەگەڵ بیستنی پەندەکە، هەست بە بوونی ئەو کەرەستەیە دەکات، کە لە ئاستی قووڵی پەندەکە هەیە و لە ئاستی ڕووکەشدا (SS)، لادراوە؛ لەبەر ئەوەی ئاستی قووڵ (DS) گوزارشتە لە سیمانتیکی ڕستە؛ بەمەش گوێگر لە ئاستی ڕووکەشدا سەرنجی بۆ ئەو کەرەستەیە دەچێت، کە وەك بەڵگەیەکە بۆ ئەو کەرەستەیەی کە لە ئاستی قووڵدا لابردراوە، لەڕێگەیەوە باشتر لە مەبەستی قسەکەر تێدەگات. ئەو کەرەستانەی کە لە دروستەی ڕووکەشی پەندی پێشینانی کوردی لادەبردرێن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- لابردنی بکەر (Subject Deletion) و جێگیرکردنی بە جێناوی لکاو

بکەر وەك کەرەستەیێکی بنجی و سەرەکی لە ڕستەدا لەپاڵ بەشی کاردا دێت و ((هەبوونی ئەو دوو بەشە لەناو دروستەی ڕستەدا بە خورتییە و ناتوانرێت لابرێن؛ دەشێت بکەر لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەکەوێت و ((pro))یەك لە شوێنی دابنرێت)) (برزۆ، ۲۰۲۰، ۷٤). یەکێکیش لە ((تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە بکەر و کار لە ڕووی کەس و

ژمارە ڕێکدەکەون، واتە کار بەپێی کەسەکە بکەر هەڵدەبژێرێت)) (سالّح، ۲۰۱۰، ۱۱۹)؛ بۆیە دوای لابردنی بکەری سەربەخۆ، ڕستەکە بەو جێناوە جێگیر دەکرێت کە بۆ بکەر دەگەڕێتەوە و وەك بەڵگەیەکە بۆی. وەك:

(٤٧) **ئەو** قفڵی لە دەمی خۆی داوە.⟵ (pro) قفڵی لە دەمی خۆی داوە. (خالّ، ۲۰۱٤، ۲۹۰)

(٤٨) **ئەو** کڵاوی لار داناوە. ⟵ (pro) کڵاوی لار داناوە. (هەمان سەرچاوە، ۳۱۷)

لابردنی بکەر لە پەندی لێکدراویشدا دەبینرێت، چونکە ((لە کاتی بەستنی دوو ڕستە یان زیاتردا زۆر جار کەرەستەی هاو ئەرك دێنە ئاراوە، بە مەبەستی دووبارەنەبوونەوەیان ئەم کەرەستانە دەقرتێنرێن)) (عەبدوڵڵا، ۲۰۱۰، ۱۰۹)، یەکێك لەو کەرەستانەش (بکەر)ە، ئەگەر ((بکەری هەر دوو ڕستە سادەکەی ناو ڕستە لێکدراوەکە هاوبەش بن، بکەری ڕستەی دووەم دووبارە ناکرێتەوە و لادەبرێ)) (فەرهادی، ۲۰۱۵، ٤۰٦)، ئەمەش بە هەمان شێوەی ڕستەی سادە، بەو جێناوە لکاوە جێگیر دەکرێت، کە بۆ بکەرەکە دەگەڕێتەوە. بڕوانە: (٤۹).

(٤۹) سنعەتکار دەوڵەمەند نابێ و (pro) لە برسانیش نامرێت.

لە پەندی پێشینانی کوردیدا دەشێ بکەری سەربەخۆ لە هەر دوو ڕستە سادەکەی نێو ڕستە لێکدراوەکەدا لابببردرێت. بڕوانە: پەندی ژمارە (۵۰_أ،ب)، کە بە هێڵکاری درەختی ڕوونکراوەتەوە.

(۵۰) أ- من ئاردی جەواڵم خواردووە و من هەمانەم ماوە.

ب- (pro) ئاردی جەواڵم خواردووە و (pro) هەمانەم ماوە. (خالّ، ۲۰۱٤، ۱٤)



لە کاتی گوێزانەوەی ئەم پەندە لە ئاستی ژێرەوە (DS) بۆ ئاستی سەرەوە (SS)، ئەم کردە ڕستەسازییانەی خوارەوەی بەسەردا جێبەجێ کراوە:

١- دوو ڕستەی سادەی بنج، بە یارمەتی ئامرازی لێکدەری (و) لێکدراون.

٢- لە ڕستەی یەکەمدا بکەر بۆ سووکی دەربڕین لابردراوە و لە ڕستەی دووەمیشدا بکەر بەهۆی هاوبەشی و دووبارەبوونەوە، بەپێی یاسای گوێزانەوەی هەمان لابردنەوە (Equidelation)[٤] لابردراوە؛ هەردووکیشیان بە جێناوی لکاو جێگیرکراون.

لە پەندی ئاڵۆزیشدا لابردنی بکەری ئاشکرا، بەپێی هەڵکەوتنی ڕستەکان دەبێت، واتە چ لاڕستە چ ڕستەی سەرەکی، کامیان لە دروستەی ڕستەکەدا جێکەوتەی لە ڕستەی دووەم بێت، ئەوا بکەرەکەی بەهۆکاری هاوبەشی و

دووبارەبوونەوە لادەبردرێت و بەو جێناوە لکاوە جێگیر دەکرێت، کە بۆی دەگەڕێتەوە. بڕوانە: (٥١) و (٥٢).

(٥١) کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێ، (pro) سەری خۆی ئەخوا(ت). (خاڵ، ٢٠١٤، ٣١١)

(٥٢) ڕێوی گەر لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، (pro) گەڕ ئەبێ(ت). (هەمان سەرچاوە، ٢٢٦)

ب- لابردنی بەرکار (Object Deletion) و جێگیرکردنی بە جێناوی لکاو

بەرکاری ڕاستەوخۆ لەو ڕستەیەدا بوونی هەیە، کە کاری ڕستەکە تێپەڕبێت، لابردنیشی لە زمانی کوردیدا ئاساییە، چونکە کردەی لابردنەکە تەنیا لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەکەدایە. ئەو بەرکارەی کە لادەبردرێت نابێت لکاو بێت، بەڵکو پێویستە سەربەخۆبێت؛ ئینجا (چ ناو چ جێناوی سەربەخۆ) بێ، ئەو کات قرتاندنی ئاساییە و لە شێوەی ((کلیتیکی بەرکاریدا بە کارەکەوە دەلکێت)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ١١٥)؛ مەبەست ئەوەیە کە بە جێناوێکی لکاو کە بۆی دەگەڕێتەوە جێگیردەکرێت. بڕوانە: (٥٣) و (٥٤).

(٥٣) (pro) **کڵاوی** بکەوێتە مزگەوت، (pro) بەگۆچان **Ø** دەری ئەهێنێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣١٧)

(٥٤) (pro) **نان** بدە بە سەگ، (pro) **Ø** مەیــدە بە سپڵە. (هەمان سەرچاوە، ٣٩٩)

پ- لابردنی بەرکاری ناڕاستەخۆ و جێگیرکردنی بە جێنای لکاو

لابردنی بەرکاری ناڕاستەخۆ لە پەندی پێشینانی کوردیدا دەوەستێتە سەر نواندنی ئەم بەرکارە لە لایەن (تەواوکەر) و (سەربار)ەوە؛ ئەگەر هاتوو (تەواوکەر) بەهۆی فرەیزی بەند (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) بنوێنرێت، ئەوا ((ناکرێت شوێنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەتاڵ بێت. واتە بە لابردنی واتاکەی

بەهۆی کەرەستەکانی ڕستەوە نادروست دەبێت، چونکە لە ڕستەدا کەرەستەیەك نییە کە لەگەڵیدا هاونیشانە بێت)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ١١٦). بە واتای ئەوەی هیچ بەڵگەیەك لە ڕستەدا نییە کە بۆ بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بگەڕێتەوە؛ بۆیە هەست بە بەتاڵی ئەو جێکەوتەیە دەکرێت. وەك:

(٥٥) (pro) دووگ **<u>بە پشیلە</u>** ئەسپێرێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢١٣) ⟵* (pro) دووگ **Ø** ئەسپێرێ.

(٥٦) (pro) سەری دا **<u>لە بەرد</u>**. (خاڵ، ٢٠١٤،٢٤٧) ⟵ * (pro) سەری دا **Ø**.

بەڵام کاتێك (سەربار) بەهۆی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەنوێنرێت، ئەوا بەرکارە ناڕاستەوخۆکە لە (ڕستەی ئاسایی زمان)دا دەشێت لابببرێت؛ بڕوانە: (٥٧). لابردنەکەش بەهۆی جێگیرکردنی بە جێناوی لکاوەوە گۆڕانی پێشبەندەکانی بەدوادا دێت، چونکە ئەم بەرکارە ((لە ڕووی کەتیگۆڕی سینتاکسییەوە لە قاڵبی فرەیزی بەنددا دەردەکەوێت و پێشبەندەکانی: (بە – لە – بۆ) لەپێش فرەیزە ناوییەکە دێن)) (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ٢٠٣)؛ ئینجا ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆکە بە جێناوی لکاو ((جێگیر کرا، پرپێوزشنی (بە) ئەبێ بە (پێ) و (لە) ئەبێ بە (لێ)...)) (ئەمین، ٢٠٠٤، ٩٩). وەك:

(٥٧) منداڵەکە بە ئێوە ئەسپێرم ⟵ منداڵەکەتان پێ ئەسپێرم.

سەبارەت بە پەندی پێشینانیش، لەبەر ئەوەی بەشی زۆریان ڕستەیەکی چەسپاون، لەگەڵ ئەوەی لابردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ ناڕێزمانی پەندەکەی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام لابردنی لە پەندی سادەدا دەبێتە هۆی ئەوەی پەندەکە لە کرۆك و واتادا ئەو مەبەستە نەداتە دەست کە پەندی پێشینان پێویستە بیگەیەنێت، ئینجا مەبەستەکە ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەوخۆ؛ چونکە دوای لابردنی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، پەندەکە دەبێت بەڕستەیەکی ئاسایی زمان. وەك:

(٥٨) (pro) شێر **<u>بە گوێ</u>** ئەگرێت. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢٧١)⟵(pro) شێر Ø ئەگرێت.

(٥٩) دۆشاو **بۆ پاشا** قات نییە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٢١٥) ⟵ دۆشاو Ø قات نییە.

کەچی لە پەندی ناسادەدا، لابردنی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، بەهۆی هاوبەشی و دووبارەبوونەوەی لە ڕستەی دووەمی پەندەکە و جێگیرکردنی جێناوێك لە شوێنی، کە بۆی دەگەڕێتەوە، ئەوا کاریگەری لەسەر واتا و مەبەستی پەندەکە نابێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بڕوانە: پەندی ژمارە (٦٠_أ،ب)، کە بە هێڵکاری درەختی ڕوونکراوەتەوە.

(٦٠) أ- تا خوا کێو نەبینێت بەفر لە کێو ناکات.

ب- خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا.



Surface structure: (٢) + (١) + (٣) + (٤) + (٥) + (٧) + (٩) + (٨) + (١٠) + (١١)

ئەم پەندە لە ئاستی قوواڵدا (Deep Structure) لە دوو ڕستە پێکهاتووە و لە کاتی گوێزانەوەی بۆ ئاستی ڕووکەش (Surface structure)، ئەم کردە ڕستەسازییانەی خوارەوەی بەسەردا جێبەجێکراوە:

١- هەر دوو ڕستە بنجییەکە، بە ئامرازی گەیەنەری (تا) بەیەك گەیەنراون.

٢- بکەر ڕستەی یەکەم بەپێی یاسایێکی گوێزانەوە چۆتە پێش ئامرازەکە.

٣- ئەو کەرەستانەی کە هاوبەشن و لە ڕستەی دووەمدا دووبارە بوونەتەوە، بریتین لە: بکەری (خوا) و بەرکاری (کێو)، لە دوو کردەی لابردندا لابردراون؛ لە هەمان کاتیشدا هەر دووکیان بە جێناوی لکاو جێگیرکراون و پێشبەندی (لە)ش بۆ (تێ) گۆڕاوە.

ت- لابردنی کار - Verb Deletion

کار لە ڕۆنانی ڕستەی هەر زمانێکدا، کەرەستەیێکی سەرەکی و بەخورتییە و هەرگیز لە ڕستەدا لانابردرێت، چونکە کۆڵەگەی پێکهێنی ڕستە کارە، واتە حوکمی بەسەر کۆی کەرەستە پێکهێنەرەکانی تری ڕستەوە هەیە و ئەرکی ڕێزمانی و واتایی ڕستەی دەکەوێتە سەر؛ لەگەڵ ئەوەی کار کەرەستەیێکی بەخورتییە، لابردنی لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا لە سنووریێکی دیاریکراودا ڕێگەپێدراوە، بە تایبەت ڕستەی ناسادە، کاتێك ڕستە پێکهێنەرەکانی ڕستە ناسادەکە، لە کاردا هاوبەشبن.

بەشێوەیێکی گشتی لابردنی کەرەستەکان لە ڕستەی ناسادەدا ڕستەی دووەم دەگرێتەوە؛ ((لە هەمان کاتدا هەموو ئەو کەرەستانەی لە ڕستەی دووەمدا جیاوازن بەرامبەر بە ڕستەی یەکەم لە ڕستەی دووەمدا دەهێڵرێنەوە)) (عەبدوڵڕەحمان، ٢٠١٥، ٢٣). لابردنی کار لە ڕستەی پەندی پێشینانی کوردیدا بەم شێوانەی خوارەوەیە:

١- لابردنی بەشی کار لە ڕستەی سادەدا

لابردنی فرەیزی کاری لە ڕستەی سادەی ئاسایی زماندا دەگمەنە و بەشێوەیەکی گشتی نەگونجاوە، بەڵام لە هەندێ پەندی پێشینانی سادەدا، کردەی لابردنی کار لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەی پەندەکەدا ئاساییە و نابێتە هۆی بەدەستەوەنەدانی واتا؛ ئەوەی لە پەندەکەشدا دەمێنێتەوە فرەیزێکە یان زیاتر، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پەندی پێشینانی کوردی لە ڕووی هەبوونەوە لە شێوەی فرەیزدا بوونی هەبێت، واتە ئەو پەندانەی لە شێوەی فرەیزدان، کردەی لابردنی کاریان تێدا جێبەجێ بووە. بڕوانە: (٦١) و (٦٢).

(٦١) گورگ و شوانی؟! (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٣٥) پەندەکە لە ئاستی ژێرەوەیدا بریتییە لە: (گورگ و شوانی بەیەکەوە ناشێن).

(٦٢) لە گوڵ پاکتر؟ (خاڵ، ٢٠١٤،٣٥٩) لە بنەڕەتدا بریتییە لە: (لە گوڵ پاکتر نییە).

٢- لابردنی کار لە ڕستەی ناسادەدا

کاتێك کار لە ڕستەکانی نێو ڕستەی ناسادەدا هاوبەش بێت، بە تایبەت ڕستەی لێکدراو، ئەوا بۆ سووکی زمان و ئابووریکردن کاری یەکێ یان هەر دوو ڕستەکە بەم شێوانەی خوارەوە لادەبردرێت:

١- لابردنی کار لە ڕستەی یەکەمی ڕستەی لێکدراودا. وەك:

(٦٣) نەزان بە پێیەك Ø ، زانا بە دوو پێ تێ ئەکەوێ. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤١١)

(٦٤) وەجاخزادە بە ئیشارەت Ø و ناوەجاخ بە کوتەك تێدەگا.

٢- لابردنی کار لە ڕستەی دووەمی ڕستەی لێکدراودا. وەك:

(٦٥) لێوێکی با دێنێ و لێوێکی بۆران Ø. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٦٧)

(٦٦) نە شیش بسووتێ، نە کەباب Ø.

٣-لابردنی کار لە هەر دوو ڕستەی نێو ڕستەی لێکدراودا. وەك:

(٦٧) دیداری یاران چ سالّێك Ø و چ ساتێك Ø. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٥١)

(٦٨) نان بۆ نانەوا Ø ، گۆشت بۆ قەساب Ø.

ج-لابردنی ئامراز

ڕستەی ناسادە چ لێکدراو بێت چ ئاڵۆز لە ڕۆنانیاندا زیاتر لە ڕستەیەك پێکدێت، بەشەکانی ڕستەی لێکدراو بە یارمەتی ئامرازی (لێکدەر) لیکدەدرێن و ڕستەی ئاڵۆزیش بە یارمەتی ئامرازی (گەیەنەر) بە یەك دەگەیەنرێن. لابردنی ئامراز وەك لابردنی کەرەستەکانی تر نییە، کە بەهۆی هاوبەشییەتی یا دووبارەبوونەوەی کەرەستەکانەوە بێت، بەڵکو بەهۆی ئابووریکردن و سووك دەربڕینەوەیە. پەندی پێشینانیش بە هەر دوو جۆری لێکدراو و ئاڵۆز، کردەی لابردنی ئامرازی بەم شێوانەی خوارەوە تێدا دەبینرێت:

أ-لابردنی ئامرازی لێکدەر

ئامرازی لێکدەر لە ڕستەی لێکدراودا لەگەڵ ئەوەی ڕستە سادەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام سەر بەهیچ یەکێ لە ڕستەکان نییە و دەشێ لە ڕستە لێکدراوەکە لابببرێت و وێرگوللێك (،) لە شوێنیدا دابنرێت، بێ ئەوەی ئەرکی ڕێزمانی و واتایی ئامرازەکە ون ببێت. وەك:

(٦٩) أ- مردوو شەیتان دەستی لێ هەڵ ئەگرێ کەچی زیندوو دەستی لێ هەڵناگرێ.

ب- مردوو شەیتان دەستی لێ هەڵ ئەگرێ Ø ، زیندوو دەستی لێ هەڵناگرێ.

(٧٠) أ-کێو بە کێو ناگات بەڵام چاو بە چاو دەکەوێت.

ب-کێو بە کێو ناگات Ø ، چاو بە چاو دەکەوێت.

ب- لابردنی ئامرازی گەیەنەر

ئامرازی گەیەنەر ئەو ئامرازەیە کە تێکەڵ بە داڕشتەی لاڕستە دەبێت، هەمیشە لەگەڵیدا دێت و لاڕستەکە ((دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی و هۆیەکە لە هۆیەکانی بەندبوونی لاڕستە پێیەوە. پەیوەندیی نێوان ئامرازی گەیەنەر و لاڕستە ئەوەیە کە ئامرازی گەیەنەر خۆی ئاماژە بە باسلێکراوێك (توخمیك) ناکا، بۆیە پێویستی بە ڕستەیێك دەبێت کە بە ڕستەی سەرەکی ببەستێتەوە و ئەرکی خۆیان ببینن لە تەواوکردنی واتا و ناساندنی سەرەکەی پێش خۆیان)) (بەرزنجی، ٢٠٠٤، ٤١). لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ ئامرازەکە لابببرێت و ئەم ئەرکە بە تەنیا بە لاڕستە بسپێردرێت، بێ ئەوەی ڕستەیێکی لێڵ یا ناتەواو بێتە ئاراوە. هەندێ لە پەندی پێشینانی کوردیش لابردنی ئامرازی گەیەنەریان تێدا دەبینرێت و لابردنی ئامرازەکە دەربڕینی پەندەکەی لەسەر زمان ئاسانتر کردووە. بڕوانە: (٧١_أ،ب) و (٧٢_أ،ب).

(٧١) أ- ئەگەر لەسەر ڕێگا بنوێت، خەوی هاشە و پاشە ئەبینیت.

ب- Ø لەسەر ڕێگا بنوێت، خەوی هاشە و پاشە ئەبینیت. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٤٥)

(٧٢) أ- تیر کە لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە.

ب- تیر Ø لە کەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ١٤٢)

٤-٢) یاسای زیادکردن - Addition rule

زیادکردن یاساییێکی تری گوێزانەوەیە، کە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی واتای بنجی ڕستەیە، ئەمیش بە زیادکردنی کەرەستە یا ڕستە دەبێت، بە مەرجێك کەرەستەکە یا ڕستەی زیادکراو، جگە لە ڕوونکردنەوە، کار لە واتای بنەڕەتی ڕستە بنجییەکە نەکات. پەندی پێشینانیش لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆریان دەربڕینێکی چەسپاون، بەڵام ((وشە پێکهێنەرەکانی پەند ڕێگە بە

وشەی تر ئەدەن بچنە نێوانیانەوە، بێ ئەوەی کار لە واتای پەندەکە بکەن...، چونکە پەند دەربڕاوێکی کۆنە و ماوەییێکی دووری بەسەردا تێپەڕیوە، لەم ماوە دوور و درێژەدا، کورد زمانان پشت بە پشت پەندەکانیان بۆ نەوەی دوای خۆیان گێڕاوەتەوە...، لە گوێزانەوەی پەندەکان ورد نەبوونە و گۆڕان لە پەندەکە ڕووی داوە و بە ڕوخساری جیا جیا گێڕاویانەتەوە)) (عەلی، ١٩٩٨، ٥٤). بڕوانە: (٧٣_أ،ب) و (٧٤_أ،ب).

(٧٣) أ- مزگەوت ڕووخاوە، محرابی ماوە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٣٨٨)

ب- **هەرچەند** مزگەوت ڕووخاوە، **بەڵام** محرابی ماوە.

(٧٤) أ- نە شارەزا کوێرە. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٨)

ب- نەشارەزا **وەک** کوێر **وایە**. (خاڵ، ٢٠١٤، ٤٠٨)

لە لاییێکی تر ئەو پەندانەی کە (هۆنراوە ئاسا)ن، بنەڕەتی زۆربەیان ڕستەییێکی سادە یا ناسادەیە و لە پێناو گەیاندن و ڕوونتر کردنەوەی مەبەستی پەندەکە، بە کەرەستەی هەمەجۆری زمان فراوان کراون و لە قاڵبی هۆنراوەدا دارێژراونەتەوە، بێ ئەوەی داڕشتنەوە و فراوانکردنەکە پەندەکە لە واتای بنجیی خۆی دوور بخاتەوە. بڕوانە: (٧٥_أ،ب) و (٧٦_أ،ب).

(٧٥) أ- هەر کەس پەند نەگرێ لە خەڵک، خەڵک عیبرەتی لێدەگرن.

ب- هەر کەس ئەزموون و پەند نەگرێ لە کەس ئەبێ بە عیبرەت بۆ کەس و ناکەس.

(بەهرامی، ١٣٩٤ب٢، ٤١٠- ٤١١)

(٧٦) أ- نەیدەزانی هەڵپەڕێ، ئەیوت حەوشەکەی لارە.

ب- باش نەیدەزانی هەڵپەڕێ لەبار ئەیوت حەوشەکەی چاڵ و چۆڵە و لار

(بەهرامی، ١٣٩٤ب٢، ٣٥٨- ٣٥٩)

هەروەها پەندی ڕستە ئاسای ئاڵۆزیش، نموونەیێکی تری بەرجەستەبووی یاسای زیادکردنە؛ لەبەر ئەوەی ((زیادکردن کردەیەکی سەرەکییە لە بەرهەمهێنانی ڕستەی ئاڵۆزدا؛ بەوێنە دەکرێ بە لایەنی کەم بە سێ ڕێگای جیاواز دوو ڕستەی سادە بەدوای یەکدا زیاد بکەین، کە لە ڕێگەیانەوە بەلایەنی کەم سێ جۆر ڕیزکردنی ئاڵۆزی بەدوادابێت، بێ ئەوەی خوێنەر کێشەی خوێندنەوەی بۆ بێتە پێش)) (Dawkins, 1975, 12). بڕوانە: ژمارە(٧٧).

(٧٧) ئەو خورمایە ناوکەکەی لە گیرفانمایە.

ئەگەر سەرنجی نموونەی ژمارە (٧٧) بدەین، دەبینین ڕستەیێکی سادەی ئاسایی زمانە، لە ڕێگەی زیادکردنی لاڕستەی (کە تۆ خواردت)، ئەوا ڕستەیێکی ئاڵۆزی لێ دروست دەبێت و قاڵبی پەندی پێشینان وەردەگرێت، دەشێ ئەم ڕیزکردنانەی خوارەوەی بەدوادابێت. بڕوانە: (٧٨_أ،ب،پ).

(٧٨) أ- ئەو خورمایەی کە تۆ خواردت، Ø ناوکەکەی لە گیرفانمایە.

ب- ئەو خورمایەی تۆ خواردت، Ø ناوکەکەی لە گیرفانمایە.

پ- ئەو خورمایە ناوکەکەی لە گیرفانمایە کە تۆ Ø خواردت.

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کە ((زیادکردن تاکە کردە نییە لە پێکهێنانی ڕستەی ئاڵۆزدا، لەبەر ئەوەی کاتێك ڕستەیەك زیاد دەکەین، ئەوا ڕۆنانی ڕستەکە چەند کردەیەکی تریشی بەسەردادێت لە پاش و پێشکردن و گۆڕینەوە و لادان...، شتێکی ڕوونیشە هەتاکو کردەی زیاتر بەسەر ڕۆنانی سینتاکسی ڕستەدا بێت، داڕشتە زمانییەکەیشی زیاتر ئاڵۆز دەبێت و خوێندنەوەکەی قوڕستر دەبێت)) (Ibid, 12). بە تایبەتیش کاتێك هەندێ لەو کەرەستانە کە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەی پەندەکە هەن و لە کاتی گوێزانەوەیان بۆ ڕۆنانی سەرەوە لانەبردرێن، ئەوا دەبنە کەرەستەی دووبارە و هاوبەش. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ناتوانرێت ژمارەیێکی زۆری یاسای گوێزانەوە بە جارێك لەسەر پەندێکدا جێبەجێ بکرێ؛ لە هەمان کاتیشدا ناتوانرێ هەندێ یاسای گوێزانەوە فەرامۆش بکرێ، بە تایبەت یاسای (لابردنی بەخورتی) و (کۆپیکردنی بەخورتی). کە کەرەستە هاوبەش و دووبارەکان لە ڕستەی ناسادەدا دەگرێتەوە.

ئەنجام

ئەم خاڵانەی خوارەوە بریتین لەو ئەنجامانەی، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیگەیشتووین:

١- پێکهاتەی ڕستەسازی پەندی پێشینانی کوردی هەمان ئەو پێکهاتەیە کە ڕستەیێکی ئاسایی زمانەکە هەیەتی، هێندە هەیە پەندی پێشینان وەك دەربڕینێکی چەسپاو، بە ئاسانی مل بۆ هەموو یاساکانی گوێزانەوە نادات و هەموو گوێزانەوەیێکی لەسەر جێبەجێ ناکرێت.

٢- ئەو پەندانەی (نادارشتەیین) و واتایان لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە نەهاتووە و واتای خوازەییان زاڵە، ئەوا لە (کۆتی واتایی)دا، لە پەیوەندیی ئاسۆیی لادەدەن، لەبەر ئەوەی تاکو نەگونجان لەنێوان کەرەستەکان هەبێت، پەندەکە زیاتر قاڵبێکی چەسپاو و (واتای مەبەست) وەردەگرێت؛ چونکە بنەڕەتی نەگونجان بۆ دانەدەستی واتای مەبەستە، کە بەشی زۆری پەندی پێشینانی لەسەر بنیاتنراوە.

٣- لەگەڵ ئەوەی لابردنی کەرەستە وەك یاساییێکی گوێزانەوە لەسەر پەندی پێشینان جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ناتوانرێت هەموو جۆرە کەرەستەیێکی لێ لابدرێت، هەندێ کەرەستە لەگەڵ ئەوەی ناسەرەکین و دەتوانرێت لە ڕستەی ئاساییدا لابردرێن، بەڵام لە پەندی پێشیناندا لابردنیان دەبێتە هۆی تێکدانی قاڵبی پەندەکە و ئەو مەبەستە ناداتە دەست کە پەندی پێشینان پێویستە بیگەیەنێت؛ بۆیە هەست بە بۆشاییێك دەکرێت، یا پەندەکە وەك ڕستەیێکی ئاسایی زمان دەردەکەوێت.

٤- پەندی پێشینانی کوردی هەندێکیان لە ڕووی فۆرمەوە بە تەواوی لە قاڵبێکی توند و چەسپاودا نین و نیمچە چەسپاون؛ چونکە دەتوانرێ بە هۆنراوە دابڕێژرێن و کەرتی تریان بۆ زیادبکرێت و گۆڕین و پاش و پێشیش بە

کەرەستەکانی بکرێت و پارێزگاریش لە واتا و مەبەستی پێشووی پەندەکە بکات.

٥- ناتوانین ژمارەیێکی زۆری یاسای گوێزانەوە بە جارێك لەسەر پەندێکدا جێبەجێ بکەین؛ لە هەمان کاتیشدا ناتوانین هەندێ یاسای گوێزانەوە فەرامۆش بکەین، بە تایبەت یاسای (لابردنی بەخورتی)، کە کەرەستە هاوبەش (ناوکۆ - Equielement) و دووبارەکان لە ڕستەی ناسادەدا دەگرێتەوە؛ ئەگەر لانەبردرێن، دەربڕینێکی قوڕس و بێزارکەر دێننە ئاراوە.

پەراوێزەکان:

(١) واتای مەبەست: بریتییە لەو واتایەی کە گوزارشت لە واتایەکی تر دەکات، جیاوازە لە واتای بنەڕەتی دەربڕینەکە.

(٢) ئارگۆمێنت، زاراوەیەکە لە لۆجیکی ماتماتیکی وەرگیراوە، مەبەستیش لێی ئەو کەرەستە سینتاکسییانەن کە لە لایەن کارێکەوە داوا دەکرێن. بە واتایەکی سیمانتیکی و لۆجیکیش، ئەو بەشانەی ڕستەن کە هەواڵێك لە بارەیانەوە بەهۆی گوزارەیەکەوە ڕادەگەیەنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (حاتەم ولیا محمد، ٢٠١٢، ٢٢٤) و ئەو سەرچاوەی لەوێوە هاتووە.

(٣) بەرکاری ڕێزمانی: ئەو دانە سینتاکسییەیە کە تەنیا چاڵی بەرکار لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە، بەڵام بەرکاری لۆجیکی، ئەو بەرکارەیە کە کارەکەی دەکەوێتە سەر و لەژێر کاریگەری بکەرێکی لۆجیکیدایە.

(٤) یاسای هەمان لابردن (Equidelation): یاسایەکی بەخورتییە لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا، بەپێی ئەم یاسایە ئەو گرێ ناوییەی کە لە ڕستەکەدا دووبارە دەبێتەوە و ئاماژە بە یەك شت دەکەن لەگەڵ هەمان شت لە ڕستە سەرەکییەکەدا لا دەبرێ. بڕوانە: (شلێر ڕەسول محمد بەرزنجی، ٢٠٠٤، **X**).

سەرچاوەکان

١- بە زمانی کوردی:

أ- کتێب

- ئەمین، وریا عمر (٢٠٠٤)، **چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی**، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە (٢٣٩)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، **دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا**، ماستەرنامەی بڵاوکراوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی جنگل، تاران.
- بەهرامی، ئەحمەد (١٣٩٤ی هەتاوی)، **پەندی پیران و فەرموودەی ژیران**، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی شەمیم، سنە.
- حاجی، قیان سلێمان (٢٠٠٩)، **کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ((شێوەزاری کرمانجی سەروو))**، دکتۆرا نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٥٦)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، **ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا**، ماستەر نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٧)، **ڕستەسازی**، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- خاڵ، محمد (٢٠١٤)، **پەندی پێشینان**، چاپی پێنجەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، **هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا**، دکتۆرا نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٧٠)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٣أ)، **چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی**، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- _____ (٢٠١٣ب)، **هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی**، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٩٣)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- قادر، کاروان عمر (٢٠٠٨)، **رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا**، ماستەر نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
- کانەبی، دلێر صادق (٢٠١٥)، **تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە**، دکتۆرا نامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- محەمەدئەمین، یوسف نوری (٢٠١٥)، **ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە**، ماستەرنامەی بڵاوکراوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

ب- نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

- بەرزنجی، شلێر ڕەسول محمد (٢٠٠٤)، **یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
- سالّح، دەروون عەبدولڕەحمان (٢٠١٠)، **ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- عەلی، فەتاح مامە (١٩٩٨)، **ئیدیەم لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
- عەبدوڵڵا، مهاباد کامیل (٢٠١٠) **چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- عەبدولڕەحمان، ڤیان بەکر (٢٠١٥)، **پارستە لە کوردی ناوەڕاستدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
- کەمال، دیار عەلی (٢٠٠٢)، **ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

پ- گۆڤار:

- حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٢)، یاسای گوێزانەوە و کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا- شێوەزاری سلێمانی، **گۆڤاری زانکۆی کۆیە**، ژمارە (٢٢)، ل، ٢٢٩- ٢٤٩.

- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، شیکردنەوەی سینتاکسی پەندی پێشینان، **گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین**، ژمارە (٢) ل، ٤٠١- ٤٢٢.
- محمد، حاتم ولیا (٢٠١٢)، ڕۆنانی ڕستەی سادە، **مجلة الاستاذ**، العدد، (٢٠٠)، ص، ٢٠٩-٢٢٥.
- محمد، _____ و محمد، ژیان عبدالله (٢٠١٥)، پێکهاتەی زانیاری و کردە قسەییەکان، **گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**، بەرگی ١٩. ژمارە ٤، ل، ٣٩-٦٤.

٢-بە زمانی عەرەبی:

- الخولي، محمد علي (١٩٩٩)، **قواعد تحويلية للغة العربية**، الطبعة الأولى، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان.

٣-بە زمانی ئینگلیزی:

- Amin, waria omar (1979), **Aspects of the verbal construction in Kurdish**, Ph.D. dissertation, University of London.
- Can, Nilufer (2011), **A proverb Learned is a proverb Earned، Future English Teachers Experiences of Learning English proverbs in Anatolian Teacher Training High Schools in Turkey**, M.A. Thesis, Middle East Technical University ،Graduate school of Sciences, Department of English Language Teaching.
- Dawkins, John (1975), **Syntax and Readability**, International Reading Association, Newark, Delaware.
- Fattah, M.M (1997), **A Generative Grammar of Kurdish**, Unpublished doctoral dissertation, university of Amsterdam.

الملخص

تحليل امثال كوردية وفق قوانين التحويل

هذه الدراسة محاولة لتطبيق قوانين التحويل على الأمثال الكوردية، على الرغم من أن المثل تعبير ثابت، ولا يخضع بسهولة لجميع التحويلات، ولكن وفقا لقوانين التحويل، بعد توليد الجملة الأساسية للمثل في البنية العميقة، فإنه يحتاج إلى عدة قواعد التحويل للوصول إلى البنية السطحية. نظرا لأن الأمثال مقصودة، غالبا ما يؤكد المتحدث عمدا عنصر معين أو عناصر من تركيب المثل، يغيرها أو يحركها للخلف وللأمام، من أجل تسهيل عملية الوصول للمعنى المقصود؛ وهذا الترتيب لا يغير حالة والوظيفة النحوية للعناصر. تتألف الدراسة من فصلين اضافة الى مقدمة ونتائج:

الفصل الأول: يدور حول العناصر النحوية والعلاقات الدلالية بينهما، وأنماط ترتيبهما في تركيب الأمثال الكوردية.

الفصل الثاني: مخصص لقوانين التحويل في الأمثال الكوردية، وقد حاولنا قدر المستطاع اثبات وشرح القوانين المطبقة في البنية السطحية للأمثال الكوردية.

الكلمات الدالة: عناصر النحو، قواعد التحويل، الأمثال، الترتيب الثابت، قاعدة الحذف.

Abstract

An Analysis of Kurdish proverbs according to transformational rules

This study is an attempt to apply the conversion rules to Kurdish proverbs, although the proverb is a fixed expression, and is not easily subject to all transformations, but according to the rules of transformation, after generating the basic sentence of the proverb in the deep structure, it needs several transformation rules to reach the surface structure. Since the pro verbs are intentional, the speaker often intentionally emphasizes a certain element or elements of the proverb's structure, changing them or moving them back and forth, in order to facilitate the process of arriving at the intended meaning; This arrangement does not change the case and grammatical function of the elements. The study consists of two chapters in addition to an introduction and results:

The first chapter: It revolves around the grammatical elements and the semantic relations between them, and the patterns of their arrangement in the composition of Kurdish proverbs.

The second chapter: is devoted to the conversion rules in Kurdish proverbs. We have tried, as much as possible, to prove and explain the rules applied in the surface structure of Kurdish proverbs.

Kywords: Syntax elements, Transformational rules, Proverbs, Fixed order, Deletion rule.

عەونی یوسف ١٩٠٨-١٩٨٨
ژیان و ڕۆڵی سیاسی

د. شوان محەمەدئەمین تەها
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین
Shwan.taha@su.edu.krd

د. مستەفا محەمەد کەریم **م. ی. بارزان محەمەد عەلی**
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین
barzan.ali@su.edu.krd mustafa. karem@ su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوە، لە ژێر ناوی (عەونی یوسف ١٩٠٨-١٩٨٨، ژیان و خەباتی سیاسیی) لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا، باس لە ژیانی عەونی یوسف کراوە، تیشک خراوەتە سەر بنەماڵەکەیان و پاشان چەند وێستگەیەکی ژیانی خراوەتە ڕوو، پاشان باسی کەسایەتی و کارو پیشە و پۆستەکانی کراوە، تەوەری دووەمیش تەرخان کراوە بۆ کارو چالاکی سیاسی، وەک چالاکییە سیاسییەکانی لە شاری هەولێر و بەشداری لە ڕووداوە سیاسییەکاندا، هەروەها تیشک خراوەتە چالاکی و جموجۆڵەکانی لە نێو پارتە سیاسییە کوردییەکاندا بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا.

وشە سەرەکییەکان: عەونی یوسف، خەبات، هەولێر، سیاسی، ڕۆشنبیری.

١. پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی کەسایەتییە کوردەکان گرنگە، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری سیاسی و نەتەوایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، خزمەتیان کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزنرخاندنی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی ئەو جۆرە کەسانە، کە دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە مێژووی نەتەوایەتیمان، لەلایەکی دیکەوە، بەسەرکردنەوەی ژیان و کارو چالاکی و خەباتی ئەو کەسانە، دەبێتە ئەزموونێک بۆ نەوەی تازە، تا شوێنپێی ئەوانە هەڵبگرن و لەسەر هەمان ڕێبازی نەتەوەییانەی ئەواندا بڕۆن، عەونی یوسف یەکێکە لەو کەسایەتییە نەتەوەییانەی کورد، کە هەوڵ و کۆشش و خەباتی لە پێناو نەتەوەکەی ئەوە دەهێنێت، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیی مێژووییەوە بەسەربکرێتەوە.

عەونی یوسف، لە بنەماڵەیەکی دیاری شاری هەولێر لەدایک بووە و پەروەردە بووە، باوکی کەسایەتیێکی دیاری شارەکە بووە و ماوەیەکیش قازی بووە. ڕۆڵی سەرەکی لە پەروەردەکردنی زانستییانەی عەونی یوسفدا گێڕاوە و هەر زوو ناردوویەتییە بەر خوێندن، عەونی کە یەکێکە لە ڕوخسارە دیارەکانی نێو خانەوادەکەی، ڕۆڵێکی گرنگی لە بزووتنەوەی سیاسیی شاری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی گێڕاوە، خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی و نیشتیمانیی بەرز بووە، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە خەباتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی نێو لاپەڕەکانی مێژووی کورد بەگشتی.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناوونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەونی یوسف وێڕای ئەو خەباتە نەتەوایەتییەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەیبووە، کەچی لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەت بەسەر نەکراوەتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر باری سەرنج بخەینە سەر ژیان و خەباتی سیاسی، هەست دەکەین کە شتێکی ئەوتۆی لەو کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرە

کوردانە کەمتر نەبووە، کە لە نێو توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا زیاتر بەسەرکراونەتەوە.

سەبارەت بە ڕێبازی لێکۆڵینەوە، بەگوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی زانستی لێکۆڵینەوەکە، سوود لە ڕێبازەکانی وەسفی و شیکاری و کڕۆنۆلۆژی (میژوویی) بینراوە، چونکە بابەتەکە جگە لە باسکردنی کەسایەتیێکی میژوویی، کاریگەری دۆخی سیاسی قۆناغ دوای قۆناغ بەرسەرنج دراوە، بۆیە وەک چۆن بایەخ بە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان دراوە، بە هەمان ئاست بابەتەکە شیکار دەکات و وەسفی کەسایەتییەکە و ڕۆڵی لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا دەخاتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا، باس لە ژیانی عەونی یوسف کراوە، تیشک خراوەتە سەر بنەماڵەکەیان و پاشان چەند وێستگەیەکی ژیانی خراوەتە ڕوو، پاشان باسی کەسایەتی و کارو پیشە و پۆستەکانی کراوە، تەوەری دووەمیش تەرخان کراوە بۆ کار و چالاکیی سیاسی، وەک چالاکییە سیاسییەکانی لە شاری هەولێر و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و شاری بەغدا و بەشداری لە ڕووداوە سیاسییەکاندا، هەروەها تیشک خراوەتە سەر چالاکی و جموجۆڵەکانی لە نێو پارتە سیاسییە کوردییەکاندا بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا، کە تەنانەت لە بەشێک لەو پارتانە ڕۆڵی سەرکردایەتی گێڕاوە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوود لە زۆر سەرچاوە وەرگیراوە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سوودمان لێ بینیبێت، یادداشت و بیرەوەرییەکانن، کە لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیران، لە شێوەی کتێب، یان لە شێوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی نووسراونەتەوە. وەک بیرەوەرییەکانی مام جەلال و سالّح حەیدەری و فاتح ڕەسوول و حەسەن مستەفا و عەبدوڵڵای مەلا سمایل..تاد.

بەشێک لەو بیرەوەرییانەش، نووسەر خۆی نووسیویەتییەوە، وەک کتێبەکەی تاریق ئیبراهیم شەریف لەژێر ناوی (ذکریات)، کە لەوێدا، عەونی یوسف چەند وێستگەیەکی بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەمەش بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە. سەرچاوەیەکی دیکە ئەو وتارە ڕۆژنامەوانییانەن، کە دەربارەی ژیان و کەسایەتیی ئەو بڵاوکراونەتەوە، ئەوانیش وەک: وتارەکەی کەریم شارەزا لە ژێر ناوی (عەونی یوسف ١٩٠٨- ١٩٨٨) کە لە گۆڤاری کەی بیست و یەک و بەرگی حەوتەمی ئینسکلۆپیدیای هەولێر بڵاوکراوەتەوە. هەروەها وتارەکەی مەهدی محەمەد قادر لەژێر ناوی ڕۆڵی کورد لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان، لە گۆڤاری مێژوو بڵاوکراوەتەوە، ئەمە وێڕای سەرجەم ئەو کتێبە مێژووییانەی کە ئاماژەیان بە ڕۆڵ و خەباتی عەونی یوسف داوە، لەوانەش وەک کتێبەکەی دکتۆر ئیسماعیل شکور (اربیل ١٩٣٩-١٩٥٨) و مەولوود بێخاڵی (هەولێرم وا دیوەو بیستووە) و شوان خۆشناو (هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣) و مەهدی محەمەد قادر (پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨) و چەند کتێبێکی دیکە. لەگەڵ ئەمەدا، سوود لە چەند دیدارێک وەرگیراوە، کە تایبەت بوون بە ژیان و کارو کۆششی عەونی یوسف، لەوانەش وەک دیداری عومەر دزەیی و بەیان عەونی یوسفی کچی عەونی و مومتاز حەیدەری، کە گەلێک لایەنی شاراوەیان لەم بارەیەوە خستووەتە ڕوو. لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە، لە هەڵە و کەموکوری بە دەر نییە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەش کردبێت.

۲. ژیاننامە و کار و پۆستەکانی عەونی یوسف

۲. ۱. ژیاننامەی:

عەونی کوڕی یوسف کوڕی ئەحمەد ئاغایە، دەگوترێت ئەو ئەحمەد ئاغایە خەڵکی گوندی (ترپەسپیان)ی نزیک شاری هەولێر بووە، بۆیە بە ئەحمەد ئاغای ترپەسپیانی ناسراوە (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ۲۰۰۹، ۲۳۹۳). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە، کە بنەماڵەی عەونی یوسف بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر عەشیرەتی (باجەڵان) لە خانەقین، بەڵام بنەماڵەکەیان هەر لە زووەوە لە خانەقینەوە هاتوونەتە شاری هەولێر، بە یەکجاری نیشتەجێی ئەو شارە بوونە. هونەرمەند (عومەر دزەیی)، دەربارەی عەونی یوسف دەڵێت: "**ئەگەرچی دایك و باوکی عەونی یوسف لەماڵەوە بە زمانی تورکمانی قسەیان دەکرد. بەڵام خۆیان بەڕەچەڵەك کورد بوون، ئەمەش بۆ کاریگەری زمان و کەلتووری عوسمانی، لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە**" (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ۲۰۱۷/۱/۲۱).

عەونی لە ساڵی ۱۹۰۸ لە گەڕەکی تۆپخانەی قەڵاتی هەولێر و لە ماڵی سەعید ئەفەندی باپیری (باوکی دایکی)، لەدایك بووە (بێخاڵی، ۱۹۹۷، ۲۵۷). یوسف ئەفەندی باوکی، لە بواری شەریعەتدا خوێندوویەتی و تەواوی کردووە، نموونەی زانایەکی ئایینی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە و کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی بەتوانا بوو، لە بەراییەکانی سەدەی بیستەمدا قازی هەولێر بووە، خەڵکی شار بۆ کاروباری دادوەری و کۆمەڵایەتی ڕوویان تێکردووە. لە ڕۆژانی سێشەماندا ڕووی کردووەتە مزگەوتی گەورەی قەڵات و لەوێ لە ژووری مەلا ئەبوبکر ئەفەندی کە ناسناوی (مەلا ئەفەندی)[1]یە، لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ئایینی کۆبوونەتەوە و لە بنەماکانی ئایینی ئیسلامیان کۆڵیوەتەوە، لەو زانایانەش وەك مەلای گەورەی کۆیە[2] و شێخ مستەفای نەقشبەندی

(١٨٨٨/هەولێر-١٩٨٦/هەولێر) ...تاد (شریف، ١٩٨٨، ٦١). یوسف ئەفەندی خاوەنی چوار منداڵ، دوو کوڕ و دوو کچ بووە، ئەوانیش "عەونی و جەلیل هۆشیار و سەنیە و فەخریە" بوون (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ٢٠١٧/١/٢١).

عەونی یوسف، سەرەتای ژیانی ڕۆشنبیریی خۆی، لە نێو خانەوادەکەیدا، دەست پێکردووە. هێشتا منداڵ بوو چاوی بە کتێب و نووسراوەکانی نێو ماڵی خۆیاندا ڕۆشن بووەتەوە، لە تەمەنی (٧) ساڵیدا، دەستی بە خوێندنی کتێبە ئایینییەکان و قورئانی پیرۆز کردووە. ئەویش دوای ئەوەی لەسەر ڕاسپاردەی باوکی، لای (مەلا شەهباز ئەفەندی حەیدەری) داندراوە، بۆ ئەوەی فێری بنچینەی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بێت (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ٢٠٢٠/٨/٢٣).

ئەوکاتەی کە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) بەرپا بوو، دەوڵەتی عوسمانی وەک هاوپەیمانی ئەڵمانیا، لەگەڵ زلهێزەکان لە شەڕدا بوو، عەونی یوسف لە بەشێکی بیرەوەرییەکانیدا، باسێکی ئەو سەردەمانەی شاری هەولێرمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "**کاربەدەستانی عوسمانی لەبەردەم سەرای میری، لەبەر دەرگا سەرەکییەکەی قەڵات، هەموو ڕۆژانی دووشەممەیەک بە تیپی مۆسیقای تورکی، سروودی پایەداری سوڵتانیان دەگێڕا**"، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "**ساڵی ١٩١٥ سەربازە ئەڵمانە دۆستەکانی عوسمانییەکان بۆ یەکەمجار بە ئۆتۆمبێل هاتنە هەولێر، دانیشتوانی هەولێر و دەوروبەری بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردن**". دۆخی شەڕ بەگشتی، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی شارێکی وەکو هەولێر، بۆ نموونە لە بواری پەروەردە و خوێندندا، دۆخێکی خراپ هاتە پێشەوە، قوتابخانەکانی سەر بە دەوڵەت زۆربەیان داخران، بەڵام دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ شاری هەولێر لە ساڵی ١٩١٨ دا، قوتابخانەیەکی میری کرایەوە،

کە قوتابخانەی (اربیل الاولی) بوو، ئەوەش بووە دەرفەتێك بۆ ئەو قوتابییانەی کە ئارەزووی خوێندن و خوێندەواربیان هەبوو (نەجار، ۲۰۱٦، ۵-٦). عەونی یوسف لەساڵی ۱۹۲۱ دا، لە تەمەنی ۱۳ ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی میری (اربیل الاولی)، پاشان لە ساڵی ۱۹۲۷ دا، چووەتە قۆناغی ناوەندی، کە ئەوکاتە ژمارەی سەرجەم قوتابیانی قۆناغی ناوەندی لە شاری هەولێر، (۱۵) قوتابی بووە (غازی، ۲۰۰۸، ٤۹). لە ساڵی ۱۹۳۱، قۆناغی ناوەندی تەواوکردووە (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ۲۰۰۹، ٤٥٤٤)، بەڵام بۆ قۆناغی دواناوەندی ڕووی کردووەتە شاری بەغداد، (چونکە ئەوکاتە قۆناغی دواناوەندی لە شاری هەولێردا نەبووە) ، لە بەغدا لە قوتابخانەی مەرکەزی وەرگیراوە، یەکێک لە مامۆستاکانی لەو قوتابخانەیەدا، هاشم جەواد (۱۹۱۱/بەغداد-۱۹٦۹/بەیروت) بووە، کە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز لە کابینەکەی عەبدولکەریم قاسمدا بۆتە وەزیری دەرەوەی عێراق. نموونەی هاوپۆلەکانیشی، محیەددین عەبدولحەمید (۱۹۱٤/بەغداد-۱۹۷۵/بەغداد) و نازم تەبەقچەلی[۳] بوون. دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغەش بەسەرکەوتوویی، بۆ ساڵی خوێندنی (۱۹۳٤-۱۹۳۵)، لە کۆلێژی یاسا وەرگیراوە. لە دیارترین ئەو مامۆستایانەی کە وانەیان پێیداوە، لە عێراقییەکان ئەمانە بوون: ڕەشید عالی گەیلانی (۱۸۹۲/بەعقووبە-۱۹٦۵/ بەیروت)، محمد زكي البصري (۱۸۹٤/بەسرا- ۱۹۳۷/بەغداد) ، منير القاضي (۱۸۹۲/بەغداد-۱۹٦۹) . دوای ئەوەی کە پێڕەوی خوێندن لە کۆلێژدا گۆڕاوە، چەند مامۆستایەکی میسری داندراون نموونەی ئەوانەش وەک: دکتۆر عبدالرزاق السنهوري (۱۸۹۵/ئەسکەندەریە-۱۹۷۱/قاهیرە) ، دانەری یاسای عێراق و دکتۆر محمد زهیر جرانا کە لە سەردەمی حکوومەتی وەفد لە میسر ماوەیەک وەزیری گەشت و گوزار بووە (شریف، ۱۹۸۸، ٦۳).

عەونی یوسف، لە کۆلێژدا نموونەی قوتابیێکی چالاک بوو، بەشداری جموجۆڵەکانی قۆناغی کۆلێژی کردووە، لەوکاتەی کە مەلیك غازی لە شاری بەغداد دەکوژرێت، عەونی یوسف لەگەڵ دەستەیەك لە قوتابیانی کۆلێژی یاسا، خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام دەدەن و ناڕەزایی خۆیان دژ بەم کردەوەیە پیشاندەدەن و دروشمی سزادانی تاوانباران و ڕاوەدوونانی داگیرکەرانیان دەربڕیوە (بێخاڵی،۱۹۹۷، ۲۵۸). جەلال تاڵەبانی[٤] لە نووسینێکیدا دەربارەی عەونی یوسف نووسیویەتی: "**عەونی یوسف وەک لاوێکی عصامی لە سەرەتای لاوێتییەوە خۆی ژیاندووە و لە مەحکەمەدا بۆتە کاتب تاکو بتوانێ کولیەی حقوق بە سەربەرزی تەواو بکات، لە کاتی خوێندنیشا، لە بەغدا لەگەڵ چەندین خوێندەواری هۆشیاری عەرەبدا، وەک خوالێخۆشبوان مصطفی عەلی و لطفی بەکر صدقی دا بۆتە دۆست و ناسیاو**" (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤).

دوای ئەوەی ساڵی ۱۹۳۹ ئەم قۆناغەش بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات و دەبێتە ئەندامی سەندیکای پارێزەران، وەك پارێزەرێکی یاساناس. دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ، وەکو پیشەی پارێزەری ڕووی کردووەتە شاری سلێمانی، کە لەو کاتەدا تەنها سێ پارێزەر لەو شارەدا هەبوون و یەکێکیان عەونی یوسف بووە، تەنها بۆ ماوەی چوار مانگ لەو شارەدا ماوەتەوە، دواتر بە تۆمەتی جموجۆڵی سیاسی و بە فەرمانی (حمید صرصر)ی موتەسەریفی ئەوسای شاری سلێمانی ، بۆ شاری هەولێر گواستراوەتەوە (شریف، ۱۹۸۸، ٦٤). لە هەولێر خەریکی کاری پارێزەری بووە، لەو کاتەدا تەنها یەك پارێزەر لەو شارەدا هەبووە بەناوی (ضیاء علی) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری موسڵ بوو (بێخاڵی، ۱۹۹۷، ۲۵۹).

عەونی یوسف لە ساڵی (١٩٤٠)ەوە تێکەڵ بەبزووتنەوەی کوردایەتی بووە و بۆتە ئەندامێکی چالاکی (حزبی هیوا)[٥] و لە سەر هەڵوێستی سیاسی ساڵی

١٩٤٢ بە فەرمانی مستەفا یەعقووبی (١٩٤١/٦/٩-١٩٤٢/١٠/٢٤) موتەسەریفی ئەوسای هەولێر دەستگیر کراوە و ڕەوانەی شاری بەغدا کراوە و لە بەندیخانەی مەرکەزی زیندانی کراوە، لە بەندیخانەدا کاربەدەستەکانی کورد سەردانیان کردووە، هەوڵی بەردانیان داوە، جارێ هەر لە گرتووخانەدا دەبێت، بە دادوەر لە شاری زاخۆ دادەمەزرێت و دوای ئازادکردنی لەوێ وەك دادوەر دەستبەکار دەبێت، لەوێش لە سەر چالاکی سیاسی کوردایەتی، دەگوێزرێتەوە بۆ شاری موسڵ و دوای شەش مانگ دەنێردرێت بۆ شاری بەسرا و لەکاتی تێپەڕبوونی بە شاری هەولێردا، تاکو بچێت بۆ (بەسرا)، جارێکی دیکە بە فەرمانی موتەسەریفی ئەوسای شاری هەولێر دەستگیر دەکرێتەوە و سێ ساڵ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە و لە ساڵی ١٩٤٦ دا ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە سەر پیشەی پارێزەری و لە هەمان کاتدا، بەشێوەی نهێنی بەردەوام دەبێت لەسەر خەباتی سیاسی (حەیدەری، ٢٠١٤، ٨١).

لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی (١٩٤٦/٨/١٦) دا، وەك ئەندامێکی دیاری ئەو پارتە دەستبەکار دەبێت و دەبێتە ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی حزب و لە کۆتایی دانیشتنەکانی کۆنگرەکەوە، بە ئەندامی یەکەمین لێژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێت (فەییاز، ٢٠٠٩، ١٦٧). عەونی یوسف لە ساڵی ١٩٥٧ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (لامیعە عوسمان خدر ئاغا) پێکهێناوە و خاوەنی چوار منداڵ بووە، کە ئەوانیش (بارزان، بۆتان، هێرۆ، بەیان) بوون (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یوسف ٢٠١٧/١/٢٧).

لە ئەنجامی خەباتی بێوچانی سیاسی، وەك سەرکردەیەکی پارتی، تووشی گەلێك کێشە و تەنگوچەڵەمە بووە، تاکو لە دوای شۆڕشی (١٤ی تەممووزی ١٩٥٨)، کراوە بە سەرۆکی دادگای کەرکووك، لە ڕێکەوتی (١٩٥٩/٧/١٣)شدا،

لە حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا کراوە بە وەزیری ئەشغال، تاکو ساڵی ۱۹٦۰ بەردەوام بووە و ئینجا دەستی لە کار کێشاوەتەوە و گەڕاوەتەوە سەر پیشەی پارێزەری لە دادگای هەولێر (بێخاڵی، ۱۹۹۷، ۲٦۲). لەدوای (کودەتای ۸ی شوباتی ۱۹٦۳)ی بەعسییەکان، عەونی یوسف خۆی گەیاندووەتە ڕێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کراوە بە دادوەری شۆڕشی ئەیلوول، لە ساڵی ۱۹٦٤ دا، گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و لەو شارە و لە شاری بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەدا، خەریکی کاری پارێزەری بووە (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ۲۰۰۹، ٤٥٤٤). دواجار لە شاری بەغدا لە ناوچەی (محیط) لە کازمییە نیشتەجێ دەبێت، تا لە ڕێکەوتی (۱۹۸۸/۷/۱۵) لە تەمەنی ۸۰ ساڵیدا لەشاری بەغدا لە نەخۆشخانەی (ئیبنولبەیتار) کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێندراوەتەوە بۆ شاری هەولێر و لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) نێژراوە (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یوسف ۲۰۱۷/۱/۲۷).

۲.۲. کەسایەتی عەونی یوسف:

عەونی یوسف، ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی سەرووی چینەکانی کۆمەڵگەوە پەروەردە ببوو، بەڵام مرۆڤێکی خاکی و سادە بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، تێکەڵاوی لەگەڵ هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا هەبوو، هەر لە جووتیارێکی سادەوە بگرە، تا دەگاتە کەسایەتییە دەوڵەمەند و ناسراوەکان، ئەوەندەی پێی کرابێ چۆتە نێو خەڵك و دۆست و ناسیاوانی و ڕۆڵی هۆشیارکەرەوەی گێڕاوە، خۆی بە دۆستی خەڵکی ڕەش و ڕووت زانیوە و هەمیشە دەیگوت: "**عەمرم ڕووتەڵە....عەمرم ڕەش و ڕووت**" (ئەوەش مانای ئەوەیە کە هەمیشە پاڵپشتی چینی هەژار و ڕەنجدەرانی نەتەوەکەی کردووە). لەگەڵ خەڵکە نەتەوە پەروەردەکان زۆر نزیك و دۆست بووە، لەوانەش وەك: قاسم مەلا فەندی

(۱۹۱۷/هەولێر-۱۹۹۹/هەولێر)، ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی (۱۹۲۵/هەولێر-۱۹۷٦/هەولێر)، عەبدولقادر ڕەشید (۱۹۲۳/هەولێر-۲۰۰۵/هەولێر)، عەبدوڵڵای مەلا سمایل (۱۹۲۷/هەولێر-۱۹۹۹/هەولێر)، جەلال تاڵەبانی، ئەوانە و چەندین کەسایەتی دیکەی ناسراوی شاری هەولێر، ناسیاوی عەونی بوون، کە بە جەناب ناویان دەبرد، سەبارەت بەوە هەمیشە دەیگوتەوە: "**جەناب بەڕاستی کورد مەغدووورە**" (مام جەلال، ۱۹۹٤، ٤). لەگەڵ ئەمەدا هەوڵیداوە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە کوردییێکی پاراو قسە بکات، کە ئەوسا هەندێ دەستەواژەی عەرەبی بەکارهاتووە و زاڵ بووە بە سەر هۆش و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورددا، بەتایبەت ئەوانەی لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپدا بوون، (هەروەها زۆر لە هەولێرییە ڕەسەنەکان بە زمانی تورکمانی لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد). بۆ نموونە لەکاتی سڵاوکردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لەجیاتی دەستەواژەکانی (صباح الخیر) و (مساء النور)ی عەرەبی، وشەی وەك (بەیانی باش) و (ڕۆژ باش) و (سوپاست دەکەم)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پتەوی بیروباوەڕی نەتەوەیی لای ئەو (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ۲۰۱۷/۱/۲۱).

عەونی یوسف بەردەوام هاوڕێکانی لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری بەسەر دەکردەوە و لە ماڵەکەی خۆشیدا، پێشوازی لە میوانەکانی دەکرد، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕێکخستنی سیاسی پارتایەتیدا کاریان لەگەڵدا دەکرد، عەبدوڵڵای مەلا سمایل لە چەند شوێنێکی بیرەوەرییەکانیدا، هاموشۆی بەردەوامی خۆی و کەسانی دیکەی سەر بە ڕێکخستنی پارتی بۆ ماڵی عەونی، بە تایبەت لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، دەگێڕێتەوە و ڕۆڵی ئەو لە ڕێکخستنەکاندا، بەرز هەڵدەسەنگێنێت[٦]. هەروەها عەونی یوسف بۆ هەمان مەبەست، هاموشۆی هاوڕێکانی لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر دەکرد، لەم بارەیەوە هونەرمەند عومەر دزەیی دەڵێت: "**کاتێک کاک ئەحمەدی برا**

گەورەم، کە لە (دووگردکان)[۷]ەوە دەهات بۆ هەولێر، هەمیشە برادەرێکی لەگەڵ خۆی دەهێنایە ماڵەوە و هەڵسان و دانیشتنیان هەمیشە پێکەوە دەبوو. ئەو برادەرە کاک عەونی بوو، کە دیار بوو کاکمی لەناو ڕێکخراوی یەکێک لە حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردی ڕێکدەخست، نازانم کامە حزب بوو، بەڵام دواتر ئاگام لەوە هەبوو کە هەردووکیان و کاک سەعدیی براشم لەگەڵیانا ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد بوون، کە لە پاشانا ناوی بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان. جا هەر جارێکی کاک ئەحمەدی برام کاک عەونی لەگەڵ خۆیا بهێنایە ماڵەکەی ئێمە لە هەولێر، ئەمن بەو منداڵییەی خۆم ڕکم لێی دەبۆوە، چونکە دەمزانی هاتووە کۆبوونەوەی پارتایەتی لەگەڵ کاکما بکات. پاش ساڵانێک کە گەورە بووم و کاک عەونی بوو بە خۆشەویستی هەموومان، بە بیری دەهێنامەوە دەیگوت: ئای کە ئەتوو مەبدەئی بوویت کاک عومەر! تووەمز هەستی دەکرد کە ڕکم لێی دەبۆوە" (دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی ۲۰۱۷/۱/۲۱).

عەونی یوسف بایەخی بە ڕێکپۆشی داوە، هەمیشە جلوبەرگی سەردەمیانە و ڕێکوپێکی پۆشیوە، کە ئەوکاتە چینی ڕۆشنبیر و فەرمانبەرانی عێراق لەم جۆرە جلوبەرگانەیان دەپۆشی، خولیای لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی هەبووە، یەکێک بووە لە کەسە بەراییەکانی شاری هەولێر، کە ئۆتۆمبێلی خۆی هەبووە (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یوسف ۲۰۱۷/۱/۲۷)، لە بیرەوەرییەکانیدا باسێکی یەکەم ئۆتۆمبێلی شاری هەولێر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "**ساڵی ۱۹۲۰ بۆ یەکەم جار سواری ئۆتۆمبێل بووم، ئۆتۆمبێلەکە لە جۆری (فۆرد) بوو، خاوەنەکەی ئەحمەد پاشای دزەیی بوو، کوڕەکەی واتە خدر ئەحمەد پاشا لێی دەخوڕی، لەگەڵ ئەودا، گەشتێکی کورتمان بە دەوری هەولێردا کرد**" (شریف، ۱۹۸۸، ٦۲). لەگەڵ ئەمەدا، عەونی یوسف یەکێك بووە لەو گەنجانەی کە گرنگی

بەجلوبەرگی کوردی (ڕانک و چۆغە و جەمەدانی) داوە و بەردەوام لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و تەنانەت لە کاتەکانی دیکەشدا پۆشیویەتی، هەروەها گرنگی بە هەڵگرتن و پاراستنی کەلوپەلی وەك خەنجەر و تەسبیح و سەعات و کەلوپەلی کوردەواری داوە و لە نێو ماڵەکەی خۆیدا پاراستوویەتی. هەروەها یەکێکی دیکە لە ئارەزووەکانی، ڕاوکردنی باڵندە و ئاژەڵی کێوی و مامز بووە، لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری هەولێر ڕاوی کردووە. هەروەها ئارەزووی لە بەخێوکردنی وڵاخی ڕەسەن بووە (دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یوسف ٢٠١٧/١/٢٧؛ دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ٢٠٢٠/٨/٢٣).

عەونی یوسف کەسێکی قسەخۆش بووە و حەزی بەگاڵتە و گەپ هەبوو، لەگەڵ هاوڕێکانیدا، بەردەوام بە دەستەواژەی گاڵتەئامێزانە قسەی کردووە، لەو دەستەواژانەش وەک: جەناب مەقاییس نەماوە، کورد دەفتەری بۆ خۆی پەیدا کردووە، کورد دەفتەری نییە. سەرەڕای گاڵتە و گەپەکانی لەگەڵ خەڵک، کەسێک بووە، گاڵتەی خەڵکیشی قبوڵ کردووە، جەلال تاڵەبانی لەو بارەیەوە دەڵێت: "**لە هاوینی ساڵی ١٩٥١ کاتێک بۆ یەکەم جار من گیرام و نەفی مووسڵ کراین، مامۆستایانی خوالێخۆشبوو کاکی کاکان- عومەر مستەفا دەبابە (١٩٢٤/کۆیە-١٩٩٢/سلێمانی)، عەونی یوسف ، عومەر حەبیب (١٩٢٣/کۆیە-١٩٧٦/هەولێر)، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢/کۆیە-٢٠١٧/هەولێر) و چەندین تێکۆشەری دیکەی پارتیش نەفی کراو بوون. لەو نەفییەدا، لە مووسڵ بە ناخۆشی بردمانە سەر کاک عەونی وەک زۆر لەو هەڤاڵانە هەر گاڵتەی بە حکوومەت و نەفییەکەی دەهات، کاکە دەبابە شاگوڵی مەجلیسەکان و خەمخۆری هەموومان بوو، هەمیشەش لەگەڵ کاک عەونی لەسەر عومر و ساڵی لەدایکبوون گاڵتەیان دەکرد، کاک عەونی زۆر بێباکانە بە گیانێکی سپۆرتەوە تەعلیقاتی کاکمانی وەردەگرت، لەوێدا بۆم دەرکەوت کە کاک عەونی زۆر**

هێمن و کۆیی گوتەنی (باغەڵ قوولّ) و قسە قبوڵکەرە لە هەڤاڵان" (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤).

لەگەڵ ئەمانەدا عەونی یوسف، نموونەی ڕۆشنبیر و خوێنەری کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی بووە، جگە لە زمانی کوردی و تورکمانی، زمانی عەرەبی و ئینگلیزیشی زانیوە، تەنانەت لە ساڵانی چلەکاندا، چەند بەرهەمێکی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کردووەتەوە، کە لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەرهەمەکانیش ئەمانە بوون: لە دەرەبەگێتییەوە بۆ سەرمایەداری، بەرەو بازرگانی، بەرەو شارەوە. ناوەرۆکی ئەم بەرهەمانە، لە گۆڤاری گەلاوێژدا[٨]، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە عەونی یوسف تەنها سیاسیێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو خوێندنەوەی بۆ مێژوو، ئابووری، تیۆری سیاسیش هەبووە. هەروەها سەلیقەی نووسین و وەرگێڕانیشی هەبووە، زمانی ئینگلیزیشی تا ئەو ڕادەیە زانیوە، کە ئەم بەرهەمانەی بۆ زمانی کوردی پێ وەربگێڕدرێ (گەلاوێژ، ژ: ٨، تەممووزی ١٩٤٤، ٤٣-٥٠، ژ:١٠، تشرینی یەکەمی ١٩٤٤، ٩-١٥، ژ: ٢، شوباتی ١٩٥٤، ٤٤-٥٠). تەنانەت عەونی یوسف وەک کەسێکی خەمخۆری بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی، باربووی گۆڤاری گەلاوێژی کردووە، هەروەها بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لە دێهاتەکانی دەوروبەری هەولێر گەڕاوە، پارەی بۆ گۆڤارەکە کۆ کردووەتەوە (گەلاوێژ، ژ:١١، تشرینی دووەمی ١٩٤٦).

٢. ٣. پیشە و پلە و پۆستە فەرمییەکانی عەونی یوسف :

عەونی یوسف لە ژیانیدا جگە لە پیشەی سەرەکی خۆی، کە کاری پارێزەری بووە، گەلێ پۆست و پایەی گرنگیشی بینیوە، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە پێگەی یاسایی خۆی هەبووە، لە خوارەوە، تیشك دەخەینە سەر بەشێکی کارەکانی:

٢. ٣. ١. کاری پارێزەری:

وەك ئاماژەمان پێکرد ، کە عەونی یوسف دەرچووی کۆلێژی ماف بوو لە شاری بەغدا ، لە ساڵی خوێندنی (١٩٣٩–١٩٤٠) تەواوی کردووە و گەڕاوەتەوە کوردستان و دەستی کردووە بە کاری پارێزەری، دیارە پیشەی پارێزەری بۆ عەونی یوسف گرنگیی خۆی هەبووە و زۆر بایەخی پێداوە، لە گەلێك وێستگە جیاوازەکانی ژیانیدا، کاری پارێزەری بووەتە پیشەی سەرەکی ئەو، سەرەتا کاری پارێزەرییەکەی لە شاری سلێمانی بووە، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات هەر لەو ساتەدا بۆتە ئەندامی سەندیکای پارێزەران، ئەوکاتە تەنها سێ پارێزەر لە شارەکەدا هەبوون. دوای چوار مانگ بە هۆی کاری سیاسی بە فەرمانی موتەسەڕیفی سلێمانی گواستراوەتەوە بۆ شاری هەولێر (بێخاڵ، ١٩٩٧، ٢٥٩).

ساڵی ١٩٤١ جارێکی دیکە عەونی یوسف بەتۆمەتی کاری سیاسی دەستگیر دەکرێت دەگوێزرێتەوە بۆ شاری بەغدا، دوای ئازادکردنیشی، ڕەوانەی شاری زاخۆ دەکرێت و دەبێتە دادوەری شارەکە، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و جارێکی دیکە بە تۆمەتی سیاسییەوە دەستگیر دەکرێتەوە، ساڵی ١٩٤٦ ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و دەست دەکاتەوە بەکاری پارێزەری. ئەوەی گرنگە بگوترێت، کە عەونی یوسف لەو کاتەوە، وەك پارێزەرێك لە ڕێگەی دادگاوە، سکاڵا لە دژی وەزیری دادوەری عێراق تۆمار دەکات، بەوەی کە لە کاتی دەستگیرکردنی، مووچەکەیان بڕیوە، داوای گەڕاندنەوەی مافەکانی خۆی دەکات، **ئەوە** یەکەم داوای یاسایی لەو جۆرەیە لە مێژووی دادوەریی عێراق، لەو بارەیەوە دەڵێت: **"کاتێک لە گرتووخانەی (عمارە) بەند کرابووم، داواکارییێکم لە ڕێگەی سەرپەرشتیاری گرتووخانەکە، پێشکەش بە (ئەحمەد موختار بابان)ی وەزیری دادی ئەوسا کرد، دەربارەی ئەوەی کە هێشتا لە ڕێگا بووم، بۆ پەیوەندیکردن بە کارە فەرمییە تازەکەم (کە**

دادوەری دادگای بەرایی بەسڕا) بوو، دەستگیرکرام. پاش ۱۵ ڕۆژ وەڵامی وەزارەتی داد بە فەرمانی لەکاردەرکردنم بۆ گەڕایەوە، لەکاتی دەستگیرکردنم داوایەکم لەسەر وەزیری داد بەرزکردەوە، پاشان بە شانازییەوە چوومە بەردەم دادگا لە بەغداد، پاش سێ دانیشتن، دادگا بڕیاری دا بە پێدانەوەی سەرجەمی مووچەکانم کە لە ڕۆژی لەکاردەرکردنمەوە لێم بڕابوو، ئەمەش بە پشتبەستن بە بڕگەی (ج) لە مادەی (۱۲)ی یاسای خزمەتی مەدەنی بوو، کە لە دەقەکەیدا هاتووە (فەرمانبەری لەکاردەرکراو، هەموو ئەو مووچەیەی پێدەدرێتەوە، کە لە یەکەم ڕۆژی لەکاردەرکردنییەوە لێی بڕاوە)، پاش ئازادکردنم مووچەکانی خۆم وەرگرتەوە، وە ماوەی دەستگیرکردنەکەشم بە خزمەت بۆ هەژمار کرا". ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لێهاتوویی و شارەزایی لە کاری یاسایی و پارێزەریدا، تەنانەت وەک خۆی دەڵێ یەکێک لە پارێزەرەکانی هاوڕێی لە بەندیخانە پێی گوتووە، زەحمەتە ئەو کارە سەر بگرێت، بەڵام کاتێک کارەکە سەرکەوتوو بووە، زۆر بە گەرمییەوە پیرۆزبایی لێکردووە (شریف، ۱۹۸۸، ٦۹).

هەروەها لە ساڵی ۱۹٤۷ یشدا، سکاڵایەك لە دژی موتەسەڕیفی هەولێر، کە ناوی عومەر نەزمی بووە تۆمار دەکات، سەبارەت بە پاشگەزبوونەوەی لە ڕێپێدانی ئاهەنگگێڕانی نەورۆز لە شاری هەولێر، ئیتر عەونی یوسف بەردەوام بووە لە کاری پارێزەرایەتی و ساڵی ۱۹۵۳ دوای ئەوەی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دێتە دەرەوە، بە تایبەتی خۆی بۆ کارەکەی تەرخان دەکات و تەنانەت کارەکەی خۆی بۆ گەلێك هەڵوێستی نەتەوایەتی بەکاردەهێنێت، وەك ئەوەی ئاماژەمان پێدا، دەبێتە پارێزەری خۆڕایی ئەو جووتیارانەی کە لە ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر دەستگیر کرابوون (بێخاڵی، ۱۹۹۷، ۲٦۰).

دوای ڕووداوەکانی (شۆڕشی ١٤ی تەممووز) عەونی یوسف کۆمەڵێک پۆست و پایە لە دەوڵەتدا وەردەگرێت، بەڵام هەر کاتێك لە پۆستەکەی دوورخرابێتەوە، هانای بۆ کاری پارێزەری وەك پیشە سەرەکییەکەی خۆی بردووەتەوە، لە سەرەتای سالانی هەشتاکاندا، جارێکی دیکە بە کاری پارێزەری خەریك دەبێتەوە، تاکو مردنی ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام دەبێت. وەك خۆی دەڵێ: "**یەکێکە لە پارێزەرە کۆنەکانی هەموو عێراق**" (شریف، ١٩٨٨، ٧٧).

٢. ٣. ٢. کاری دادوەری و سەرۆکی دادگا:

عەونی یوسف، لە ژیانیدا چەند جارێک و لە چەند شوێنێکی جیاواز بۆتە دادوەر، ساڵی ١٩٤٢ بۆتە دادوەر لە زاخۆ، بۆ ماوەی پێنج مانگ لەم کارەیدا ماوەتەوە، پاشان فەرمانی گواستنەوەی کاری دادوەری، لە شوباتی ساڵی ١٩٤٣ بۆ بەسرە بۆ دەردەچێت، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨، بە فەرمانێک دەکرێتە سەرۆکی (دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووک - محکمة استئناف کرکوك)، ئیتر خۆی چیرۆکی چۆنیەتی بوونی بە سەرۆکی ئەو دادگایە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "**لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشی چواردەی تەممووز، بە مەبەستی پیرۆزبایی لە وەزیرە تازەکان چوومە شاری بەغدا، کە هەندێکیانم پێشتر دەناسی، کاتێک چوومە لای (مستەفا علی) کە وەزیری داد بوو ، پێشنیاری بوون بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووکی بۆ کردم، منیش قبوولم کرد و لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٨ دەستبەکار بووم**". لەو ماوەیەدا چاوی بە سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم کەوتووە، دەنگوباسی شاری کەرکووکی لێ پرسیوە و داواشی لێ کردووە ببێتە ئەندام لە (لێژنەی پاککردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری- لجنة تطهیر الجهاز القضائي)، ئەویش بووەتە ئەندامی ئەو لێژنەیە، کاریان بەدواداچوونی

دادگاکانی عێراق بووە، لە ڕووی یاساییەوە کاریان کردووە بۆ چاککردنیان (شریف، ١٩٨٨، ٧٦). هەر لەو ماوەیەدا کە سەرۆکی دادگاکە بووە، سەرۆکایەتی شاندێکی حکوومەتی کردووە، بۆ دانوستان لەگەڵ شێخ ڕەشید لۆلانی[٩] سەرۆکی جوولانەوە چەکدارییەکەی ناوچەی برادۆست دژ بە حکوومەت. هەرچەند دانوستانەکە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام چەند جارێکی دیکە سەرۆکایەتی شاندی حکوومەتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە کردووە. تاکو تەممووزی ساڵی ١٩٥٩ لەم پۆستەیدا ماوەتەوە (خۆشناو، ٢٠١٢، ١٥٦-١٥٧).

یەکێکی دیکە لە وێستگەکانی کارکردنی عەونی یوسف، ئەو ساتە بووە کە بووەتە دادوەری شۆڕشی ئەیلوول، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە دوای بەرپابوونی کودەتاکەی (٨ ی شوباتی ١٩٦٣) دا، خۆی دەگەیەنێتە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت بە دادوەری شۆڕشی ئەیلوول، کەریم شارەزا لە وتارێکیدا دەربارەی عەونی یوسف ئاماژە بەوە دەدات کە تا ساڵی ١٩٦٤ لە ناو شۆڕشدا دەمێنێتەوە و دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بەغداد (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٥٤٤). سەرچاوەیەکی دیکە لەسەر ئەم باسە نووسیویەتی: "**بارەگای دادوەری کەوتبووە ناو سەربازگەی نووسینگەی تەنفیزی، لە سێ دادوەر پێکهاتبوون، تاکو ساڵی ١٩٦٦، عەونی یوسف سەرۆکی بووە، بەڵام کارەکان بەشێوەیەکی کاتی لەلایەن پارێزەر عیرفان تاڵەبانییەوە بەڕێوە دەبرا، موحسین دزەییش ئەندامی نووسینگەی تەنفیزی و بەرپرسی دادوەریی مەدەنی بووە**" (وانلي، ٢٠١٢، ٣٤٠).

۲. ۳. ۳. وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن:

عەونی یوسف دوای ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێک سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکووکی کرد، لە مانگی تەممووزی ساڵی ۱۹۵۹ فەرمانی بوون بە وەزیری، لە دووەم کابینەی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، وەک کەسێکی سەربەخۆ، بۆ دەرچوو. بەم شێوە باسی چۆنیەتی دەرچوونی فەرمانەکە، دەکات: "**دەنگوباسی بوونە وەزیری خۆم لە شەقامێکی بەغدا بیست، ئێوارەی ۱۳ لەسەر ١٤ ی تەممووزی ۱۹۵۹ چەند خزمێکی خۆمم، بۆ ئێوارە خوانێک، بانگهێشتی خواردنگەیەکی کۆرنیشی ئەبو نەواس کردبوو، لەوکاتەدا لە ڕادیۆ گوێبیست بووم کەوا بۆ وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن هەڵبژێردراوم، زۆرم لا سەیر بوو چونکە بەبێ ئاگاداری خۆم بوو، کابرایەکیش گوێی لە ڕادیۆ گرتبوو، لە دەوروبەری خۆی ڕوانی و گوتی دەبێ ئەم عەونی ناوە کێ بێت؟، لەمەشیان سەیرتر یەکێک لەو خزمانەی بانگهێشتم کردبوو، ڕووی تێکردم و گوتی: غەددار دەتزانی دەبیە وەزیر، بۆیە ئێمەت بانگهێشتی ئەو خوانە کردووە. دوای ئەوە گەڕامەوە ماڵی خوشکم لە ڕاغبە خاتوون، خالید نەقشبەندی**[۲۷] **تەلەفۆنی کرد، گوتی لە کۆبوونەوەی وەزیران دواکەوتیت، ئیتر بە نیوەشەو خۆم گەیاندە لای هاوڕێ وەزیرەکانم**" (شریف، ۱۹۸۸، ۷۷).

عەونی یوسف لەسەر پشکی هیچ لایەنێک نەبووەتە وەزیری ئەشغال، بەڵکو ئەو هەڵبژێردراوی تایبەتی عەبدولکەریم قاسم بووە، بۆ ئەو پۆستە، وەک لە پێشیشدا ئاماژەمان پێیدا، هەر لەسەر پێشنیاری ئەو ببووە ئەندامی (لێژنەی پاککردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری). نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەرجیس فەتحوڵڵا (۱۹۲۲/موسڵ-۲۰۰٦/هەولێر) ئاماژە بەوە دەدات، کە عەونی لەسەر پشکی پارتی هەژمار دەکرێت و ڕای مستەفا بارزانیش لەسەر ئەوە بووە (اوریل دان، ۲۰۱۲، ۳۹۸)، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەوکارە بە فەرمی

ئەنجام درابێت، ئەوەتە محەمەد دەربەندفەقەرەیی لە بیرەوەرییەکانیدا، ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو کاتەی عەونی یوسف وەزیر بووە، ئەو بە نوێنەرایەتی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەندێک لە بارزانییە بەندکراوەکان چۆتە لای، بەڵام ئەو واتە (عەونی یوسف)، بیانووی هێناوەتەوە و کارەکەی جێبەجێ نەکردووە (دربند فقريي، ۲۰۰۷، ۱۹۸)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە فەرمی لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی نەبۆتە وەزیر. ئۆریل دان لە کتێبەکەی بەناوی (العراق في عهد قاسم) دەڵێت: "**عەونی یوسف ئەوکاتە چەپ بووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە وەک کەسێک، کە لە شیوعییەکان نزیک بێت، بە وەزیر داندراوە، چونکە ئەوکاتە عەبدولکەریم قاسم زیاتر لە شیوعییەکان نزیک بوو**" (اوریل دان، ۲۰۱۲، ۲۸۹-۲۹۰). هەروەها لە هەڵوێستەکانیدا دەردەکەوێت کە دڵسۆز بووە، بۆ عەبدولکەریم قاسم، دوای هەوڵی تیرۆرکردنی قاسم و ڕزگاربوونی لە هەوڵەکە، بروسکەیەکی دڵخۆشی بەو بۆنەیەوە لە ڕۆژنامەی خەبات[۱۰] بڵاو کردووەتەوە (خەبات-النضال، ع:۱۱۳، کانون الاول ۱۹۵۹). هەروەها تووێژەرێک لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە: " **لەگەڵ بەدەرکەوتن و ئاشکرابوونی بارگرژی نێوان پەیوەندییەکانی کورد و حکوومەت، (عەونی یوسف)ی وەزیری کار و نیشتەجێبوون، بە شێوەیەکی تەواو بڕیاری هاوسۆزی و پابەندی خۆی بۆ لاگیری قاسم دووپات کردۆتەوە، خۆی لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کشاندۆتەوە**" (خۆشناو،۲۰۱۲، ل۲۳٤). عەونی یوسف تاکو تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹٦۰ لەم پۆستەیدا ماوەتەوە، پاشان لادراوە (اوریل دان، ۲۰۱۲).

٤. ژیانی سیاسیی عەونی یوسف

٤. ١. سەرەتای ئاشنابوونی بەکاری سیاسی:

دەستپێکی وێستگەی ژیانی سیاسی عەونی یوسف بۆ ساڵی ١٩٤١ دەگەڕێتەوە، کاتێك پەیوەندی بە (حزبی هیوا) کرد و وەکو ئەندامێکی چالاک لەناو حزبەکەدا بەدیارکەوت و ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا گێڕاوە، بەتایبەت کە ناوبراو، بەشداری کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتیدا هەبووە، بە شێوازی میللییانە گوزارشتی لە گیانی نەتەوایەتی کردووە (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤).

لە جوولانەوەی مایسی ١٩٤١ دا[١١]، عەونی یوسف سەرۆکایەتی دەستەیەك گەنجی کردووە و لە خۆپێشاندانێکی گەورەدا، دروشمیان دژ بە بەریتانیا بەرز کردووەتەوە، لەو کاتەدا قوتابیان و مامۆستایان و کاسبکار و پیاوانی ئایینی و چین و توێژەکانی دیکە پاڵپشتی بزووتنەوەکەیان کردووە، جێگەی ئاماژەپێدانە، ئەوکات عەونی یوسف، خۆی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەی کردووە (مستەفا، ٢٠٠٨، ٨). کە دواتر خۆپیشاندانەکە، توندوتیژی لێکەوتووەتەوە. پاش هەرەسی ڕاپەڕینەکە و هاتنەوەی ئینگلیز، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەولێر دەستگیرکران (مەزهەر،٢٠٠١، ١٤٨؛ رسول، ٢٠٠٥، ١٧٨). یەکێک لەوانە عەونی یوسف بوو، کە بە جموجۆڵی سیاسی تاوانبار کرا و بە فەرمانی مستەفا یەعقوبی موتەسەریفی ئەوسای هەولێر دەستبەسەر کرا (شریف، ١٩٨٨، ٦٤-٦٥)، لەو کاتەدا، ژمارەیەکی زۆر قوتابی، بەسەرپەرشتی هەریەك لە زەید ئەحمەد عوسمان (١٩٢٤/هەولێر-١٩٧٨/هەولێر)، نافع یونس (١٩٢٦/هەولێر-١٩٦٣/بەغداد) و ڕەشید عەبدولقادر، بەرامبەر موتەسەریفییەی هەولێر گردبوونەوە، داوایان کرد عەونی یوسف ئازاد بکەن، دواتریش بەرەو لای (مێجەر ستینگ) ئەفسەری

پەیوەندییەکانی ئینگلیز ڕۆیشتن، بەو ئومێدەی عەونی یوسف ئازاد بکات، بەڵام موتەسەریف، نەك هەر ئازادی نەکرد، بەڵکو قوتابییەکانیشی دەستگیرکرد، کە بەوکارە هەڵسابوون (گوڵچنێك، ٢٠١٩، ٨٩-٩٠). دواتر عەونی یوسف بەرەو شاری بەغداد ڕەوانەکرا. لەوکاتەدا، هەندێك لە کەسایەتییە کوردەکان لە ڕێگەی سەعید قەزاز (کە ئەو کات بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بوو)، هەوڵی ئازادکردنیان دا، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانە، عەونی یوسف لە بەندیخانەی (سەرا)وە گواستراییەوە بۆ بەندیخانەی (خوێندنگای پۆلیس)، بەمەش ڕێگا بۆ قوتابییانی کورد ئاسان کرا، تا ڕۆژانە سەردانی بکەن، مەسعوود محەمەد (١٩١٩/کۆیە-٢٠٠٢/هەولێر)، یەکێك بووە لەو قوتابییانەی کە ڕۆژانە سەردانی کردووە (شریف، ١٩٨٨، ٦٥).

لەو کاتەی لە بەندیخانەدا بوو، وەزیری داد، داود حەیدەری (١٨٨٦/هەولێر-١٩٦٥/ئەستەنبوڵ) سەردانی کردووە و هەواڵی ئازادکردنی پێداوە، پاش چەند ڕۆژێك، فەرمانی ئازادکردنی لە ڕۆژنامەی (البلاد)[١٢]دا بڵاوکراوەتەوە (شریف، ١٩٨٨، ٦٥). دوای ئازادکردنی، صالح جەبری وەزیری ناوخۆ[١٣] بەدوای دەنێرێت و داوای لێدەکات لەمە بەدوا، لە کاری سیاسی دووربکەوێتەوە. هەر دوای ئازادکردنی، بە بڕیارێکی وەزارەتی داد وەك دادوەری ناوچەی زاخۆ دیاری کراوە (بێخاڵی، ١٩٩٧، ٢٥٩). دوای پێنج مانگ مانەوەی لە زاخۆ و لە کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٢، پەیوەندی لەگەڵ شاکر الهرمزي قائمقامی ئەوسای زاخۆ تێکدەچێت، چونکە لەگەڵ جەعفەر محەمەد کەریم (١٩١٠/دیالە-٢٠٠٠/تاران)، بیروباوەڕی کوردایەتی و پەیڕەو و پرۆگرامی حزبی هیوایان لەناو خوێندەوارانی زاخۆدا بڵاو دەکردەوە (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤). ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بۆ دادوەرێتی شاری موسڵ بگوازرێتەوە، هەر دوای شەش مانگی دیکە، بڕیاری گواستنەوەی بۆ

شاری بەسرا بۆ دەرچوو (بێخاڵی، ۱۹۹۷، ۲۵۹). لەڕێگای چوونی بۆ بەسرا، بە شاری هەولێردا تێدەپەڕێت، کاتێك موتەسەریفی ئەوسای هەولێر، بە هاتنەکەی دەزانێت، جارێکی دیکە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەکات، بە تۆمەتی دژایەتی بەریتانیا و دۆستایەتی ئەڵمانیا، دەستبەسەر دەکرێت. جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێت:" **بێگومان ئەو تۆمەتەش هەر ئەوەندە ڕاست بوو، کە عەونی یوسف دوژمنی ئیمپڕیالیزمی بەریتانیا و تێکۆشەری دیموکرات و ئازادیخوازی دوژمن بە داگیرکردن بوو، ئەگینا دوژمنی سەرسەختی فاشیزم و مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز بوو، تەنانەت لەناو زیندانیشدا بەشێوەیەکی خۆڕاگری و وەرە بەرزییەوە بەپێی توانا کوردایەتی خۆی کردووە**" (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤). ئەم کردارەی موتەسەریفی هەولێر، قوتابیانی دواناوەندی هەولێری هاندا، لە (بەردەرکی سەرای هەولێر) خۆپیشاندانێك بکەن و داوای ئازادکردنی بکەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی موتەسەریف ناچار بێت بە بەندکراوی ڕەوانەی موسڵی بکات، تا بۆ بەندیخانەی (عمارە)ی ببەن، دوای ئەوەی گەیاندیانە بەندیخانەی ناوبراو، لەوێدا لەگەڵ بەشداربووانی جووڵانەوەی مایسی ١٩٤١ یەکیان گرتەوە، کە دیارترینیان: محمد صدیق شنشل (١٩١٠/موسڵ-١٩٩٠)، فائق السامرائي (١٩٠٨/عمارە-١٩٧٩/بەغداد)، خلیل کنە (١٩١٠/فەلووجە-١٩٩٥/بەغداد) بوون. هەر لەو بەندیخانەیەدا، پەیوەندی لەگەڵ خەباتکارانی شۆڕشی ١٩٢٠ پتەو دەکات، ئەوانیش وەک: علوان الیاسري (١٨٦٩/مشخاب-١٩٥١/نەجەف)، عبدالواحد حاجی سکر (١٨٨٠/نەجەف-١٩٥٦/بەغداد)، کاطع العوادي (١٨٧٣/دیوانیە-١٩٤٥/نوعمانییە) (شریف،١٩٨٨، ٦٦- ٦٧)، بۆ ماوەی (٣) ساڵ لەو بەندیخانەیەدا دەمێنێتەوە (شارەزا، ٢٠٠٩، ٢٥٩). بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت وەکو ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا، گرنگیدان بە کاری سیاسی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی لە نێو چین و توێژەکانی

کۆمەڵگە، هەمیشە بۆتە ئاستەنگێك لەبەردەم ژیانی فەرمانبەریدا. بەتایبەت لەو کاتەدا، بەدەگمەن هەڵدەکەوت، خەڵك خەبات لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا بکات (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤).

عەونی یوسف یەکێك بوو لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی ڕزگاری کورد لە شاری هەولێر، لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی حزبەکەدا، لە ڕێگەی یاداشت و بەیاننامە و بڵاوکراوەکانیانەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە دژایەتیکردنی ئەو بیرو بۆچوونانەدا گێڕاوە، کە لەلایەن حکوومەتەکانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا، لەبەرامبەر کورد دەربڕاوە، وەکو بەرپەرچدانەوەی وتەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق تۆفیق سویدی (شوباتی ١٩٤٦-حوزەیرانی ١٩٤٦)، کە لە قاهیرە دەربارەی ژمارەی کورد لە عێراق و شێواندنی بزووتنەوەی بارزان لەساڵی (١٩٤٥) دا ڕوونکردنەوەی دابوو. بەم بۆنەیەوە، بەیاننامەیەکیان لە ڕێکەوتی (٤ی نیسانی ١٩٤٦)دا بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە: "**قسەکانی سەرۆك وەزیران هەمووی هەڵە و هەڵبەستراون.. لە ئاستی ژمارەی کورد لە عێراقدا، مەبەستی شاردنەوەی قەوارەی ئەم گەلەیە.. جووتیارەکانمان وەك کۆیلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، نەزانی و نەخوێندەواری تەشەنەی تیایاندا کردووە و نەخۆشی گەیشتۆتە مۆڵی ئێسکەکانیان، بێ بەش کراوین لە خوێندن بە زمانی زگماکی نەتەوەییمان، تا دەگا بەبێ بەشبوونمان لە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ئاشکرا.. ئەمانە هەموو شایەدی و بەڵگەی ئەو مافانەن کە دراوە پێمان. ئەمە جگە لەوەی هەر کوردێکی دڵسۆز و ئازاد داوای چاککردنی بارودۆخی گەلەکەی بکا ئەوا سزای دەربەدەری و تۆندکردنە لە قوژبنی تاریکی بەندیخانەکاندا... کورد هەیە و کێشەیەکی هەیە بە هۆی بوونی وەکو گەلێك**" (شریف، ٢٠٠٧، ١٩٩-٢٠٣).

لەسەر ئاستی دەرەوەشدا، لەگەڵ هاوڕێکانی لە حزبی ڕزگاریيدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای کورد و ناساندنی

کێشەکەی بە جیهان، لەم چوارچێوەیەشدا، لە ڕێکەوتی (١ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥) دا، لە ڕێگەی باڵیۆزی بەریتانیا لە شاری بەغدا، یاداشتێکیان ڕەوانەی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی (بەریتانیا و ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت) لە شاری مۆسکۆ کرد، کە تیایدا لە خراپی ڕەوشی کوردانی عێراق، ئاگاداریان کردنەوە. بەتایبەت لە پێشێلکردنی مافە دەستووری و دیموکراتییەکانیان، بەهۆی بوونی حکوومەتێکی کۆنەپەرست و پاڵپشتیکراو لە لایەن داگیرکەرانەوە. حزبی ڕزگاری کورد، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕەوتی خەباتدا هێنا کایەوە، بە شکانی هەموو ئەو بەندە فکرییانەی کە بەربەست بوون لە پێناو یەکگرتن و خەباتی نەتەوەیی، هەرچەندە قوربانیدان تاکە ڕێگەی ڕزگاری گەلانی چەوساوە و زوڵم لێکراوە، بەڵام حزبی ڕزگاری کورد، لە ڕێگەی سیاسی و دبلۆماسییەوە هەوڵی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردی دەدا، هەروەها خەباتی هەردوو گەلی کورد و عەرەبی بە خەباتێکی ڕەوا و هاوشێوە دادەنا لە دژی داگیرکەران (قادر،٢٠٠٥،١١٠-١١٥).

٤. ٢. ڕۆڵی لە نێو پارتی دیموکراتی کورد-عێراق:

وێستگەیەکی دیکەی ژیانی حزبایەتی عەونی یوسف دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی لەناو (پارتی دیموکراتی کورد) دا، ئەویش دوای ئەوەی لە کۆنگرەی دامەزراندنی حزبدا، لە ڕێکەوتی (١٦ی ئابی ١٩٤٦) دا (کە بە شێوەیەکی نهێنی لە شاری بەغداد بەسترا)، بەشداری کرد (عمر، ٢٠٠٤، ١١٣). کۆنگرە کارەکانی بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبرد و ڕەزامەندی و بڕیار لەسەر پڕۆگرامەکانی ناوخۆی حزب درا و، بوو بە (پارتی دیموکراتی کورد-عێراق)، دوای ئەوەش لێژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران، بڕیاردرا (ڕۆژنامەی ڕزگاری)[١٤] بکرێتە ئۆرگان و زمانحاڵی پارتەکە، عەونی یوسف جگە لەوەی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤)، بە سەرپەرشتیاری

ڕێکخستنی نێو شاری هەولێر و دەوروبەری دانرا (قادر، ٢٠٠٥، ١٢٥). واتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە، وەک سەرکردەیەکی ئەو پارتە هەڵبژێردراوە و هەمیشە خەریکی هۆشیارکردنەوەی خەڵك بوو، چۆتە ناو جەماوەرەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی گرنگیدانی بوو بە هێزی سەرەکی خەبات (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤).

یەکێك لە سیما و خەسڵەتەکانی ئەوکاتە قۆستنەوەی بۆنە نەتەوەیی و ڕووداوە نیشتمانییەکان بوو، ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیش وەکو جەژنێکی نەتەوەیی، بە شێوازی نهێنی و هەندێک جاریش ئاشکرا لەشاری هەولێر زیندوو ڕاگیراوە، هەروەك نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ بە هەوڵ و کۆششی عەونی یوسف مۆڵەتی بۆ وەرگیرا (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ٢٠٠٩، ٢٣٩٣). سەبارەت بە شێوازی مۆڵەت وەرگرتنەکە، عەونی یوسف دەڵێت:" **لە ئاداری ساڵی ١٩٤٧ سکاڵایەکم پێشکەش بە موتەسەریفی هەولێر جەمال عمر نەزمی (١٩٤٧/١/١٦-١٩٤٨/١/١٥) کرد، بۆ ئەوەی ڕێگا بدات ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بە ئاشکرا بگێڕین، ئەویش لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە ئەوە لە دەست (عومەر نەزمی) باوکییەتی کە ئەوکات وەزیری ناوخۆ بوو، بۆ ئەم مەبەستە چوومە بەغداد و دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، ئەویش وای نیشاندا کە ئەو ڕێپێدانە لە دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانە، کە ئەویش نووری سەعید بوو، پاش ئەوەی ڕەزامەندی سەرۆك وەزیرانم وەرگرت بۆ چاوپێکەوتنەکە لەڕێگەی وەزیری ناوخۆوە، دوای چاوپێکەوتنێکی (٢٠) دەقیقەیی سەرۆك وەزیران ڕەزامەندی دا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاهەنگی نەورۆز بگێڕین** " (عەبدوڵلا، ٢٠٠٩، ٢٣٩٣-٢٣٩٤). لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە پیاوانی ئایینی هەولێر دژی ئاگرکردنەوە بوون و کۆمەڵێك هەوادارانی کۆمەڵەی برایانی موسڵمان (اخوان المسلمین)[١٥] یش پشتگیرییان کردن بەتایبەت ساڵح کۆزەپانکەیی دژایەتی

نەورۆزیان کرد (بێخاڵی،۱۹۹۷، ۲٤۳). بەڵام ئەم ئاهەنگە لە گۆڕەپانی یاریگەی قوتابخانەکانی شاری هەولێر ئەنجامدرا، لێرەشدا تۆپژەرێك یادکردنەوەی نەورۆزی ۱۹٤۷ بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ دادەنێت، ئەویش لەسۆنگەی ئەوەی کە نەورۆزی ساڵی ۱۹٤۷ گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆوە بینی، لەبەر ئەوەی هەولێر یەکەم شار بوو، بە هەوڵ و تواناکانی عەونی یوسف ڕەزامەندی فەرمی لە میری وەربگرێت و بە ئاشکرا زۆرینەی جەماوەری شاری هەولێر بەشداری تیادا بکات (رەسول، ۲۰۰۷، ۲۱).

یەکێك لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بڕیاری لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی کورد : عزەت عەبدولعەزیز ئامێدی (۱۹۱۲/سلێمانی-۱۹٤۷)، مستەفا خۆشناو (۱۹۱۲/بێتواتە-۱۹٤۷)، محەمەد قودسی (۱۹۲۱/قودس-۱۹٤۷)، خەیروڵڵا عەبدولکەریم (۱۹۱۲/هەولێر-۱۹٤۷) لە ڕێکەوتی (۱۹ی حوزەیرانی ۱۹٤۷) دەرچوو (گوڵچنێك، ۲۰۱۹، ۲۲۳). لەکاتی هێنانەوەی تەرمی خەیروڵڵا عەبدولکەریم بۆ شاری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس لە سەرەتادا ڕێگای ئەوەی نەدا کە تەرمەکەی بدرێتەوە بە کەسوکاری، بەڵام دواتر بەئامادەبوونی ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوانی شارەکە (لە گۆڕستانی ناو شەقامی دارتاشان) بەخاك سپێردرا (رسول، ۲۰۰۵، ۲۸٦-۲۸۷). سەبارەت بەم ڕووداوە، تەنها هەشت کەس لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی خەیروڵڵا عەبدولکەریم لە شاری هەولێر ئامادەبوون، عەونی یوسف یەکێك بوو لەو هەشت کەسە (گوڵچنێك، ۲۰۱۹، ۲۲۳)، لەو کاتەدا عەونی یوسف ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی بوو، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی (خەیروڵڵا عەبدولکەریم)، لێرەدا پەرۆشی عەونی یوسف دەردەکەوێت بەرامبەر بە خەڵك و تا ڕادەیەکی زۆر کارە توند و تیژییەکانی ڕژێمی پاشایەتی عێراقی لە بەرچاو بووە و ئیدانەی ئەو کارەی حکوومەتی کردووە.

دیارە هەر ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی عەونی یوسف گێڕاویەتی، بووەتە هۆی ئەوەی، نەك هەر تەنها خۆی، بەڵکو ماڵەوەشیان بکەوێتە ژێر مەترسی، جارێک تەقە بەسەر ماڵیان کرا، وەك هەڕەشەیەك لە بەرامبەر ئەنجامدانی چالاکییەکانی لە جوواڵانەوەی نیشتیمانیی شاری هەولێردا، لەم بارەیەوە ساڵح حەیدەری (١٩٢٢/هەولێر-٢٠٠١/هەولێر) نووسیویەتی "**لە نیوەی یەکەمی مانگی ئاداری ١٩٤٨، بەرەی کۆنەپەرستان وەکو سووکایەتی تەقەیان لە ماڵی کەسایەتی نیشتمانپەروەر عەونی یوسف کرد**" (گوڵچنێك، ٢٠١٩، ٣٢٠-٣٢١). دوای ئەو ڕووداوانە، شاندێك کە پێکهاتبوو لە پارێزەر عەونی یوسف، عاصم حەیدەری (١٩٢١/هەولێر-١٩٧١/هەولێر)، ئەنوەر محەمەد ئەمین دزەیی، سەردانی موتەسەریفیان کرد، نارەزایی خۆیان لەسەر تەقەکردن لە ماڵان و نانەوەی پشێوی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لە شاریان پێ ڕاگەیاند، پێشیان وتووە، ئەگەر حکوومەت لەم بارەیەوە دەستەوەستانە، ئەوا جوواڵانەوەی نیشتیمانی دەتوانێت سنووریك بۆ کۆنەپەرستان دابنێ". موتەسەریف وەاڵمیان دەداتەوە و دەڵێ: "**ئەگەر هەر کارێکی تر بکەن، لە سنووری خۆیان دەیانوەستێنین**"، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێوشوێنێك دژیان بگرێتە بەر، تەنیا شەش پۆلیسی بۆ پاراستنی ئەو سێ ماڵەی تەقەیان لێ کراوە دانا، واتا: ماڵی کۆچکردووان حەیدەر حەیدەری و عەونی یوسف و ئەنوەر محەمەد ئەمین دزەیی (گوڵچنێك، ٢٠١٩، ٣٢٢-٣٢٣). **ڕەنگە ئەو ڕووداوە پەیوەندی هەبێت بە حکومەت زیاتر بۆ دروستکردنی پەشێوی و دروستکردنی ململانێ لە نێوان خەڵکی هەولێر، هەرچەندە دانانی پۆلیس بۆ پارێزگاریکردن لە ناوبراوان وەك سیناریۆیەك دادەنرێت کە حکومەت لەڕێگای ئەو کارە هەوڵیداوە بابەتی تەقەکردن پەردەپۆش بکات.**

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ دا، عێراق بەهۆی واژووکردنی پەیماننامەی پۆرتسمۆس[١٦] هوە لەگەڵ بەریتانیا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی

سیاسیی ئاڵۆز بووەوە، کە بووە هۆی خرۆشانی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق و بە هەزاران خۆپیشاندەر ڕژانە سەر شەقامەکانی شارە گەورەکان و ناڕەزایی خەڵك زۆر بە خێرایی تەشەنەی سەند و بە جۆرێکی وا گەیشتە پلەی ڕاپەڕین (لونکریك، ١٩٨٨، ٥٦٥-٥٧٥)، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی بەغدا و شارەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق، بووە هۆی ڕووخانی حکوومەتەکەی ساڵح جەبر لە ڕێکەوتی (٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨) و پووچەڵکردنەوەی پەیماننامەی پۆرتسمۆس و دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی محەمەد صدر (کانوونی دووەمی ١٩٤٨ تا حوزەیرانی ١٩٤٨)، کە چەند کەسایەتیێکی نیشتیمانپەروەری تێیدا بەشداربوو، لەدوای هەڵوەشانەوەی حکوومەتەکەی ساڵح جەبر، جۆرە ئازادییەك هاتە ئاراوە و هەموو شارەکان کەوتنە سازدانی بۆنەی تایبەتی، خۆپیشاندان و ڕێپێوان بۆ ماوەی چەند مانگێك لە دوای ڕاپەڕینەکە بە شێوەکی ئاسایی دادەندرا (دزەيي، ٢٠٠١، ٩١-٩٢). ئەمەش کارئاسانی کرد بۆ ئەوەی عەونی یوسف، جارێکی دیکە، ڕۆڵی خۆی لە هاندان و داواکارییەکانی خەڵك دەربخات، لە دیارترین چالاکییەکانی دوای ڕووخانی حکوومەتی ساڵح جەبر، لە ساڵی ١٩٤٨ سەرپەرشتی خۆپیشاندانێکی کرد و ڕۆڵی سەرەکی تێیدا گێڕا (هەفتەنامەی بەدرخان، ژ:١٠٤، ٢٠٠٨، ٨)، بەتایبەت لە کاتی نەورۆز، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵك هەر بەردەوام بوو، عەونی یوسف هەوڵی دەدا خۆپیشاندانەکان بقۆزێتەوە و بەردەوامی پێبدرێت تا حکوومەت داواکارییەکانی خەڵکی عێراق جێبەجێ بکات (سلێمان، ٢٠٠٧، ٨) .

جێگەی سەرنجە، ئەو نیمچە ئازادییەی کە لە ئەنجامی هۆشیاری و فیداکاری جەماوەر و ڕاپەڕینی کانوونی ١٩٤٨ لە تەواوی عێراقدا هاتە کایەوە، زۆری نەخایاند ئەویش بەهۆی دروستبوونی کێشەی فەڵەستین، بە بیانووی پاراستنی ڕیزی پشتەوەی سوپای عێراق، کە بەشی هەرە زۆری بۆ ئازادکردنی

فەڵەستین چووبوون، بۆیە حکوومەتی عێراقی (حوکمی عورفی)[١٧] ڕاگەیاند و کەوتە پەلاماردان و ڕاوەدوونانی نیشتمانپەروەران، لە سەرتاسەری عێراق بە کورد و عەرەبەوە ژمارەیەکی زۆری لێ دەستگیرکردن (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٩٣). بەهەمان شێوە (پارتی دیموکراتی کورد) کەوتە بەر شاڵاوی گرتن و ژمارەیەك لە ئەندامەکانیان دەستگیرکران، کە عەونی یوسف یەکێك بوو لەوانە (موسوعة سرية، ١٩٤٩، ج١، ٢١٣). ئەو کاتە دەسەڵاتدارانی سەربازی و پۆلیسی نهێنی لە هەولێر لە هەڵمەتێکی ڕاوەدوونااندا، توانییان (٥٤) کەس دەستگیر بکەن (موسوعة سرية، ١٩٤٩، ج١، ص ٢١٣؛ الحيدري، ٢٠٠٤، ٢١٢-٢١٣). سەرەتا گیراوەکانیان بە کەفالەت ئازاد کرد، تا ڕۆژی دادگا، لەو ڕۆژەدا هەموو گیراوەکانیان، هێنایە سەرای موتەسەریفیەت و سەرجەمیان بە پاسێکی دار (پەست) لە بەندیخانەی هەولێرەوە ڕەوانەی کەرکووك کرد، لە کاتی تێپەڕینی پاسەکە بە ناو شار سەرجەم گیراوەکان سروودی (ئازادیخوا کوردین ئێمە، شووڕەین پۆڵاین بەردین ئێمە)[١٨]یان دەچڕی (حەیدەری، ٢٠١٤، ١٥). لە دوای دادگاییکردنیان، عەونی یوسف بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بیری پەرتەوازەکاری لە نێوان تاکەکانی گەلی عێراق و لایەنگیری بۆ کۆمەڵە و حزبە سیاسییە قەدەغەکراوەکان و هاندانی خەڵك و ڕەواجپێدانی پەرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم، لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا، دواتریش لە ڕێکەوتی (٢٠ی تەموزی ١٩٤٨) دا، بە بڕیاری ئەنجوومەنی عورفی سەربازی بۆ ماوەی (١) ساڵ و نیو زیندانی کرا (موسوعة سرية،١٩٤٩، ج٤، ٨٢٦-٨٢٩ ؛گوڵچنێك، ٢٠١٩، ٣٢٥-٣٢٦) . جەلال تاڵەبانی لەو بارەیەوە دەڵێت: **" کاربەدەستانی عێراق ئەوەندەیان ڕق لە عەونی یوسف و خەباتەکەی هەڵدەستا، تا ئەو ڕاددەیەی پڕیشکی کەسوکاریشی دەگرتەوە، لەکاتی دادگاییکردنی عەونی یوسف، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤/سلێمانی-٢٠٠٠/لەندەن) و جەلیل هۆشیاری برای عەونی**

یوسف ئامادەی دادگاییکردنەکە دەبن، کاتێك ئیبراهیم ئەحمەد گاڵتەی بە شایەدە دەستچینەکانی (تحقیقات الجنائیة) دەکرد و جەلیل هۆشیار زەردەخەنەیەك دێنێ، نەعسانی حاکمی عورفی پێی دەڵێ هەم برای عەونی و هەمیش لە مەحکەمە پێدەکەنی، دەبڕۆ تۆش ساڵ و نیوێ حوکم بە، بێئەوەی هیچی لەسەر بسەلمێنێت" (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤). بەپێی بیرەوەریی یەکێك لە زیندانییەکان، عەونی یوسف لە ناو زیندانیشدا کاروباری زیندانییانی ڕێکدەخست و کار و خزمەتگوزارییەکانی بەسەر دابەش دەکردن، تەنانەت هەوڵی زۆریشی لەگەڵ دەدان تا فێری خوێندن و نووسینیان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند کەسێکی ڕاسپاردووە، تا وانەیان پێ بڵێن (هەفتەنامەی بەدرخان، ژ:١٢١، ٢٠٠٩، ٢١)، واتە لەناو زیندانیشدا ڕۆڵی سەرکردەیی گێڕاوە.

دوای ئازادکردنی لە زیندان، ساڵی ١٩٥١، لە تەک کاری پارێزەرییدا، لە خەباتکردن لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد، بەردەوام دەبێت. لەوکاتەدا، ناکۆکییەکی توند ڕیزەکانی پارتەکەی گرتبۆوە و بەسەر سێ باڵدا دابەش ببوون[١٩]، لە ناو ئەو فرە باڵییەدا، عەونی یوسف سەر بە هیچ لایەکیان نەبووە و تەواو بێلایەنیی خۆی پاراستووە و زۆر پەرۆشی یەکڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی بووە و لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەوڵیداوە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردوون، جەلال تاڵەبانی دەربارەی عەونی یوسف لە ڕێکخستنەوەی پارتییدا دەڵێت " **کاتێك لە زیندان ئازاد دەکرێت، بەسەر بارودۆخێکی لاوازی پارتی دیموکراتی کورددا کەوت، چونکە لەو ماوەیەدا چالاکییەکانی حزب لە کوردستاندا بەرەو کزی هەنگاوی نابوو، ئەویش بەهۆی چاودێرییەکی تووند لەلایەن دامودەزگا پۆلیسی و ئەمنییەکانەوە لەسەر چالاکیەکانی ئەم حزبە، هەر بۆیە عەونی یوسف چەند کەسایەتییەکی دیکەی نیشتمانپەروەر[٢٠]ی کۆکردەوە و دەستی کردەوە بە چالاکی و لقی هەولێر و بادینانی ژیاندەوە".**

(مام جەلال، بەشی:١، ٢٠١٧، ٧٣). بەمەش ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە لە ناوچەکانی ئامێدی و دهۆك و ئاکرێ زیادی کرد (هەفتەنامەی بەدرخان، ژ: ١٢٤، ٢٠٠٩، ٩). دیارە عەونی یوسف، ئەوکاتە چالاکیی سیاسی ئەنجام دەدا و بە گوڕوتینەوە کاری دەکرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر کاربەدەستانی حکوومەت دروستکرد، بۆیە دەزگا ئەمنییەکان چاودێرییەکی توندیان خستە سەری (رسول، ٢٠٠٥، ٣٠٨-٣٠٩).

لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٥١، لێژنەی ئاشتیخوازان دامەزرا، ئەم لێژنەیە لە بنەڕەتدا سەر بە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان[٢١] بوو، بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەك، عەونی یوسف یەکێك لە دیارترین ئەندامی ئەم لێژنەیە بووە و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە (قادر، ٢٠٠٨، ١٥٥؛ خۆشناو، ٢٠١٢، ٨٣). بیرۆکەی دامەزراندنی ئەمەش بە مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتی بوو، لەم سۆنگەیەوە هەڵمەتێکی واژووکردنیش لە شاری هەولێر دژی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی کۆکرایەوە و ڕەوانەی لێژنەی ئازادیخوازانی بەغداد کرا، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ناوەڕاستی شاری هەولێر پەیکەری کۆتری ئاشتی لە لایەن شێوەکاری ناسراوی هەولێر جەواد ڕەسوول ناجی (١٩٢٢/کۆیە-١٩٧٥/هەولێر) لە ساڵی ١٩٥١ دروستکرا (خۆشناو، ٢٠١٢، ٨٣-٨٤).

دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کورد، لە ساڵی ١٩٥١ کۆنفرانسێکی لە شاری بەغداد بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشی ناوخۆی پارتەکە گرێدا، لەو کۆنفرانسەدا، عەونی یوسف وەکو یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتە و سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرا، بە مەبەستی ئەوەی ئەو کۆمیتەیە سەرپەرشتی ئەو پارتە بکات و تا زەمینە بۆ کۆنفرانسی گشتی خۆش بکات (جەلال، بەشی ١، ٢٠١٧، ٥٣). بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوانیان ئەم کۆمیتەیەش هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینی (شریف،٢٠٠٧، ١٧٤). بۆیە لە ڕێکەوتی (١٣-١٤ی ئازاری

۱۹۵۱) دا کۆنگرەی دووەم لە ماڵی (عەلی حەمدی)[۲۲] لە گەڕەکی ئەعزەمییە لە شاری بەغداد بە ئامادەبوونی (۳۰) ئەندام کە نوێنەری لق و لێژنە ناوخۆییەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و بەغداد بەسترا (حميدي، ۱۹۸۰، ۲۲۷). لەو کۆنگرەیەدا، سکرتێری نوێی حزب هەڵبژێردرایەوە و لێژنەیەکی نوێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لێژنەی مەرکەزی پێشوو لێپرسراوێتی وەرنەگرتەوە (کریم، ۱۹۹۸، ٤٧). ئەگەرچی کۆنگرە دیسان نەپڕژایە سەر ئەوەی باسی پرسە پەیوەندارەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی پارتی بکات، بۆیە قسە لەسەر کردنیان دواخرا بۆ کۆنگرەی سێیەم، هەروەکو کۆنگرە، عەونی یوسفی وەکو ئەندام بۆ لێژنەی مەرکەزی تازە هەڵبژاردەوە، بەڵام عەونی یوسف نەچووە ژێرباری داخوازییەکانی لێژنەی مەرکەزی، تا لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی لە ڕێکەوتی (٢٦ی کانوونی دووەمی ۱۹۵۳) دا کە لە شاری کەرکووکدا بەسترا، تیایدا چەند بڕیارێکی دەرکرد و یەکێك لەو بڕیارانە، قبوڵ نەکردنی عەونی یوسف بوو لە کۆنگرەدا، بە بیانووی جێبەجێنەکردنی ڕاسپاردەکانی لێژنەی پێشوو (عبدالله، ١٩٦٨، ٧١-٧٢؛ شريف،٢٠٠٧، ١٧٧).

لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی نووسیویەتی **"عەونی یوسف بە ڕووخۆشییەوە هەڵوێستی زۆربەی سەلماند و وەك ئەندامێکی سادە ملی نایەوە خەبات، بێ تۆران و زیزبوون لەگەڵمان بە برایانە و هەڤاڵانە کەوتەوە خەباتی بێوچانی نهێنی ئەو سەردەمە، ئەوەی ڕاستی بێ عەونی یوسف لە شاری هەولێر تاکە ڕووی ناسراوی پارتی بوو، بۆیە زۆرجار لە ماڵی عەونی یوسف کۆدەبوونەوە و قسە و باسی کوردایەتی ئاڵوگۆڕ دەکرا، چونکە لەو کاتەدا عەونی یوسف بە نهێنییش خەریکی ڕێکخستنی جووتیاران بوو، بە تایبەتی ساڵح شێرە و حەسەن مستەفا و چەندانی دیکە لە ناو کرێکارانی شەمەندەفەریش مەلا عەبدوڵڵای حاجی ئیسماعیلی ڕێکخستبوو لە ناو قەساب**

و فیتەر و شوفێرانیشدا شانەیەکی هەبوو" (مام جەلال، ١٩٩٤، ٤). لێرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە عەونی یوسف کەسێك بوو لەپاڵ خەباتی حزبایەتی، خەباتی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵی خستۆتە ناو بەرنامەی کاری (پارتی)یەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە شێوازێکی نوێی بۆ خەبات بەکارهێناوە، چونکە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی لەو جۆرە بۆ ئەو ڕۆژگارە لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا، گرنگیی تایبەتیی خۆی هەبوو.

دیارە هەر ئەم چالاکی و هەوڵانەی عەونی یوسف وایکرد هۆشیاری چینایەتی جووتیاران لە دەشتی هەولێر[٢٣] لە بڕەوسەندندا بێت، بە تایبەت لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی تایبەت بە چینی کارگەر و جووتیاران دەگەیشتە دەست کادیرانی ناوچەکە، وەکو (نرکەی جووتیار) کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەکرا (قادر، ٢٠٠٥، ٢٤٣). چونکە جووتیارانی دەشتی هەولێر لە ژێر چەوساندنەوەی زۆرداری دەرەبەگەکانی دزەیی[٢٤] دووچاری نالەبارترین ژیانی چەوسانەوە هاتبوون (قادر، ٢٠٠٥، ٢٤٣). هەر بۆیە لە ڕێکەوتی (٢٢ی نیسانی ١٩٥٣) دا، لە سنووری دەشتی هەولێردا، بەرهەمی جووڵانەوەی هۆشیاری چینایەتی هاتەبەر، کاتێك ڕاپەڕینێکی فراوانی جووتیاران لە گوندی (قازیخانە)ی نزیک دەشتی هەولێردا هەڵگیرسا و بڵێسەکەی (٣٠٠) گوندی گرتەوە، کە دەنگ و ڕەنگێکی کاریگەری لە ناوچەکە و لە عێراق دایەوە (خيري، ١٩٧٨، ٢٠٦-٢٠٧؛ ڕەسول، ١٩٩٧، ٩٥) . لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا، عەونی یوسف هانی خەڵکی دەدا کە پاڵپشتی جووتیاران بکەن، کاتێکیش بەهۆی دەستڕۆیشتوویی ئاغاکان و تاوانبارکردنی جووتیاران بە دژایەتیکردنی ڕژێمی پاشایەتی، بە پاڵپشتی حکوومەت، ڕاپەڕینەکە کپ کرایەوە، ژمارەیەك خاووخێزانی گوندە ڕاپەڕیوەکان دوورخرانەوە و دێبەدەرکران و ژمارەیەکیش خرانە زیندانەوە. لە

پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، و بەدەنگەوە نەهاتنی حکوومەتەکەی جەمیل مەدفەعی (٢٩ کانوونی دووەمی١٩٥٣-٥ی ئاداری١٩٥٣)، عەونی یوسف وەکو پارێزەر، خۆبەخشانە کەوتە بەرگریکردن لە جووتیاران و ڕۆڵی گەورەی لەو بارەیەوە گێڕا (حزبی شیوعی کوردستان، ٢٠٠٢، ١٩-٢١؛ بیری نوێ، ١٩٧٦، ل٧). بەهۆی پشتگیریکردنی جووتیاران لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا، عەونی یوسف تاوانبار کرا و تەنانەت دەستگیریش کرا، ئەم ڕووداوە لە دانیشتنی ٢٥ی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕێکەوتی (١٣ی ئایاری ١٩٥٣) دا لەلایەن (مەسعوود محەمەد)ی ئەندامی ئەنجوومەن بە چاکی وروژێنرا، هەردوو بابەتی دەستگیرکردنی عەونی یوسف و چەوسانەوەی جووتیارانی کردە یەك و هەڵوێستی حکوومەتی بە ناڕەوا و نادادپەروەرانە لە قەڵەم دا (العراقية، ١٩٥٣، ٤٤٧).

کاتێکیش سەرۆک وەزیران فازڵ جەمال (٨ی ئازاری ١٩٥٤-٢٩ی نیسانی ١٩٥٤) دەستی لە کار کێشایەوە، ئەرشەد ئەلعومەری (٢٩ی نیسانی ١٩٥٤-٣ی ئابی ١٩٥٤) کابینەیەکی پێکهێنا، بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پێشوو و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێی دا (الحسني، ١٩٩٨، ج٩، ١٠٩-١١١). بەمەش پارتە ئۆپۆزسیۆن و نیشتیمانییەکان[٢٥] بڕیاری بەرەیەکی نیشتیمانییان بۆ هەڵبژاردن دا، لە شاری هەولێر عەونی یوسف وەکو پاڵێوراوی بەرەی نیشتمانی دیاریکرا، بەڵام بەهۆی فشارخستنە سەر پاڵێوراوان، بە جۆرەها شێواز، ناچاری خۆکشانەوە دەکران، ئەوانەی کە پڕوپاگەندەشیان بۆ پاڵێوراوان دەکرد، چاودێریی توند دەکران، هەر بەو هۆیەوەش عەونی یوسف، بە تۆمەتی نانەوەی ئاژاوە دەستگیرکرا، بەمەش بەشێك لە پاڵێوراوان دوای دەستگیرکردنی عەونی یوسف لە پاڵێوراوی خۆیان کشاندەوە (رسول، ٢٠٠٥، ٣٣١-٣٣٢).

یەکێکی دیکە لەو پێشهاتە سیاسییانەی کە عەونی یوسف هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بەرامبەر دەربڕیوە، (شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨) بوو، کاتێکیش شۆڕش هەڵگیرسا، لە ڕووی جەماوەرییەوە عەونی یوسف دەڵێت: "**هەر زوو پەیوەندیم بە نوێنەری هێزە نیشتمانییەکان کرد و خۆپیشاندانێکی گەورەمان لە هەولێر ڕێکخست، زۆربەی خەڵکی هەولێر لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا ڕژابوونە سەر شەقامەکان و شار بە جارێ خرۆشا بوو، ئەندامان و کادیرانی پارتی و شیوعی لە پێشتردا نهێنی بوون و دەرکەوتن، بۆ پاڵپشتی کردنی شۆڕش دەیان بروسکەی پشتگیری ڕەوانەی بەغداد کران** (شریف، ١٩٨٨، ٧٤ ؛ خۆشناو، ٢٠١٢،١١٠).

دواتریش عەونی یوسف بیری لە پێکەوەنانی شاندێکی نیشتیمانی کردەوە، تاکو بەناوی جەماوەری شاری هەولێرەوە بچنە بەغداد، بۆ پیرۆزباییکردن لە سەرانی شۆڕش و پێشکەشکردنی داخوازییەکانی جەماوەری کورد، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەریەك لە عاصم حەیدەری، شەمسەدین موفتی (١٩٣٣/هەولێر- ٢٠١٢/هۆڵەندا) و چەند کەسایەتییەکی دیکە، بەرەو شاری بەغداد بەڕێکەوتن، لەوێش لەگەڵ شاندێکی دیکەی کوردستان یەك دەگرن و داخوازییەکانیان یەك دەخەن و لە ڕۆژی ٢٧ی تەموز دەچنە وەزارەتی بەرگری و سەرکردەی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم پێشوازییان لێدەکات، ئیبراهیم ئەحمەد، بەناوی شاندی هاوبەشی کوردستان هەموو داخوازییەکانی کورد لەگەڵ وتارێك پێشکەش دەکات (شارەزا، ٢٠٠٨، ١٧٠-١٧١) .

٤. ٣. حزبی ڕزگاری:

ویستگەیەکی نوێی کاری سیاسی عەونی یوسف، لە ساڵی ١٩٦٩ دەست پێدەکات، ئەمەش کاتێک لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی کورد[٢٦] لە شاری بەغداد ڕێکخراوێکی سیاسییان بە ناوی (حزبی ڕزگاری) دامەزراند، کە

ناوەکەی وەکو ئاماژەیەك بوو بۆ (حزبی ڕزگاری کورد) (گۆمەتاڵی، ۲۰۱۲، ۱۵۹). ئەم هەنگاوەش بە ڕەزامەندی و پاڵپشتی حزبی بەعس بوو، حزبی بەعس هەوڵی دەدا ئەو کەسایەتییە کوردانە دەستەمۆ بکات، کە لە ژێر هەر بارودۆخێك بووبێت، وەکو بێلایەن لە شاری بەغداد مابوونەوە، هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی داون. دیارە ئامانجی حکوومەتی عێراقی لەوەدا، دروستکردنی لێکترازانێك لە ناو بزاڤی نەتەوەیی کورددا بوو، بە ئومێدی ئەوەی بتوانێت هێزی سێیەم لە بەرامبەر هەردوو باڵی پارتی (بارزانی- مەکتەبی سیاسی) دروستبکات، کە ئەوکاتە لە ململانێدا بوون[۲۷]. سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو کۆمەڵەیە نەیتوانی ببێتە ئەو هێزە و ئەو ئامانجەشی نەپێکا، بەڵکو بە لاوازی و نەزۆکی وەکو حزبێکی کارتۆنی مایەوە (گۆمەتاڵی، ۲۰۱۲، ۱۵۹). جگە لەوەی نەبووە حزبێکی جەماوەری، بەڵکو دواتر لە ئەنجامی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی (ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئادارى ۱۹۷۰) خۆی هەڵوەشاندەوە، لێژنەی باڵای بزووتنەوەکە، لە تشرینی یەکەمی ۱۹۷۰ لە بەیاننامەیەکدا هەڵوەشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و داوای لە کادیر و ئەندامانی کرد پەیوەندی بە ڕێزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە بکەن، لەبەرامبەریشدا پارتی پێشوازی لەو هەنگاوەی حزبەکە کرد و داوای لە جەماوەری حزبەکەیان کرد کە بە گەرمی پێشوازییان لێبکەن و ناکۆکی و ململانێکانی ڕابردوو بەلاوە بنێن (التآخي، ۲۱ تشرين الاول ۱۹۷۰) . لێرەدا پێویستە بگوترێت، بەشداریکردنی عەونی یوسف لە دامەزراندنی ئەو پارتە کارتۆنییەدا، ڕێك پێچەوانەی تێکڕای هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پێشووتری بووە، چونکە ئەو کارە خزمەتی بە ئامانجەکانی حزبی بەعس گەیاندووە. هاوکات ئەوەش دەردەکەوێت، حکوومەت لە شێوەی تۆڕێك لەسەر هەموو دەستە و کەسایەتییەکی کورد

کاری کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت سوودی لێ ببینێت و لە دەرفەتێکدا بەکاریان بهێنێت، جگە لەمەش رەنگە پەراوێزخستنی ناوبراو لەلایەن سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هۆکارێك بێت بۆ کاردانەوەی ناوبراو کە ئەو هەڵوێستە وەربگرێت و هەموو چالاکییە سیاسییەکانی رابردووی لە خزمەتکردنی نیشتمان بگۆڕێت بۆ ملکەچبوون بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی حزبی بەعس.

۵. پەراوێزەکان:

(۱) مەلا ئەبوبەکری کوڕی مەلا عومەر (۱۸٦۳/هەولێر-۱۹٤۳/هەولێر): کەسایەتی ناسراوی ئایینی و کۆمەڵایەتیی شاری هەولێر، پلەکانی خوێندنی ئایینی لە شاری هەولێر تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای ئایینی لە شارەکەدا. لەماوەی ۵۰ ساڵی مامۆستاییدا، پتر لە ۳۰۰ فەقێ و موستەعیدی وانە داوە و ژمارەی ئەوانەی مۆڵەتی زانستییان لەسەر دەستی ئەو وەرگرتووە، گەیشتۆتە ۱۰۰ زانای ناسراوی ئایینی لەهەموو لایەکی کوردستاندا. (هۆرمزیار، عەباس و سەڕابی، شوان، ۲۰۰۹، ٤۳٦۷-٤۳۵۹).

(۲) مەلا محەممەد کوڕی حاجی مەلا عەولای جەلیزادە (۱۸۷٦/کۆیە-۱۹٤۳/کۆیە): شاعیر و ڕۆشنبیری ناسراوی کورد، خوێندنی مەلایەتی تەواوکردووە. ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندنی عێراق بوو، لە ساڵی ۱۹۲۸ بەتەواوی دەستبەرداری هەموو کاروبارێکی میری بوو، ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ وانەگوتنەوە و نووسینی کتێب و ڕووناککردنەوەی بیروباوەڕی خەڵک (ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ۲۰۰۹، ٤۳٦۹).

(۳) **نازم کامل ئەفەندی تەبەقچەلی (۱۹۱۳/بەغداد- ۱۹۵۹/بەغداد):** خوێندنی لە بەریتانیا تەواوکردووە، ئینگلیزییەکی زۆر باشی دەزانی. بەپلەکانی سەربازیدا سەرکەوتووە و چەندین جار خەڵاتی سەربازی وەرگرتووە، تا ئەو دەمەی کرایە سەرۆکی فرقەی دووی کەرکووك. پلە سەربازییەکەی "عەمید ڕوکن" بوو. بەشداری شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ۱۹۵۸ ی کرد، ساڵی ۱۹۵۹ لە جوولانەوەکەی شەواف بەشداری کرد و دوای هەرەسی جوولانەوەکە، دادگایی کرا و دادگا بڕیاری مەرگی دا و گوللەباران کرا. بڕوانە: البياتي ، ۲۰۰۲.

(٤) **جەلال حوسامەددین نووڕوڵڵای تاڵەبانی (۱۹۳۳/گوندی کلکانی قەزای دۆکان-۲۰۱۷/ئەڵمانیا):** سیاسی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لە سەرەتای گەنجێتییەوە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لە مانگی شوباتی ساڵی ۱۹۵۳ بە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردراوە. هەر لە هەمان ساڵدا دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ساڵانی (۱۹۵۳–۱۹۵۵) دەبێتە سکرتێری گشتی لاوان. ساڵی ۱۹۵۹، کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بەغداد تەواو دەکات. بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. پاشان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەتەوە.

دامەزرێنەر و سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (١٩٧٦-٢٠١٧)، ساڵی ٢٠٠٥ پۆستی سەرکۆماری عێراق وەردەگرێت.

(٥) **حزبی هیوا:** ساڵی ١٩٣٩، بە دەستپێشخەری کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی کورد، دامەزراوە. وەك سەرچاوەیەك ئاماژەی پێدەکات، سەرەتای دروستبوونی حزبەکە لە شاری هەولێر، دەستی پێکردووە. ئەندامە بەراییەکانی ئەمانە بوون: مستەفا عوزێری، یونس ڕەئوف دڵدار، جەلال قادر، موسا سەمەد، ئیحسان باخچەچی، ڕۆستەم عەبدولجەبار. پاشان ئەمانە، پەیوەندییان بە (ڕەفیق حلمی)یەوە کردووە و کردوویانەتە سەرۆکی حزبەکە. لە دروشمەکانی ئەو حزبە، خەبات بووە لە دژی فاشیزم و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەلی کورد. دواتر حزبەکە فراوان بووە. لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و لە شاری بەغدا ئەندام و لایەنگری هەبووە و چالاکییان نواندووە. تا ساڵی ١٩٤٣ بەردەوام بووە. پاشان بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی هەڵوەشاوەتەوە. (حیدری ، ٢٠٠٤، ٣٤٦-٣٤٧؛ رسول،٢٠٠٥، ١٣٦-١٤٣).

(٦) بڕوانە: مەلا سمایل، عەبدوڵڵا، سەربردەی ژیانی سیاسیم، چاپخانەی ڕەشاد، بەغداد، ب.س.

(٧) گوندێکە سەر بە شارەدێی قوشتەپەی نزیک هەولێر.

(٨) **گۆڤاری گەلاوێژ:** گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو، لە نێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩) دا، لە شاری بەغداد دەرچووە. لەلایەن هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەد، وەك خاوەن ئیمتیاز و عەلائەددین سەجادی، وەك مودیری ئیدارە و نووسین، بەڕێوە براوە و (١١٦) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. (نەجار، ٢٠١٩).

(٩) شێخ ڕەشیدی لۆلان، لە ناوچەی برادۆستی سەر بە لیوای هەولێر لەدایك بووە، پێشڕەوی ئایینی هۆزی برادۆستییەکان بوو، لە ڕاپەڕینەکانی بارزان لایەنگری حکوومەتی کردووە و دژی وەستاوە، ساڵی ١٩٥٩ لە ناوچەکەیدا، یاخیبوونی بە پاڵپشتی ئێران و تورکیا ڕاگەیاند، دوای سەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەکەی ئاودیوی ئێران کرا، لە پایزی هەمان ساڵدا لە لایەن قاسمەوە بەخشرا. بڕوانە : (عارف ، ٢٠٠٥، ٧١).

(١٠) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٥٩ لە شاری بەغدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، ئیبراهیم ئەحمەد، سەرنووسەری بووە. (٤٦٢) ژمارەی لێدەرچوو، ساڵی ١٩٦١ لە دەرچوون وەستا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (نەجار، ٢٠١٩).

(۱۱) سەبارەت بە جووڵانەوەی مایسی ۱۹٤۱ بڕوانە: (الحسني، ۱۹۸۲).

(۱۲) **البلاد**: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسیی گشتی بووە. دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، ڕۆژنامەنووسی عێراقی فائق بطي (۱۹۳۵-۲۰۱٦) لە شاری بەغداد دەری کردووە. تاکو ۸ی شوباتی ۱۹٦۳، لە دەرچوون بەردەوام بووە. زیاتر شیوعییەکان لێیان دەنووسی. (نەجار، ۲۰۱۹).

(۱۳) **سالّح جەبر (۱۸۹۵/ناسرییە-۱۹۵۷/بەغداد)** لە سالّی ۱۹٤۷ وەك یەکەم سەرۆك وەزیرانی شیعە مەزهەب لە مێژووی عێراق دەست بەکار دەبێت. لە ژیانیدا، دوو جار هاوسەرگیری کردووە، یەکێکیان لەگەڵ ئافرەتێکی خەڵکی فەلووجەیە و لە بنەماڵەی عەسافە، ئەوی دیکەیان ئافرەتێکی خەڵکی ناوچەی حەلاوییە بووە، لە بنەماڵەی جەریان. لە کاتی خوێندنەوەی وتاری داواکاری بۆ هەڵگرتنی حوکمی عورفی لەناو هۆڵی پەرلەمان کۆچی دوایی کردووە . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (شبیب، ۱۹۸۸ ، ٦۲-٦۹).

(۱٤) بۆ زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەکانی پارتی بڕوانە: (جاف، ۱۹۹٦) .

(۱۵) **کۆمەڵەی برایانی موسڵمان** لە شاری ئیسماعیلیەی میسڕ لەسەر دەستی حەسەن بەننا لە ئازاری ۱۹۲۸ دامەزرا، لە سالّی ۱۹٤۲ چالاکییان گەیشتە شاری مووسڵ، لە سالّی ۱۹٤۹ لە ژێرناوی (جمعیه الاخوة الاسلامیة) تا سالّی ۱۹۵٤ بە ئاشکرا کاریان دەکرد، لێپرسراوی مووسڵ (مەلا عەبدوڵا محەمەد ئەربیلی) بوو، هەڵوێستیان بە هیچ شێوەیەك دەربارەی مافی نەتەوایەتی کورد نەبووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : (بوتانی، ۲۰۰۷، ٦-۱٦).

(۱٦) ئەو پەیمانە لە ڕێکەوتی (۸/۱۵ /۱۹٤۸) لە نێوان (سالّح جەبر) سەرۆك وەزیرانی عێراقی ئەوسا و (ئارنست بیڤن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە بەندەری پۆرتسمۆس لە کەناری دەریای مانش لە بەریتانیا مۆرکرا، بۆیە بەو ناوە ناسرا و هەروەها بە ناوی (جەبر – بیڤن) یش دەناسرێ، بۆ زانیاری دەربارەی بەند و بڕگەکانی، بڕوانە : (الحسنی، ج۷، ۲۳٤-۲٤۷؛ شبیب، ، ۱۹۸۸، ٦۲-٦۹).

(۱۷) واتە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، کە چەند ناوچەیەك و هەندێ جار تەواوی وڵات دەگرێتەوە، بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی (۱۹۲۱-۱۹۵۸) (۱٦) جار ڕاگەیەندراوە و

دوو جار تەواوی عێراقی گرتووەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : (الحسنی، ۱۹۹۸، ج (۱۰)، ۲۸۸-۲۸۹).

(۱۸) ئەم شیعرە هی (ئەحمەد هەردی) شاعیرە، کە لەو سەردەمە وەکو سروودێك دەیانگوتەوە لە ناو زیندانەکاندا، بڕوانە: (میرزا کەریم، ۲۰۰۰، ۳۵).

(۱۹) باڵی یەکەم باڵی (هەمزەییەکان یان باڵی هەمزە عەبدوڵڵا) بوون، کە بەشە زۆرەکەی پارتی پێکدەهێنا و وتەبێژەکەیان جەلال تاڵەبانی بوو و ئەندامە ناسراوەکانیان لە: نووری شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، حەمەدئەمین مارف، مەجید عومەر، غەفوور ڕەشید دارۆغا بوون. باڵی دووەم، سالح ڕوشدی، مستەفا عەبدولکەریم، مەلا سەبغەتوڵڵا، مەلا بلۆکینی بوون. باڵی سێیەم، بێلایەنەکان بوون، کە پێکهاتبوون لە: عومەر مستەفا، عەلی حەمدی، عەلی عەبدوڵڵا (مام جەلال، ۱۹۹۹، ۸-۹).

(۲۰) لە دیارترینیان ئەوانە بوون (ئەحمەد حەمەد ئەمین دزەیی، ئیبراهیم دزەیی، سابیر ئاغا، موشیر ئاغا). بڕوانە: (مام جەلال، ۲۰۱۷، ۷۳).

(۲۱) **بزووتنەوەی ئاشتیخوازان (انصار السلام)**، ئەو بزاڤە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی هاتە کایەوە، بە مەبەستی بەرقەراربوونی ئاشتی لە جیهاندا و بەرگرتن لە دووبارەبوونەوەی جەنگی کاولکاری. یەکەم کۆنگرەی لە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا بەست، دووەم کۆنگرەی لە پاریس بەست، نوینەرانی عێراقیش تێیدا بەشداربوون، لە تەموزی ساڵی ۱۹۵۰ لە شاری بەغداد لێژنەی ئامادەکاری بە سەرۆکایەتی (محمد مهدی جواهیری) پێکهات و زۆر لە کەسایەتی دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەر تێیدا بەشداربوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (منیر، ۱۹۵٦) .

(۲۲) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد، لە کۆنگرەکانی دووەم و سێیەمی ئەو پارتەدا، بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ۱۹٦٤ کۆچی دوایی کردووە.

(۲۳) دەشتێکی پان و فراوانە، گوندەکانی ناحیەی قوشتەپە و دیبەگە و قەزای مەخمور دەگرێتەوە کە بریتییە لە دەشتی پشت ڕێ (سەرووی ڕێگای کەرکووك – هەولێر) و مولکیە و شەمامك و کەندێناوە و قەراج، هەردوو زێی گەورە و بچووك نێوانی رۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی بۆ دەکێشێت و چیای قەرەچووغ دەشتی (قەراج و کەندێناوە) و زوورگی زوورگەزراو (کەندێناوە و مولکیە) لێك جیادەکاتەوە. (قادر، ۲۰۰۵، ۱۱۰).

(٢٤) لەبارەی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا بڕوانە: (شامیلوف، ۱۹۸۷، ۱۱-۱۵).

(٢٥) ئەو پارتانە ئەمانە بوون: پارتی نیشتمانی دیموکراتی، پارتی ئازادیخوازان، بێ لایەنەکان، لایەنگرانی ئاشتی.

(٢٦) لەو کەسایەتییانە (سالّح حەیدەری، حەمید عوسمان، جەمال خەزنەدار، عەبدولوەهاب تالّەبانی).

(٢٧) ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای ڕێککەوتننامەی (١٠ی شوباتی ١٩٦٤) ی نێوان بارزانی و عەبدولسەلام عارف لێکترازانێکی ئاشکرای بەخۆوە بینی، کە ئەویش خۆی لە دوو بالّدا دەبینییەوە: بالّی (بارزانی) کە زۆرینەی بنکەکانی حزب و هێزی پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو، هەروەها بالّی مەکتەبی سیاسی بە ڕێبەرایەتی (ئیبراهیم ئەحمەد–جەلال تالّەبانی)، ئەم حالّەتە تا ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ بەردەوام بوو. بڕوانە: (محمد، ٢٠٠٦، ١٦١ وما بعدها).

٦. لیستی سەرچاوەکان

٦. ١. کتێب:

به زمانی کوردی

- ئەحمەد، ئامانج حەسەن، برایم ئەحمەد ڕۆڵی له بزاڤی رزگاریخوازی و ڕووناکبیریی گەلی کوردا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- بێخاڵی، مەولوود قادر، هەولێرم وادیوە و-بیستووە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.
- جاف، وریا، مێژووی ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٤٦-١٩٩٦)، پێداچوونەوە و پێشەکی: زاهیر ڕۆژبەیانی، دهۆك، ١٩٩٦ .
- حەیدەری، مومتاز، قامووسی ناوە نەمرەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
- ڕەسول، اسماعیل شوکر، نەورۆزی هەولێر ١٩٣٢-١٩٥٨ چەند لاپەڕەیەکی شاراوەی مێژووی گەلی کوردە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧.
- خۆشناو، شوان محەمەد ئەمین تەها، هەولێر له نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ .
- عبدالله، عەلی، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، (ب.ش)، ١٩٦٨ .
- قادر، مەهدی محەمەد، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥ .
- گۆمەتاڵی، بورهان حاتم، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری، چ١، هەولێر،٢٠١٢ .
- مەزهەر، کەمال (دکتۆر)، چەند لاپەڕەیەك له مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، بەرهەڤکرنا: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ .
- نەجار، هۆشەنگ ساڵح، بزاڤی ڕۆشنبیری له شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦.

به زمانی عەرەبی

- اوريل دان، العراق في عهد عبدالكريم قاسم، ترجمة: جرجيس فتح الله، دار اراس، اربيل، ۲۰۱۲.
- بابان، جمال، اعلام الكرد، ج۲، السليمانية، ۲۰۰۹.
- بوتانى، عبدالفتاح على، موقف الاحزاب السياسية من القضية الكردية ١٩٤٦-١٩٧٠، مطبعة خاني، دهوك، ۲۰۰۷.
- البياتي، احمد كاظم، ناظم طبقجلي ودوره العسكري والسياسي في العراق ١٩٣٥-١٩٥٩، دار العربية للموسوعات، بيروت، ۲۰۰۲.
- شريف، عبدالستار طاهر، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية فى نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ط۲، من منشورات دار سردم، للطباعة والنشر، السليمانية، ۲۰۰۷.
- شبيب ، محمود، وثبة في العراق و سقوط صالح جبر ، بغداد ، ۱۹۸۸ .
- شاميلوف، حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ترجمة: كمال مظهر احمد، بغداد، ۱۹۸۷.
- حميدي، جعفر عباس، التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، بغداد، ۱۹۸۰ .
- الحسني، عبدالرزاق ، تاريخ الوزارات العراقيه، ج۷، ط (۷)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ۱۹۹۸.
- .....، تاريخ الوزارات العراقيه، ج۹، ط (۷)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ۱۹۹۸.
- .....، تاريخ الوزارات العراقيه، ج۹، ط (۷)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ۱۹۹۸.
- .....، الاسرار الخفية في حركة مايس لسنة ١٩٤١ التحررية، ط۵، بيروت، ۱۹۸۲ .
- خيري، سعاد، من تأريخ الحركة الثورية في العراق ۱۹۲۰-۱۹۵۸، ج۱، ط۲، بغداد، ۱۹۷۸.
- عمر، شيركو فتح الله، الحزب الديمقراطي الكوردستاني وحركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦-١٩٧٥، المديرية العامة للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٤ .

- رسول، اسماعيل شكر (الدكتور)، اربيل- دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ۱۹۳۹-۱۹۵۸، مطبعة بينايي، سليمانية، ۲۰۰۵.
- الزبيدى، محمد حسين، ثوره ١٤ تموز في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ۱۹۸۳ .
- الصويركي، محمد على، معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها، السليمانية، ۲۰۰۵.
- كريم، حبيب محمد، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني – العراق (في محطات رئيسية)، ١٩٤٦-۱۹۹۳، مطبعة خەبات، دهوك، ۱۹۹۸ .
- لونكريك، ستيڤن همسلي، العراق الحديث من سنة ۱۹۰۰ الى ۱۹۵۰، ترجمة: سليم طه التكريتي، مطبعة حسام، الجزء الثاني، ۱۹۸۸ .
- وزارة الداخلية، مديرية الشرطة العامة- شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقى السري، ج۱، بغداد، ١٩٤٩.
- .....، مديرية الشرطة العامة- شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقى السري، ج٤، بغداد، ١٩٤٩.
- محمد، شيرزاد زكريا، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ۸ شباط ١٩٦٣-۱۷تموز ١٩٦٨، اربيل، ٢٠٠٦ .
- منير، توفيق، حقيقة حركة السلام، دار الفكر، قاهرة، ١٩٥٦ .
- وانلي، عصمت شريف، كردستان العراق هوية وطنية (دراسة ثورة ايلول)، مطبعة شفان، سليمانية، ۲۰۱۲.

٦. ٢. نامەی زانکۆیی:

- نەجارِ، هۆشەنگ سالّح محەمەد شەریف، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری بەغداد ۱۹۵۸-۱۹۷۵/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلّاحەددین-هەولێر، ۲۰۱۹.

٦. ٣. چاپکراوی حزبی و حکوومی :

بەزمانی کوردی :

- حیزبی شیوعی کوردستان، ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر ۱۹۵۳ وەکو خۆی، کۆکردنەوەی: حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد، بابا عەلی جەباری...، هەولێر، ۲۰۰۲ .

بەزمانی عەرەبی :

- مجلس النواب، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الثالثة عشرة، بغداد، ۱۹۵۳.

٦. ٤. بیرەوەری :

به زمانی کوردی

- حەیدەری، جەمشید، چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەرییەکانم ۱۹٤۹-۱۹٦٦، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، ۲۰۱٤.
- ڕەسول، فاتح، لە کاروانێکی دوور و درێژدا " کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ"، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۷ .
- گوڵچنێك لە یاداشتەکانی ساڵح حەیدەری _ یادداشت و تیلەچاوێك بە مێژووی جوواڵنەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی لە کوردستان و عێراقدا، وەرگێڕانی : حەیدەر عەبدوڵڵا، پێداچوونەوەی: مومتاز حەیدەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۱۹ .
- کەریم، غەفور میرزا ، کێومالێ بە ناو بیرەوەرییەکانمدا، سلێمانی، ۲۰۰۰.
- فەییاز، مەعد، بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، و: سۆران عەلی، کەرکووك، ۲۰۰۹.
- مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی: سەلاح ڕەشید، بەشی (۱)، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ۲۰۱۷.
- مەلا سمایل، عەبدوڵڵا، سەربردەی ژیانی سیاسیم، چاپخانەی ڕەشاد، بەغداد، ب.س.

به زمانی عەرەبی :

- دربند فقريي، محمد محمد امين، مذكرات، مطبعة شفان، السليمانية، ۲۰۰۷.
- دزەیی، محسن، احداث عاصرتها، ج۱، حاوره : طارق ابراهيم شريف، دار آراس، اربيل، ۲۰۰۱.
- الحيدري، صالح، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، السليمانية، ۲۰۰٤.
- شريف، طارق ابراهيم، شخصيات تتذكر، الجزء الاول، أربيل، ۱۹۸۸ .

٦. ٥. وتار و توێژینەوە:

به زمانی کوردی

- بیری نوێ "گۆڤار"، ڕاپەڕینی جووتیارانی دزەیی، ژ: ۱۸۵، ۱۹۷٦ .

- شارەزا، کەریم، خەباتگێڕی پێشکەوتنخوازی کورد عاصم حەیدەری ۱۹۲۱-۱۹۷۱، گۆڤاری k21، ژ: ۱، ۲۰۰۸.
- .....، نیشتمان پەروەری ناسراوی کورد عەونی یوسف ۱۹۰۸-۱۹۸۸، گۆڤاری k21، ژ:٤، ۲۰۰۹.
- عەبدوڵڵا، هۆشیار، ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ۱۹٤۷ی شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی (٦)، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ۲۰۰۹.
- قادر، مهدی محمد، ڕۆڵی کورد له بزووتنەوەی ئاشتیخوازان له عێراق ۱۹۵۰-۱۹۵۸، گۆڤار "میژوو" ژ (٦)، ۲۰۰۸ .
- گەلاوێژ، ژ: ۸، تەممووزی ۱۹٤٤، ل٤۳-۵۰، ژ:۱۰؛ تشرینی یەکەمی ۱۹٤٤، ل۹-۱۵؛ ژ: ۲، شوباتی ۱۹٤۵، ل٤٤-۵۰؛ ژ:۱۱، تشرینی دووەمی ۱۹٤٦.
- مام جەلال، له یادی کوردپەروەری هەولێر کاك عەونی یوسف دا، ڕۆژنامه "کوردستانی نوێ" ژ (۷۳۳)، ۱۹۹٤/۷/۱۷ .
- مام جەلال، هەمزەیی و صالحی له پارتی دا، گۆڤاری "خاك" ، ژ(۲۰)، ساڵی دووەم، ۱۹۹۹.
- مستەفا، عەلی حەسەن، بیرەوەری، هەفتەنامه "بەدرخان"، ژ(۱۰٤)، ۲۰۰۸.
- مستەفا، حەسەن، بیرەوەری، هەفتەنامه "بەدرخان"، ژ(۱۲۱)، ۲۰۰۹.
- .....، بیرەوەری، هەفتەنامه "بەدرخان"، ژ(۱۲٤)، ۲۰۰۹.
- هۆرمزیار، عەباس و سەڕابی، شوان، زانای بەناوبانگ "مەلا ئەفەندی'، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب۷، ۲۰۰۹، ل٤۳۵۹-٤۳٦۷.

به زمانی عەرەبی:

- التآخي "الجريدة"، ع: ۵۷۰ ، ۲۱ تشرين الاول ۱۹۷۰.
- خەبات- النضال، ع: ۱۱۳، كانون الاول ۱۹۵۹.

٦.٦. دیداری تایبەت:

- دیدار لەگەڵ بەیان عەونی یوسف، هەولێر، ۲۰۱۷/۱/۲۷.
- دیدار لەگەڵ عومەر دزەیی، هەولێر، ۲۰۱۷/۱/۲۱.
- دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، هەولێر، ۲۰۲۰/۸/۲۳.

ملخص البحث

(عوني يوسف ١٩٠٨- ١٩٨٨ حياته ودوره السياسي)

تحاول هذه الدراسة البحث في تاريخ أحد الشخصيات السياسية والفكرية الكوردية التي كان لها دور مؤثر في مسار الحركة التحررية الوطنية في كوردستان العراق. إلا أنه لم يحظ بدراسة خاصة توثق تاريخه النضالي. لذلك جاءت هذه الدراسة لإنصافه.

تتكون هذه الدراسة من جزأين رئيسيين. خصص الجزء الأول لسيرة حياته ومميزات شخصيته ودوره في العديد من الوظائف والمناصب الحكومية. وركز الجزء الثاني على دوره السياسي ونضاله في الحركة التحررية الكوردية، ونشاطاته السياسية في الاحزاب السياسية الكوردية السرية والعلنية.

الكلمات الدالة : عوني يوسف، نضال، اربيل، السياسي، الثقافي.

Abstract

(Aouni Youssef 1908-1988: his life and political role)

This study attempts to explore one of the great Kurdish political and intellectual figures (Aouni Yusuf) who had a major role in the twentieth century in the development of the national freedom movement in Iraqi Kurdistan. As despite all these great accomplishments, he was not appreciated and recognized in the history of his nation, we have devoted this study to this topic under the title (Aouni Youssef 1908-1988, his life and his political role). Aside from the introduction, this study has two main parts. The first part is devoted to his biography, personality traits, and his role in many government jobs and positions. The second part focuses on the political role and struggle in the Kurdish liberation movement, and his political activities in the secret and overt Kurdish political parties.

Keywords: Aouni Youssef, Struggle, Erbil, Politcal, Cultural.

کردەیا پەیماندانێ د کورتە چیرۆکا باژێرێ ژێر زەمیندا

م. هـ: زیمار سەعدوڵلا محەمەد
پشکا زمانێ کوردی، کولیژا پەروەردە - ئاکرێ، زانکۆیا دهوک
zemar.mohammed@uod.ac

م. هـ: جیهان غیاث محێ **م: سلێمان هشیار محەمەد**
پشکا زمانێ کوردی، کولیژا زمانان، زانکۆیا دهوک
gihan.mihi@uod.ac sulaiman.hishyar@uod.ac

پوختە

پەیماندان کردەیەکا گرنگە ژ کردەییّن ئاخڤتنێ و بابەتەکێ گرنگ یێ پراگماتیکێیە، ئەڤ کردەیە زێدەتر پێگیرییا ئاخڤتنکەرییە بۆ ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانا کارەکی. ئەڤ ڤەکۆلینە ب ناڤونیشانێ (کردەییّن پەیماندانێ د کورتە چیرۆکا باژێرێ ژێر زەمین)دایە. د ئەڤێ ڤەکۆلینێدا هەوڵ هاتیە دان، کو کردەییّن پەیماندانێ ل دویڤ مودێلا (ئوستن)ی بهێنە بەحسکرن و ل سەر کورتە چیرۆکا (باژێرێ ژێر زەمین) یا (ئیسماعیل هاجانی)، بهێتە پراکتیککرن. ئارمانجا سەرەکی ژ ئەڤێ ڤەکۆلینێ ئەوە، کو هەر کردەیەکا پەیماندانێ د کورتە چیرۆکا ناڤبریدا بهێنە دەستنیشانکرن. دیسان کردەییّن پەیماندانێ یێن ڕاستەوخۆ و نەڕاستەوخۆ و شێوازێ ئاماژێ و ڕێژەیا ئەوان یا سەدی بهێنە دیارکرن . زێدەباری پێشەکی و ئەنجام و لیستا ژێدەران، ئەڤ ڤەکۆلینە ژ دوو پشکان پێکدهێت، پشکا ئێکێ هاتییە تەرخانکرن بۆ زاراڤ و تێگەهـ و تایبەتمەندی و ئەرکێن کردەیا پەیماندانێ، پشکا دوویێ هاتییە تەرخانکرن بۆ کردەییّن کردەیا پەیماندانێ ل دویڤ مودێلا (ئوستن)ی و ل سەر کورتە چیرۆکا ناڤبری هاتییە پراکتیککرن و ئامارا وێ هاتییە دیارکرن.

پەیڤێن سەرەکی: کردەییّن ئاخڤتنێ، کردەیا پەیماندانێ، کردەییّن کردەیا پەیماندانێ، کورتە چیرۆك.

پێشەکی

١- ناڤونیشانێ ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ب ناڤونیشانێ (کردەیێن پەیماندانێ د کورتە چیرۆکا باژێرێ ژێر زەمین)دا، هاتییە نڤیسین، کو تێدا هەول هاتییە دان تێگەهێ کردەیا پەیماندانێ بهێتە بەحسکرن و پاشی ل دویڤ مودێلا ئوستنی کردەیێن وێ هاتینە دیارکرن و ل سەر کورتە چیروکا باژێرێ ژێر زەمین هاتینە پراکتیککرن.

٢- ڕێبازا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ل دویڤ ڕێبازا وەسفی شرۆڤەکاری هاتییە ئەنجامدان و بۆ پراکتیککرن و دیارکرنا ئەنجامانژی پەنا بۆ شێوازێ ئاماریێ هاتییە برن.

٣- گرنگییا ڤەکۆلینێ:

گرنگییا ڤەکۆلینێ د ئەڤان خالێن خوارێدا دیار دبیت:

أ- ئێك ژ خالێن گرنگ یێن ئەڤێ ڤەکۆلینێ ئەوە، کو پەیماندان ب شێوەیەکێ بەردەوام و د ئاخڤتنا ژیانا مە یا ڕۆژانەدا ب شێوەیەکێ بەرچاڤ دهێتە بکارهینان زێدەباری وێ چەندێ ئەڤ کردەیە د ناڤ بەرهەمێن ئەدەبیژیدا دیاردبیت.

ب-دیسان ئێك ژ خالێن دیترێن گرنگییا ئەڤێ ڤەکۆلینێ دیاردکەت ئەوە کو پتریا کردەیێن پەیماندانێ ل دویڤ مودێلا ئوستنی هاتینە شرۆڤەکرن، کو ئەڤەژی ژ کردەیێن پەیماندانێ ل دویڤ هندەك مودێلێن دی جودا دکەت.

ت-ل دویڤ ئاگەهداری و زانیارییێن مە هەتا نووکە چ ڤەکۆلین ل سەر کردەیێن پەیماندانێ د زمانێ کوردیدا نەهاتینە نڤیسین و ب تایبەت ل دویڤ مودێلا ئوستنی.

٤- هوکارێن لوجیکییێن ئەنجامدانا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە هەولّددەت پەیماندانێ ل دویڤ کردەیێن پەیماندانێ شرۆڤە بکەت، داکو ئەنجامێن ڤەکۆلینێ دپوخت و دورد بن.

٥- شێواز و کەرەستێ ڤەکۆلینێ:

د ئەڤێ ڤەکۆلینێدا د پشکا تیوریدا نموونە ژ زمانێ کوردی ل دەڤ خەلکێ دهوکێ هاتینە وەرگرتن و د پشکا دوویدا واتە د پراکتیکییدا نموونە ژ کورتە چیروکا (باژێرێ ژێر زەمین) دا پەرتۆکا (نالینا کەمانجێ)دا یا نڤیسەر (ئیسماعیل هاجانی)، هاتییە وەرگرتن.

٦- پرسیارێن ڤەکۆلینێ:

ڤەکۆلین هەولّدەت بەرسڤێ ل سەر ئەڤان خالێن ل خوارێ بدەت:

أ- گرنگییا کردەیێن ئاخڤتنێ چییە؟

ب-کیژ کردەیێن کردەیا پەیماندانێ د کورتە چیرۆکا (باژێرێ ژێر زەمین)دا هاتینە بکارهینان؟

ت-ئایا کردەیا پەیماندانێ ب چەند شێوەیان دهێت، جورێن ئەوێ چنە؟

ث- کیژ جۆرێ کردەیێ، ڕاستەوخۆ یان نەڕاستەوخۆ پتر هاتییە بکارهینان؟

ج- کیژ کردەیا پەیماندانێ ئەوێن هاتینە بەحسکرن ب زورترین ڕێژە هاتییە بکارهینان؟

ح- کیژ کردەیا پەیماندانێ ژ ئەوێن هاتینە بەحسکرن ب کێمترین ڕێژە هاتییە بکارهینان؟

خ- ئایا د ئاخڤتنا مە یا رۆژانەدا جۆرێن کردەیا پەیماندانێ دهێنە بکارهینان و چاوا؟

٧- پشکێن ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ژبلی پێشەکی و ئەنجامان ژ دوو پشکان پێکدهێت پشکا ئێکێ ب ناڤونیشانێ، (کردەیا پەیماندانێ و جۆرێن وێ) و پشکا دوویێ ب ناڤونیشانێ، (کردەیێن کردەیا پەیماندانێ د کورتە چیرۆکا باژێرێ ژێر زەمین)دا ل دوماهیێ شێوەیێ ئامار و ڕێژا سەدی تێدا هاتییە دیارکرن.

پشکا ئێکێ

کردەیا پەیماندانێ و جۆرێن وێ

١-١ تیورا کردەییێن ئاخڤتنێ (Speech acts):-

تیورا کردەییێن ئاخڤتنێ بۆ زانایێ بریتانی جۆن ئوستن (J.L.Austin)ی ب تایبەتی سالا (١٩٦٢) دزڤریت و زانا سێریل (Searle)ی ل سالا (١٩٧٢)؛ بەژداری د بەرەڤ پێشبرنا ئەڤێ تیورێدا کرییە، (حسن، ٢٠١٦، ٣٩). بەلێ هزرا سەرەکی یا تیورا کردەییێن ئاخڤتنێ دزیڤریتەڤە بۆ (فیجنیشتاین)ی، کو گوتنێ ب کریار ل قەلەم ددەت، (صحراوي، ٢٠٠٥، ٢٤). ب شێوەیەکێ گشتی ل دەڤ ئوستنی زمان ب تنێ ئالاڤەك نینە بۆ وەسفکرن و ڤەگوهاستنا پەیامەکێ، بەلکو ئالاڤەکە بۆ ئاڤاکرنا جیهانێ و کارتێکرنێ لێبکەت، (ادراوي، ٢٠١١، ٧٧). ئانکو بابەتێ ڤەکۆلینێ ل دور هندێ دزڤریت کا ئەم چ کار د دەربڕیناندا دکەین کو ژ ئەنجامێ ڤێ چەندێ کردەییێن ئاخڤتنێ دروستدبن. ((کردەیا ئاخڤتنێ یەکەیەکا سەرەکییە بۆ گەهاندنێ و ئەوا مەبەست بیت د شیاندایە بێژیت. زێدەباری ئەڤێ چەندێ د شیاندایە ئەو چەندە بهێتە جوداکرن د ناڤبەرا ئەوا ئاخڤتنکەری و مەبەست بیت و ئەوا گوهدار تێدگەهیت و یاساییێن کونترۆلێ ل سەر ئەڤان ڕەگەزان دکەت)). (علی، ٢٠١٩، ٤٥٠).

ژ هەژییە بێژین ((فەیلەسوف و زمانڤانان هەتا دەوروبەرێن سالێن پێنجیێ ژ سەدێ بوری د ئەوێ باوەرێدابوون کو ئەرکێ ڕستەیا ڕاگەهاندن ئەوە وەسفا جیهانێ بکەت، بەلێ پشتی ئوستن هاتی ڕەخنەکا دژوار ل ئەوان گرت و ئەڤ چەندە ب هەلەیا وەسفی ناڤکر، چونکی ئوستنی گوت هەر ڕستەیەك د هەمان دەمدا چەند کردەیەکا ئەنجام ددەت)). (علی، ٢٠١٤، ١٩٩). ل ڤێرێ ئەم دشێین بێژین ئێك ژ ئەوان کردەیان کردەیا پەیماندانییە.

ل دەستپێکێ ئوستنی جوداهی د ناڤبەرا هەردوو زاراڤێن (وەسف) و (ئەنجامدان)ێ دیارکرن. کو ڕستەیا وەسفی ئەو ڕستەیە ئەوا ب وەسفکرنا ڕیدانەکێ یان حالەتەکی ڕادبیت بێیکو کردەیەکێ ئەنجامبدەت، بەلێ ڕستەیا ئەنجامدانێ ئەو ڕستەنە ئەوێن گوتن و کردەیەکێ د هەمان دەمدا ئەنجامددەن (ادراوي، ٢٠١١، ١٢).

کەواتە ئەم دشێین بێژین تیورا کردەیێن ئاخڤتنێ تێگەهێن ئەوان واتایانە ئەوێن ب دەوروبەریڤە گرێددەت.

١- ٢ گرنگییا کردەیێن ئاخڤتنێ:-

گرنگییا کردەیێن ئاخڤتنێ د ئەوێ چەندێدا بۆ مە دیار دبیت کو ((کردە قسەییەکان وەك لایەنێکی پراگماتیك ڕۆلّی کارای لە گواستنەوەی زانیاری لە نێوان نێرەر و وەرگردا بە شێوەیەکی ئاشکرا و نائاشکرادا هەیە. پێش ئوستن گوتن و قسەکان تەنها لە چوارچێوەی بۆتەی ڕێزمانی ناو وشە بەکارهاتووەکانی ڕستەکان زانیاری لێ هەڵدەهێنجرا و دوور لە بارودۆخ لێکدانەوەیان بۆ دەکرا، بەڵام کە ئوستن هات؛ پێی گوتین چوارچێوە و بارودۆخی گوتنەکە جۆری زانیارییەکەمان پێدەدات. بۆیە لە تیوری کردە قسەییەکان بارودۆخ بڕیار لەسەر گوتنێکی وەك: "ئەم چایە بە ڕاستی سارەدە" دەدات، ئەگەر ئەم گوتنە لە وەرزی زستاندا بگوترێت، ئەوا بە واتای (گازندەکردن) دێت، بەڵام ئەگەر لە وەرزی هاویندا ئەم گوتنە دەربڕدرێت، ئەوا واتای (پەسەنکردن) دێت))، (یولّ، و: سورخی، ٢٠١٦، ٨٤). ژبەرهندێ لێکدانەڤەیا واتا و مەبەستا کردەیا ئەوێ گوتنێ، پێدڤییە پشت ب ئەوی بارودوخی ببەستیت ئەوێ تێدا دهێتە گوتن، بۆ نموونە؛ (("جگەرە ناکێشی" ئاخێوەر جگەرە کێشە و بە وەرگر دەڵێت: جگەرەیەك ناکێشی. مەبەستی ئاخێوەر زانیاری پەیداکردن نییە داخوا وەرگر جگەرە دەکێشێ یان نا کێشێ؛ بەڵکو مەبەستی ئەم گوتنە ئەوەیە؛ من

جگەرەیەك دەکێشم و فەرموو تۆش ئەو جگەرەیە بکێشە.))، (حوسێن، ۲۰۲۱، ٥٦).

ب ئەڤی شێوەی ئەم دبینین کو مەبەست ژ بکارهینانا هەر گوتنەکێ پشت ب ئەوی بارودوخێ ئاخڤتنکەر و گوهدار تێدا گفتوگوێ دکەن دبەستیت. کەواتە ل ڤێرێ بۆ مە گرنگییا کردەیێن ئاخڤتنێ دیاردبیت ب ئەڤی شێوەی، کو چێدبیت ((گوتنێك لەوانەیە مەبەستی ڕاسپاردن، ڕاگەیاندن، هەڕەشەکردن، زانیاریدان، پرسیارکردن، فەرماندان، دڵنیاکردن، بەڵێندان و دەیان مەبەستی دیکە بەکاربێت، بۆیە گرنگیی کردە قسەییەکان پێمان دەڵێت؛ دەبێت جیاوازی لە فۆرمی دەربڕین و مەبەست لە دەربڕین یان گەیاندنی مەبەست بکەین))، (تەوفیق، ۱۹۹۵، ٤٠).

۱-۳ چەمك و زاراڤێ کردەیا پەیماندانێ:-

هەژی ئاماژەپێکرنێیە، کردەیا پەیماندانێ پێخەمەت نیشاندانا هەستێ خویە، کو مرۆڤەکێ خەمخۆر و باشە دبیت پەیماندان یا ئەرێنی بیت ئانکو دەربڕینێ ژ نیاز و مەبەستا ئاخڤتنکەری یا خێرێ بکەت و دبیت پەیماندان یا نەرێنی بیت، ئانکو کەرب و کین و زڤریا ئاخڤتنکەری نیشان بدەت، هەروەسا چێدبیت پەیماندان یا ڕاستگۆبیت واتە نیازا جێبەجێکرنا سوز و پەیمانا خۆ هەبیت و دبیتژی یا هەلە بیت ئانکو ب تنێ گوتنەك بیت و نیازا جێبەجێکرنا ئەوێ نەبیت.

د فەرهەنگا (The Word Book Encyclopedia Dictionary) زاراڤێ (پەیماندان- Promise) پەیڤەکە دهێتە گوتن یان نڤیسین ، کو کەسەکی پێگیر دکەت ب تشتەکێ ڕابیت یان ڕانەبیت (علی ۲۰۲۰، ۲۳۸- ۲۳۹). هەروەسا د زمانێ عەرەبیدا بۆ ئەڤی زاراڤی پەیڤا (تعهد) دهێت، کو بەرامبەری وێ د زمانێ ئینگلیزیدا پەیڤا (Promise) دهێتە بکارهینان،

(https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%AA%D8%B9%D9%87%D8%AF/)

بەلێ د زمانێ کوردیدا بەرامبەر ئەڤان زاراڤان زاراڤێ (سوزدان) یان (پەیماندان) دهێتە بکارهینان.

واتە پێدڤییە ئەوێ چەندێ بێژین ، کو د شیاندا نینە ڕەفتارا پەیماندانێ د جڤاکەکیدا ب ئەوێ هزرێڤە بهێتە پابەندکرن، کو یا ڕاستە یان ڕاست نینە، ل جهێ هندێ پێدڤییە هویربینکرن ل سەر پەیماندانێ بهێتە کرن ، ئەوژی ل ژێر هژمارەکا هۆکارێن جڤاکی و دەروونی، کو هندەك خالان پەیوەندی پێڤە هەیە وەکی: (حەز و ئارەزوویێن هەڤپشکێن ئاخڤتنێ و ژینگەها هەڤپشکێن ئاخڤتنێ)،(Ariff and Mugableh, 2013 ,248). واتە پەیماندان یا پێگیرە ب ئەوی دەروبەریڤە ئەوێ ئاخڤتن تێدا هاتییە گوتن و ئەو ژینگەها تایبەت ب ئاخڤتنکەری و گوهداریڤە.

١- ٤ پێناسەیا کردەیا پەیماندانێ:-

سەبارەت پێناسەکرنا کردەیا پەیماندانێ، ئەوژی وەکی پترییا دیاردەیێن زمانی ب چەندین شێوازان و ژ لایێ چەندین پسپورانڤە هاتییە ناساندن ل خوارێ دێ بەحسێ هندەك ژ ئەوان پێناسەیان کەین:

ب دیتنا (جۆن ڕاولس)ی پەیماندان پێڕابوونەکە، کو سیستەمێ ڕێزمانێ ب دەستنیشانکرنا وێ ڕادبیت و یاسایا ئەوێ یا سەرەکی ئەڤەیە: (ئەز سوزێ (پەیمانی) ددەم، ..... بکەم) ئەڤجا ل دەمێ کەسەك د دەوروبەرەکێ گونجایدا ئەوێ دەربڕینا ل سەری بێژیت، ل وی دەمی خودانێ پەیمانی دڤێت ئەوی کاری ئەنجام بدەت، ئەگەر چ مەرجێن لیبورینەکا دیارکری ب دەست خوڤە نەهینیت و ئەو دیاردکەت پێڕابوون ب پەیماندانێ ژ سیماییێن دادپەروەرییێنە (Rawls , 2009 , 346).

هەروەسا د فەرهەنگا (The Random House Dictionary)دا دەربارەی پێناسەیا پەیماندانێ وەسا دیار دکەت، کو ڕاگەهاندنەکە دێ ب تشتەکی ڕابیت یان پێ ڕانابیت. هەر وەسا د فەرهەنگا (The Longman Dictionary of Contemporary Englishدا دەربارەی پێناسەیا پەیڤا پەیماندان دبێژیت: پەیماندان ڕۆنکرنە، کو مافی ددەتە کەسەکێ دی باوەر پێ بکەت و پشتبەستنێ ل سەر بکەت، کو کەسەك دێ تشتەکی کەت یان ناکەت یان دێ تشتەکی دەت یان نادەت ...هتد، (علی ۲۰۲۰ ، ۲۳۹) .

دیسان ل دەمی دابەشکرنا کردەیێن ئاخڤتنێ بۆ سەر چەند جۆران ژ لایی ئوستنیڤە ب ڤی شێوەیی پەیماندان دایە نیاسین ، کو کردەیەکە ئاماژێ ب پێگریکرنا ئاخڤتنکەری ب ئەنجامدانا کارەکی ددەت ، هەروەکو ئەو کردە ڕوونکرنەك بیت، ل دور دیتن و ئارەزوویا ئاخڤتنکەری، وەکو: (بەلیزان، ڕژدبوون، سویندخارن)، (بوقرە، ۲۰۰۹ ، ۹۰).

ل دوماهیێ ئەم دشێین بێژین، کو پەیماندان کردەیەکە ئارامیێ ل دەڤ گوهداری پەیدا دکەت بۆ پشتراستبوون ژ ئەنجامدانا کارەکی یان ئەنجام نەدانا ئەوی کاری ئانکو ئەم دشێین بێژین جۆرە پشتراستییەکێ ل دەڤ وەرگری پەیدا دکەت ب چەندین شێوازان، وەکو: (سویندخارن، ڕازیبوون، سوزدان،... هتد)، (علی، سلیمان، ۲۰۲۰ ، ۳۲۱).

- **سویندخارن: ئەز سیندخوم بۆ تە پەرتووکەکێ بکرم.**
- **سوزدان: ئەز سوزێ دەمە هەوە ئێدی مافێن هەوە نەهێنە پێشێلکرن.**
- **ڕازیبوون: ئەز یا ڕازیمە سوباهی ل گەل تە بهێمە بازاری.**

۱- ۵ تایبەتمەندییێن کردەیا پەیماندانێ:-

پەیماندان وەکو هەر کردەیەکا دی یا ئاخڤتنێ یان زمانی چەندین تایبەتمەندی و ساخلەت هەنە، ل خوارێ دی هەولّدەین هندەك ژ ئەوان تایبەتمەندییان دەینە دیارکرن :

١- کردەیا پەیماندانێ هاریکارە بۆ وەرگرتنا ڕێکێن تێگەهشتنێ ئەوێن پشتبەستنێ ل سەر پەیماندان و خەلات بەخشین و یاسایان دکەن، (عبدالجلیل، ٢٠٠٦ ، ١٩٣).

٢- کردەیا پەیماندانێ ڕوونکرنەکە ل دور دیتن و حەز و ئارەزوویا ئاخڤتنکەری، (Austin,1962,148)

٣- کردەیا پەیماندانێ ڕادبیت ب ئەنجامدانا کارەکی و کومەکا ئەرکان د ناڤ دەوروبەرەکێ دیارکریدا دروستدکەت، (عبدالسلام ، ٢٠١٤ ، ١١٤).

٤- ئێك ژ ئەوان کردەیانە، کو واتا و دورهێلی پێکڤە گرێدەت، (ارمینکو، ت: علوش ١٩٨٦، ٨).

٥- پەیماندان وەکو کردەیێن وی ب دوو شێوەیان دیاردبیت ئەوژی پەیماندانا ڕاستەوخو و پەیماندانا نە ڕاستەوخو، (علی، ٢٠٢٠ ، ٢٤٠).

٦- پەیماندان بەلێندانەکە ژ لایێ ئاخڤتنکەریڤە بۆ گوهداری و مەرجێن ڕاستی و نەڕاستیێ تێدا نینە، (بلخیر، بوعیاد ، ٢٠١٢ ، ٤٨).

٧- سپاردن و ڕووهنکرنە ژ بۆ ئەنجامدانا کارەکی وەکی (سوزدان ، سویندخارن، ... هتد)، (علی، کوچەر، ٢٠٢١ ، ٢١).

١-٦ ئەرکێن کردەیا پەیماندانێ:-

دبیت پەیماندان شێوەیێ سویندخوارنێ وەربگریت یان پەیمانەکا مەرجدار یان سوزەکا ژ ئێك پەیڤێ پێکهاتی بیت. زێدەباری ئەوێ چەندێ پەیماندان کۆمەکا ئەرکان د ناڤ ژینگەها جڤاکیدا دگێریت، ئەوژی ئەڤەنە:

أ- ڕازیکرن.

ب-ئارامکرنا مێشکێ گوهداری.

ت-ڕازیکرنا کەسان.

ث-دەربڕینێن ژ ڕازیبوون و ڕەتکرنێ.

ج- هاندانا کەسان ژبۆ دویڤچوونا ئەوان تشتێن ئەوان دڤێن، (عەلی، ۲۰۲۰، ۲٤۰ - ۲٤۱).

۱-۷ پەیماندان وەکو کردەیەکا ڕاستەوخۆ و نەڕاستەوخۆ:-

پەیماندان وەکو هەمی کردەیێن دی ب دوو شێوازان دیاردبیت ل خوارێ دێ بەحسێ ئەوان شێوازان کەین:

۱-۷-۱ پەیماندان وەکو کردەیەکا ڕاستەوخۆ:

د ئەڤێ پەیمانێدا دەربڕین و نواندنەکا ڕوون و ئاشکرا هەیە ، کو دەربڕینەکا ڕاپەڕاندنی یان فۆرمەك تێدا هەیە کو شێوەیەکی دروست و تمام، کردەیا پەیماندانێ ئەوا دهێتە ئەنجامدان ڕۆن و دیاردکەت کو باراپتر ل سەر ئەڤێ یاسایایێیە:

(ئەز سوزێ (پەیمانێ) ددەم ....)، (علی، ۲۰۲۰ ، ۲٤۰)

واتە د ئەڤی جۆرێ کردەیێدا ((چەند تایبەتمەندییەك هەیە دەبێت لە گوتنەکەدا بەرجەستە بێت، وەك:

أ- کردە قسەیەکە دەبێت کارێکی ڕاگەیاندنی (ڕاپەڕاندن)ی تێدا بێت و لە تافی ئێستادا بێت، وەك: گفت دەدەم، بەڵێن دەدەم، پەیمان دەدەم... هتد.

ب- لەو جۆرە ڕستانەدا دروستی و نا دروستی نایەت، لەبەر ئەوەی ڕستەکە وەسفی نییە، تەنیا نرخیان بۆ دادەنرێت؛ واتە ڕستەکە بەجێیە یان نا بەجێیە.

ت- بکەری ڕستەکە دەبێت کەسی یەکەمی تاك یان کۆ بێت.))، (فتاح، ۲۰۱۱، ۲۰۹-۲۰۱۰).

واتە د ئەڤێ شێوازێ پەیامێدا ب دروستی فۆرمەکێ پەیمانێ پێدڤیە تێدا دیاربیت، کو شیوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییا بجهێنانا وێ ل دەڤ گوهداری پەیدا دبیت ب تمامی گوهدار هەستێ بجهێنانا ئەوی ب ڕێکا وان فۆرم و هیمایان ل دەڤ خۆ پەیدا دکەت، بۆ نموونە :

- **ئەز پەیمانێ ددەمە هەوە و ددەمە هەمی گەلێ کوردستانی، موساوەمێ ل سەر مافێن خۆ و یێن گەلێ خۆ نەکەین.**

د ئەڤێ نموونەیا ل سەری دیار ، پەیمانەکا ڕاستەوخۆ ب گەلێ کوردان هاتییە دان ئەوژی ب ڕێکا ب کارهینانا یاسایا (ئەز پەیمانێ ددەم).

۱-۷-۲ پەیماندان وەکو کردەیەکا نەڕاستەوخۆ :

د ئەڤی جۆرێ پەیماندانێدا نواندنەکا ڤەشارتی هەیە و چ فۆرم یان پەیڤ و هێمایێن پەیماندانێ د ناڤ گوتنێ یان پێکهاتەیێدا نینن، بەلکو دەربڕینا نواندنێ د گوتنێدا هەیە و ب ناڤێ هێزا ب دەستڤەهێنانێ د گوتنێدا دهێتە ناڤکرن، (علی، ۲۰۲۰ ، ۲٤۰).

نەشیدی میلّییان لاهووتییە قووتی دڵ و گیانە
هیوام پێیانە ئەم دەستە کوڕانە مەشخەڵێ هەڵکەن
لە تاریکی نەزانیندا بە زانستی وەتەن دەرکەن

(هاوار، ٢٠٠٧، ٦٧-٦٨)

گەڕانەوەی حاجی تۆفیق هەروا بڕیارێکی سەرزاری و کوتوپڕ نەبوو، بەڵکو لەدوای بیرکردنەوە و تێڕامان و شڕۆڤەکردنی بارودۆخی ئەوسای وڵاتی غوربەت و کوردستان لەلایەك و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو سەرمایە و گەنجینە مەعریفییەی لە تورکیا بەدەستی هێنابوو، لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموونی پێشکەوتووی کارکردن لە بواری نووسین و کاری چاپ و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێب و...تاد. بە کورتی پیرەمێرد بە کاملّی و بە

پڕۆسەیەکی گەڵاڵەکراوی مەعریفی و ڕۆشنگەرییەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانیی پایتەختی ڕۆشنبیری.

کۆچی شێرکۆ بێکەس؛ گەشتی شیعریی نوێی کوردی

هەرچەندە سەرەتا، کە وشەی کۆچ دەبیستیت، گوێ بۆ بەسەرهاتی کۆچکردنی کەسێك دەگریت، چەمك و مانایەکی نەگەتیف لە ئەندێشەدا خۆی دەنوێنێت، بەتایبەتی ئەگەر نەگوترێت هەمووی، ئەوا زۆربەی زۆری کۆچکردنەکان لە ژیاننامەی کورداندا لایەنی نەگەتیف و ڕەشبینی و ڕەوتی ژیانی کۆچبەر بەرەو هەڵدێرو نوشوستی بووە! بەڵام بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەم سەردەمەی کورد، (شێرکۆ بێکەس ١٩٤٠-٢٠١٣) دەکرێت بە گەشتنامە و کرانەوەی دەروازەیەکی بەختەوەری لەژیانی شاعیردا و لە گەشەی شیعری کوردیدا دابنرێت.

شێرکۆ بێکەس دوای ئەوەی ماوەیەك لە سەرەتای سالاّنی هەشتاکانەوە، لەناو شۆڕشی نوێدا، بەشداری کردووە و وەك شاعیرێکی چالاك و کاریگەر و نووسەری وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شاخ و لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستاندا کاری کردووە. لە (کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ دا لەسەر پێشنیازی هاوڕێ و ناسیاوەکانی، وەك کاك عومەر عەبدوڵا و مام جەلال و نەوشیروان مستەفا، کە ئەو کەسایەتیانە بەلایانەوە وا باش بووە، کە شێرکۆ بێکەس بچێتە دەرەوە بۆ ئەوروپا، لە ڕێگای ئێرانەوە بە فڕۆکە دەگاتە شام (دیمەشق) و دوای چەند مانگێك، بەهۆی هەوڵی نوێنەری (ی.ن.ك) (ئەحمەد دەرویش)ەوە و بەهاوکاری ڕێکخراو و ئەندام پەرلەمانێکی حیزبی سەوزەوە فیزەی ئیتالیای بۆ وەردەگرن، هەر بە فڕۆکە دەگاتە ئیتالیا و لە فڕگەی نێودەوڵەتی ڕۆما ئەنیشێتەوە) (بێکەس،٢٠٠٥، ٣٦٠ / ٣٦٦ /٣٣٤).

جگە لە کەسە ناودار و زۆر بەناوبانگەکانی جیهان، چ کەسێکی دیکە هەیە بە تایبەت لە نەتەوەیەکی شاخاوی پەراوێزخراوی وەك نەتەوەی کورد بێت و پێش کۆچی خۆی و دەرچوون لە وڵاتەکەی ناو و ناوبانگ و بەرهەمە شیعرییەکانی بە دونیای دەرەوەدا بڵاوببێتەوە؟ و بکرێت بە چەند زمانێکی ئەوروپایی؟ ئەوە تەنیا شیعری کوردی شێرکۆ بێکەسە پێش خۆی دەگاتە دەستی چەند کوردێکی بەتوانای زمانزان لە ئیتالیا و بە هاوکاری دۆستە ئیتالییەکانیان وەریانگێڕابوو بۆ زمانی ئیتالی.

هەر لە فلۆرەنسای ئیتالیاوە گەشتی شیعر و گەشتی شاعیرێکی کورد دەستپێدەکات و شیعری کوردی بە دونیای ئەدەبی ئەوروپایی دەناسێنێت. ئیدی دەروازەی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بەرەوڕووی ژیانی شێرکۆ بێکەس، وەك تاکێکی کورد، بەهۆی شیعرەکانی و ئاستی زمان و ئەدەبی کوردی و بارودۆخی نەتەوەی کوردەوە دەکرێتەوە و ڕۆژبە ڕۆژ ئاسۆی ژیان شاعیر و گوڕوتینێکی نوێی دەدایەوە بە جەستەی شاعیر و بەرهەمی ئەدەبی و شیعری کوردی دەگەشاندەوە.

کۆڕی شیعرخوێندنەوە و پشتگیری لە مەسەلەی ڕەوای کورد

یەکەم کۆڕی شیعر خوێندنەوە لە شاری فلۆرەنسا بووە، بۆ یەکەم جار بوو لە فلۆرەنسا و ئیتالیادا کۆڕی لەم جۆرە بۆ شاعیرێکی کورد، ببەستریێت شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (ئێمە چوارکەس بووین "گابریل"و شاعیرێکی ئیتالی باریکەلەی سەر ڕووتاوە کە بە مەزەندە هەر لە سییەکانی تەمەندا ئەبوو. کاك "ئەحمەد دەرویش" و من. ئەو هونەرمەندانەی لە فلۆرەنسا ئەژیان ئامادەبوون. هەروەها بەشێکی لەبەرچاوی ئەو عەرەبە عێراقیانەی لەوێ دەژیان. بیرمە هونەرمەند کاك "عەتا قەزاز " بە کامێرایەکی ڤیدیۆوە هاتوچۆی ئەکرد و چاوی

هەر بەکامێراکەوە بوو. ئەو شریتی ڤیدیۆیەم تا ئێستاش ماوە لە سویدە. بەشێکی زۆری ئەم ئێوارەکۆڕە بۆ ئیتالییەکان بوو، بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی سەوز و چەپەکان. یەکەم قسەکەر "گابریل " بوو وتەکەی نزیکەی بیست دەقیقەیەکی خایاند و بەگەرمی بەخێرهاتنی منی کرد. ئینجا هاتە سەرئەوەی کە گەلی کوردستان گەلێکی دێرینە و بەڵام بەردەوام لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە چەوسێنراوەتەوە، کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، گابریل پشتگیری خۆی و حیزبەکەی بۆ مەسەلەی ڕەوای کورد دەربڕی. باسی جارنامەی مافی مرۆڤی کرد.

بۆ ڕۆژی دوایی چەند ڕۆژنامەیەکی فلۆرەنسا هەواڵی کۆڕەکەیان بڵاوکردبۆوە. ڕۆژنامەیەکیان دووسێ پارچەی لە شیعرەکان وەك نموونە بڵاوکردبۆوە، یەکێکی تریان وتاریکی لە سەر کێشەی کورد لە عێراقدا نووسیبوو) (بێکەس، ۲۰۰۵، ۳۷۰-۳۷۷)

بۆچی خەڵاتی (تۆخۆلسکی) بە شێرکۆ بێکەس بەخشرا؟

پێش ئەوەی باسی وەرگرتنی خەڵاتەکە بکرێت، پێویستە زانیارییەکی کورت لەسەر نووسەری گەورەی ئەڵمان تۆخۆلسکی و خەڵاتەکەی بخرێتە ڕوو. نووسەری ئەڵمانی "کورت تۆخۆلسکی" (۱۸۹۰- ۱۹۳۵ Kurt Tucholsky) یەکێکە لە ناودارترین ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیری لیریك و تەنزنووس، ئەڵمانێکی بە ئایین جوو بووە، جگە لەوەی بە ناوی خۆیەوە بەرهەمەکانی دەنووسی، لە سەردەمی ڕژێمی هێتلەری نازیدا بە چەند ناوێکی خوازراوەوە، وەکو Kasper Hauser , Peter Panter و چەند ناوێکی دیکەوە نووسینەکانی بڵاودەکردەوە، چونکە بیروباوەڕی مرۆدۆستی و دژەشەڕ و جەنگی هەبوو، هەمیشە بەرامبەر بیرە سەربازی و کردە عەسکەرتاریەکان دەوەستایەوە.

(ساڵی ١٩٣١ نووسیویەتی: "مرۆڤ هەرگیز هەوڵی نەداوە بەجدی دژایەتی جەنگ بکات، هەتا ئێستاش دەرگای هەموو قوتابخانە و کەنیسە و مزگەوتەکان، سینەما و میدیاکانی لە بەردەم پرۆپاگاندەی جەنگدا دانەخستووە، پەروەردەکردنی مرۆڤ لە کەشوهەوای شەڕ و جەنگدا مەترسیدارترە لە خودی جەنگ) (مەنمی، Xendan.org) تۆخۆلسکی لە ئەڵمانیا دەرباز دەبێت و لە سوید لە شاری یۆتۆبۆری دەژی و دوای ماوەیەك نەخۆش دەکەوێت، واز لە نووسین دەهێنێت ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەبێت و دواتر دەیبەنەوە بۆ شوقەکەی خۆی، چارەسەری وەردەگرێت، شەوێك لەبەرئەوەی بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە باری دەروونی تێکدەچێت و حەبێك زیاتر دەخوات لەوەی کە بۆی دیاریکراوە، دوای دوو ڕۆژ دەیبەنەوە بۆ نەخۆشخانە و پاش هەفتەیەك لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی دەکات، هەندێك هەواڵی نادروست و ناڕاست بڵاودەبێتەوە، کە خۆی کوشتووە، بەڵام وانەبووە.

لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە لە سوید خەڵاتی تۆخۆلسکی دەبەخشرێت بەو نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانەی، کە لە وڵاتی خۆیان دژی جەنگ و ستەمی داگیرکاری خەباتیان کردووە و لەدەست ڕژێمە زۆرداڕەکاندا هەڵهاتوون و ئاوارە دەبن و لە تاراوگە دەژین. بەو هۆیەوە کە شێرکۆ بێکەس تەواوی ئەو مەرجانەی تێدا بووە و شاعیرێکی ناودار بووە، ئەو خەڵاتەی پێدەبەخشرێت.

شیعری (جودایی) و بەرنامەی خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

شێرکۆ بێکەس لەبارەی خوێندنی پارچە شیعرێکییەوە لە بەرنامەی خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەنووسێت (هەر لە ساڵی ١٩٨٨ دا بوو، شیعری جودایی-م کەوتە ناو بەرنامەی خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەداوە، لە ئەنتەلوگیای ئەو بەرنامەیەدا لاپەڕەیەکیان بۆ

تەرخانکردبووم. جگە لە دەقی شیعرەکەیش، پێشەکییەکی چەند دێڕیشیان سەبارەت بەناسینی گەلی کورد نووسیبوو، ئەوەندەی ئاگاداریش بم تا ئێستاش ئەو بەرنامەیە هەروەکو خۆیەتی و بەردەوامە.) (بێکەس، ٢٠٠٥ ، ٤٨٢)

خۆشگوزەرانی و دەردی دووری نۆستالۆژیا

ڕاستە شێرکۆ بێکەس، کەسێکی ناودار و دیار بوو لە ناوەوەی کوردستان و تەنانەت لەلای زۆربەی زۆری کوردانی دانیشتووی دەرەوەی کوردستان و ئەوروپا، ئەمە جگە لەوەی لەلای بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان شوێن و ئاستێکی بەرز و لەبەرچاوی هەبوو. هەر ئەو هۆکارانە بوون ئاسانکارییان بۆ دەڕەخساند لە کۆچە (گەشتەکەیدا)، کە تاڵی و سوێرییەکی ئەوتۆی نەچەشتووە. بەڵام ئایا ئەو خۆشی و شادییەی کە لەسەرەتای چەند هەفتە و مانگی یەکەمدا، لەژیانیدا هەیبووە بەردەوام بووە؟ بەتایبەت بۆ شاعیرێکی هەستناسك و ڕۆحگرێدراو بە خاك و نیشتیمان و مااڵومنداڵ و هاوڕێ پێشمەرگەکانی و تەنانەت تاك بەتاکی گەل و نەتەوەکەی، بە ئاسانی لەبیر دەکرێت و شێرکۆ بێکەس دەتوانێت دەردی دووری و غوربەت فەرامۆشکات؟ نەخێر لای ئەم زووتر و خێراتر لە کەسانی ئاسایی ئەو دیاردانە لە ناخیدا هەڵدەقوڵێت و بەڕووی ژیانییەوە دەردەکەوێت (من هەتا مانگێ و دوای ئەوەی ئیتر تونێلبان و شوێنەکان شارەزابووم و ئەمتوانی خۆم بەتەنیا بچمە دەرەوە، خۆم بەتەنیا بگەڕێم، شتێك لە غەریبی خۆم بیر چووبۆوە. بەڵام دوای ئەوە ئیتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وام هەست ئەکرد، من کەوتوومەتە بیابانێکەوە و بە چواردەوری خۆمدا ئەسووڕێمەوە و چاو بۆ وڵات و هاوڕێکانی کوردستانم ئەگێڕم و بەڵام کەس نابینم! لە سەرابێکی دوور زیاتر. هەرکەسەو خەریکی کاری خۆیەتی و نزیکترین ناسیاویشت ناتوانی ببینی... بە هەزاران کەس ئەبینی

و هیچیان ناناسی. یەکێك نییە سڵاوی لێ بکەیت و یان سڵاوت لێ بکات ! ئا لەو ساتە وەختانەدا وام هەست ئەکرد. من بزربووم و ڕێبوارێکی وێڵم و ئامانجێك نییە ڕووی تێ بکەم.) (بێکەس،٢٠٠٥، ٤١٤)

سەرەتای ئەم ژیانی غوربەت و تاراوگەیە وەك بەنجی پێش نەشتەرگەری وایە خەوێکی خۆشە بێ ئەوەی هەست بە ئازارەکانی پرۆسەی سەرهەڵگرتن و کۆچەکەت بکەیت! سەیرە بۆ هەندێك کەس تا کۆتایی ژیانیان لە دووڕەوڵاتیدا بژین، هەر بەڵایانەوە خەونێکی خۆش و پڕ تاموچێژە!. هەردەم بادەی خۆشی دەنۆشن و مەستی و خەیاڵ بەریان نادات. هەرچی کەسانێکی دیکەش هەن وەك شێرکۆ بێکەس، هەموو دیمەنێکی ئەو ژیانە و جەستەی لە خەیاڵدا کۆدەکاتەوە، تووشی هەموو جۆرەکانی نامۆیی و دەردەدووری دەبێت، لە لایەك نەستەلۆژیای شوێن و جوگرافیا لەلایەك دووری لە کەس و دیار و نادیار... (من هەر خەیاڵم هەیە و بەڵام خەیاڵ جەستە نییە. غوربەت؛ دوورکەوتنەوەی جەستەیە لەو شوێن و کەسانەی تۆ خۆشت ئەوێن و بەڵام نایانگەیتێ "چل و حەوت" ساڵ بوو هەموو ڕۆژێ، هەموو سەعاتێ، هەموو دەقەیەك، خاك و خۆڵێکم بۆن ئەکرد، کە لە هیچ شوێنێکی تری ئەم دنیایەدا بۆنی ناکەم... هەموو ڕۆژێ سڵاوم لە هەزار درەختی خۆشەویست ئەکرد و ئەوانیش سڵاویان ئەکرد، بەڵام ئێستە درەختێك نییە بمناسێت. غەریبی ونبوونە و هیچی تر، من وەك شاعیرێك تەماشای غەریبی ئەکەم، نەك وەك باسکارێ بە مەنتیقی عەقڵی. من هەستم بیر ئەکاتەوە و ڕائەمێنێ و بڕیار ئەدات بەر لە عەقڵم!) (بێکەس، ٢٠٠٥، ٤٧٥)

با بزانین شێرکۆ بێکەس چۆن باسی چەمکی نیشتیمان دەکات لەلای ئەو نەوانەی لە تاراوگە لەدایك دەبن و گەورە دەبن، (نیشتیمان واتە ئەو شوێنەی کە منداڵیت و بیرەوەریت و خۆشەویستەکانت نەخشەی بۆ ئەکێشن ئەگەر ئەوانە

نەبوون. نیشتیمان ئەبێتە تارماییەك و هیچی تر، ئەو منداڵەی لە هەندەران لە دایك دەبێ و گەورەدەبێت لەگەڵ کلتووری تردا تێکەڵ ئەبێت هەرگیز ئەو شەوق و سۆز و حەز و بیرکردنەی بۆ نیشتیمانی دایك و باوك و باپیرانی نابێت) (بێکەس،٢٠٠٥، ٦٥٠) هەر لەسەر غوربەت دەڵێت: (ئەم غوربەتە بەدرێژایی وەخت لەگەڵتا ئەبێت و وەك سێبەرەکەت بەردەوام لە تەکتایە. هەتا لە تەمەنێکی هەڵکشاوتریشدا ئەم دابڕانە ڕووبدات، بیرکردنەوەکە، یان سۆزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چڕتر ئەبێتەوە.) (بێکەس، ٢٠٠٥، ٦٥١) بەو شێوەیە گێڕانەوە و تۆمارکردنی ژیاننامە و بیۆگرافیای شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە تاراوگە و وڵاتانی ئەوروپا بوو بە مێژوویەکی دیاری خودی شاعیر خۆی و هاوکات بەشێکی گرنگ و پرشنگداریشە لە ئەدەبی کوردی و شیعری هاوچەرخی کوردی لە تاراوگە.

ئەنجام

١. زۆر لە شاعیرانی کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان باسیان لە کۆچ و بەجێهێشتنی وڵاتیان کردووە، لە هەندێك پارچە شیعری مەولانا خالیدی نەقشبەندی و نالی و سالم و کوردی و مەحوی و حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و...هتد دا ئەو بابەتە مێژووییانە بەدیدەکرێن.

٢. یەکەم کۆچی مەولانا بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی بەرز لە تەسەوف و ئیرشاددا بەتایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی و شارەزایی لە تەریقەت و ڕێبازەکانی دیکەی تەسەوفی قادری و سوهرەوەردی و کوبرەوی و چەشتی بووە.

٣. ناووناوبانگی مەولانا خالید لەپاش گەڕانەوەی، جۆرێك لە وڵاتانی دووریشەوە زانایان و گەورە پیاوان دەهاتن بۆ زیارەت و بەهرەوەرگرتن لە دیداری. کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە بایسی ئێرەیی پێبردن و هەڵگیرسانی ئاگری حەسادەت و کەسانی دووزمان و فیتنەگێڕ دەکەونە نێوان ئەو و شیخانی سەر بە سۆفینیزمی قادری. ئەوەندەی تر ئەو ئاگری ناحەزیی خۆشدەکەن، مەولاناش لەبەر کوژاندنەوەی ئەم

ئاگرە و لە پێناوی بەرەودانی زیاتر بە پەیامەکەی دوای شەش ساڵ ئیرشاد لە سلێمانی ڕۆژی ٢٥ /١٠ / ١٨٢٠ ی زاینی ڕووەو بەغدا کۆچ دەکات.

٤. ئەو پارچە شیعرانەی نالی، لە ولّاتی عەرەبی سعودی و لە غوربەتدا نووسیویە، سەرتاپای شیعرەکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە نالی هەست و سۆزی دەروونی لە یاد و بیرکردنەوەدا بووە بۆ ماڵ و خانوو و داروبەردی شارەزوورەکەی، بۆ هەموو جۆرە شوێنێك، نالی لە ئاوارەییدا خۆی وەك نامۆیەك دەبینێتەوە و تووشی دەردی دووری و نەستالۆژیای شوێن و جێگای خۆی بووە، سۆزی خۆی بۆ گەڕانەوەی بۆ ژینگەکەی دەردەبڕێت.

٥. ئاسۆی بیری حاجی قادری کۆیی لەو کاتەدا فراوانتر بوو، کە ولّاتی خۆی بە جێهێشت و ڕووی کردە ئەستەموڵ. هۆی کۆچکردنی حاجی ئەوە بووە، بیروباوەڕە تەنویرییەکانی لەگەڵ چاکە و بەرژەوەندیی کاربەدەستانی مەڵبەندی خۆی ڕێك نەدەکەوت.

٦. حاجی قادر لە غوربەتدا، چ بە بیرکردنەوەی چ بەخەون و خەیاڵ، لە گەڕانەوەدایە بۆ هەموو بوونەکانی پێشووی، (حاجی قادر لە گەڕانەوەیدا بۆ ڕابردوو هەمیشە شوێنی خودی و تایبەت، بەسەردەکاتەوە و ناوی کەسان و ئەو جێگایانە دەهێنێت، کە بۆ ئەو پڕکەرەوەی ئەو بۆشاییانەن کە لە ژیانی غەریبیدا تێی کەوتووە).

٧. پیرەمێرد، هەرچەندە لە ولّات و زێدگەی خۆی دوورکەوتووەتەوە و لەزۆربەی ئەو شارانەی لە ولّاتی عوسمانی ژیاوە، وەك ئاوارە و کۆچبەرێك نەژیاوە! بگرە نەك هەر بەتەنیا وەك هاوولّاتیەکی ئەوێ، بەڵکو مافی خوێندن و پلەوپایەی دەسەڵاتداریشی هەبووە و لە ترۆپك و لووتکەی دەسەڵاتی دەولّەت نزیك بووەتەوە.

٨. کەواتە دەبێت ئەو ڕاستییە بوترێت، کە فاکتەری کۆچەکەی پیرەمێرد، یان ڕاستتر بوترێت، حەزی ئارەزووە بۆ گواستنەوەی شوێنی ژیانی بووە.

٩. کۆچبەریی شێرکۆ بێکەس، دەکرێت بە گەشتنامە و کرانەوەی دەروازەیەکی بەختەوەری لەژیانی شاعیردا و لە گەشەی شیعری کوردیدا دابنرێت. گێڕانەوە و تۆمارکردنی ژیاننامە و بیۆگرافیای شێرکۆ بێکەس لە تاراوگە و ولّاتانی ئەوروپا، بوو بە

مێژوویەکی دیاری خودی شاعیر خۆی و هاوکات بەشێکی گرنگ و پرشنگداریشە لە ئەدەبی کوردی و شیعری هاوچەرخی کوردی لە تاراوگە.

سەرچاوەکان:

١- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

٢- بەرزنجی، صباح (٢٠٠٩)، مەکتووبات، وەرگێڕدراوی نامە فارسییەکانی مەولانا خالید، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣- حداد، عبدالله (٢٠٠٠) نالی لە دەرەوەی کوردستاندا (١٨٤٨-١٨٧٣)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

٥- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

٦- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.

٧- ڕیچ، کلۆدیۆس جیمس (٢٠٠٢)، محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٨- سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠١٥)، کتێبی نالی، چاپی دووەم، ناوەندی زەریاب، هەولێر.

٩- سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠١٦)، کتێبی حاجی قادری کۆیی، ناوەندی زەریاب، هەولێر.

١٠-محەمەد، مەحمود ئەحمەد (١٩٧٨)، پیرەمێرد، ڕۆحی مەولانا خالید.

١١-مدرس، مەلا عەبدولکەریم (١٩٧٦)، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢-هاوار، محەممەد ڕەسول (٢٠٠٧)، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپی یەکەم.

١٣-مەنمی ، دانا، کورد و جەنگ و نووسینەوەی بیرەوەری، Xendan.org .

ملخص البحث

الهجرة والمهجر في قصائد الشعراء الكورد

مولانا خالد، نالي، حاجي قادر، پيره ميرد، شيركو بيكەس كنماذج

اتخذ نصوص مولانا خالد، نالي، حاجي قادر، پيره ميرد، شيركو بيكەس كنماذج . تتحدث هذه الدراسة عن هجرة الشعراء، من ثم تحلل بعض النصوص الشعرية كنماذج للشعراء الذين تحدثوا عن ظاهرة الهجرة. شعراء الكلاسيك سجلوا كثيرا من المواضيع المتنوعة. منها التأريخية و اللغوية و الدينية و الاجتماعية...إلخ. كما وتحدثوا عن البعاد والتنائي وألامراض النفسية التي يصاب بها الغرباء. كما وتطرق كل تلك المواضيع من قبل شعراء الكورد الكلاسيكيين والكتاب والشعراء المعاصرين ايضا. اتخذت هذه الدراسة المنهج الوصفي التحليلي لتحليل النصوص الشعرية. في الختام قدمت اهم نتائج الدراسة في عدد من النقاط، ثم عرضت المصادر التي اعتمدتها الدراسة تباعا.

الكلمات الدالة: التشرد، الهجرة والمهاجر، الغوربة، النستلوجيا ، الوطن.

Abstract

Migration and exile in the poems of Kurdish poets
Mawlana Khalid, Nali, Haji Qadir, Piramerd, Sherko Bekas as examples

This study discusses the migration of poets, and then analyzes some poetic texts as models of poets who talked about the phenomenon of migration. Classic poets have recorded a lot of diverse topics, including historical, linguistic, religious and social and so on. They also talked about the distance, the remoteness, and the mental illnesses that strangers have. All these topics were also addressed by classical Kurdish poets, writers and contemporary poets as well. This study took the descriptive analytical approach to the analysis of poetic texts. In conclusion, the most important results of the study were presented in a number of points, and then presented those sources used by the study respectively.

Key words: Hometown, nestology, Distance, Migration and Nomads ,homelessness

کۆتکردنی چالاکی گیرەک
لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا

سروە جەعفەر محەمەدئەمین
قوتابخانەی ڕاسانی کوڕان
Srwa.muhamadamin@su.edu.krd

سەرپەرشتیار: د. عەبدوڵلا عەزیز بابان
بەشی زمانی کوردی- کۆلیژی زمان – زانکۆی دهۆک
mohamed@uod.ac

پوختە:

ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی وشەسازیدایە، تیایدا کرداری کۆتکردن ڕوون دەکاتەوە، کە بریتییە لە نەگەڕانەوەی فۆرمێک بە هۆی بوونی فۆرمێکی تر، باس لە چۆنیەتی ڕێگەگرتنی دروستبوونی وشە و زاراوە دەکات، هەروەها هۆکاری کۆتکردن دەخاتەڕوو، ئاماژە بە کاریگەریە نەرێنییەکانی کۆتی گیرەک دەکات لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا، کە تیایدا باس لە هەنگاوەکانی ئەم کاریگەریە نەرێنییە کراوە، جیاوازی بەهێزیی گیرەک و بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا خراوەتەڕوو، ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم بریتییە لە چەمک و پێناسەی کۆتکردن و کۆتکردن لە داڕشتنی وشەدا و هۆکارەکانی کۆتبوونی گیرەک و کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا هەروەها جیاوازی بەهێزی و بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا.

بەشی دووەم بریتییە لە چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردن و داڕشتنی وشە و زاراوەی کوردی.

وشە سەرەکییەکان: گیرەک، کۆتکردن، چالاک، سست، وشە و زاراوە.

پێشەکی

١. ناونیشانی توێژینەوەکە:

(کۆتکردنی چالاکی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا). کە تیایدا ئاماژە بە کۆتکردنی چالاکی ئەو گیرەکانە دەکرێت، کە قەدەغەکراو و تابۆن لە زمانەکەدا.

٢. گرینگی و هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

کۆتکردنی گیرەک بابەتێکی وشەسازییە، بریتییە لە لادانی وشەیەکی نەخوازراو بە دانانی وشەیەکی تر، کە دەبێتە شوێنگرەوەی بەهەمان واتاوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا ئەم جۆرە بابەتە لە زمانی کوردیدا بە زەقی ئاماژەی پێ نەکراوە.

٣. ڕێبازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازێکی وەسفی شیکاری گیراوەتە بەر، بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە.

٤. بەشەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم بریتییە لە چەمک و پێناسەی کۆتکردن و کۆتکردن لە داڕشتنی وشەدا و هۆکارەکانی کۆتبوونی گیرەک و کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا هەروەها جیاوازی بەهێزی و بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا.

بەشی دووەم بریتییە لە چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردن و داڕشتنی وشە و زاراوەی کوردیدا.

بەشی یەکەم: کۆتکردنی چالاکی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا

١.چەمک و پێناسەی کۆتکردن (blocking):

وشە دروستکردن لە زماندا ئاسان نییە، چونکە زۆر هۆکار هەن کە داڕشتن کۆت دەکەن و چالاکی کەمدەکەنەوە: وەک: کۆتی کۆمەڵایەتی و دەروونی (Social &pcychological blocking) ، کۆتی مۆرفۆلۆجی (morphologicalblocking)، کۆتی فۆنۆلۆجی (Fonologacal blocking)، کۆتی واتایی (semantical blocking) ، کۆتی جوانکاری (cosmetical blocking).

کۆتی مۆرفۆلۆجی (Morphological blocking):

ئەم کۆتکردنە ئاماژە بە دیاردەی مۆرفۆلۆجی دەکات، کە تێیدا فۆرمێکی گونجاو بۆ وشەیەک ناتوانێت ڕووکەشی بکات، چونکە بە فۆرمێکی تر (کۆتکراوە)، کامە فۆرم تایبەتمەندی ژینگەیی زیاتر بێت، و گونجاوتر بێت ئەو بەکاردێت.

چەمکی کۆتکردن (blocking) بۆ یەکەم جار لە لایەن ڕێزمانناووسێک بەناوی پانینی (Panini) هیندی لە سەدەی پێنجەم، یان چوارەمی (پ. ز) ناسێندرا، کاتێک ڕایگەیاند کە لە دوو یاسای کێبڕکێکاردا، ئەو یاسایەی سنووردارتر و گونجاوتر بوو، یان پێشینەی هەبێ ئەوا ئەو یاسایە وەردەگیرێت، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەم تێگەیشتنە لەلایەن ڕێزمانناسە بەرهەمهێنراوەکان بەناوی (پڕەنسیپێکی تر) یان (بنەما لە شوێنێکی تر)دا، زیندووکرایەوە، کە تا ئێستاش لە چەندین تیۆری ڕێزمانیدا بەکاردەهێنرێت وەک: (مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو، مۆرفۆلۆژیای کارکردنی پارادایم)

(Distributed Morphology and Paradigm function Morphology a mong athers Rainer:2016)

کۆتکردن دیاردەیەکە لە تایبەتمەندی زمانی مرۆڤ بەگشتی، بەڵام سروشت و مەودا و ڕادەکەی هێشتا جێی مشتومڕە.

بۆ ئەوەی هەندێک تێگەیشتنی سەرەتایی بەدەست بهێنین دەربارەی ئەوەی کە کۆتکردن چییە، ئەوا (Aronoff) پێناسەیەکی ورد و سادەی خستۆتە ڕوو، کە دەڵێ: (نەگەڕانەوەی فۆرمێک بە هۆی بوونی سادەیی یەکێکی تر) (Aronoff: 1976,43)

واتە کۆتکردن ئەو کاتە ڕووەدات، کە وشەیەک شوێنی وشەیەکی تر بگرێت و کۆتی بکات لە بەکارهێنانیدا، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا وشەی (یاریزان) وشەی (یاریکەر)ی کۆتکردووە. بەڵام مەرج نییە هەموو (یاریکەرێک) ، (یاریزان) بێت و یاری بەباشی بزانێت.

چەندین نموونەی ترمان هەیە لە زمانی کوردیدا کە لە زمانەکانی دەوروبەر وەرگیراون وەک (عەرەبی، فارسی، تورکی.....هتد)، بەڵام لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیدا گونجێنراون، وەک (قەڵەم) کە لە (القلم)ی عەرەبی وەرگیراوە، بەرامبەر بە (پێنووس)ی کوردیدا بەکاردێت و زاڵترە لە وشە کوردیەکە، بۆیە کۆتی کردووە.

٢. کۆتکردن لە داڕشتنی وشەدا:

کۆتکردن ڕێگە لە دروستبوونی وشەکان دەگرێت، لە گەڵ هاوواتاکانی بەردەستدا، بە تایبەتی ئەگەر فۆرمی کۆتکراو لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئاڵۆزبێت و هاوواتاکەی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سادەبێت.

گرینگترین هەنگاوەکانی کۆتکردنی داڕشتنی وشە بریتییە لە:

١. هەندێک فۆرممان هەیە کە شێوەی بێ ڕێزی دەبەخشێ یان گونجاو نییە بۆ دەربڕین، لە بەرامبەر ئەویشدا هاوواتایەکی هەیە، کە هەمان مەبەست ببەخشێت بەشێوەیەکی ڕێزدارتر.

بۆنموونە: وشەی (نوێژ خوێن)، وشەی (نوێژ کەر)ی کۆتدەکات، بە هۆی بوونی ئەو پاشگرەی کە لە دوای وشەی (نوێژ)دایە، کە پاشگری (کەر)ە،

ئەم پاشگرەش لە ڕەگی کاری (کردن) و پاشگری (ەر)، دروست بووە، لەڕووی دەربڕینەوە شیاو نییە، بۆیە ڕەگی کاری (خوێن) شوێنی گرتۆتەوە، بە بێ ئەوەی هیچ شێواویەک لە واتاکەی دروست ببێت.

٢. زۆر جار وا ڕێکدەکەوێت کە کۆمەڵ لەسەر وشەیەکدا کۆک دەبن و باو دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ دەستوور و یاسایەک هەبێ بۆ ئەم وشەیە، واتە لە یاسا لادەدات.

بۆ نموونە: ناوی (زانکۆ) کە لە ڕەگی کاری (زان) لەگەڵ ناوی (کۆ) پێکهاتووە، کە هیچ یاسایەک نییە لە زمانی کوردی بەم شێوەیە، بەڵام وشەکە باو بووە و ڕۆیشتووە، بەبێ ئەوەی کێشەش دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی ناوی (زانستگە) ی گرتۆتەوە و، ناوەکەی کۆتکردووە.

٣. ئەو وشەیەی کە دەکرێتە زاراوە پێویستە، لە ڕووی واتا و فۆرم و بەکارهێنانەوە لەباربێت، بۆئەوەی وشە و زاراوەی کورت و پوخت و پڕ واتا لە زمانەکەدا دروست ببێت، لەجیاتی وشەی گەورە و ئاڵۆز و لاواز، چونکە هەرچەندە وشە سادە بێت پەسەندترە.

بۆنموونە: لە وشەیەکی وەکو(هێمنایەتی) ، وشەی (هێمن) خۆی ئاوەڵناوە، وەک هەریەک لە وشەکانی (جوان، پاک، خۆش.... هتد)، کە بەواتای (الرخاء)ی عەرەبی دێت واتە (لەسەرخۆ)، پاشگری (ایەتی) وەرگرتووە و بووە بە(هێمنایەتی).

بەڵام پاشگری (ی) لە زمانی کوردیدا، وەکو مۆرفیمێکی وشەدارێژ دەچێتە سەر ئاوەڵناو و دەیکات بەناو وەکو (جوانی، پاکی، خۆشی.....هتد)، بەهەمان شێوەش دەچێتە سەر ئاوەڵناوی (هێمن) و دەیکاتە (هێمنی).

کەواتە لە کاتی بوونی زاراوەیەکی وەکو (هێمنی)، زمانەکە هیچ پێویستییەکی بە وشەی (هێمنایەتی) نابێت، چونکە زیاتر ناوی (هێمنی) باوترە

و ڕەسەنترە، و زیاتر لە زمانەکەدا ڕۆیشتووە، بۆیە دانانی زاراوەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست تەنیا سەر لێشێواندنی گوێگر و خوێنەرە.

٤. هەندێک وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵام باو نین، یا گونجاونین بۆیە قسەپێکەران وشەیەکی تری بۆ بەکاردەهێنن ، بەهەمان چەمک و واتاوە.

بۆنموونە: ناوی (سەربڕخانە) لەجیاتی ناوی (کوشتارگە) بەکاردەهێنرێت، کە دەتوانین بڵێین ئەمەیان گونجاوترە، چونکە شوێنی سەربڕینی ئاژەڵەکانە، (کوشتارگە) زیاتر بۆ مەبەستی کوشتنی کەسێکە، یان تۆپاندن و مردارکردنەوەی ئاژەڵێکە بە مەبەست، نەک بۆ شوێنی سەربڕینی ئاژەڵ بێت. بۆیە ناوی (سەربڕخانە) ناوی (کوشتارگە) کۆتدەکات.

٥. یەکێک لە بنەماکانی زاراوەسازکردن بریتییە لە خۆپاراستن لە فرەواتایی، (ئەو وشە فرەواتا و هاوبێژانەی، کە یەکێ لە واتاکانی (تابۆ) یان وروژێنەربێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی واتای کاریگەر هەڵگرێت و بەسەر واتا هۆشەکییەکە زاڵ بێت، بۆنموونە: وشەی (کەر) وشەیەکی هاوبێژە و هەڵگری دوو واتایە. (دزەیی: ٢٠١١، ١١٤)

پاشگر (ئیشکەر)

کەر

کەر (گوێدرێژ)

(کەر)ی گوێدرێژەکە سێبەری داوەتە (کەر)ی پاشگرەکە، بۆیە نرخی (کەر)ی پاشگرەکە کەم دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆیەک بۆ گۆڕینی ئەم پاشگرە، بۆ پاشگری تری وەک: (کار)، (زان)، .....هتد.

وەک: کارەکەر ⟵ کرێکار

قسەکەر ⟵ قسەزان.....هتد

هەروەها لە وشەیەکی وەکو (پیسایی)دا (زۆجار ئەو وشە بەواتای خۆڵ و خاشاک و زبڵ بەکاردێت و دەوترێت: پیسایی فڕێ مەدەن، پیسایی لە سەیرانگاکان جێمەهێڵن....هتد) (عەساف ، عەبدولڕەحمان: ٢٠١٣، ١٤٦) ، کەچی ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا، بۆ پاشەڕۆی مرۆڤ بەکاردێت، لەگەڵ (پیسی) زبڵ و خاشاک ، تێکەڵکراوە، کە هەردووکیان لە ئاوەڵناوی (پیس) وەرگیراون، بە هۆی بوونی پاشگرەکانەوە بوونەتە (ناو) کێشەکە لە پێکهاتنی ئەم وشانەدا نییە، بەڵکو لە بەکارهێنان و واتاکانیاندایە، چونکە پێشتریش وشەی (پیس) لە زمانەکەدا هەر هەبووە و واتاکەشی چەسپاوە، بەڵام تاکی کورد لە بری بەکارهێنانی وشەی (گوو) کە سوواوە و بە جوان دانانرێت و ڕووی مەجلسی نییە، و دەچێتە چوارچێوەی واتای ڕەنگدانەوە، ئەم جۆرە واتایەش لە زانستی زماندا بە (تابۆ Taboo words) ناودەبرێت، کە حەزیان لێ ناکرێت و مەترسییان لێ دەکرێت.

بۆیە (پیسایی) لە شوێنی ئەم وشەیەدا دانراوە و دایڕشتووە و وشەکەشی کۆتکردووە.

لەبەر ئەوە وشەی (پیسی) بە واتای شتی پیس و خۆڵ و خاشاک دێت، واتای لەگەڵ (پیسایی)دا لێک دووەو و کە لە (اوساخ) ی عەرەبییەوە هاتووە، بوونی دوو زاراوە بۆ یەک مەبەست لەزماندا، ئاڵۆزی دروست دەکات. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم نموونەیەدا ئەوەیە، کە هەندێک لە زاراوەکان پەیڕەوی دەستووری زمانی کوردی دەکەن، بەڵام لە ڕووی واتا و بەکارهێنانیەوە مەبەستەکە ناپێکێ.

٦.بوونی ناکۆکی لە نێوان نووسەراندا لە بڕیاردان لەسەر وشەیەک یان زاراوەیەکی نوێ.

بۆ نموونە: ((تیپ)) و ((پیت)) کە دوو وشەی کوردین، بەرامبەر بە ((حرف))ی عەرەبی و ((Letter))ی ئینگلیزی بەکاردێت. بە بۆچوونی (د.کمال فوئاد) ((تیپ)) گونجاوترە.

(پیت لێرەدا بەمانای ((pertical نەک Letter)) بەکارهاتووە. لە عەرەبیدا بۆ هەردووکیان ((حەرف)) بەکار ئەهێنن، بۆ وێنە ئەڵێن: ((ئەلحەرف ئەلئەبجەدییە)) بۆ مەبەستی دووەم، ئەڵێن: ((حروف ئەلجەر و ئەلعەتف)) بۆ مەبەستی یەکەم، هەر ئەوەشە کە گەلێکی تووشی ئەو هەڵە کردووە، کە بۆ هەردوو مەسەلەکە لە کوردیدا ((پیت)) بەکاربێنن و جیاوازی لە نێوان ((تیپ)) بۆ (حەرف _ Letter) و (حەرف _ partical) دا نەکەن.) (فوئاد، ١٩٧١، ٢٢).

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بۆ زمانەکە زاراوەی ((پیت)) گونجاوترە، چونکە بەواتای کۆمەڵ دێ، (فرقە)ی عەرەبی و (Group)ی ئینگلیزی دێت.

نموونەی دیکەش لەم شێوەیەدا هەیە، وەک: (زمان و زبان).....هتد. بۆیە پێویستە پسپۆڕان و زاراوەسازەکانی زمانی کوردی لە بۆچوونەکانیاندا یەکگرتوو بن و بۆ تاکە وشەیەک یەک زاراوە دەستنیشان بکەن، چونکە (زۆر جار لە سازکردنی زاراوەی نوێباوی پێویستدا، ئاگایان لە یەکتر نییە و بە چاوێکی گشتی تەماشای زاراوە هاوواتایەکان ناکەن، دەشێ ئاگایان لە یەکدی بێت و بزانن بۆ یەک مەبەست و یەک واتا تاقە زاراوەیەک سازبکەن، بەڵام لەبەر دەمارگیری و بیروڕای تایبەتی و لاساییکردنەوەی زاراوە لە زمانەکانی دیکەدا هەر جارێک بە سەرپێیی و بۆ یەک مەبەست دوو زاراوە یان زیاتر ساز دەکەن) (بەسیر، ١٩٧٩، ١٤٧).

٣. هۆکارەکانی کۆتبوونی گیرەک:

لە زمانی کوردیدا گیرەکەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن، لە دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، دەبنە هۆکاریش بۆ کۆتبوونی وشە و گیرەکەکان، وای لێ دەکەن، کە گیرەکەکە سست بێت و چالاکیی خۆی لە دەست بدات، لە شوێنی ئەو زاراوەیەکی تری نوێباو بەکار بهێنرێت کە هەمان مەبەست بدات.

ئەو هۆکارانەی کە گیرەک کۆت دەکەن بریتین لە:

١. ناچالاکی پاشگرەکان:

بە هۆی بوونی هەندێ پاشگر لە زمانی کوردیدا، ناچالاکی و تابۆبوون دروست دەبێت، کە کۆت دەخەنە سەر داڕشتنی وشە و نرخی وشەکانی زمانی کوردی کەم دەکەنەوە، یان بێ بایەخی دەکەن ئەو پاشگرانەش بریتین لە (کەر، دان، گا....) بەشداربیان لە داڕشتنی هەر وشەیەک کردبێت نەڕۆیشتووە.

بۆ نموونە: زاراوەی (یاریکەر) لە بری (لاعب) تا ماوەیەک بەکار هات، بەڵام دوای ئەوەی بووە توانج لە نێو کۆمەڵگا بیریان لە زاراوەی (یاریزان) کردەوە کە ئێستا بەکاردێت، ئەمەش تاڕادەیەک چالاک نییە و پڕ بە پێست نییە، چونکە مەرج نییە هەموو (یاریکەر)ێک یاریزان بێت، بەهەمان شێوەش بۆ پاشگرەکانی تریش.) (دزەیی، ٢٠٢١، ١٠٩)

٢. فرە دیالێکتی (Dialects) یان نەبوونی زمانی ستاندەرد:

ئاشکرایە کە زمانی کوردی، چەند دیالێکت و شێوازی قسەکردنی جیاوازی هەیە، ئەمەش دەبێتە دروستبوونی زاراوەی هاوواتا، کە بۆ مەبەستێک بەکاردەهێنرێن، و هەروەها کێشە و گرفت بۆ دانانی زاراوە دروست دەکات، وادەکات زاراوەکان زیاتر لێک دوور بکەونەوە و(ببێتە هۆی دانانی دوو زاراوە بە هەمان چەمک).

بۆ نموونە دەشێ بۆ زاراوەی (الصحة) زاراوەی (تەندروستی) یان (ساخلەمی) بەکار بێت، بەڵام دەبێتە هۆی دووانەی لە زاراوە داناندا، وەک چەندان و چەندان زاراوەی دیکە.) (وەسمان، ٢٠٠٤، ٥٢)

دوو دیالێکت پەرەی سەندووە لە زمانی کوردیدا، لە ڕێزمان و نووسین و ئاخاوتن و...هتد، لە شوێنە فەرمییەکان، ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی زمانێکی ستاندەرە.

٣. سەرچاوە بیانییەکان و وەرگرتنی وشە و زاراوە:

لە هەموو زمانێکدا وەرگرتنی زاراوە ڕێگە پێدراوە و ئاساییە، ئەمەش بە دوو ڕێگا دەبێت:

١. یان ئەوەتا زمانەکە زاراوەیەکی گونجاوی نییە، بۆ گەیاندنی واتای وشەکە.

٢. یان وشە وەرگیراوەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزاوەتە ناو زمانەکە و لەگەڵ فۆنەتیکی زمانەکە خۆی گونجاندووە.

بۆ نموونە: کاریگەری وەرگرتنی زاراوەی بیانی، بەسەر زاراوەی کوردیدا دیارە، ئەو کاریگەرییەیە جا چ لە زمانی عەرەبی بێت یان زمانەکانی تری دەوروبەربێت.

ئەگەر هاتوو، زاراوەیەکمان لە دوو زمانی جیاواز وەرگرت، بەهەمان چەمک و واتاوە، بۆ نموونە: (فیزیازانە ئەمریکییەکان زاراوەی بۆڕی ئەلیکترۆنی (FUBE ELECTRONIC) بەکاردێنن، کەچی بۆ هەمان شت بەریتانییەکان زاراوەی دەرچەی ئەلیکترۆنی (VALVE ELECTRONIC) بەکاردێنن. هەردوو وشەی (FUBE)و (VALVE) دوو وشەن لە ڕەگدا جیاوازن.) (وەسمان، ٢٠٠٤، ٥٥) کەواتە لێرەدا سەرلێشێواویەک دروست دەبێت بۆ وەرگێڕی کورد، بۆیە ناچار دەبێت، هەردوو زاراوەکە وەربگێڕێت، بەمەش دووانەتی لە زاراوەدا دروست دەبێت بۆ هەمان چەمک و واتا.

هەروەها لە نموونەیەکی تری وەک: (خواردنگە) کە لە (مطعم)ی زمانی عەرەبی وەرگیراوە، (لەم دواییەدا زاراوەی (ڕێستۆرانت)یش هاتە مەیدان، ئێستا ئەوەی کە کەم بەکاربێت، هەر (خواردنگە) و (خواردنگا) یەکەیە.) (دزەیی، ٢٠٢١، ١٠٨)

هۆکاری کەم بەکارهێنانی وشە کوردییەکانیش، دەگەڕێتەوە بۆ پاشگری

(گا)، چونکە تابۆ بوونە، ڕاستە خۆشی پاشگری شوێنییە، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە جۆرە وروژاندنێکی هەستی لەگەڵە، لە هەمان کاتیشدا بەواتای (گاجووت)یش دێت.

٤. هەوڵی تاکەکەسی یان ناچالاکیی دەزگا فەرمییەکان:

زمان لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا، بابەتێکی گرینگ و پڕ بایەخە، گەورەترین بەهرەیە کە خودای گەورە بە ئادەمیزادی بەخشیوە، بۆتە بابەتێکی سەرنجڕاکێشی سەردەم، مرۆڤ لە گیانەوەر جیا دەکاتەوە، هەروەها گرینگی و تایبەتمەندیەکەشی لەوەدایە، کە توانای داهێنانی هەیە. دانان و هاتنەکایەی زاراوەی یەککگرتووی نوێ، فەرهەنگی زمان دەوڵەمەندتر دەکات.

بۆنموونە: دانانی زاراوەی یەککگرتووی کوردی یەکێکە لە کارە سەرەکی و پێشبینییەکانی ئەکادیمیای کوردی، چونکە دەشێ جەماوەر خۆی سەرچاوە بێت، بۆ دروستکردنی زاراوەی زمانی، بەشی زۆری زاراوەکانیش هەڵقوڵاوی جەرگەی ڕەسەنایەتی کوردەواری بن.

بۆیە پێویستە لێژنەیەک هەبێت، بۆ یەکخستن و بە خاوەنکردنی زاراوەکان، چونکە زۆر کەس هەن، خۆیان بەخاوەنی زاراوە دەزانن و کاری لەسەر دەکەن، لێرەدا کێشەوگرفت لە زمانی کوردیدا دروست دەبێت، ئەمە بێجگە لە لایەنی سیاسی کە دەورێکی باڵا دەگێڕێ لە دروستکردن و هێنانەکایەی زاراوەی هاوواتایی.

هەر لەبەر ئەوەشە چالاکبوونی ئەکادیمیای کوردی یارمەتیدەر دەبێت، بۆ دانان و چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی زاراوەی گونجاو، چونکە ئەم دۆخەی کە ئەمڕۆی زاراوەی کوردی تێدایە، زۆر مەترسیدارە بۆ خوێنەرەکانی.

هەروەها هەوڵە تاکەکەسییەکانیش دەتوانین بڵێین لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە، لە سازکردنی زاراوەی نوێدا.

أ. لایەنی ئەرێنیی هەوڵە تاکەکەسییەکان:

١. هەندێ جار توانای دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیان هەیە، و زاراوەی نوێباو سازدەکەن.

٢. بە هۆی سادەیی ئەو زاراوە نوێیەی، کە دروستی دەکەن، بە ئاسانی پەسەند دەکرێ و بڵاو دەبێتەوە و جێگەی خۆی دەگرێ لە ناو زمانەکە و لە لایەن قسە پێکەرانی زمانەکەوە.

بۆ نموونە: هاوسنوور، چاکسازی، زنجیرساز.....هتد.

ب. لایەنی نەرێنیی هەوڵە تاکەکەسییەکان:

١. بوونی هەوڵە تاکەکەسییەکان، بەشێوەی هەڕەمەکی و بێ لێپرسینەوە و گرتنەبەری ڕێبازی زانستی، ئەرکی فەرهەنگی زمان ئاڵۆز دەکات، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی کە دەکەونە بەردەم زاراوەسازی کوردی.

٢. ڕێکنەکەوتنی نووسەران لەسەر زاراوەیەک، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ یەک واتا، چەند زاراوەیەک بەکاربهێنرێت.

بۆ نموونە: زانکۆ ⟵ زانستگا

هۆنراوە ⟵ هەڵبەست.....هتد.

٥. قبوولکردنی زاراوەکان:

هەندێک زاراوە هەن کە بە ئاسانی لای خوێنەرو گوێگر دەچەسپێ، بەبێ دوودڵی، زاراوەکە چالاک دەبێت و دەکەوێتە ڕیزی وشە چالاکەکانەوە.

بۆ نموونە: وشەی ((ڕێزمان) هەر چەندە ماوەی (٤٠) ساڵێک دەبێت لە زمانی کوردیدا پەیدا بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە تەواوی بڵاو بۆتەوە و جێگیر بووە و ڕەگی داکوتاوە ڕەنگ و بۆی نوێباوی پێوە نەماوە. هاتۆتە ڕیزی چالاکی وشەی کوردییەوە.

هەروەها ((نووسەر))، ((خوێنەر))، ((گۆڤار))، ((چیرۆک))... گەلێکی دی، لەگەڵ ئەوەدا، کە لە مێژ نییە لە زمانی کوردیدا هاتوونەتە ناوەوە، چونکە تێکڕای خولّکەکە وەریان گرتوون، لەبەر ئەوە لە نوێباوی دەرچوون و لە ڕیزی وشەی چالاکی کوردیدا وەستاون.) (مارف، ٢٠١٤، ٣١٥)، نموونەی تری لەم چەشنەمان زۆرە لە زمانی کوردی وەک: بێژەر.....هتد.

کەچی هەندێ وشەی ترمان هەیە، کە بەپێی یاسا و دەستووری زمانی کوردی دروست بوون، بەڵام کەم بەکاردێن یان هەر بەکارناهێنرێن.

بۆ نموونە: وشەی (پێنووس)، کە بەرامبەر (القلم)ی عەرەبی هاتووە، کەچی وشەی (قەڵەم)مان لا پەسەندترە، جێی (پێنووسی) گرتووە و زاڵتر و چالاکترە، بەهەمان شێوە بۆ (تێنووس)یش کە نەیتوانیوە جێ بە دەفتەر، لەق بکات. وشەکانیش وەرگیراون و وەکو خۆیان قەبوولّکراون، بەبێ هیچ کێشەیەک (قەڵەم و دەفتەر) وەک دوو زاراوەی کوردی چەسپاون.

٦. دیاردەی هاوواتایی:

بوونی دیالێکتەکان لە زمانی کوردیدا، وایان کردووە کە وشەی هاوواتایی دروست ببێت، هەبوونی ئەم وشانەش لە زاراوەسازیدا کێشە و گرفت دروست دەکەن، ئەگەرچی مەودایەکی باشیشە بۆ ئەدیب و نووسەران، کە بواریان بۆ زیاد دەکات لە دەربڕیندا، بەڵام گەورەترین کێشەشە بۆ زمان، هەرچەندە هاوواتایی لە زماندا، تەنیا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی هۆشەکی و ویژدانییەوە وەکو یەکن، تەنانەت قسەپێکەرانیش هەست بە جیاوازییان ناکەن، بە ئازادیش لە هەموو سیاقێکدا ئالّوگۆڕیان پێدەکەن.

بەڵام (دوو وشە یان زیاتر هاوواتا نابن، چونکە:

١. وشەیەک لە وشەیەکی تر گشتگیرترە.

٢. وشەیەک لە وشەکەی تر نوێتر و باوترە.

٣. وشەیەک لە وشەیەکی تر هەستیارترە.
٤. وشەیەک لە وشەیەکی تر بەڕێزترە.
٥. وشەیەک لە وشەیەکی تر تایبەتیترە.
٦. وشەیەک لە وشەیەکی تر ئەدەبیترە.
٧. وشەیەک لە وشەیەکی تر میلیلترە.) (دیداوی، ٢٠٠٥، ١٢٢)

زۆر نموونەمان هەیە لە زمانی کوردی، بەرامبەر یەک دەوەستن و هەمان واتای یەک دەدەن و بۆ یەک مەبەست بەکار دێن. وەک:

دارستان ⟵ جەنگەڵ
زمانەوانی ⟵ زانستی زمان
کیژ ⟵ کچ
فرمێسک ⟵ ئەسرین، ڕۆندک
جوان ⟵ قەشەنگ..... هتد.

لە ڕاستیدا گرینگیی زاراوە سازی لەوەدایە، کە هەر زاراوەیەک بۆ یەک چەمک بەکاربێت و سەربەخۆ بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم تێڕوانینە لەگەڵ زمانی کوردیدا کەمێک لێک دووەرە، ئەم یاسایە لەسەر زمانی کوردی جێبەجێ نابێ.

هەروەها نابێ ئەوەش لە بیربکەین، کە هاوواتایی تەواو لە زمان دەگمەنە، یان زۆر کەمە، ئەگەر هەشبیت بە هاواتایی تەواو دانانرێت، یان بە نیمچە هاوواتایی ئاماژەی پێدەکرێت.

٧. هاوبێژی و فرەواتایی:

هاوبێژی و فرەواتایی تەومژی و گرفت بۆ تێگەیشتنی زمان دروست دەکەن، واتە (هاوبێژی: بریتییە لەو وشانەی کە لە خوێندنەوە و نووسیندا وەکو یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە).

بۆ نموونە: بیر: ١. بیروهۆش
بیر: ٢. چاڵ)
گڕ: ١. گڵپەی ئاگر
٢. بەمانای ددان گڕی (عەلی، ٢٠١١، ٩٢-٩٣)

لێرەدا دەبینین وشەکان لە ڕووی گۆکردن (دەربڕینەوە) هەمان گۆکردنیان هەیە، بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازن.

(فرەواتا: وەک دیاردەیەک لە زماندا ئەوەیە کە وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەبێت، بە مەرجێک ئەو وشەیە یەک نەژادی هەبێت، بەڵام مانای جیا جیا ببەخشێ.

بۆ نموونە: مانگ: ١. بەمانای (قمر)ی عەرەبی دێت.
٢. ژماردنی ڕۆژ
گەورە: ١. بە قەبارە
٢. بە تەمەن) (عەلی، ٢٠١١، ٩٥)

٤. کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا:

گیرەک (Affix) دەورێکی کاریگەر و سەرەکی هەیە، لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکان، چونکە گیرەکەکان بوار دەڕەخسێنن، بۆ دروستبوونی وشەی نوێباو، ئەم دەور و کاریگەریەیەش بە تەواوی لە زمانی کوردیدا، دیار و بەرچاوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، جاری وا ڕێکدەکەوێت کە هەندێ لە گیرەکەکان دەورێکی نەرێنی دەگێڕن، لە بەرهەمهێنی وشە و زاراوەدا، ئەم دەورە نەرێنییەش دەبێتە هۆی نەڕۆیشتنی زاراوەکە لە زمانەکەدا، بەمەش کۆتی مۆرفۆلۆجی دێتە ئاراوە، قسەپێکەرانی زمانەکەش هەوڵ دەدەن خۆیان لە دەربڕینی ئەو زاراوانە ڕزگار بکەن، کە ڕەنگدانەوەیەکی نەگونجاوی هەیە، یان

شیاوی گوتن و دەربڕین نییە، بە وشەیەکی تری زمانەکە یان بە وەرگرتنی زاراوەیەک لە زمانەکانی تر، بۆ هەمان چەمک و واتا.

دەتوانین بڵێین بەرپرسیارەتییەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر واتای ڕەنگدانەوە (Reflected meaning) لە کۆتکردنی گیرەکەکاندا.

هەنگاوەکانی کاریگەری نەرێنی کۆتی گیرەک بریتییە لە:

١. گیرەکە هەست وروژێنەرەکان:

وشە فرەواتا و هاوبێژەکان دەگرێتەوە، کە ئەوانیش کاریگەری واتایین، کە بە زۆری قەدەغەکراو و تابۆن.

(ئەو جۆرە واتایە لە باریکدا دێت، کە وشەکە دووانی یا زیاتر و جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی واتایەکی تر بینێتەوە یاد، کە تابۆ و قەدەغەکراو بن، بە تایبەتی هەندێ کردەی سێکسی) (دزەیی، ٢٠١١، ١١٩)

بۆ نموونە:

پاشگری شوێنی (خوێندنگا، فرۆشگا، پیشانگا.....هتد.)

گا: وەک: ناوی ئاژەڵ (گاجووت)

کردەی سێکسی .

پاشگری پێدان (گوڵدان، هێلکەدان،.....هتد)

دان: وەک: ناوی (ددان)

دانی (سێکسی)

پێشگر (بەردەم، بەرچاو، بەرکۆڵ.....هتد)

بەر: وەک: میوەی درەخت (بەری دار هەنار، بەری دار گوێز..... هتد)

شوێنی هەستیاری (مرۆڤ)

هەروەها پاشگری (دەر): بە هۆی تابۆبوونیەکەیەوە لە هەندێ وشەدا، کۆتی دەکەوێتە سەر. وەک: (چاولەدەر) کە بەواتای (حیز)، بەشداری هەندێ وشەی وروژێنەر دەکات.

هەرچەندە واتا فەرهەنگییەکەی، ئەو جۆرە واتایانە بڵاوترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە کاتی ئاخاوتندا هەست بە تابۆ و واتا شاراوەکەی دەکرێ، چونکە هەندێک جار لەوانەیە بە مەبەست ئەو وشانە بەکار بهێنرێت و هەندێک جاریش بێ مەبەست.

بۆیە ئەم تابۆبوونە کاریگەریەکی نەرێنیی تەواو دەخاتە سەر وشە، لە ڕووی داڕشتن و دەربڕینەوە، چونکە هەر کاتێک ئەم گیرەکانە بکەونە سەر هەر زاراوەیەک، ئەم زاراوە نەڕۆیشتووە و کۆتکراوە، جا چ بە گیرەکێکی تر بێت، یا بە زاراوەیەکی تر بێت، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی، نەوروژاندنی هەستی بەرامبەر.

٢. گیرەکە کەم بایەخەکان (بێ بەهاکان):

بوونی هەندێک پاشگر بە تەواوی چالاکی داڕشتنی وشە و زاراوە کەم دەکەنەوە، یا بێ بایەخی دەکەن. ئەمەش بەهۆی بوونی واتا ڕەنگدانەوەکەیە، بۆنموونە: (پاشگری (کەر)، پاشگری (باز)، هەر کە کەوتنە سەر هەر زاراوەیەک ئەم زاراوە قەدەغە و نامۆ دەبێت، زاراوەکە ناڕوات، کۆتی دەخرێتە سەر، و کاریگەریەکی نەرێنی دروست دەکات، چونکە بە بەکارهێنانیان، واتای دیکە دێننەوە یاد، بۆیە لە کاتی بەکارهێنانیشیان، دەستەواژەیەکی لە پێش دادەنرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی زاراوەکە، وەک (عەیب نەبێ، یان بیلا مەعنا).

بۆنموونە: پاشگری (کەر):

چێشتکەر ⟵ چێشتلێنەر

تکاکەر ⟵ تکاکار

کارەکەر ⟵ بەردەست.....هتد

پاشگری (باز):

جامباز ⟵ چەرچی

دەستباز ⟵ تەڕدەستی، شۆخی

قوماربار ⟵ قومارچی.....هتد.

بەهۆی بوونی ئەم وشە قەدەغەکراوانە، وشە ئاساییەکەش بەکارهێنانی کەم دەبێت یان لەناو دەچێت.

بێجگە لەم دوو جۆرە گیرەکەی سەرەوە کە باسمان کردوون، هەندێ گیرەکی ترمان هەیە، ڕێگە لە دروستبوونی وشەی تازە دەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی، رەنگدانەوەی زۆری نییە، لەسەر وشەکان بۆیە، کاریگەریەکەشیان زۆر نییە، لەسەر ڕێگەگرتن لە زاراوەی نوێباو وەک: لە وشەی (هەستیار)، ئەم وشە لە زماندا نەڕۆیشتووە، بە هۆی بوونی وشەی (کەمتیار).....هتد.

٥. جیاوازی بەهێزی و بێ هێزی گیرەک لە کۆتکردندا:

لە هەموو زمانەکاندا، پێویستی ژیانی کۆمەڵ و زیادبوونی بەرهەم و پێشکەوتنی بیری مرۆڤ، بەردەوام پێویستییان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی وشەی نوێ هەیە لە فەرهەنگدا.

(لەبەر ئەوەی زمانی کوردی بە ڕێژەیەکی زۆر دەخرێتە خانەی زمانە تێکچڕژاوەکان) (خدر، ٢٠١٠، ١٣١)، هاوشێوەی چەند زمانەکانی تری وەک: ئینگلیزی و.....هتد، هەرتەنیا (ڕەگی سادە) ناتوانێت هەموو مەبەستەکانی زمانەکە، لە وشەی فەرهەنگی پێویستییەکان پڕبکاتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر چەند ڕێگایەک بۆ زیادکردنی وشە و زاراوە.

گرینگترین ئەو ڕێگایانەش بریتییە لە (لێکدان و داڕشتن).

لێکدان: لە دوو ڕەگی سەربەخۆی واتادار دروست دەبێت.

داڕشتن: لە ڕەگێکی سەربەخۆ و زیادەیەک دروست دەبێت، زیادەکەش بریتییە لە گیرەکەکان، کە ژمارەیەکی زۆرمان هەیە و بەیارمەتی ئەوانەوە زمانەکە وشەی نوێ دەخاتە ناو فەرهەنگەوە.

لەگەڵ ئەو ڕێژە زۆرە گیرەکانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن و وشە چالاک دەکەن، هەندێک گیرەکیش هەن کە چالاکی داڕشتنی وشە کۆت دەکەن و وشەکە لە قاڵبێکی تەسکدا دەهێڵێتەوە و وای لێدەکەن، جێگای لەق بێت و وا لە هەندێکیش دەکەن کە بە سستی بمێننەوە.

لەبەر ئەم هۆکارە دوو جۆرە گیرەک لە کۆتکردندا بەرچاو دەکەوێت:

١. بەهێزی گیرەک لە کۆتکردندا:

ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە لە قاڵبێکی تەسک ماونەتەوە، زۆر چالاک نین لە بەکارهێناندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ واتایەکەیان، کە ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی پێ بەدی دەکرێ لەگەڵ واتای زاراوەیەکی تر. واتە کۆتکردن بەرهەمی پاشگرەکان سنووردار دەکات، بۆیەش پڕۆسەی وشە دروستکردن لێرەدا نائومێد دەبێ، بەهۆی ئەو هێزە زۆرەی کە گیرەکەکە هەیەتی لە کۆتکردنی وشەکەدا، (بەو جۆرە وشە دەگوترێت، کە توانستی ئەوەیان نییە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا یەک بگرن، لەبەر ئەوە شێوەی بەکارهێنانیان لە قاڵبێکی تەسکدا ماوەتەوە، بە وێنە: (کەر)) (مارف، ٢٠١٤، ٣١٣).

ئەو گیرەکانەی لە ڕیزی پێشەوەی کۆتکردن دێن بریتین لە:

١. پاشگری (کەر): دەتوانین بڵێین لە ڕیزی پێشەوەی پاشگرە ناچالاکەکانی داڕشتنی وشەیە، ژمارەیەکی تەواوی وشەکان کۆت (Block) دەکات، لە شوێنی ئەو وشەیەکی تر یان پاشگرێکی تر دانراوە. بۆ نموونە:



٢. پاشگری (گا): پاشگرێکی شوێنییە، لە قسەکردندا زۆر نەڕۆیشتووە، چونکە (تابۆ Taboo) بوونە..



زۆربەی کات پاشگری (گە) شوێنی دەگرێتەوە.



٣. پاشگری (دان): بەواتای دان و بەخشین دێت، پاشگرێکی (تابۆ Taboo) بوونە. نموونە:



٤. پاشگری (باز): ئەمەش هاوشێوەی پاشگری (کەر)ە بە پاشگری قەدەغەکراو ناو دەبرێت، زۆربەی کاتەکان کۆت دەخرێتە سەر ئەو وشانەی کە ئەو پاشگرە وەردەگرن، یان پاشگرەکە دەگۆڕێت، بە پاشگرێکی تر.

بۆنموونە:



٢- بێ هێزیی گیرەک لە کۆتکردندا:

ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە کە لە چەند وشەیەکی دیاریکراودا بەکاردێن، واتە بەهێزنین لە کۆتکردن، بەڵکو بەپێی قسەکردنی ئاخێوەر دەگۆڕێت، نموونەی ئەو جۆرە گیرەکانەشمان زۆرە لە زمانی کوردیدا، چەند گیرەکێکی دیاریکراو بە نموونە وەردەگرین.

١. کۆتکردنی پاشگری (وان):

مەلەوان ⟵ مەلەزان.....هتد

٢. کۆتکردنی پاشگری (ێتی):

کەسێتی ⟵ کەسایەتی.....هتد

٣. کۆتکردنی پاشگری (ایی):

پیسایی ⟵ پیسی.....هتد

٤. کۆتکردنی پێشگری (ب):

بنووس ⟵ نووسەر.....هتد

٥. کۆتکردنی پاشگری (ساز):

پینەساز ⟵ پینەچی.....هتد

٦. کۆتکردنی پاشگری (وەر):

هونەروەر⟵ هونەرمەند....هتد

۷. کۆتکردنی پاشگری (چی):

باخچەچی ⟵ باخەوان.....هتد

۸. کۆتکردنی پاشگری (گار):

یادگار ⟵ یادەوەر.....هتد

۹. کۆتکردنی پاشگری (ێنی):

گەرمێنی ⟵ گەرمایی...هتد

۱۰. کۆتکردنی پاشگری (مەند):

هۆشمەند ⟵ هۆشیار.....هتد

ئەم جۆرە کۆتکردنە لە زماندا کاریگەریەکی زۆری نییە، بەڵکو ئەمەیان زیاتر بۆ ئەوە بەکاردێت کە کام زاراوە شیاوتر بێت بۆ دەربڕین، ئەو بەکاربێت. بۆیە ئەوانە بێ هێزن لە کۆتکردن .

بەشی دووەم: چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردنی کۆتکردن و داڕشتنی وشە و زاراوەی کوردی:

هیچ زمانێک بەدەرنییە لە کێشە و گرفت، بەڵام کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و ئەکادیمیایەکی لێهاتوو وا دەکات کە کێشەکان سەرکوت بکرێت و هەوڵی چارەسەرێکی بێ لایەنەی بۆ بدرێت و کارێکی دەستەجەمعی ڕێکی بۆ ئەنجام بدرێت، لایەنی باڵاش دەستی هەبێت لە بڕەودان بە پێشکەوتنی زمانەکە.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک هەنگاو دەکەین کە وەک چارەسەرێک دەیخەینە ڕوو بۆ کێشە و گرفتەکانی داڕشتنی وشە و زاراوەی کوردی:

۱. یەکخستنی بیروڕای پڕۆفیسۆران و زانایانی زمانەوانی زمانی کوردی:

باشترین چارەسەرە بۆ بوونی وشە و زاراوەی نوێ، چونکە ئەگەر هاتوو هەموو زانایانی زمانەوانی یەکگرتووبن لە بنیاتنانی وشە و زاراوەیەکی نوێ، ئەوا

وشەکە بۆ هەموو ناوچەیەکی کوردستان دەشێ و گرژی و ئاڵۆزیش لە زمانەکەدا نامێنێ و لە کێشەی هاوواتاییش ڕزگارمان دەبێت.

گومان لەوەشدا نییە کە دووریش دەکەوینەوە لە ململانێی ناوچە و ناوچە گەرایی و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ گەڕانەوەی یەکڕیزی و بەرزی و شکۆمەندیی زمانی کوردی و گەیاندنی پەیامێک بۆ ئەم مەبەستە.

۲. دانانی پلان و یاسا بۆ بنیاتنانی وشە و زاراوە:

پێویستە لە کاتی دروستکردنی هەر وشە و زاراوەیەک پابەندبین بە یاسای زمانی کوردی .

وشەکە لە خۆڕا و هەڕەمەکی فڕێ نەدەینە ناو فەرهەنگی زمانەکە، بەڵکو دەبێت پلان و بەرنامەی تۆکمەی بۆ دابنرێت لە لایەن لێژنەی زمان و ئەکادیمیای کوردی، چونکە بێ بەرنامەیی و نەبوونی پلان دەبنە هۆی دروستبوونی وشە و زاراوەیەک کە لە یاسای زمانەکە دوورەکەوێتەوە.

ئەگەری ئەوەشی هەیە کە لە ناو کۆمەڵگادا نەڕوات و وشەکە بە سستی بمێنێتەوە و تووشی کۆتکردن ببێت. یان لەوانەشە لەلایەن تاکی کۆمەڵگا بەکاربهێنرێت ، بەڵام مەبەستی خۆی نەپێکێ و پڕ بە واتای وشەکە نەبێت و فرە زاراوەیی لێ دروست ببێت.

۳. گرینگیدان بە فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی:

فەرهەنگ هەمیشە هۆکاری یەکەمی دەوڵەمەندبوونی زمانە بەگشتی، زمانی کوردیش بەدەرنییە لە هەبوونی فەرهەنگدا. بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوەیە، کە فەرهەنگێکی یەکگرتوو نابینرێت لە چوار پارچەی کوردستاندا ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، کەواتە لێرەدا پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردی بەرپرسیارن لەم دۆخەدا. چونکە بە یەکگرتوویی بیروڕای ئەوان فەرهەنگێکی یەکگرتوو دروست دەبێت، بەڵام هەرچی زانایانی زمانەوانی

کوردییە، بە هۆی بوونی دەمارگیری و پەسەندکردن و چەسپاندنی بۆچوونی تایبەتی خۆیان، ئەم نائومێدییە دروست بووە لە سازبوونی وشەو زاراوەی کوردیدا.

ئەم دەمارگیرییە بەرامبەر بەیەکتری و قبوولْ نەکردنی بیرۆڕای یەکدی زیانێکی زۆری هەیە بۆ زمانی کوردی، پێویستە یەکگرتن هەبێت، بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتوو هەروەک زمانە پێشکەوتووەکانی وەک: ئینگلیزی و فەڕەنسی و.....هتد.

٤. هەبوونی فەرهەنگ بۆ هەموو بوارە زانستییەکان:

لە زمانی کوردیدا تێکەڵییەکی زۆر بەدی دەکرێت، لە هەبوونی وشە و زاراوەکاندا، کە پێویستە ئەم زاراوانە پۆلین بکرێن و لە یەکتری جیا بکرێنەوە، بۆنموونە پێویستە بۆ هەریەک لە بوارەکان زاراوەی تایبەت دابنرێ جیا لەوی تر. وەک:

١. زاراوەی تایبەت بە زمانەوانی.
٢. زاراوەی تایبەت بە ئەدەبیات.
٣. زاراوەی تایبەت بە کۆمەڵایەتی.
٤. زاراوەی تایبەت بە دەروونزانی.
٥. زاراوەی تایبەت بە سیاسەت.
٦. زاراوەی تایبەت بەسەربازی و جەنگ.
٧. زاراوەی تایبەت بە پەروەردە و فێرکردن.
٨. زاراوەی تایبەت بە کۆمپیوتەر.
٩. زاراوەی تایبەت بە ئابووری.
١٠. زاراوەی تایبەت بە کشتوکاڵ.
١١. زاراوەی تایبەت بە پیشەسازی.

١٢. زاراوەی تایبەت بە بایۆلۆجی.
١٣. زاراوەی تایبەت بە کیمیا.
١٤. زاراوەی تایبەت بە فیزیا.

بەڵام لە زمانی کوردیدا وەکو پێویست کار لەسەر ئەم بوارە نەکراوە، ئەوەی کاریشی لەسەر کردووە، بە پەنجە دەژمێردرێن وەک: مەسعود محەمەد و شوکر مستەفا و...هتد.

٥. نوێکردنەوەی فەرهەنگە مێژوویيەکان و گرینگیپێدانیان:

چاوخشاندنەوە بە فەرهەنگە کۆنەکان کارێکی چالاک و باشە، بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی هەندێ وشەی مردوو.

چونکە لەوانەیە وا ڕێک بکەوێت، دووبارە زیندووکردنەوەی وشەیەک ببێتە هۆی ئەوەی کە واتایەکی پڕاوپڕ بە دەست بهێنین بۆ ئەو مەبەستەی کە ئێمە دەمانەوێت، وەک: (مەکۆ، ڕایەڵە، باژێڕوان.....هتد) کە دەتوانین بڵێین پڕ بە پێستی واتای وشەکەن، هەرچەندە بە وشەی مردوو لە قەڵەم درابوون، بەڵام زیندووکردنەوەیان بۆتە قازانجێک بۆ زمانی کوردی و دووبارە سوود بینینەوە لێیان.

٦. سوودوەرگرتنی زاراوەکان لە یەکتر بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی:

پێویستە پێش ئەوەی پەنا ببەینە بەر داڕشتنی وشە و زاراوەی نوێ، لە ناو زاراوەکاندا بگەڕێین، بۆ ئەوەی بزانین کە ئایە وشەی بەرامبەریمان هەیە، ئەگەر وشەی بەرامبەرمان هەبوو، ئەوا ئێمە هیچ کێشەیەکمان نابێت. بۆیە ناچار نابین کە جارێکی تر وشەکە دابڕێژینەوە، جا وشەکەش دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی بەکارهێنەرانی زمان، ئاخۆ وشەکە دەڕوات یان ناڕوات، یان تووشی کۆت و گرفت و بەستنەوە دەبێت یان نا لەڕووی بەکارهێنانەوە. ئیتر دەتوانین زمانەکەی

خۆمان دەوڵەمەند بکەین، بەو وشە و زاراوانەی کە لە زارەکاندا هەن، کە دەبنە هۆی نوێبوونەوەی زمانەکە و چالاکبوونی وشەکان، و ڕۆیشتنی وشەکان، بە مەرجێک زۆر لەسەر زمان قورس نەبن، چونکە ئێستا زمان بەرەو دیاردەی ئاسانبوون دەڕوانن.

٧. ڕێگەگرتن لە بەسیاسەتکردنی وشە و زاراوە:

ڕێک و تەندروستی زمان لەوەدا دەبینرێت، کاتێک کە پسپۆڕان و شارەزایانی زمانەوانی هەمووی کۆک بن لەسەر دانانی وشە و زاراوەیەکی گونجاو. بەڵام لە زمانی کوردیدا دیاردەیەکی سەقەت و ناڕێک باڵی کێشاوە بەسەر زمانەوانی، کە هەر کەسەو خۆی بەخاوەنی زاراوەیەک دەزانێ، بۆیە پێویستە ئەمە بنەبڕ بکرێت و چیتر ڕێگە نەدرێت بە ترازانی زمانی کوردی لەلایەن سیاسەتمەدارەکانەوە.

ئەمەش ئەرکی ئەکادیمیای کوردییە، چونکە تائێستا چەندین زاراوەی هاوواتا دروست بوونە، کە هەریەکەیان سەر بە زۆنی پارتێکن بۆنموونە:

قوتابخانە ⟵ فێرگە

ئافرەت ⟵ ژن

لق ⟵ مەڵبەند ⟵ مەکۆ

قوتابی ⟵ خوێندکار .....هتد.

پێویستە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، چونکە دانانی زاراوە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی، بۆیە چارەنەکردنی ئەم گرفتە لاوازی زمانی لێدەکەوێتەوە.

٨. ڕێگەنەدان بە ڕاگەیاندنەکان لە دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ:

ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی خراپ و نێگەتیڤیان لە دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێدا هەیە، بە کەیفی خۆیان وشەی نوێ دادەڕێژن، یان وشە کۆنەکە

بەشێوەیەکی نادروست دادەڕێژنەوە و سەقەتی دەکەن. وەک: (کاتژمێر) بۆتە (کاژێر). بۆیە پێویستە ئەکادیمیای کوردی ڕێگە لەم دیاردەیە بگرێت و نەهێڵێت فراوان و تەشەنە بکات لە ناو کۆمەڵگادا. هەروەها یاسایەک هەبێت بۆ پاراستنی زمان و دەوڵەمەندکردنی و نووسینەوە و بە فەرهەنگکردنی و پاراستنی زاراوەکان، وەک گەنجینەیەکی بەنرخ بپارێزرێن.

ڕاگەیاندنەکان لەجیاتی ئەوەی دەستیان هەبێت لە دەوڵەمەندکردنی زمانەکە، بگرە زمانەکە دەشێوێنن و بەرەو ئاقارێکی تاریکیدا دەبەن.

٩. بوونی سەنتەرێک بۆ ڕاهێنان و وەرگێڕانی وشە و زاراوەی نوێ:

لە زاراوە داناندا زۆرجار پەنا دەبەینە بەر وەرگێڕان، بۆ ئەوەی واتای زاراوەیەک بە کوردی دەربڕین، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە زاراوە وەرگیراوەکە بۆ کام واتا دەشێ یان گونجاوە بۆ بەکارهێنانی. لەبەر ئەم هۆیەوە ناکرێت لە خۆڕا هەرکەسەو بە ئارەزووی خۆی دەست بکات بە وەرگێڕان، بۆیە ئا لێرەدا پێویستمان بە سەنتەرێک دەبێت، کە شارەزایانی زمانی تێدا کۆبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە گشتی بڕیارێک لەسەر واتای وشە بێگانەکە بدرێت و یەک واتا بچەسپێت و پەرە بسێنێت و هاوواتای دروست نەبێت.

ئەوەی وەرگێڕانیش ئەنجام دەدات پێویستە تایبەتمەندیەکانی وەرگێڕی تێدابێت لەوانە:

١. شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەم بوارەدا.

٢. شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لە زمانەکانی تردا.

٣. توانای ئەوەی هەبێت کە واتایەکی پڕاوپڕ بۆ وشە وەرگیراوەکە بدۆزێتەوە.

٤. شارەزاییشی هەبێت لە هەنگاوەکانی وەرگێڕاندا، وەک:

ا. وەرگێڕانی وشە بە وشە.

ب. وەرگێڕانی دەنگی.
ج. وەرگێڕانی چەمکی.

١٠. دروست نەبوونی دەمارگیری لە وەرگرتنی هەندێ وشە و زاراوەی بێگانە:

نابێت دەمارگیری هەبێت لە وەرگرتنی هەندێ وشە و زاراوە لە زمانێکی دیکە، بە تایبەتی زمانی عەرەبی، چونکە ئاینەکەمان ئاینێکی عەرەبییە.

ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ، یان پێمان خۆش بێت یان پێمان ناخۆش بێت، هەندێ زاراوە دێتە ناو زمانەکەمان بەبێ ویست و ئاگای خۆمان وەک: وشە و زاراوەی (زەکات، سەرفتر، جومعە.....هتد).

بەبێ ئەوەی کە ئەم وشانە هیچ کێشە و گرفتێک بۆ زمانەکەمان دروست بکەن، بە پێچەوانەوە شوێنی خۆیان بەتەواوی کردۆتەوە لە ناو زمانی کوردیدا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ئەم هەنگاوە لە هەندێ کاتدا، زۆر باشترە لەوەی کە وشەی نوێ دابڕێژرێتەوە، جا ئایا وشەکە دەڕوات یان ناڕوات لەناو کۆمەڵگادا، بۆیە بۆ سەلامەتی زمانی کوردی ئەم هەنگاوە پێویستە.

وێڕای ئەم چارەسەرانە بۆ داڕشتنی وشە و زاراوەیەکی چالاک و تەندروست، کە گومان لەوەدا نییە، کە کارو کات و خەرجی و شەونخوونی زۆری دەوێ، پشتگیری لایەنی پەیوەندیداریشی پێویستە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

دەبێ ئاگاداری ئەوەشبین کە ئەم هەوڵانە بە تاکەکەس ئەنجام نادرێت، بەڵام ئەگەر بە دەستە و کۆمەڵ هەوڵی بۆ بدرێت ئەنجامێکی باشی دەبێت، بۆ دەوڵەمەندکردن و زیندووکردنەوەی وشەی زمانی کوردی.

هەروەها لەم حاڵەتەدا هۆشیاری تاکی کوردیش پێویستە بەرامبەر بە زمان، چونکە پاراستنی زمان ئەرکێکی نیشتیمانیی هەموومانە، بەهێزیی بیر و باوەڕی نەتەوایەتی دەبێتە هۆی بەهێزی و چالاکیی زمانەکە و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانەکە.

ئەنجام:

١. کرداری کۆتکردن (blocking) لە زمانی کوردیدا بە زەقی هەستی پێدەکرێت، کە بەهۆی بوونی هەندێک لە گیرەکەکانەوە دروست دەبێت، کە قەدەغەکراو و (تابۆ taboo)ن.

٢. بوونی واتای ڕەنگدانەوە لە زماندا، وا دەکات کۆتکردن دروست ببێت و وشەیەکی نوێ شوێنی وشە کۆتکراوەکە بگرێتەوە، جا ئەو وشەیە چ لە فەرهەنگەوە وەرگیرابێت، یان لە زارەکی تەوە هێنرابێت، یان وشەیەکی کۆن و مردوو بێت زیندوو کرابێتەوە، یان لە زمانێکی تەوە وەرگێڕدرابێت، یان ڕاستەوخۆ وەرگیرابێت لەزمانێکی تر.

٣. بۆ کەمکردنەوەی کۆتکردن لە زماندا پێویستە پشت بە زاراوەی تر ببەستریێت یان دیاردەی هاوواتایی و فرەواتایی و هاوبێژی لە زمانەکەدا نەهێڵرێت یان زۆر کەم بکرێتەوە.

سەرچاوەکان:

کتێبی کوردی:

١. بەسیر، کامل حەسەن (١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢. دزەیی، عبدالواحید مشیر (٢٠١١)، واتاسازی ڕستە و وشە، چاپی سێیەم ، هەولێر.

٣. دزەیی، عبدالواحید مشیر (٢٠٢١)، زاراوەسازی و زمانەوانی، هەولێر.

٤. عەلی، تالێب حوسێن (٢٠١١)، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

٥. مارف، ئاوارەحمانی حاجی (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم،

٦. وەسمان، مەحەمەد (٢٠٠٤)، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

گۆڤارەکان:

١. عەساف، هیوا ئەحمەد، عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد (٢٠١٣)، شیکردنەوەی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی ئێستای کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ژمارە (٢٤).

٢. فوئاد، کەمال (١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە (٤)، بەغدا،

نامەی ئەکادیمی:

١. خدر: حەیدەر حاجی (٢٠١٠)، تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیای زمانەکانەوە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

کتێبی عەرەبی:

١. الدیداوی: محمد (٢٠٠٥)، منهاج المترجم، المرکز الثقافي العربی، الدار البیضاء، ط١

کتێبی ئینگلیزی:

1. Aronoff :Mark, Word Formation in Generative Grammar, 1976.

2. Rainer: Franzm, 69 june 2016, .Blocking, Oxford university press

ملخص

قيد نشاط اللواحق (العميل) في تشكيل الكلمة الكوردية

تأتي هذه الدراسة في إطار المفردات التي تشرح فعل القيد، وهو عدم رجوع أحد الأشكال لوجود شكل آخر ، وتناقش كيفية منع تكوين الكلمات والمصطلحات في المصطلحات التي تصف خطوات هذا التأثير السلبي، ويعرض الفرق بين قوة القبضة وضعف القبضة في القيد ، وتتكون هذه الدراسة من جزئين:

يتضمن الجزء الأول مفهوم وتعريف القيود في تكوين الكلمات، وأسباب القيود، والآثار السلبية للقيود على إنتاج الكلمات، والاختلافات بين نقاط القوة والضعف في القيود.

الجزء الثاني يحتوي على بعض الاقتراحات الخاصة بمعالجة وتركيب المفردات الكوردية.

الكلمات الدالة: اللواحق، القيد، النشط، البطيء، الكلمات والمصطلحات.

Abstract

Blocking the activity of the suffixes in Kurdish word formation.

This study is within the framework of lexicology, which explains the action of constraint, which is the non-return of one form due to the presence of another form, and discusses how to prevent the formation of words and terms in terms, which describes the steps of this negative effect, and the difference between the strength of the grip and the weakness of the grip in constraint. This paper consists of two parts

The first part includes the concept and definition of constraints in word formation, the causes of constraints, the negative effects of constraints on word production, and the differences between the strengths and weaknesses of constraints in constraints.

The second part contains some suggestions for the treatment and structure of Kurdish vocabulary.

Keywords: Affix, blocking, active, sluggish, words and terms.

ناوی هەولێر لە سەرچاوە کۆنەکاندا

پ.ی.د. موسا محەمەد خضر
بەشی میژوو/کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Musa.khder.@su.krd

پ.ی.د. ئارام جەلال حەسەن
بەشی شوێنەوار/کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Aram.hassan@su.edu.krd

کەیفی جەلال تەها
قوتابخانەی دواناوەندی ئیسلامی شەقلاوە
وەزارەتی پەروەردە
xoshnaw.kayfe@gmail.com

پوختە

ئەو توێژینەوەیە باسی پێگەی جوگرافی شاری هەولێر و ناوەکەی لە سەردەمە جیاوازەکانی میژوودا دەکات، شاری هەولێر میژووێکی زۆر کۆنی هەیە تاوەکو ئێستا بە دروستی نازانرێت، بەڵام بۆ یەکەمین جار ناوهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان، پاشان لە سەردەمی گووتییەکان بەڕوونی لەلایەن پاشاکان ئاماژە بە هێرشکردن کراوە بۆ سەر شاری هەولێر، بنەماڵەی ئووری سێیەم لە چەند تێکستێك ناوەکەی بە(ئوربیلوم) هاتووە، لە سەردەمی بابلی کۆن و ئاشووری کۆن و ناوەڕاست ناوەکەی هاتووە، ئەوەی جێگای سەرنجە لە سەردەمی ئاشووری نوێ ناوەکەی بە(ئەربائیلو) هاتووە زۆر لە میژوونووسان ناوی هەولێریان گێڕاوەتەوە بۆ ئەو سەردەمە بە شاری چوار خواوەندیان ناساندووە، ئەوەش هەڵەیە چونکە ئەو ناوە تەنها لەو سەردەمە بەکار هاتووە، دەربڕینێکە ئاشوورییەکان بۆ زۆرێك لە شارەکانی وڵاتی دووڕووبار بەکار هاتووە بەشێوەی کورتکراوە، لە سەردەمی هەخامەنیشی ناوی بە (ئەربیرا) هاتووە، لە سەردەمی یۆنانییەکان ناوەکە بە(ئەربێلا) هاتووە، پاشان

بە گوێرەی سەردەمەکان ناوەکە هەندێك گۆڕانکاری بەخۆی دیوە تا بۆتە هەولێر، لە چوارچێوەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای زانستی ئەو گۆڕانکاریانە خراوەتە ڕوو.

وشە سەرەکییەکان : (هەولێر ، دەقە مێخییەکان، ئەربائیلۆ ، ئوربیلوم ، ئوربیل)

پێشەکی:

شاری هەولێر بەیەکێك لە شارە مێژوویییەکانی وڵاتی (دووڕووبار Mesopotamia-) دادەنرێت، کە بەدرێژایی چاخەکانی پێش زایین لە ناوچەکەدا بوونی هەبووە، شارێکی گرنگ و جێگای بایەخ بووە، کەوتۆتە ناوچەیەکی گرنگی جوگرافی وڵاتی دووڕووبار، بە هۆی بوونی پێدەشتێکی بەرفراوانی بەپیت و ئاووهەواکەی بۆ چاندنی کشتوکاڵ و دانەوێڵە گونجاوە، مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن لە ئەشکەوتی شانەدەر، پاشان دروستکردنی نشینگەی کاتی لە ناوچەکانی زاوی چەمێ و مەلفەعات لە ڕۆژئاوای ڕووباری خازر نزیك ڕێگای هەولێر مووصل، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە ئەو ناوچەیە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست و نوێ تاوەکو ئێستا بە بێ پچڕان مرۆڤ لەو ناوچەیە نیشتەجێ بووە، دۆزینەوەی سەدان ناوچەی شوێنەواری لەو ناوچەیە بەڵگەی گرنگ سەلمێنەرن کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مێژووی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە، پاشان بە ناوچەکانی تر بڵاوبوونەتەوە.

ناوچەیەکی گرنگ و بەیەکەوە بەستنەوەی زۆربەی شارە کۆنەکانی ناوچەکە بووە، زۆر لە ڕێگاکان بەو شارەدا تێپەڕیون، ئەو شارە سەدان

فەرمانڕەوایی جیاوازی بەخۆیەوە دیوە زۆرجار تووشی هێرشی دەرەکی بۆتەوە زیانێکی زۆری پێگەیشتووە، بۆیە بەدرێژایی مێژوو ئەو ناوچەیە لە ململانێیەکی گەورەدا بووە هەرگیز سەقامگیری بە خۆیەوە نەدیوە، لە زۆربەی سەرچاوەی کۆن و نوێ ناوی هاتووە.

گرنگی توێژینەوەکە: ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی (ناوی هەولێر لە سەرچاوەکانی مێژوودا)یە هەوڵێکی زانستییە بۆ بەدواداچوون و شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە کە زۆرێك لە توێژەران ئاماژەیان بۆ کردووە کە ناوی هەولێر بە مانای چوار خواوەند (ئەربائیلۆ) دێت، ئەو توێژینەوەیە لەسەر بنەمای زانستی هەوڵێکە بۆ دەرخستن و راستکردنەوەی ئەو هەڵە زانستییەی کە زۆربەی توێژەران کاریان لەسەر کردووە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی زانستیی ئەوتۆ پەنای بردۆتە بەر هەردوو ڕێبازی گێڕانەوەی مێژوویی و ڕێبازی شیکردنەوە، لەبەر ئەوەی بابەتی مێژوویی پێویستی بە لێکدانەوە و تێگەیشتن و هەڵوەستە لەسەرکردن هەیە .

گرفتی توێژینەوەکە: گرنگترین ئەو بەربەستانەی لە ئەنجامی توێژینەوەکە بوونە گرفت کەمیی سەرچاوەی مێژوویی بوو لەسەر شاری هەولێر لەو سەردەمە مێژووییانە، جگە لەوەش بەشێکی زۆری ناوچەکانی هەولێر لێکۆڵینەوەی شوێنەواری و پشکنینی شوێنەواری بۆ نەکراوە، ئەوەش بۆتە هۆکارێك کە بەشێکی زۆر ئەو بەڵگەنامانە تاوەکو ئێستا نەدۆزراونەتەوە لەسەر شارەکە.

تەوەری یەکەم
پێگەی جوگرافی شاری هەولێر

شاری هەولێر بە یەکێ لە گرنگترین و ناوازەترین شارە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن دادەنرێت، بە دەشتێکی فراوانی بەپیت دەورە دراوە، لە بەشی باکووری زێی گەورە (الزاب الكبير)[1]، و لە باشوور زێی بچووك (الزاب الصغير)[2]، لە ڕۆژئاوا (ڕووباری خازر)[3] هەڵکەوتووە، بەدرێژایی چاخەکانی مێژوو رۆڵی مێژوویی و شارستانیەتی بینیوە، بەیەکێ لەو شارە مێژووییانە دەژمێردرێت کە تاوەکو ئێستا ژیان تێیدا بەردەوامە، وێڕای ئەوەی چەندین کارەساتی سروشتی و مرۆیی بە خۆیەوە دیوە (باقر، ۱۹۸۰، ۱۸۳) ، بەڵام نەبۆتە هۆی لەناوچوونی شارەکە، بەڵکو خۆڕاگر بووە هەر ئەوەش بۆتە هۆی دانەبڕانی لە بنیاتنان و پێشکەوتنی شارستانیەت کە جیهان و ناوچەکە بە خۆیەوەی دیوە، سروشتی خۆی پاراستووە (قادر، ۲۰۰۸، ۱۱) ئەو شارە کەوتۆتە سێگۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی عیراق (يارالي، ۲۰۰۸، ۹)

قەڵای هەولێر گردێکە لە شێوەی هێلکەییدایە، بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە (٤٣٥) مەترە و لە ئاستی زەویەکانی دەوروبەری (۲۵) مەترە (أل مدرس، ۲۰۰۳، ص۱۳)

هەڵکەوتەی شاری هەولێر و بوونی دەشتاییکی فراوان یارمەتی گەشەسەندن و فراوانبوونی داوە (الجنابي، ۱۹۸۷، ۱۸)، ئەو شوێنەی هەولێری لەسەر بنیاتنراوە ئەمڕۆ بەخانووی ماڵانیش یەك لە دوای یەك دەبینرێت، لە کۆندا دانیشتوانی عیراقی کۆن پشتیان بە چاکردنەوەی کاولە ڕووخاوەکان دەبەست پاشماوەکانیان بۆ چاکردنەوەی خانووە نوێیەکان بەکارهێناوە ئەو کردارەش بە درێژایی چەندین ساڵانە دووبارە بۆتەوە، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزبونەوەی شارەکە لە ئاستی زەویەکانی دەوروبەری هەندێك

لە شارەکان دوای داگیرکردن و کاولکردنی، دانیشتوانەکەی وازیان لێهێناوە چاکیان نەکردۆتەوە بەڵام هەولێر و کەرکووك دوای چەندین جار داگیرکردن و کاولکردن دانیشتوانەکەی بەردەوام نۆژەنیان کردۆتەوە (روو، ٢٠١٩، ٤٥)، ئەوەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان پێکردووە ئەو شوێنەی هەولێری لەسەر بنیاد نراوە بەدەست دروستکرابێ، بەتایبەتی دوای لێکۆڵینەوە و پشکنین لە لایەن شوێنەوار ناسان چەندین چینی جیای لە یەکتری دۆزراوەتەوە .

ئەو شارە لە ڕووی فەلەکییەوە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (٤٤،٢)°پلەی باکوور هێڵی پانی (٣٦،١١)°پلەی ڕۆژهەڵاتی باکووری ڕۆژهەڵاتی عیراق (الشمري، ٢٠٢١، ٧٥)، ڕووبەری گشتی ئەو شارە (١٥٤٢٢)کم٢ ، بەسەر دوو هەرێم دابەش بووە یەکەمیان هەرێمی چیا کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە، دووەمیان هەرێمی دەشت دەکەوێتە باشوور و باشووری ڕۆژئاوا، (هەنارەیی، ٢٠١١، ٣٠)، بەڵام لە کۆندا شاری هەولێر ئەو بەشەی دەگرتەوە کە ئەورۆ بە قەڵا ناسراوە، لەگەڵ زەویەکانی دەوروبەری قەڵاکە .

تەوەری دووەم

ناوی هەولێر لە سەرچاوەکانی مێژوودا

هەولێر بە یەکێك لە شارە دێرینەکانی جیهان دەژمێردرێت، کە پارێزگاری لە ناوە کۆنەکەی خۆی کردووە، سەرەڕای ئەوەی شارەکە ڕووبەڕووی چەندین داگیرکاری و شارستانیەتی نەتەوەی جیاواز بۆتەوە لە ڕووی ڕۆشنبیری و زمانەوە (مراد و آخرون، ۲۰۱۲، ۱۰)، هەر لە کۆنەوە وەك مەڵبەندێکی گرنگ لە بواری رامیاری و سەربازی و بازرگانی بایەخی خۆی هەبووە، ناوی بەگەلێك هەرێم و ناوچەی جیهانی کۆن و نوێدا بڵاوبۆتەوە (حاجی، ۱۹۸۵، ٤٥) .

ناوەکەی لە زۆربەی سەرچاوەکانی مێژووی کۆن و نوێدا ئاماژەی بۆ کراوە. (زێباری، ۲۰۰۹، ٥٦)، ئەگەرچی بەڵگە شوێنەواریيەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو شارە بەر لە داهێنانی نووسین بوونی هەبووە مێژووەکەی بۆ سەردەمی عوبید دەگەڕێتەوە (حەمەشەریف، ۲۰۱۸، ٧٤-٨٩)، بەڵام لە دوای داهێنانی نووسینی (مێخی-Cuneiorm) بە نزیکەی هەزار ساڵ بۆ یەکەم جار ناوی هەولێر لە سەرچاوە مێخییەکان بەدیار دەکەوێت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدی (۲۳۷۰- ۲۲۳۰پ. ز)، بۆیە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆ ناوەکەی بایەخ و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتی ناوەکە، لەلایەکی تریشەوە وەڵامێکە بۆ چەند لێکدانەوەیەکی هەڵە کە بۆ ناوی (ئەربائیلۆ) کراوە .

هەرچەندە ناوی هەولێر لە کۆندا بۆ زمانی دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام نابێت ئەو ڕاستییە پەراوێز بخەین کە ناوی شارەکە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی نووسینی مێخی، کە بۆ سۆمەری و ئەکەدی دەگەڕێتەوە بە دەستمان گەیشتووە، لەوانەیە ناوی شارەکە لە بنەڕەتدا جیاواز بێت لەگەڵ ئەو زمانە ئەکەدییەی کە ناوەکەی پێ نووسراوە، ئەگەر سەرنج

بدەین ناوی شاری هەولێر لە نووسینە میخییەکان لە کۆنترین سەردەمەوە تا ڕووخانی دەوڵەتی ئەخمینی تاڕادەیەك بە شێوەی جیاواز هاتووە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین[٤] :

لە سەردەمی ئەکەدی ناوی شاری هەولێر بە (ئیربیل) (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١١٧)

$Er\text{-}bi\text{-}il^{ki}$

لە سەردەمی گووتی ناوی هەولێر بە شێوەی (ئوربیلوم) (Frayne, 1997, 220)

$Ur\text{-}bi\text{-}lum^{ki}$

لە سەردەمی بنەماڵەی ئووری سێیەم (٢١١٢- ٢٠٠٤پ.ز) ناوی هەولێر بە شێوەی-(RGTC, vol. II, 217)

$Ur - bi_2\text{-}lum^{ki}$

$Ur\text{-}bi_2\text{-}i_3\text{-}lum^{ki}$

Ur- bi_2- lum- ma^{ki}

لە سەردەمی بابلی کۆن ناوی هەولێر بەم شێوەیە تۆمارکراوە

Ur- $bi\text{-}el^{ki}$(ئوربیل)

Ur-$bi\text{-}e\text{-}el^{ki}$ (ئوربیل) (MacGinnis, 2013, p.23)

سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست ناوی هەولێر هەندێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەم شێوەیە (Uru Ar-ba-il) هاتووە

^{Uru}Ar-ba-il^{ki}

لە سەردەمی ئاشووری نوێ (هەزارەی یەکەمی پ. ز) ناوی هەولێر بە شێوەی ئەربائیلۆ هاتووە (الشمري، ٢٠٢١، ٧٤-٧٥)



Uru 4- Dingir

سەردەمی ئەکەدی ئەو کاتەیە کە ناوی هەولێر دەچێتە مێژووەوە. لە بەڵگەنامەیەکی (ئێبلا)دا بۆ یەکەم جار ناوی هاتووە، ڕەنگە لە داهاتوودا دوای لێکۆڵینەوە و پشکنینە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە دەقێکی تری مێخی بدۆزرێنەوە ئاماژە بە ناوی هەولێر بکات(MacGinnis, 2013, 19)، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین لە دەقەکانی ئیبلا لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا باس لە هەولێر دەکات، بە دوو شێوە دێتە بەرچاو (ئیربیل-Ir-bi-i-lumki)، (ئوربل ù-ra-BÍLki) چەند جارێک پشتڕاست کراوەتەوە دڵنیا نییە کە ئەم ڕێنووسانە هەردووکیان ئاماژە بە هەمان ناوی هەولێر دەکەن بەڵام پێدەچێت (ئیربیل-Ir-bi-i-lumki)، بەڕاستی ئاماژە بە ناوی هەولێر بکات، دوو بەڵگەنامەی یەکەمی ئەم بەڵگەنامانە تایبەتن بە دەرکردنی زیو بۆ نێردراوێک کە دەچێتە هەولێر و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ، دەوروبەری (۲۳۰۰-۲۲۸۰ پ. ز) بەپێی کرۆنۆلۆژیای ناوەڕاست (MacGinnis, 2013, 46))، نامەیەکی دیبلۆماسی گرنگە کە پاشایی (ئێبلا Ebla) بەناوی (ئیرکاب-دامو Irkab-Damu) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی ناردوویەتی بۆ پاشایی (خەمازی)[٥] (زیزی Zizi) کە زۆر لە مێژوونووسان گرنگییێکی تایبەتییان پێداوە، بە تاکە نامەی شاهانە لە قەڵەم دەدرێت کە ئاڵوگۆڕ کرابێ لە نێوان دوو نەتەوەی جیاواز، تێدا داوای یارمەتی سەربازی لە شانشینی خەمازی دەکات، و باسی ئاڵوگۆڕی دەست و دیاریش دەکات(Pettinto, 1981, 161) ، ناوی هەولێریش لەو نامەیەدا لەگەڵ چەند شارێکی تر هاتووە، کە باسی پەیوەندی و ئاموشۆی

بازرگانی لە نێوان ئیبلا لە لایەك و ئیربیل (هەولێر)، کاکموم، گاسور لە لایەکی تردوە (ئەحمەد، ۲۰۰۸، ۱۱۷) ، ئەو نامەیە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ مێژووی شاری هەولێر چونکە بۆ یەکەمین جار ناوی هەولێر لە تێکستی مێخی هاتبێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نامەیە کە بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژە بە ناوی ئەو شارە کراوە.

لە سەردەمی گووتی لە تێکستێکی پاشای (ئێریدو- پیزیر ۲۲۰۰پ. ز) کە خۆی بە پاشای گوتیۆم، پاشای چوار لای جیهان وەسف دەکات ناوی هەولێر بە شێوەی (Urbilum) هاتووە، بە کورتەیەک باس لە هەڵمەتەکەی دەکات دژی سیمیروم و لولوبوم و ئوربیلوم، نووسراوە لە دەقێکی میخی کە لە پەرستگای دۆزەخ لە (نەفەر-Nipur) دۆزراوەتەوە، یەکێك لەو تێکستانە باسی یاخیبوونی شاری هەولێر دەکات بە سەرکردایەتی (نیریشخوخا-Nirišhuha) فەرمانڕەوای شاری هەولێر دژی دەسەڵاتی پاشای گووتی، هەرچەندە هەندێك لە تێکستەکە شکاوە بەڵام ئەو زانیاریانەی لەسەر هەڵمەتە سەربازیەکەی شاری هەولێر لەلایەن پاشای گووتی (ئیردۆ-پیزر) بەڕوونی لە ستوونەکان بەرچاو دەکەوێت بەم شێوەیە(MacGinnis, 2013, 47):

Col. XI

1- in 1 UD 2- u-sú-ri-id 3- ù 4-mu-ma-am.KUR

5-na-ra-ba-a 6-ur-bi-lum.Ki 7-SAG.GIŠ.RA

8-Ú 9-^{m}ni-ri-iŠ-hu-ha 10- EN(SI)

11-Ur-bi-[lum.KI](FRAYNE , 1993, p227)

((لە یەك ڕۆژدا دەستم گرت بەسەر چیای مووم کە ڕێڕەوە بۆ شاری هەولێر، وە هێرشم کردە سەر نیریشخوخای فەرمانڕەوای شاری هەولێر (ئوربیل)) (زێباری و هەموەندی، ۲۰۱۸ ، ۹۳-۹۶).

شاری هەولێریش لە ژێر فەرمانڕەوای بنەماڵەی ئووری سێیەم بووە، چەند دەقێکی مێخی لە بواری ئابووری و مێژوویی دۆزراوەتەوە (ساکز، ١٩٩٩، ٤٩-٥٠) لەو سەرچاوە کۆنانەی لەسەر ناوی هەولێر بەدەستمان گەیشتبێ، تۆماری پاشاکانی سومەری لە بنەماڵەی ئووری سێیەم (شولکی)یە، کە ناوی هەولێر بە شێوەی (أور-بیلوم Ur-billum) لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢- ٢٠٠٤ پ. ز) تۆمارکراوە (المتولي،٢٠٠٧، ٢٥-٢٩) لە ڕووداوە مێژووییەکانی پاشاکانی بنەماڵەی ئووری سێیەم، پاشا (شولکی) -لە ساڵی (٢٠٩٤ -٢٠٤٧پ. ز) فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ئووری سێیەم بووە، ئەو پاشایە توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات، لەو سەردەمە شاری هەولێر یەکێك بووە لەو شارانەی توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەردا بسەپێنێ (باقر، ١٩٨٠، ١٨٣) .

لە ناونانی ساڵەکانی فەرمانڕەواییدا لە دوو ساڵدا ئاماژەی بەناوی هەولێر کردووە لە ساڵی (٤٥) فەرمانڕەوایی ئەو هەڵمەتەی ئەنجامداوە بە (اوربیلوم-Urbilim) ناوی هێناوە، کە هێرشی کردۆتە سەر چەند شارێك بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە (ساڵی پاشا شولگی، پاڵەوانی بەهێز، پاشای شاری ئوور، پاشای چوار لای جیهان، شاری ئوربیلوم، شاری سیموروم[٦] (Camiron, 1968, 49)، شاری لولوبوم، شاری کاراخار، لە یەك هەڵمەتی سەربازی کاولکرد (Ebeling and Meissner, P.142, no. 64) لە ساڵی ٤٦ فەرمانڕەوایەتیدا ئاماژەی بە ناوی اوربیلوم کردووە بەم شێوەیە :(mu- us_2-sa- ur-bi_2 –lum^{ki}- ba- ḫul) بە مانای (ساڵی دوای ساڵی وێرانکردنی اوربیلوم) بەم شێوەیە لەو سەردەمەدا زۆر جار ناوی هەولێرمان بەرچاو دەکەوێت بە شێوەی اوربیلوم، کە ئەوە تەنها لە تۆمارە سەربازییەکان نییە بەڵکو لە زۆر تۆماری ئابووری و کارگێڕی بەرچاو دەکەوێت (Grégoire, 1996, 106)، کاتێك پاشا شولگی دەمرێت پاشا (ئەمار –سین/Amar-En-zu-suen) لە نێوان ساڵانی (٢٠٤٦-

٢٠٣٨پ. ز) دەسەڵاتی بنەماڵەی ئووری سێیەم دەگرێتە دەست، لەو سەردەمەش ئاماژەی بە ناوی هەولێر کردووە لە دوو هەڵمەتی سەربازی کە لە ساڵی دووەم و سێیەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی هێرشی بۆ شاری هەولێر کردووە بەم شێوەی (اوربیلوم) ناوی هێناوە، بەم شێوەیە (Mu Amar- EN- ZU(su'en)Lugal-e ur-bi-lum-ki mu-hul) (واتە ئەو ساڵەی پاشا ئەمارسین شاری هەولێر کاولکرد)، ساڵی دواتریش بە هەمان شێوە لە تۆماری پاشایەتی (ئەمار-سین) ئاماژەی بە کاولکردنی شاری (اوربیلوم- Urbilum) کردووە (Engulund, 2002, No.3:rev.4).

(شو-سین dSu-suen) کە لە کۆن بە (جمیلسین Gimlsin) دەخوێندرایەوە، دوای براکەی (ئامارسین) چوارەمین پاشای ئەو بنەماڵەیە بووە، بۆ ماوەی نۆ ساڵ (٢٠٣٧-٢٠٢٩پ.ز) دەسەڵاتی بنەماڵەی ئووری سێیەمی گرتە دەست (فرحان، ٢٠٠٥، ٧٩)، ئەم سەردەمەش بەدەرنەبووە لە هەڵمەتی سەربازی بۆ ئەو هۆزانەی کە لە بەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا و چیای زاگرۆس نیشتەجێ بوون و توانی مەترسی لەسەر مێزۆپۆتامیا کەم بکاتەوە (باقر، ٢٠١٢، ٤٢٦)، ئەوەی زانراوە کە فەرمانڕەوا (پاشای لەکش) لە سەردەمی پاشا (شو-سین) فەرمانڕەوایەکی لەسەر (ئوربیلوم- Urbillum) داناوە، کە ناوچەی شاری هەولێر بووە لە هەرێمی سوبارتو ناوی ئەو فەرمانڕەوایە (ارد-نانار) بووە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، لە شاری لەگەش نیشتەجێ بوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی مەملەکەتی سۆمەر لە باشوور، بۆیە کارێکی زۆر قورس بووە ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات، هەر بۆیە سەرکەوتوو نەبوو لە ساڵی سێیەمی فەرمانڕەوایەتی (شو-سین) ئەو ناوچەیە بەردەوام بووە لە یاخیبوون (مكاي،١٩٦١، ١٤٩)، بۆچوونێك لەم بارەیەوە هەیە گوایە ئەو فەرمانڕەوایە (ئیرننا) بووە، کە لە دەقێکی مێخی ناوی هاتووە بەم

شێوەیە (ئیرننا فەرمانڕەوایی خەڵکی ناوچەی سو زەویەکانی ناوچەی کردا) (احمد و رشید، ١٩٩٠، ٤٦)

ئەو ناوهێنانەش دەرخەری ئەوەیە کە شاری هەولێر یەکێك بووە لە شارە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، ناوێکی گەورە بووە لە ناوچەکە هەر کاتێك پاشایەك داگیری کردبێ شانازی بەم کارەی کردووە لە تۆمارەکانی ساڵنامەی خۆیدا بەگرنگیەوە ناوی هێناوە.

لە سەردەمی بابلی کۆن / ئاشووری کۆن (٢٠٠٦-١٥٩٦ پ.ز) لە دوو تێکتستی نووسراوی شاهانە ئاماژە بە ناوی هەولێر کراوە بە شێوەی (ئوربیل-Urbel)، بۆ هەردوو پاشا (دادوشا و شەمشی-ئەدەدی یەکەم) دەگەڕێتەوە. هەردوو نووسراوەکە باس لە یەك هەڵمەتی سەربازی هاوبەش دەکەن بۆ سەر شاری هەولێر . هەولێر لەم کاتەدا بەشێک بووە لە شانشینی (قابرا)[٧] و پێدەچێت شوێنی پەرستگایەکی ڕەسەن یان ئیدارەی کۆشک بووبێت (Frayne, 1993 , 218)

لە نووسراوەکانی سەردەمی (ئاشووری ناوەڕاست ١٥٠٠-٩١١پ.ز) (مظلوم، ١٩٩١، ص٤٥٩) ، ناوی هەولێر بە شێوەی (ئەربائیل- ^{uru}Ar-ba-il) نووسراوە، لە سەردەمی ئاشووری نوێ ٩١١-٦١٢پ.ز) (سلیمان، ١٩٩١، ٨٢)، بە شێوەی (ئەربائیلو-^{uru}4–DINGIR) (MacGinnis, 2013, p23)، هاتووە، زۆربەی میژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە (ئەربا-ئیلو) بە مانای شاری چوار خواوەند دێت، لایان وایە ناوی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوە (الإربلي، ٢٠٢٠، ٨٥: عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ٨٥). چونکە لە لێکدانەوەی وشەیی ناوەکەی وا دەردەکەوێت کە بریتییە لە (ژمارە ٤ لەپاڵ خواوەند) کە زۆرێك لە توێژەرە بیانی و ناوخۆییەکان لە کۆندا وایان لێکداوەتەوە بە مانای چوار خواوەند دێت، بێ ئاگا لەوەی کە لەسەردەمی ئاشووری نوێ زۆرێك لە ناوی شارەکان و

کەسایەتی و خواوەندەکان بە کورتکراوەیی دەربڕاوە و بێ گوێدان لێکدانەوەی ماناکەی تەنها دەنگەکە و خوێندنەوەکەیان بەلاوە گرنگ بووە واتە ئەربائیلۆ .

ناوی (ئوربیلوم) ناوێکی زۆر کۆنە واتاکەی نازانرێت، بەڵام ناوی ئەربائیلۆ (چوار خواوەند) تەنها لێکدانەوەیەکە پەیوەندی بە ناوی ئوربیلوم هەیە لە دەنگەکەی وەرگیراوە، ئەو شێوازە وەرگرتنە لە سەردەمی ئاشووری باو بووە، ئاشووریەکان ناوی زۆرێك لە شارەکانیان بەشێوەی کورتکراوە هێناوە، بۆیە ناوی هەولێر بەم شێوەیە (4-ilum^{ki}) دەنگەکەیان وەرگرتووە، بەبێ گوێدانە واتای هێماکان ناویان هێناوە، جگە لە ناوی هەولێر ناوی چەند شارێکی تریش بەم شێوەیە هاتووە وەك (4-ha^{ki} = Ar- ra- ap-ha^{ki}) واتە (شاری ئارابخا) یەکێك لە تێبینییەکان لە سەر ناو هێنانی (4-iliu) ئاربائیلو ئەوەیە بە گوێرەی رێزمانی ئەکەدی ئەگەر (ئەربائیلو) بە مانای چوار خواوەند هاتبێ دەبێ نیشانەی (کۆی-Dinger) لە دوا بێت، بەڵام ئەو نیشانەیە نەهاتووە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەبەستی چوار خواوەند نییە،[٨] ئەو ناوە لە نووسینەکاندا هیچ نیشانەیەکی کۆی پێوەنییە، دیارە مەبەستی ئەوە نییە، ئەو ناوهێنانە دەڕبرینێکی نزیکە لە ناوی ئوربیلوم (MacGinnis, 2013, 32-33) .

هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە شاری هەولێر بە هیچ شێوەیەك چوار خواوەند نەبووە (رسول، ٢٠٠٥، ١٨-١٩)، ئەوەی زانراوە لە سەر خواوەندەکانی ئاشووری کە پەرستگای هەبووبێ و پەرستراوبێ تەنها خواوەندی عەشتار بووە، ئەی ئەو سێ خواوەندەی تر ناویان چی بووە.

جگە لەوە ئەو ناوە (arbailu) ریشەیەکی سامی نییە تاوەکو بەمانای چوار خواوەند بێ، بەڵکو پاش چەندین گۆڕانکاری ئەو ناوە بۆتە (arbailu) کەواتە ئەگەر ئێمە بمانەوێت واتای ناوەکە بەدروستی بزانین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو

سەرچاوانەی یەکەمین جار ناوی هەولێریان بەکارهێناوە ئەوەش زۆر ئەستەمە بمانگەیێنێتە واتایەکی دروست (حەسەن١، ٢٠٠٩، ٦٠٩).

گومان لەوەدانییە ناونانی هەر شارێك دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانی رەسەنی شارەکە، کۆنترین بەڵگە شوێنەواری و مێژوویییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شاری هەولێر بەشێك بووە لە وڵاتی سووبارتۆ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لەوانەیە ناوی هەولێر ناوێکی سووباری بێت (اسماعیل، ٢٠٠٧، ٨١-٨٣) چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە لە سەر لێکدانەوە بۆ ناوی (اوربیلوم) هەولێر، چەند بۆچوونێك لە چوارچێوەی بابەتەکە دەخەینە ڕوو:

هەندێك لە سەرچاوەکان ناوەکە دەگێڕنەوە بۆ سۆمەرییەکان بەهۆی نزیکەی لە ناوی شارە سۆمەرییەکان، بۆچوونیان وایە سەرەتا سۆمەرییەکان لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوونە شاری هەولێریان دروست کردووە بە ناوی (ئوربیلوم) دواتر کۆچ دەکەن بۆ باشوور و ناوەڕاستی عیراق، واتە بیرۆکەی دروستکردنی شار لێرەوە سەری هەڵداوە پاشان گواستراوەتەوە ناوچەکانی تر، بە هەمان شێوە سوودیان لە ناوەکەش وەرگرتووە بۆ ناونانی شارەکانی تر کە نزیکە لە ناوی شاری (ئوربیلوم) بەتایبەتی شارەکانی (ئور[١٠] ، ئەریدۆ[١١] ، ئوروك[١٢] ، ...) (حەسەن، ٢٠٠٩، ١٤-١٥)، هەندێك لە لێکۆڵەرەوان لە سەر ئەو بنەمایە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناوی (ئوربیلوم) کردووە بەم شێوەیە لێکدانەوەیان بۆ کردووە .

ئەگەر ناوەکە سۆمەری بێت، ئەوا بە گوێرەی ئەو وشانەی ناوەکەی لێ پێکهاتووە، شیکردنەوەیان بۆ ناوی (ئوربیلوم –Ur-bi_2 –lum)، کردووە بەم شێوەی (Ur) لە زمانی سۆمەری بە مانا (شەڕانگێز، پاڵەوان، پیاو، سەگ، کارەکەر، شەڕکەر...) بڕگەی دووەم (bi_2) ئەویش بەچەند مانایەك دێت (مەشخەڵی ئاگر، ئاگر) بڕگەی سێیەم (lum)، پێدەچێت کاریگەری ئەکەدی

لەسەر بێت بە چەند واتایەك دێت (بەپیت، هەور، پڕ، هەبوون...)، ئەگەر مانای سێ بڕگەکە لێکدەینەوە لەوانەیە بە مانای (ناوچەی پڕ لە هەڵگیرسانی شەڕانگێزی) بێت یان بەمانای (زەوی شەڕانگێز) بێت لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە بەردەوام تووشی شەڕ و ناکۆکی و بەرگریی سەخت بۆتەوە (حەسەن١، ٢٠٠٩، ٦٠٩). ئێمە هاوڕانین لەگەڵ ئەو بۆچوونە تا رادەیەك هەڵەیە چونکە ناکرێت ناوی هەولێر لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری لێکدانەوەی بۆ بکرێت بەو پێیەی بۆ زمانی سۆبارتی دەگەڕێتەوە نەك سۆمەری، لێکدانەوەش لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری هەڵەیە.

هەروەها تۆێژەر جەمال رەشید دەڵێت ناوی (ئوربیللوم-Urbillum) کە لە سێ وشە پێکهاتووە بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ کردووە، یەکەمیان ئورUr واتەی شار یان جێنشین (لە زمانی سۆمەری)، بیل Bil یەکێك لە خواوەندە مەزنەکانی ناوچەکە بووە، لوم Um وەك پاشگرێك دەکەوێتە دوای ناوی شار و ولّاتان، وەك ئیلامتوم، گوتیوم، سوبارتوم، (ئەوەش لەسەر بنەمای زمانی ئەکەدی) بەم جۆرە ناوی ئوربیلوم مانای شاری بیل دەگەینێت (ئەحمەد، ٢٠٠١، ١٥). ئەو بۆچوونەش هەڵەیەکی زمانەوانی زۆر گەورەی تیا کراوە چونکە ناوی ئوربیلوم نیوەی (بڕگەی ئور) لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری لێکدراوەتەوە، بەڵام نیوەکەی تری (بیلوم) لەسەر بنەمای زمانی ئەکەدی لێکدراوەتەوە کە ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە تۆێژەر لە لێکدانەوەکەی تووشی بووە .

لە لێکدانەوەیەك بۆ ناوی هەولێر لەلایەن (دکتۆر محەمەد عەبدوڵلا عومەر) ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (ئوربالا) واتە ئەو شارەی لە بەرزیەوەیە، چونکە شاری هەولێر (٢٧)م لە دەشتەکانی دەوروبەری بەرزترە، لە سەرەتا ناوی ئور بووە بەڵام دواتر سۆمەرییەکان کۆچیان کردووە بۆ باشووری عیراق لەوێ

شارێکی تریان دروست کرد هەر بەناوی ئور کە دەکەوێتە نزیك ناسریەی ئێستا، بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر ئەوەی یەکەم ناونراوە ئوربالا بە مانای ئوری سەروو، لە کوردستان ئەو ناوانە زۆرن وەك (مزووری بالا، بەرواری بالا) (عومەر، ۲۰۰۹، ۳۲)، ئەوەش لێکدانەوەیەکە لەسەر بنەمای پێکچوونی زمانەوانی هیچ دەقێکی میژوویی ئەو بۆچوونەی نەسەلماندووە ، بۆیە ئێمە وەك تۆیژەر پاڵپشتی ئەو بۆچوونە ناکەین.

شارەزایانی بواری زمانە کۆنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوی (ئوربیلوم) هاوشێوەی ناوی هەندێك لە شارە سۆمەرییەکان وەك (ئور، ئەریدو، ئوروك، وەرکا) لە بنەڕەتدا بۆ زمانێك دەگەڕێتەوە کە زانیاریمان لەبەر دەست نییە (علی، ۱۹۸٦، ۸).

(دۆن ناردۆ Don-Nardo) ئاماژە بەوە دەکات کە ناوی ئەو شارانە لە ڕاستیدا سۆمەری نین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانەی کە لە سەرەتاوە لە ناوچەکانی دوو ڕووبار قسەی پێکراوە، چونکە ناوی زۆرێك لە شارەکان هەیە دەگەڕێتەوە پێش سۆمەرییە و هیچ پەیوەندییەکی بە زمانی سۆمەری یان ئەکەدییەوە نییە و ئێمە وەك تۆیژەر هەڵەیەکی گەورە ئەکەین ئەگەر لەسەر بنەمای زمانی سۆمەری لێکدانەوە بۆ ناوی هەولێر بکەین، هەروەك چۆن ناوی زۆرێك لە شارەکانی سۆمەری نازانین مانای چییە؟، بە هەمان شێوە شاری هەولێریش بۆ نەتەوەیەك دەگەڕێتەوە کە پێش سۆمەرییەکان بوونیان هەبووە لە ناوچەکە (ناردۆ، ۲۰۰۸، ۲٤).

لە ئەنجامی وردبوونەوەمان لە ناوی کۆنی شار و وڵاتی سوبارتۆ بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێك لە ناوی شارەکان وەك (ئەربیل، کوربیل ، بالتیل)، ناوی کۆنی شاری ئاشوور بە (بالتیل) هاتووە، کۆتایی هەموویان بە پیتەکانی (یل-EL) هاتووە[۹]، ئەو شێوازە زمانە جیاوازە لە زمانی سۆمەری و ئەکەدی

دەگەڕێتەوە بۆ زمانی کەسانێك کە هەر لە کۆنەوە لە ناوچەکە نیشتەجێ بوونە و بەهەزاران ساڵ پێش ئەوەی ئاشووریەکان کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوچەیە دەسەڵات بگرنە دەست (ساکز، ١٩٩٩، ٣٣-٣٤) .

ئەگەر سەرنج بدەی لە تێکستەکانی بنەماڵەی ئوری سێیەم (٢٠١٢-٢٠٠٤پ. ز) ناوی هەندێك کەس هاتووە لە بنەڕەتدا ناوی خورین، بەم پاشگرانە کۆتاییان هاتووە وەکو (Ar, Haš, Ith, Nan, Šen,)، (Pohl, 1951, p. 1511-1512) ئەگەر شوێنی بڵاوبوونەوەی خوریەکان دیاری بکەین کە ئەو ناوچانەی لێیەوە هاتوون دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە تاکو ڕووباری دیالە لە باشووری چیاکانی لە ڕۆژهەڵات، ئەو شارانە لە خۆی دەگرێت (کاراخار، ماراخشی، سیموروم، ئوکریش، شاشروم، سیمانوم، اوربیلوم) (Gadd, 2014, 624) ، بۆیە لامان وایە شیکردنەوە بۆ ناوی (ئوربیلوم) لەسەر بنەمای زمانی خوری و سوبارتی بە شێوەیەکی فراوانتر لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی ڕێگرە لەوەی تائێستا نەتوانراوە زمانی خوری یان سوبارتی بە شێوەیەك تەواو بناسرێت، لێکدانەوەی ناوی هەولێر بە شێوەیەکی دروست کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەکرێت بڵێین بە گوێرەی بڵاو بوونەوەی خوریەکان لەو ناوچەیە، لەوانەیە ناوەکە خوریی بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەرچاوەی سۆمەری و ئەکەدی وەرمانگرتووە ئەستەمە مانا بنەڕەتییەکەی بدۆزینەوە .

لە سەردەمی بابلی نوێ (٦٢٦-٥٣٩پ.ز) (باقر، ٢٠١٢، ٦٠١) ناوی هەولێر بە (^{uru}ar- ba- il) (Tcs, 5, 107, ii, 16) وەك بەشێك لە ناوی مرۆڤ (Man- na- a- ki- i – ar- bi- il)(Yos, 6, 127,5) .

ناوی هەولێر لە سەرچاوەی هەخامەنیشی (٥٥٩-٣٣٠پ.ز) بە خەتی مێخی بە شێوەی (ئەربیرا Arbira) یان (ئەربیرە) هاتووە)، (ئیسماعیل، ١٩٩٨،

٦)، بە شێوەی (uruar-ba-il) ، هەندێك جاریش بە (ئەربەئیللو Arba- ilu) ناوی هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆ عێراق لە ساڵی (٣٣١ پ. ز)، لەلایەن میژوونووسە یۆنانی و ڕۆمانییەکان ناوی هاتووە بەم شێوەیە لە پەرتووکەکانیان تۆمارکراوە (ئەربێللا Arbella)، (ئەربیلاس Arbelles) (پیرباڵ، ٢٠٠٨، ٥) کە بۆ شەڕی (ئەربیلا – Arbela) (سپیتمان، ١٣٨٩، ٢٩)، گوگامیلا لە نێو کتێبە میژووییەکاندا بە زۆر شێوە نووسراوە دەکرێت هەموویان کۆ بکەینەوە لە دوو دەستەواژە (ئەربیلا- گوگامیلا) ، ناوهێنانی بە ئەربیلا دەگەڕێتەوە بۆ شاری ئەربیلای کۆن، یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان، زۆر بەناوبانگ بووە لە سەردەمی ئاشووریەکان، لە نووسینەکانی میخی ئاماژەی بۆ کراوە، تا ئەو کاتیش ئەو ناوبانگەی پاراستبوو، گەورەترین شاری ناوچەکە بوو کە ئەسکەندەر راستەوخۆ دوای شەڕەکە پێیگەیشتووە (باقر و سفر، ١٩٦٦، ٤ ؛ چاوشلي، ١٩٨٥، ١٩-٢٠)، کاتێکیش گریکەکان بینیویانە هەولێر قەڵا و شوێنێکی گەورەی نیشتەجێبوون بووە نزیکیش بووە لە گۆڕەپانی شەڕەکە ئەو شوێنەی شەڕەکەی تێدا ڕوویداوە زۆر ناسراو و بەناوبانگ نەبووە (جمیل، ١٩٦٩، ٢٢٦)، لە تۆمارە میژووییەکانیاندا وتوویانە ئەو شەڕە لە نزیك هەولێر ڕوویداوە، هەر بەم شێوەیە میژوونووسان ئەو ناوەیان گواستۆتەوە، بەراورد بە وشەی گوگامێلا لەسەر زار سووکتر بووە هەر بۆیە ئەو شەڕە بە (ئەربیلا)ش هاتووە، دوای سەرکەوتنی ئەسکەندەر لە شەڕەکە ڕاستەوخۆ چۆتە شاری هەولێر (أغا، ٢٠٠٤، ٨).

لەو سەردەمە زیاتر لەگەڵ ئەو شەڕە ناوی هاتووە، بەهۆی ئەو شەڕەوە ناوی هەولێر بە زۆربەی شوێنەکانی جیهان بڵاوبۆتەوە ناوەکەشی زیاتر بە (اربیلا) لە سەرچاوە کۆنەکانی یۆنان هاتووە، هەولێر میژوویەکی کۆنتری هەیە وەك لەوەی لە نووسینە میخییەکان ناوی هاتووە هاوشێوەی زۆرێك لە شارە

کۆنەکانی وڵاتی دوو ڕووبار لەسەر ئەو بنەمایەش لێکدانەوەی ناوەکەی کارێکی ئاسان نییە، ئەکرێت زیاتر لە چەند خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆ بکەیت.

لە نووسراوە عیلامییەکانی سەردەمی ئەخمینی بە شێوەی (ar- be- ra- an) لە نووسینی ئارامی بە شێوەی (ربل- rbl) هاتووە (MacGinnis, 2013, 121)، ئەو ناوانەش نزیکە لە ناوە بنەڕەتییەکە کە (ئوربیلوم) بووە.

شاری هەولێر لە سەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی بە حەدیاب (٢٤٧پ.ز-٢٢٤ز) (ئەدیابینە Adiabene) ناسراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەردوو زێی گەورە و بچووك بەو ناوچەیە کە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارەکە تێدەپەڕن، حەدیاب (ئەدیابین) لای خەڵکی وڵاتی شام ڕەنگە لە وشەی زابین وەرگیرابێت، چونکە زاب لە زمانی ئارامی بە (ذب) دەردەبڕێت و مانای هەردوو ڕووبارەکە دەگەینێت (اسماعیل،١٩٧٠، ٦٢)، مێژوونووسی بەناوبانگ (هیرۆدۆت-٤٨٤-٤٢٥پ. ز) لەسەر حەدیاب قسەی کردووە، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینی لای وابووە حدیاب (ئەربلا) تاڕادەیەك وەکو ئەرمینیا فراوان بووە، ڕووبەرێکی گەورەی لە ئاشوور و وڵاتی ماد لە خۆ گرتووە)، (حەنا، ٢٠٠١، ل١٤١)، زەینەفونیش ناوی (زاباتس)ی دیابای پێ گوتووە، کە زاب و دیابیش پێکدەچن (ئیسماعیل، ١٩٨٥، ٢٤٤)

مێژوونووس و جوگرافیاناسە عەرەبەکان ناوی هەولێریان بەم شێوەیە نووسیوە (اربل، اربیل) پاشان زۆربەیان لە نووسینەکانیان ناوی (اربیل) یان (حزة) بەکارهێناوە، لە سەردەمی عوسمانیەکانیش ناوی هەولێر بەم شێوەیە هاتووە (ئەربل، ئەرول، ئێربل، ئێرول) (پیرباڵ، ٢٠٠٨، ٥)، (ابرل، بیربل) هاتووە (قادر، ٢٠٠٨، ١٩)، لە پەرتووکی (المرشد إلی موطن الآثار) ئاماژە بەوە کراوە ناوی هەولێر بە کوردی بەم شێوەیە هاتووە (ارویل، اولیرا، هولیرا)، پاشان گۆڕاوە بۆ هەولێر (باقر و سفر، ١٩٦٦، ٦)

(جیمس پەکنفەهام)گەڕیدەیەکی ئینگلیز بووە لە پەرتووکەکەی باسی ئەوەی کردووە لە ساڵی (١٨١٦ز) هاتۆتە هەولێر دەڵێت شاری هەولێر بە چەند ناوێك دەهات هەر نەتەوەیەك بە جۆرێك ناوەکەی دەربڕیوە وەك (ئەربیل، ئەربیلا، هوربیل، ئەرویل، هارویل) (دەرگەڵەیی، ٢٠٠٢، ١٦)، کوردەکانیش پێیدەڵێن (هەولێر) سەرچاوەکان بەگوێرەی سەردەمەکان ناوی هەولێریان هێناوە بەو شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە (ئەربیلا، اربیل، ئەرویل، ئەوریل، هەوریل، هەولێر) (اسماعیل،١١٩٧٠، ٦٢). ئەوەی تێبینی دەکرێت ناوی هەولێر لە سەرەتای ناو هاتنی تاوەکو ئێستا چەندین گۆڕانکاری بەخۆیەوە دیوە بەم شێوەیە (ئیربیل، ئوربیلوم، ئوربیل، ئەربائیل، ئەربائیلۆ، ئەربیرا، ئەربیلا، ئەدیابین، اربیل، اربل، ئەرویل، ئەوریل، هەوریل، هەولێر) کە ئەمەش دوای ئەو هەموو ساڵە کارێکی ئاساییە .

پەراوێزەکان:

(١)- زێی گەورە: ئەو زێیە لە دەقە کۆنەکانی ئەکەدی بە (zabu-elu) رووبارێکی گەورەیە ، یەکێکە لە لقەکانی رووباری دیجلە، ناوی هاتووە استرابون ناوی ئەو زێیەی بە (لایکۆس) هێناوە، وا وەسفی کردووە کە دەکەوێتە دەشتی ئیتۆریا، لە نێوان شاری نەینەواو اربلا، بڕوانە: (استرابن، ١٣٨٢، ٣٣٢).

(٢) زێی بچووك: لە دەقەکانی ئەکەدی بە (زاب شاپالو-zabal-šapalu) ناوی هاتووە، لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران هەڵدەقوڵێت، بەدووری ٣٦کم شاری ئاشوور دەڕژێتە رووباری دیجلە، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە دەقە مێخییەکان ناوی هاتووە، کە ڕێگری کردووە لە هەڵمەتە سەربازیەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، بڕوانە: (الجميلي، ٢٠٠٩، ١٣)

(٣) ڕووباری خازر: لە نزیك ئەو شوێنەی کە شەڕی گوگامێلا تێدا رووێدا لە نێوان ئەسکەندەری مەقدۆنی و داریوشی سێیەم پاشای ئەخمینی (أغا، ٢٠٠٤، ٤) .

(٤) بەسوپاسەوە ئەو زانیارییە لە لایەن مامۆستای سەرپەرشتیارم (د. ئارام جەلال حەسەن) وەرگرتووە. کە پسپۆرە لە زمانی سۆمەری ئەکەدی و نووسینە مێخییەکانەوە .

(٥) خەمازی شارێکی زۆر گرنگ بووە، باوەڕ وایە پایتەختی سوباریەکان بێت، هەروەها خەمازی ناوی شانشینێکی کۆنیش بووە رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە سیاسەتی سەردەمی بنەماڵەکاندا بەردەوام ناوی لە تۆمارەکانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی باشووری وڵاتی دوو ڕووبار هاتووە تا دەگاتە سەردەمی ئیسین و لارسا، سەبارەت بە شوێنەکە بەوردی دیاری نەکراوە بەڵام زۆرێك پێیان وایە زۆر دوور نەبووە لە شارەکانی گاسور (نوزی)... بڕوانە: (ئەحمەد، ١٠٠٨، ٣٦-٤٢) .

(٦) سیموروم لە سەرچاوە میژوونووسییەکان ناوی بە وڵات و شار هاتووە، لە هەندێك سەردەمی میژوویی شانشینێکی سەربەخۆ بووە، پاشا و میری خۆیان هەبووە، ئەو سەرچاوانەی باسی سیموروم دەکەن گرنگی ستراتیجی شارەکە دەخەنە ڕوو کە

زۆربەی کات لەلایەن دەوڵەتەکانی باشوور لە زۆربەی سەردەمەکان هێرش کراوەتە سەری. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١٨٩-٢٠٠) .

(٧) قابرا دەوڵەت و شارێکی گرینگ بوو، لەسەر ڕێگای نێوان ئارابخاو ئوربیل (هەولێر) زێی بچووك دەکەوێتە باکووری، ناوی قابرا لە دەقەکانی نوزیدا بە شێوەی (کاپرا Kapra) هاتووە لەو قۆناغەدا وادیارە لە دوو بەش پێکهاتووە ، قابرای گەورە و قابرای بچووك ، بڕوانە: (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٢٥٠).

(٨) بەسوپاسەوە ئەو زانیارییە لە لایەن مامۆستای سەرپەرشتیارم وەرگرتووە. کە پسپۆرە لە زمانی سۆمەری ئەکەدی و نووسینە میخییەکانەوە .

(٩)- ئەم زانیارییە لە لایەن مامۆستای سەرپەرشتیارم وەرگرتووە، کە بڕوای وایە ناوی زۆرێك لە شارە کۆنەکانی کوردستان بە گشتی و باکووری وڵاتی دوو ڕووبار بە تایبەتی بریتین لە ناوی سوبارتی یان خوری بەو پێیەی کە هەردوو نەتەوە سەردەمانێکی زۆر زوو لەم ناوچەیە ژیاون و چەندین دەسەڵاتی سیاسی و مەملەکەتیان هەبووە.

(١٠) ئور: یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی شارستانیەتی کۆن دەکەوێتە باشووری دوو ڕووبار، پایتەختی بنەماڵەی سۆمەرییەکان بووە ، یەکێك بووە لە مەڵبەندی شارستانیەتی کۆن کە بۆ چەندین سەدە ناوی هاتووە، هەتاوەکو لە پەرتووکە کۆنەکانی سەردەمی ئیسلامی کۆنیش، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری بەغداد ٣٦٥کم دوورە، شاری ناسریە دەکەوێتە باشووری کە مەڵبەندی پارێزگای ذی قارە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پەرتووکی، (مكاي، ١٩٦١، ٧٢).

(١١) ئەریدۆ: (أبو شهرين) دەکەوێتە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار، بەڵگە شوێنەواریەکان دەری دەخەن کە ڕووباری فورات یان لقێکی دوای ڕۆیشتنی بەو ناوچەیەدا تێپەڕیوە، لەلایەن بنەماڵەی ئوری سێیەم لە دەوری (٢١٠٠پ.ز) دروستکراوە بەهۆی ئەو مۆرە لوولەییانەی بەناوی پاشاکان دۆزراونەتەوە، شارێکی ئاینی بەناوبانگ بووە. بڕوانە : (باقر، ٢٠١٢، ٢٤٩-٢٥٢) .

(١٢)- ئوروك (الورکا) یەکێکە لە گەورەترین و کۆنترین شارەکانی سۆمەری، ناوەندێکی ئاینی و شارستانی بووە، بەردەوام دانیشتوانی لێ بووە هەتا پێش هاتنی ئیسلام، پاشماوەکەی دەکەوێتە باشووری عیراق . بڕوانە: (ماغون، ٢٠٠٩، ٥٩).

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

١- ئەحمەد، جەمال رەشید (٢٠٠١)، هەولێر شاری خواوەندی مەزن بیل و شاووشکا، گۆڤار بە زمانی کوردی هەولێر، ژمارە (٩).

٢-ئەحمەد، کۆزاد محەمەد (٢٠٠٨)، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم.

٣-ئیسماعیل، زبیر بیلال (١٩٨٥)، شانشینی حەدیاب، و: نەژاد عەزیز سورمێ، هەولێر کۆمەڵە وتارێکی رەوشنبیری و مێژوویی شارەوانی هەولێر ئامادەی کردووە، بە یارمەتی ئەمینداریەتی رەوشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە، هەولێر.

٤-ئیسماعیل، زبیر بیلال (١٩٩٨)، هەولێر لە مێژوودا، هەولێر وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی سەربەخۆیە، ژمارە (١).

٥-پیربالّ، فەرهاد (٢٠٠٨)، کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە کۆنەوە تا ١٩٥٨، چاپخانەی شەهاب.

٦-حاجی، مغدید (١٩٨٥)، شوێنی شارەکە و چەند راستیێك، هەولێر کۆمەڵە وتارێکی رەوشنبیری و مێژوویی شارەوانی هەولێر ئامادەی کردووە، بە یارمەتی ئەمینداریەتی رەوشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە، هەولێر.

٧-حەسەن ١، ئەردەلان عوسمان (٢٠٠٩)، پارێزگای هەولێر لە سەرچاوە مێخییەکاندا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، شوێنەوار و کەلەپوور ، ژمارە (٢) ، چاپخانەی گرین گالۆری – لوبنان، چاپی یەکەم.

٨-حەمەشەریف، جەزا شۆڕش (٢٠١٨)، دەرکەوتنی گلێنەی شارستانیەتی عوبێد لە پارێزگای هەولێر و دەوروبەری، دووەمین کۆنفرانسی زانستی شوێنەوار و کەلەپووری ، هەولێر.

٩-دەرگەڵەیی، یوسف ئەحمەد (٢٠٠٢)، مێژووی شاری هەولێر لە کۆنەوە تا سالّانی شەست، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
١٠- زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠٠٩)، تایبەتمەندی جوگرافیایی شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، جوگرافیا، ژمارە (١) ، چاپخانەی گرین گالۆری – لوبنان، چاپی یەکەم.
١١- زێباری، عزیز محمدامین عزیز، ئارام جلال حسن هەمەوەندی (٢٠١٨)، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی شاری هەولێر لە ماوەی (٢٣٣٤-ی١٥٩٥پ. ز) لە ڕوانگەی تێکستە مێخییەکانەوە، پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر- اربیل.
١٢- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٢)، شارستانیەتی کورد، چاپخانەی مناره- هەولێر، چاپی یەکەم.
١٣- عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین عەلی (٢٠١٠)، شەڕی گۆگامێلا ئەربێلا ٣٣٢پ. ز، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
١٤- عومەر، محمد عەبدوللا (٢٠٠٩)، لێکدانەوە لە مانای (ئەربیل)، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، جوگرافیا، ژمارە (١)، چاپخانەی گرین گالۆری – لوبنان، چاپی یەکەم.
١٥- غفور، عبدالله (٢٠٠٥)، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی چوارەم.
١٦- قادر، مهدی محمد (٢٠٠٨)، هەولێر لە نێوان سالّانی ١٩١٤ -١٩٣٠، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٧- ناردۆ، دۆن (٢٠٠٨)، ئیمپراتۆریەتی ئاشوور، و: یادگار حەمە غەریب، چاپخانەی پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
١٨- هەنارەیی، رزگار محەمەد عوسمان (٢٠١١ ز) توانستی جوگرافییەکانی دروستکردنی پارێزراوە سروشتییەکان لە هەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر و گرنگییان لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

١- احمد و رشيد، جمال رشيد و فوزى (١٩٩٠)، تأريخ الكرد القديم، مطابع دار الحكمة، اربيل .
٢-اسماعيل، زبير بلال (١٩٧٠)، اربيل في ادوارها التاريخية، مطبعة النعمان- النجف.
٣-اسماعيل، فاروق (٢٠٠٧)، الحوريون في بلاد أبوم خلال العصر البابلي القديم، مجلة النقوش والرسوم الطغرية، العدد (١)، عمان.
٤-أغا، عبدالله امين (٢٠٠٤)، معركة اربيلا، (كوكميلا) ٣٣١ق. م، اللجنة العليا لاعمار قلعة اربيل.
٥-أل مدرس، ساكار بهاءالدين (٢٠٠٣)، الانماط السكنية في مدينة اربيل (دراسة تحليلية في جغرافية المدن) رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل.
٦-الإربلي، حسام داود خضر (٢٠٢٠)، المفصل في تاريخ إربل، قصة المدينة حتى تسوية مشكلة الموصل (١٩٢٦م) مطبعة مكتب التفسير، ط١.
٧-الجنابي، هاشم خضر (١٩٨٧)، مدينة اربيل دراسة في جغرافية الحضر، مديرية دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.
٨-الچاوشلى، هادي رشيد (١٩٨٥)، تراث أربيل التاريخي، مطبعة جامعة الموصل، الموصل.
٩-الشمري، مهند خلف جمين (٢٠٢١)، مدينة أربيل في ضوء الوثائق الاقتصادية الأشورية الحديثة، مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد (٨٠)، جامعة تكريت، كلية الاداب، قسم الاثار.
١٠- الجميلي، عامر عبدالله (٢٠٠٩)، بعض المواقع الجغرافية في منطقة أربيل في الألف الأول ق. م في ضوء المصادر المسمارية.
١١- باقر و سفر ، طه و فؤاد (١٩٦٦)، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة، الرحلة الخامسة، بغداد – اربيل.
١٢- باقر، طه (١٩٨٠)، من تراثنا اللغوي القديم، جامعة بغداد.
١٣- _____(٢٠١٢)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، مطبعة شركة دار الورق للنشر المحدودة، ج١.

١٤- پيرەبابى، عيسى فهمي حسن صالح (٢٠٢٠)، مدينة أربيل تأريخ و حضارة وخلود، مطبعة جامعة صلاح الدين –اربيل.
١٥- جميل، فؤاد (١٩٦٩)، حدياب...أربيلا...و عشتار...أربيلا، مجلة سومر، العدد (٢٥)، بغداد.
١٦- رسول، أسماعيل شكر (٢٠٠٥)، أربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩ – ١٩٥٨، مطبعة بينايى، السليمانية.
١٧- رو، جورج (٢٠١٩)، العراق القديم، ت: حسين علوان حسين، دار الشؤن الثقافة العامة، وزارة الثقافة، بغداد.
١٨- ساكز، هارى (١٩٩٩)، قوة اشور، ت: عامر سليمان، مطبعة المجمع العلمي، بغداد.
١٩- سليمان، عامر (١٩٩١)، العصر الاشورى الحديث، موسوعة الموصل الحضارية، للطباعة والنشر-جامعة الموصل، الطبعة الاولى.
٢٠- على، محمد عبدالطيف محمد (١٩٨٦)، الخوريون وصلات مصر بهم في عصر الأسرة الثامنة عشرة من خولى ١٥٦٧- ١٣٢٠ق.م، اسكندرية .
٢١- فرحان، غيث سليم (٢٠٠٥)، نشوء سلالتي ...أكد و أور الثالثة تطورهما وسقوطهما، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة واسط.
٢٢- ماغون، جان كلود (٢٠٠٩)، السكان القدماء لبلاد مابين النهرين و سورية الشمالية، ت: سالم سليمان العيسى، ط٣، دمشق.
٢٣- مراد، خليل على وآخرون (٢٠١٢)، اربيل- دراسة تاريخية، مطبعة اراس- اربيل.
٢٤- المتولي، نوالة احمد محمود (٢٠٠٧)، مدخل في دراسة الحياة القتصادية لدولة اور الثالثة في ضوء الوثائق المسمارية، بغداد، أطروحة دكتوراه منشورة.
٢٥- مظلوم، طارق الوهاب(١٩٩١)، النحت في العصر الأشوري الوسط، موسوعة الموصل الحضارية، للطباعة والنشر- جامعة الموصل، الطبعة الاولى.
٢٦- مكاي، دروثي (١٩٦١)، مدن العراق القديم، ترجمة وتعليق: يعقوب مسكونى، ط٣.
٢٧- يارالي، برهان، (٢٠٠٨ز)، نظرة الى اربيل بين الامس و اليوم، مطبعة ارابخا، ط١.

سەرچاوەی فارسی:

۱-استرابن (۱۳۸۲)، جغرافیای استرابو، سرزمینهای زیر فرمان هخامنشیان، مترجم: همایون صنعتی زاده، ناشر بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، اول .

۲-سپیتمان، پرویز (۱۳۸۹ هەتاوی) ماتیکان تاریخی (پنجاه گفتار دربارهء مسائل تاریخی)، نشر مادستان، چاپ یکم.

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1- Dougherty, , R. P.:(1920), Records From Erech time Nabonidus, (555-538 B.C), YOS, Vol.6

2- Grégoire,J. P,(1996) Archives administratives et inscriptions cuneiforms de I'Ashmolean Museum et de la Bodleian Collection d'Oxford, (AAICAB) 1-IV, Paris.

3- Edzard, D. O. and Farber, G.: (1974), Reportoire Geograhpiqu des Textes Cuneiformes, (Wiesbaden)'RGTC, vol. II.

4- Englund, K,(2002) The Ur III Collection of the CMAA, CDLI, No.3, rev.4.

5- Frayne D R, (1993) Sargonic and Gutian Periods (2334–2113 BC) (Royal Inscriptions of Mesopotamia Early Periods Volume 2). Toronto.

6- _____, (1997) Ur III Period (2112–2004 BC) (Royal Inscriptions of Mesopotamia Early Periods Volume 3/2). Toronto .

7- Gadd, C.J.(2014) Babiloia, C (2012-1800 B.C), in CAH, Vol. part II.

8- Grayson A K 1975a: Assyrian and Babylonian Chronicles (Texts from Cuneiform Sources 5). Toronto, TCS, 5

9- MacGinnis, John(2013) A CITY FROM THE DAWN OF HISTORY Erbil in the Cuneiform Sources, Published in the United Kingdom, OXBOW BOOKS.

10- Pettinato (1981) The Archives of Ebla, An Empire Inscribed in Clay New York .

11- Pohl, A(1951)Hurriti, in Enciclopidio Cattolica, Vol. 6, Romae, cols.

12- Ramith, Salah Suleiman, (2004) Erbil Citadel in scientific and antique scenes, (The First International Scientific For Renovation of Hawler (Erbil) Citadel.

13- Camiron, G,(1968), History of Early Iran(Neworking)

ملخص البحث

اسم اربيل في المصادر القديمة

تتناول هذه الدراسة الموقع الجغرافي لمدينة أربيل واسمها في فترات مختلفة من التاريخ حيث من الصعب تحديد بدايتها، وقد ورد اسمها لأول مرة في العصر الأكادي، بعد ذلك أشير اليها بوضوح في العصر الكوتي، وأشير الى اربيل في فترة (سلالة اور الثالثة) في بعض النصوص باسم (أربيلوم)، وكذلك ورد إسم (أربيل) أيضا في العصر البابلي القديم والآشوري القديم والوسيط.

من الجدير بالذكر أنه في العصر الآشوري الحديث جاء اسم أربيل بصيغة (أربائيلو)، فسرها بعض الباحثين خطأً أنها تأتي بمعنى مدينة الآلهة الأربعة، لأن كتابة اسم المدينة قد كتب بإختزال في ذلك الوقت، وهو تعبير أو مصطلح مختصر استخدمه الآشوريون للعديد من المدن في بلاد وادي الرافدين. وفي العهد الأخميني اطلق على اسم أربيل (أربيرا)، وفي العصر اليوناني كان اسم أربيل (أربيلا). ثم تغير الاسم من قبل الكورد إلى (هولير). أشير إلى تلك التغييرات التي طرأت على اسم اربيل وفق طريقة منهجية بحثية سليمة .

الكلمات الدالة: (هولير، نص المسمارية، أربائيلو، أوربيلوم، أوربيل)

Abstract
The Name of Erbil in the Ancient Sources

This research discusses the geographical position of Erbil and its name in different periods of history. Erbil has a very ancient history that is not known exactly, but for the first time its name dates back to the Akkadian period. Then, during Erbil in the Gutian Period, there was clear reference to an attack on Erbil by the kings, Erbil in the Ur III Period Year names indicate that Erbil (Urbilum). Its name appears in ancient Babylonian, ancient Assyrian and Central Assyrian times. It is interesting that in the Neo-Assyrian period, the name of Erbil came as (Arba- ilu) Many historians have attributed the name of Erbil to that time as the city of four gods This is a mistake because the name was only used at that time and an abbreviated term used by the Assyrians for many cities in Mesopotamia. In the Achaemenid period, the name of Erbil was (Arbira). In the Greek period, the name was (Arbela). Then, according to the times, the name changed to Hawler. These changes are presented on a scientific basis within the framework of the study.

Key words: (Hawler, Cuneiformes text, Arbailu, Urbilum , Urbil)